## تەها بەرواری: لە گەرمیان خۆپیشاندانم نەهێشت



بەرواری پێیوایە تەمەنی کورتی وەزارەتەکەی بایی ئەوەندە نەبووە پلانەکانی جێبەجێ بکات. دەڵێ زۆر جار هەست دەکەم دوو سێ وەزیری وەرزش لە کوردستان هەیە. بەرواری نەمانی خۆپیشاندانی گەنجانی گەرمیان وەک ئەنجامی کاری وەزارەتەکەی لە قەڵەم دەدات و سیستەمی کاری ڕاگەیاندنی لە کوردستاندا پێ ئاژاوەگێڕەو لەو بڕوایەدایە میدیای کوردستان بە گشتی خزمەتی دیموکراسی ناکات و ئەنارشیستە.

بەشی یەکەمی دیدارەکە ل15

## نەوزاد هادی: کارەبای هەولێر چارەسەربووە



پارێزگاری هەولێر باسی کێشەکانی شار دەکات. کارەبا، وشکەساڵی، شوققەی نیشتەجێبوون و تد. دەڵێ بەشێکی پرۆژەکەی ئەحمەد ئیسماعیل کەوتووەتە کار، بەڵام بەشە کارەبای هەولێر کەمکراوەتەوە، بۆیە هەستی پێناکرێت. ئەمساڵ 1500 شوقە دابەش دەکەن، ئەو شوقانە ئێستا ئامادەن بۆ دابەشکردن و تەنیا گرفتی کارەبا و هەندێک پێویستی ماوە. کۆی شوقەکان ژمارەیان 3500ە.

لاپەڕە 14

## حەمەڕەشید ماوەتی: یەکگرتوو بێ پەڕو باڵە



ماوەتی یەکێکە لە هاوڕێ دێرینەکانی سەلاحەدین بەهائەدینی ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، بوونی باڵ و تەکەتول ڕەتدەکاتەوەو باس لە بوونی بیری جیاواز دەکات. ماوەتی دەڵێ ئەمینداری گشتیی لەڕۆژی ڕاگەیاندنی یەکگرتووەوە هەر لەو پۆستەدایەو خۆی حەزدەکات چیتر نەیکات، بەڵام کە بەدیلی نەبێت مانەوەی بە باشتر دەزانێ.

لاپەڕە 3


ژمارە (6)
دووشەممە 2008/5/12
22 گوڵانی 2708
(750) دینار

# Rûdaw ڕووداو

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

www.rudaw.net


### لە هەرێمی کوردستان

# 8 ملیاردێری دۆلار هەن و 42 هەزار خێزانیش مووچەی هەژاری وەردەگرن

**تایبەت بە ڕووداو**

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، 8 ملیاردێر و 1000 ملیۆنێری دۆلار لە کوردستاندا هەن، لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئامارەکان 60%ی عێراقییەکان لەخوار هێڵی هەژاریدا دەژین، بەپێی ئەو ئامارەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی داویەتییە (ڕووداو) 42 هەزار خێزانی کوردستان مووچەی سندوقی چاودێری خێزان وەردەگرن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئەو 42001 خێزانە مانگانە 30 هەزار دینار لە سندوقی چاودێری خێزان وەردەگرن کە دابەشبوونیان بەسەر هەرسێ پارێزگاکەدا بەوشێوەیەلە هەولێر 12699 خێزان، 9302 خێزان لە دهۆک و 20 هەزار خێزانیش لە سلێمانی، ئەوە لەکاتێکدایە کە بەهۆی بەرزیی نرخی کاڵاکان لەبازاڕ ئەو 30 هەزار دینارە هیچ هێزێکی کڕینی ئەوتۆی نییە.

لەلایەکی دیکەوە،عەبدوڵڵای حاجی سەعید کە لەساڵی 2002 وەوە یاریدەدەری مام جەلالە بۆ کاروباری بازرگانی، لە بارەی ژمارەی ملیۆنێر و ملیاردێرانی دۆلار لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوەی من لای خۆم خەمڵاندوومە زیاتر لە 1000 سەرمایەدار پێگەیشتووە و سەرمایەیان لەیەک ملیۆن دۆلارەوەیە تا دەگاتە 800 ملیۆن دۆلار، هەروەها 3 ملیاردێر لە سلێمانی هەیە و، بەگشتی ژمارەی ملیاردێرەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 8 ملیاردێری دۆلار".

عەبدوڵڵای حاجی سەعید کە لەهەمانکاتدا بەرپرسی مەکتەبی یاریدەدەرەکانی مام جەلالیشە، گوتی "95%ی سەرمایەدارەکانی ئێستای ئێمە بەشێکیان لە دوای ڕاپەڕین و بەشەکەی دیکەیان لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە پەیدا بوون، کە زیاترینیان ئەوەی دووەمە". گوتیشی ئەو پشێوییەی عێراقی گرتەوە هاوکاری ئەوانەی کرد بۆ ئەوەی "بەخێرایی پێبگەن و دەوڵەمەندتر ببن".

بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوەی پشتڕاست نەکردەوە کە زۆربەی ئەو سەرمایەدارانە بریتیبن لە بەرپرسەکان و گوتی "دەتوانم بڵێم 85%یان خەڵکی ئەهلین".

لەکاتێکدا ڕەخنەیەکی زۆر لە حیزب و بەرپرسەکان دەگیرێ کە دەست لەبواری بازرگانی وەردەدەن و قۆرخکاری دەکەن، یاریدەدەری کاروباری بازرگانی مام جەلال دەڵێ "مام جەلال بۆخۆی دژی ئەوەیە کەیەکێتی دەست بخاتە بازاڕەوە".

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لە لاپەڕە (16) بخوێنەوە**

### دوو پزیشک و پەرستارێک، لەسەر گیان لە دەستدانی قومری دەدرێنە دادگا......لاپەڕە 9



**کوردستان عەبدوڵڵا**
**لە ڕۆژی شەکراو**
**خواردنەوەکەیدا**
**خۆی کوشت**





**پاکستان لە سیدەکان**
**بە سێ گوللە کۆتایی**
**بە ژیانی خۆی هێنا**

# پارتی بریکارێکی بەهێزی وەزارەتی دارایی دەوێت

**ڕووداو – هەولێر**

بەپێی دوایین گفتوگۆکان وەزارەتی وزەو ناوخۆ بۆ پارتی دەبێت و داوای دانانی بریکارێکی بەدەسەڵاتیش بۆ وەزارەتی دارایی دەکات.

لەسەرەتای گفتوگۆکانی نێوان یەکێتی و پارتییەوە، پارتی ئەو ستوونەی هەڵبژارد کە هەردوو وەزارەتی دارایی و پێشمەرگەی تێدابوو، بەڵام بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک پارتی ستوونی وەزارەتەکانی خۆی گۆڕیوەو ئەو ستوونە هەڵدەبژێرێت کە وەزارەتی ناوخۆو وزەی تێدایە، بەمەرجێک بریکارێکی بەدەسەڵات بۆ وەزارەتی دارایی دابنرێت،کە وەزارەتەکە دەدرێتە یەکێتی.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" پارتی ستوونی خۆی گۆڕی، ئێستا وەزارەتەکانی وزە، ناوخۆ، ئاوەدانکردنەوە، پەروەردە، کشتوکاڵ، پلاندانان، ئەوقاف و تەندروستی بەپێی دوایین ڕێککەوتن بۆ پارتی دەبن و وەزارەتەکانی پێشمەرگە، دارایی، شارەوانی، کۆمەڵایەتی، خوێندنی باڵا، ڕۆشنبیری و لاوان، ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ یەکێتی دەبن. وەزارەتی حیزبەکانی دیکەش دیارینەکراون.

سەرچاوەکە گوتیشی پێشبینی دەکرێ لە ماوەی ڕۆژانی ئایندەدا ڕێککەوتن لە سەر پێکهاتەی کابینەی شەشەم بەکۆتایی بێت.

گوتیشی" گفتوگۆ لەبارەی ئەوەشەوە کراوە کە بریکار بۆ هەموو وەزارەتەکان دابنرێت، بەڵام هەموو بابەتەکان کراوەیەو بڕیاری کۆتایی نییە".

مەسعوود ساڵەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" تائێستا هیچ بڕیارێکی کۆتایی نییە، بەڵام پێشنیار بۆ یەکتر دەکەین کە ئەگەر وابێت باشترە".

لەبارەی ئەوەی پارتی داوای بریکارێکی بەهێزی دارایی کردبێت، ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی پارتی گوتی" بەشێوەی فەرمی ئەوە نەخراوەتەڕوو، بەڵام لەنێوان خۆماندا باسکراوە، جاری پێشوو بریکار بۆ وەزارەتەکان دانەنرا، بەڵام ئێستا ئاراستەیەک هەیە کە بریکار هەبێت".

لەبارەی گۆڕانی ستوونەکەشیانەوە گوتی" هێشتا کۆبوونەوەکان درێژەیان هەیەو بڕیاری کۆتایی لە سەر ستوونەکان نەدراوە".

### حکومەتی کوردستانیش جێبەجێی دەکات

# دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار یاسای زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران پەسەند دەکات

**ڕووداو – هەولێر**

دەستەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق ڕۆژی 2008/5/4 یاسای مووچەی فەرمانبەرانی پەسەندکردو یاساکەش لە 2008/1/1ەوە کارپێکراو دەبێت، وەزارەتی دارایی کوردستانیش ڕایگەیاند کە جێبەجێی دەکات.

لەو یاسایەدا ئاستی زانستی و پیشەیی، پێگەی جوگرافی، مەترسی، ساڵانی خزمەت و باری کۆمەڵایەتیی فەرمانبەر ڕەچاوکراوەو هەموو فەرمانبەرانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەگرێتەوە. بەگوێرەی مادەی11ی یاساکە دەرماڵەی بڕوانامە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا 100%ی مووچەکەی دەبێت، هەڵگرانی بڕوانەی ماستەر 75%ی مووچەکەی و دبلۆمی باڵا 55%ی مووچەکەی و بەکالۆریۆس 45%ی مووچەکەی، دەرماڵەی بڕوانامەی دبلۆمی فەنی و مامۆستایان ئەوانەی بڕوانامەکانیان نزمترە لەوانەی سەرەوە 35% دەبێت و دەرچووانی ئامادەییش 25% دەبێت و بڕی 15%ی مووچەش وەک دەرماڵەی پیشەیی دەدرێتە ئەوانەی هەڵگری ئەو بڕوانامەی سەرەوە نین.

ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە حکومەتی کوردستان پابەند دەبێت بەجێبەجێکردنی ئەو یاسایە، بەڵام هێشتا یاساکە بەشێوەیەکی فەرمی نەگەیشتووەتە کوردستان.

**وردەکاریی زیادکردنی مووچە و دەقی یاساکە لەلاپەڕە (14) بخوێنەوە.**

### کوردستان دەکەوێتە بەر مەترسیی مادە بێ هۆشکەرەکان

# باندێک بە پێنج کیلۆ هێرۆیینەوە دەستگیر دەکرێت

**تایبەت بە ڕووداو**

هەفتەی ڕابردوو، پێنج کیلۆ هێرۆیین لەکاتی هەوڵدان بۆ دەربازکردنی بۆ تورکیا، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە بێ هۆشکەرەکان دەستی بەسەرداگیرا.

بەپێی ئامارەکان 1000 بەکارهێنەری مادە بێ هۆشکەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەن و، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە مادە بێ هۆشکەرەکان لە تیرۆر بە مەترسیدارتر دەزانێ بۆ سەر کوردستان چونکە بە تەنیا دوو جار بەکارهێنانی مرۆڤ دووچاری (ئیدمان)بوون دەکات.

فرسەت دۆڵەمەری، نەهێشتنی مادە بێ هۆشکەرەکان لە کوردستان، لە لێدوانێکدا بەتایبەت بۆ (ڕووداو)ی ئاشکراکرد کە هەفتەی ڕابردوو 5 کیلۆ هێرۆیین کە بریتی بوو لە 10 کیسەی نیو کیلۆیی، لە نێوان هاوینەهەواری سەرسنگ و شاری دهۆک لەگەڵ سێ کەسی گەیێنەری باندەکە دەستگیرکرد، کە بە ڕێگای گەیاندنەوە بوو بۆ تورکیا.

فرسەت دۆڵەمەری گوتی "ئەوانە باندێک بوون لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک، دوو بازرگانە سەرەکییەکەشیان لە ئێران و تورکیان". نرخی ئەو پێنج کیلۆ هێرۆیینەش بە 70 هەزار دۆلار مەزەندە دەکرێ.

فرسەت دۆڵەمەری گوتی ئەوەی تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەکارهاتووە تریاک و حەشیش بووەو هاتنی هێرۆیینی بۆ کوردستان بە پێشهاتێکی مەترسیدار دانا ئەگەرچی بۆ بازرگانی پێکردنیش هاتبێ. هەروەها گوتی تائێستا 10 کەس لەسەر بازرگانیکردن بەو مادانە لە کوردستان حوکمدراون کە سێیان ئێرانین.

**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (7) بخوێنەوە**

### لە سلێمانی

# 7 منداڵ بەتۆمەتی تیرۆر دەستگیر دەکرێن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

لەکۆی ئەو 311 منداڵەی ساڵی ڕابردوو بەتۆمەتی جۆراوجۆر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەوجەوانانی سلێمانی دەستگیرکراون، 7 لەو منداڵانە تۆمەتی کاری تیرۆرستییان دراوەتە پاڵ.

مەحموود ئەحمەد موراد، بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەی نەوجەوانانی سلێمانی، لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو 7 نەوجەوانە تیرۆریستەی کە گیراون هیچیان کورد نین، بۆ خۆیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەتیرۆریستانەوە هەبووەو ویستویانە کاری تیرۆریستی لەکوردستان ئەنجامبدەن، ئێستاش زیندانین و کاتێک تەمەنی هەژدە ساڵییان تەواو کرد لەخانە نامێنن و دەگوازرێنەوە".

لەماوەی ڕابردوو چەند جارێک لەلایەن ڕێکخراوی یونامی و چەند ڕێکخراوێکی جیهانییەوە ڕەخنەی توند لەزیندانەکانی کوردستان گیرا کە مامەڵەی خراپ لەگەڵ بەندکراواندا دەکەن، ئەو بەڕێوەبەرە ڕەتیکردەوە هیچ کام لەو ڕاپۆرتانە ئەوان بگرێتەوە "ئێمە نەک لەگەڵ منداڵان و نەوجەوانان توندی نانوێنین، بگرە ڕێزێکی زۆریشیان لێدەگرین و ڕێز لەکەسوکارەکانیشیان دەگرین".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو ساڵی ڕابردوو 187 منداڵی ئیشکەر دەستگیرکراون، هەروەها 89 منداڵ بەتاوانی دزی، 109منداڵ لەسەر شەڕکردن و 79منداڵ لەسەر لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەبێ مۆڵەت، 11منداڵ بەتاوانی کوشتن، 9منداڵ بەتاوانی فرت و فێڵ، 6 منداڵ بەتاوانی ڕفاندن و 6 منداڵیش لەسەر مۆبایل دەستگیرکراون.

# هەواڵ



**سوپای تورکیا دوو ڕاوچی زاخۆیی دەکوژێت**

ڕووداو - دهۆک

◆ سەرچاوەیەکی بەرپرس لەزاخۆ کوژرانی دوو ڕاوچی خەڵکی شارەکەی بەدەستی سوپای تورکیا ڕاگەیاندو گوتی "عادل خواستی و ساڵح مستەفا لەناوچەی سنات کە 3 کیلۆمتر لە سنووری تورکیاوە دوورە چووبوونە ڕاوو لەوێ شوێنبزر بوون". دواتر سوپای تورکیا ڕایگەیاند ئەو دوو کەسەی بە گومانی ئەوەی پەکەکە بن، کوشتووە. تەرمەکانیش ئێستا لە شرناخن و بڕیارە ڕەوانەی زاخۆ بکرێنەوە.

## حاجیانی کوردستان بێ پاسپۆرتی G ناتوانن بچنە حەج



**ڕووداو – هەولێر**

حکومەتی عەرەبستانی سعودی بڕیاری داوە ئەوانەی لەعێراقەوە سەفەری حەج دەکەن دەبێت هەڵگری پاسپۆرتی عێراقی جۆری G بن.

مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سعودییە ڕێگە نادات بەبێ پەساپۆرتی جۆری G هیچ حاجییەکی عێراق و کوردستان لەوڵاتەکەی دابەزێت، سعودیە گوتوویەتی خەڵکی تیرۆرست بەبیانووی حەج دێنە سعودییە، بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابین دەبێت هەموو هاووڵاتییەکی عێراقی بە پاسپۆرتی G یەوە بێت و ئەوانەشی ئەو پەساپۆرتەیان نییە حەجیان لەسەر نییەو گوناهبار نابن".

مەریوان نەقشبەندی گوتیشی "جگە لەو پاسپۆرتە هەموو حاجییەک دەبێت 3ملیۆن و 750 هەزار بدات و دەستیش بە قورئاندا بدات کە تا ئێستا سەفەری حەجی نەکردووە، هەموو ئافرەتێکیش سەفەری حەج بکات ئەگەر تەمەنی 100 ساڵیش بێت دەبێ مەحرەمێکی لەگەڵدابێت، بەڵام بۆ ئەوەی لەگەڵیدایە مەرج نییە پاسپۆرتی جۆری G هەبێت و سەفەری حەجی نەکردبێت".

وا بڕیارە ئەمساڵ لە کوردستانەوە 4250 کەس سەفەری حەج بکات و دوایین ڕۆژیش بۆ ناونووسین 2008/5/18 دەبێت.

## حکومەت 30 هەزار فەرمانبەر دادەمەزرێنێ

**ڕووداو – هەولێر**

ژمارەی فەرمانبەرانی حکومەتی کوردستان ئێستا 586 هەزار فەرمانبەرەو لەبەرنامەشیدایە ئەمساڵ نزیکەی 30 هەزار فەرمانبەری دیکە دابمەزرێنێت بۆ ئەو وەزارەتانەی پێویستیان بە فەرمانبەرە.

محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی پلاندانان دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتەکان، ئەمساڵ پێویستیمان بە دامەزراندنی 29800 کەسە، ئەم بابەتەش لەکاتی دانانی بودجەدا گفتوگۆی لەبارەوە کراوەو شوێنی بۆ کراوەتەوە لەبودجەدا و ئێستا بڕیارەکە لەگەڵ یاسای بودجەی 2008 دا لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر پەسەندکرا ئەوا بەپێی پێویست دادەمەزرێندرێن".

هەروەها ڕوونیشکردەوە زۆرترین ئەو فەرمانبەرانە بۆ وەزارەتی پەروەردەو تەندروستی دادەمەزرێندرێن.

جەمال عەبدوڵڵا وتەبێژی حکومەتی کوردستان لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە 9/ 7/2006ەوە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێکی بە ژمارە 1706 دەرکرد "بەپێی ئەو بڕیارە دامەزراندن و گەڕانەوە ڕاگیراوە، ئێستاش کە فەرمانبەر دابمەزرێت بە لێشاو نابێت و تەنیا بۆ ئەو وەزارەتانە دەبێ کە زۆر پێویستیانە".

## ئەنسار بەرپرسیارێتی خۆی لە کوشتنی حەمەخانی حاجی دارا ڕادەگەیێنێ

**ڕووداو – هەولێر**

گرووپی ئەنسارولئیسلام ڕۆژی 2008/7/5 لە بەیاننامەیەکدا بەرپرسیارێتی خۆی لە کوشتنی حەمەخانی حاجی دارا کۆنە موستەشار و فەرماندەی سوپای گەرمیانی پارتی ڕاگەیاند.

بەگوێرەی بەیاننامەکە، چەکدارانی ئەنسار لەڕۆژی 2008/3/27 لەنزیک گوندی (تل الرابعە)ی ڕۆژئاوای تازە بۆسەیەکیان بۆ خۆی و پاسەوانەکانی داناوەو بۆمبێکی دانراویان بە ئۆتومبێلەکەیدا تەقاندووەتەوە، پاشان بەچەکی سووک هێرشیان کردوونەتە سەرو هەموویان کوشتوون.

بەیاننامەکە وا دەداتە قەڵەم کە حەمەخان پلەی لیوا بووە لەنێو پۆلیسی کەرکووک و بۆ پشکنینی گوندی (تل الرابعە) چووە.کەچی ناوبراو فەرماندەی سوپا بووە. عیرفانی کوڕی حەمەخانی حاجی داراش لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوەی ڕەتکردەوە کە بۆمبی چاندراو بە ئۆتومبێلی باوکیدا تەقێندرابێتەوەو دووپاتیشی کردەوە کە باوکی بەمەبەستی ڕاو لەناوچەی گەرمیان بووە، گوتیشی "خۆمان تەرمەکەمان بینی بە فیشەک کوژرابوو".

ئەوەی جێگای سەرنجە ڕێکخراوی ئەنسار پاش 40 ڕۆژ لەو ڕووداوە ئینجا بەرپرسیارێتی خۆی ڕادەگەیێنێ.

## پەسەندکردنی یاسای ڕۆژنامەنووسی دوادەخرێ

**ڕووداو –سلێمانی**

لە سەر داوای کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوسی کورد و بیانی پەسەندکردنی یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسیان بۆ ماوەیەک دوا دەخرێت.

سەرچاوەیەک لە بارەوە بەتایبەت بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند "ژمارەیەک ڕۆژنامەنوسی کوردستان و دەرەوەی کوردستان کە ڕۆژنامەنوسی بیانیشیان تێدایە داوایان لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان کردووە پەسەند کردنی یاساکە دوابخەن، بەمەبەستی گۆڕینی هەندێک بڕگەو مادەی پڕۆژە یاساکە کە لەبەرژەوەندی ڕۆژنامەنوساندایە، ئەوانیش ڕەزامەندیان لەسەر داواکە نیشانداوە".

لەلایەکی دیکەوە یەکێک لەو ڕۆژنامەنوسانەی کە هەوڵی دواخستنی پەسەندکردنی پڕۆژە یاساکەی داوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ژمارەیەکی زۆر لەبەرپرسانی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە بینراون و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ پشتیوانیکردنی داواکارییەکانمان، لەوانەش خودی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت".

گوتیشی"پڕۆژە یاساکە لەلایەن ژماریەک پسپۆڕی یاسایی و ڕۆژنامەوانی بیانییەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، لەهەوڵی ئەوەداین کە پڕۆژە یاساکە بەجۆرێک بێت بگونجێت لەگەڵ یاسا پێشکەوتوەکانی بواری ڕاگەیاندن".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوە، هەوڵی ئەم گرووپە ڕۆژنامەنوسییە نزیکەی مانگێکە لەئارادایەو چاوەڕوان دەکرێت لەماوەیەکی نزیکدا هەموو پێشنیارەکان گەڵاڵە بکرێن و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکرێن. پێشتریش سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کۆمەڵێک پێشنیاری پێشکەش کردبوو.

## هەولێر دەکرێتە نموونە بۆ پارێزگاکانی عێراق

**ڕووداو – هەولێر**

لەنێو سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان و عێراق، پارێزگای هەولێر لەرووی جێبەجێکردنی پڕۆژەوە بەنموونە دەهێنرێتەوەو پارێزگاری هەولێریش هۆکارەکەی بۆ ئەو دەسەڵاتە لامەرکەزییە دەگەڕێنێتەوە کە پێیدراوە.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە: هەفتەی ڕابردوو سەرجەم پارێزگارەکانی عێراق بەشداری کۆنگرەی پارێزگاکانیان کرد لە بەغدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەو کێشانەی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم کارکردنیان. لەو کۆنگرەیەدا کە سەرۆک وەزیرانی عێراقیش تێیدا ئامادەبوو، هەولێر کرایە نموونە بۆ هەموو پارێزگاکانی عێراق لە ئاوەدانی و ڕێکوپێکی جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا.

لەو بارەیەوە نەوزاد هادی، گوتی " یەکێک لە هۆکارەکان کە وایکردووە لەهەولێر کار بکرێت، بوونی لامەرکەزی و لە کارزانی سەرۆکایەتی حکومەت و هەماهەنگی هەموو دەزگاکانی پارێزگایە بەیەکەوە". گوتیشی "هەر چەندە تا ئێستا بەیاسای کۆنی پارێزگاکان کار دەکەین، بەڵام خوێندنەوەی سەرۆکی حکومەت بۆ لامەرکەزی خوێندنەوەیەکی باش بووە، پارێزگا دەتوانێ پەیوەندییەکی خێراتر لەنێوان فەرمانگەکاندا بکات و خێراتریش بڕیاردەربکات و جێبەجێی بکات".

## پژاک 15 پاسدارو PKK 26 جەندرمە دەکوژێت

**هەرێم جەمال**
**ڕووداو –قەندیل**

پاش هێرشی ئاسمانیی ئەم دواییەی فڕۆکەکانی تورکیا بۆسەر بناری قەندیل، هێزێکی سوپای پاسداران دەکەونە بۆسەی گەریلاکانی پژاک و لەئەنجامدا 15 پاسدار دەکوژرێن و دوو چەکداری پژاکیش بریندار بوون.

لەو بارەیەوە بریتان وشیار، فەرماندەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات دوای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شەڕەکە لەکاتژمێر 11ی سەر لەبەیانی ڕۆژی 2008/5/11 ڕوویداوە لەناوچەی دۆڵی وەزنێ و ئاڵوەتان کە 15 کیلۆمەتر لەسنووری کوردستان دوورە و سەربازگەیەکی ئێرانی تێدایە، هێزێکی ئەو سەربازگەیە کەوتوونەتە کەمینی گەریلاکان".

ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "لەو شەڕەدا 15 پاسدار کوژراون و دوو گەریلاش بریندار بوونە".

ڕۆژی 1ی ئەم مانگە لەئەنجامی هێرشێکی ئاسمانی تورکیا بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی پەکەکەو پژاک، 6 کەس لەناوەندی چاپەمەنی پژاک کوژران.

ڕۆژی 2008/5/9یش گەریلاکانی پەکەکە لەناوچەی شەرناخ پەلاماری قەرەقولێکی سوپای تورکیایانداو بەپێی ڕاگەیێندراوەکانی پەکەکە 26 جەندرمە لەو هێرشەدا کوژراون.

## پێشمەرگە بەشداری ئۆپەراسیۆنی موسڵ ناکات

**تایبەت بە ڕووداو**

جەبار یاوەر وتەبێژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێشمەرگە بەشداریی ئۆپەراسیۆنی موسڵ ناکات کە شەممە دەستیپێکرد.

لەوەڵامی لێدوانی یەکێک لە سەرکردەکانی بەرەی تەوافوقی سوننیدا کە لەزاری سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە گوتبووی بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لەدەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان سیفەتی میلیشیای بەسەردا دەچەسپێ، گوتەبێژی هێزی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مالیکی لێدوانی لەوجۆرەی نەداوە، خەڵکانێک لەخۆیانەوە ئەو قسانەی بۆ هەڵدەبەستن، لەکاتی سەردانی شاندی حکومەتی کوردستانیش بۆ بەغدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی بەپێی دەستووری عێراق پێشمەرگە هێزێکی نیزامییە".

عیزەدین دەولە یەکێکە لە سەرکردەکانی بەرەی تەوافوق و ئەندامی پەرلەمانی عێراقیشە، لە لێدوانێکدا بەسایتی (ایلاف)ی ڕاگەیاندبوو تەوافوق بەشداریی پێشمەرگە لە هێرشی چاوەڕوانکراوی سوپای عێراقدا بۆسەر تیرۆریستانی ناو شاری موسڵ بەتوندی ڕەتدەکاتەوە، ناوبراو گوتی "هێزی پێشمەرگە پاسەوانی هەرێمەو بۆی نییە لەدەرەوەی ئەو سنوورە کاربکات".

جەبار یاوەر ئەوەی ڕەتکردەوە داوای بەشدارییان لەو هێرشەدا لێکرابێت، بەڵام گوتیشی "ئەگەر بەفەرمی داوامان لێکرا بەخۆشحاڵییەوە بەشداری دەکەین". یاوەر ڕایگەیاند ئەوانەی بەشداری دەکەن ئەو کوردە سەربازانەن کە سەر بە تیپی دوو و سێی سوپای عێراقن و هیچ پەیوەندییەکیان بەهێزی پێشمەرگەوە نییە، گوتیشی "هەندێ کەس لەخۆیانەوە وڕێنە دەکەن کە دەبینن سەربازەکە بەکوردی قسەدەکات دەڵێن ئەوە پێشمەرگەیە".

## 38 خێزان ل دێرەلوکێ دێ ژ ئاریشا بن خیڤەتا ڕزگار دبن

**عەبدوڵڵا نهێلی**
**ڕووداو –ئامێدیێ**

38 خێزانێن پێشمەرگە، کو دوەختێ هێرشێن ئەنفالادا بەرەڤ ئیران و تورکیا کۆچکربوون و ئەڤە سێ زڤرینەڤە، ب بڕیارەکا پارێزگەها دهۆکێ ل ژیانا ژێر خیڤەتا ڕزگاربوون 10ملیۆن دینار و کەرستێن ئاڤاکرنێ بۆهەرخێزانەکێ هاتنە تەرخانکردن.

ئە ڤە ماوێ چار ساڵانە19 خێزان ل ڕۆژئاڤایا ناحیا دێرەلوکێ و 19 خێزان ژی ل ڕۆژئاڤایا شێلادزێ دبن خیڤەتا دا بوون کو ئاوارە ببوون ل ترکیا و ئیرانێ ڤەگەر یاینەڤە و دژیانەکا نەخوش دا دژیان ب تایبەت ل وەرزێ زڤستانێ کو ئەف دەڤەرە دەڤەرەکا سارو سەقەمە.( وەحید سینی ) کو هاووڵاتیەکێ دبن خیڤەتا دایە بۆ (ڕووداو) دیارکر و گۆت" ل وەرزێ زڤستانێ دا گەلەک جاران ئەم ژبەربارانێ و سەرمایێ مە خیڤەتێن خو بەردان و ئەم دچۆینە ناڤ مالێن مروڤێن خۆدا ".

لدۆر ڤێ یەکێ، سەردار کاکە ئەمین،ڕێڤەبەرێ ناحیا دێرەلوکێ بو (ڕووداو) ئاخفت و گۆت "ئەڤ خێزانە ئەون یێن ل سەروەختێ ڕژێمێ دەربەدەربووین و ل ساڵا 2004 ڤەگەریاینە ڤە، ئەون یێن ل وەختێ خۆدا پێشمەرگە بوون و ل بەرئەنفالێ کەفتینە و قوربانیێن زۆر دانە ل بەر نەبوونا خانیا و لاوازیا بارێ ئابووری ئەڤ خێزانە خوجە بوونە و ماوێ چار ساڵانە دبن خیڤەتان دا ژوانا 19 خێزان یێ ل دێرەلوکێ ئەون یێن ل ئیرانێ زڤرین 19 خێزان یێ ل شێلا دزێ ئەون یێ ل ترکیا زڤرین". هەرد یسان ناڤبرێ دیارکر کو ڤان خێزانان بەرێ دوو سالان پارچە زەڤی وەرگرتینە پشتی پارێزگارێ دهوکێ سەرەدانا دەڤەرا ئامێدیێ و ناحیا دێرەلوکێ کری وگوە ل ئا ریشایێن وان بووین پارێزگەری ڕازەمەندیا خۆدیار کر ل سەر بوودجێ پارێزگەها دهوکێ وکارگێریا گشتی هەر ئێک ژوان خێزانا ( 10925000 دینار) دگەل دوو تەن ونیڤێن شیشێن ئاسنی وەک هاریکاری بو چێکرنا خانیا بۆوان بهێنە تەرخانکرن "ئاریشاوان هەر 38 خێزانا بڤی شێوەی هاتە چارەسەرکرن".

## کۆرییەکان کورد ڕادەهێنن

### 42 هەزار کەس داوای کاریان لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە و تەنیا 272 کەس دامەزراون

**ڕووداو – هەولێر**

بەبەشداری زیاتر لە 19 کۆمپانیای جۆراوجۆر پێشانگایەک بۆ دۆزینەوەی هەلی کاری گونجاو بۆ 1770 بەشداربووی بێکاری بنکەی ڕاهێنانی پیشەیی تیپی زەیتوون ڕێکخرا.

بەپێی ئەو ئامارانەی لەلایەن تیپی زەیتوونی هێزی کۆرییەکانەوە دراونەتە (ڕووداو) لەکۆی 1920 بەشداربوو، 148 بەشداربوو کاریان بۆ دۆزرایەوەو 1770 فێرخوارز بەبێکاری ماونەتەوە. بەمەبەستی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەو بەشداربووانە، ڕۆژی 2008/5/6 لەسەربازگەی زەیتوونی هێزەکانی کۆریا لەهەولێر، بەبەشداری فەرماندەیی تیپی زەیتوون و وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و ژووری بازرگانی هەولێر و زیاتر لە 19 کۆمپانیای جۆراوجۆر پێشانگایەک کرایەوە. ژەنەراڵ پارک سۆن وو، فەرماندەیی گشتی تیپی زەیتون ئاماژەی بەوەدا لەدوای تێپەربوونی 14 خولدا 1920 فێرخواز لەبنکەکەیان دەرچوونە و هەندێکیان دامەزراون و کاریان بۆ دۆزراوەتەوە "بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەدەرچووانی بنکەکەمان هەست بەکارو دامەزراندن دەکەن، کەچی بەبێکاری ماونەتەوە".

لەدوای هاتنی هێزەکانی زەیتوون بۆ کوردستان، لەمانگی 2004/4 بنکەی تەکنیکی و پیشەیی زەیتوون، کە سەر بەهێزی ناوبراوە دامەزرا و، چەندین بواری جۆراوجۆری کردووەتەوەو7 خولی هەیە، خولەکانیش پێکهاتوون لەبەشی لێخورینی ئامێری تایبەت، بەشی ئامێرە قورسەکان، بەشی کۆمپیوتەر، بەشی هەویرکاری، هەر یەک لەبەشەکانی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و موەلیدەو کەلوپەلی ناوماڵ.

بەپێی ئەو ئامارانەی تایبەت دراوەتە (ڕووداو) 42466 کەس لەهەر سێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆک داوای کاریان لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە، لەو ژمارەیەش تەنیا 272 کەس سوودیان لەو هەلی کارانەی وەزارەت وەرگرتووە و، ژمارەیەکی زۆریش لەبەر کەمی مووچە نەچوونەتە سەرکار.

## ڕوونکردنەوە

### بۆ ڕوونکردنەوەکەی خانەوادەی زیندانییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی

لە ژمارە (5)ی ڕۆژی دووشەممەی 2008/5/5ی ڕۆژنامەی (ڕووداو) کە لە هەولێر دەردەچێ لە لاپەڕە (2)دا بەناوی (ڕوونکردنەوی خانەوادەی زیندانییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی) نووسینێک بڵاوکراوەتەوە لەمەڕ سەردانیکردنی وەفدێکی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و دیدار بەستنیان لەگەڵا وەزیری مافی مرۆڤ لەمەڕ چارەنووسی ژمارەیەک لە ئەندامانیان و سۆراغکردنیان وەک بنەمایەکی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.. دیارە خودی وەزیرو دامەزراوەکانی وەزارەت هەمیشە بەدواداچوون و لێپێچینەوە بۆ ئەم کێشانە دەکەن و بەڵگەشمان ڕاپۆرتەکانی وەزارەتە لە بەشی (سکاڵا).. بۆ برادەرانی (کۆمەڵا)یش هەمان ڕێچکەگیرابەر وەفدەکەی ئەوان ڕۆژی 2008/2/4 سەردانی وەزارەتیان کردووەو وەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن هەواڵەکەشیان لە ڕۆژنامەکەی خۆیاندا لە ڕۆژی 2008/2/9 بڵاوکراوەتەوە. لەم پێودانگەوە دوای تاوتوێکردنی داواکاری وەفدی ناوبراو وەزارەت نووسراوێکی بە ژمارە (317/6/1) لە ڕۆژی 2008/2/25 بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش/هەولێر کردووە ناوی ئەم (12) بەندکراوەی هاوپێچ کردووە کە لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان گەیشتبووە وەزارەت بەمەبەستی بەدواداچوون لەکێشەکانیان..

دوابەدوای ناردنی ئەم نووسراوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش بەنووسراوی ژمارە (673) لە ڕۆژی 2008/4/14 وەڵامی وەزارەتی مافی مرۆڤی داوەتەوەو هاوپێچ لەگەڵ لیستێک بەناوی (10) کەسەوە کە چارەنووسی هەر هەموویانی تێدایەو وەزارەتیش بەبێ دواکەوتن بەنووسراوی ژمارە 1/16/573 لە ڕۆژی 2008/4/16 نەک لە (2008/1/16) وەک لە ڕوونکردنەوەکەی ئەواندا هاتووە ئاگاداری مەکتەبی پەیوەندییەکانی — بەشی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵی ئیسلامی کردۆتەوەو هاوپێچ لەگەڵا ئەم نووسراوەشدا لیستی بەدیارخستنی چارەنووسی ئەم بەندکراوانە کە هاوپێچە لەگەڵا نووسراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش بۆ مەکتەبی ناوبراو ڕەوان کراوە...

**نازم دڵبەند**
**وتەبێژی ڕەسمی وەزارەتی مافی مرۆڤ**

### ڕوونکردنەوەیەک لە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینیەوە

لەژمارە 5ی هەفتەنامەی (ڕووداو) لەلاپەڕەی کۆمەڵایەتی بابەتێکی خاتوو ( لەنجەعەبدوڵڵا)لەژێر ناونیشانی (ژنان بەحەرامی لەتەکیەی پیاوانن) بڵاوکراوەتەوە، کە جێگای سەرنجە و ئەم بەدواداچوونەمان بەپێویست زانی:

خاتوو لەنجە لەهەڵبژاردنی مانشێتی بابەتەکەیدا موەفەق نەبووە چونکە پشتی بەلێدوانی کەسێک بەستوە کە سیفەتی شەرعی فەتوادانی نییە و ڕەنگە پرسیارەکەشی بەشێوەیەک لێکرابێت کە وەڵامەکەی هەرئەوەندە هەڵبگرێت.

سەبارەت بەو ژنانەی لەتەکیەکاندا دامەزراون، وەزارەتی ئەوقاف بۆچوونێکی پێچەوانەی ڕاپۆرتەکەی خاتوو لەنجەی هەیە و ئێمە بڕوامان وایە دامەزراندنی ئەو ژنانە پێویستە و زۆربەیان وەک خزمەتگوزار و ڕێنمایکار دامەزراون و دەوام دەکەن و لایەنی شەرعیشیان ڕەچاوکردووە "سەبارەت بەوەی کە تەکیە و خانەقاکان بوونەتە جێگای نوشتە و جادو نانخواردن ئەوە نەک هەر موبالەغەیە بەڵکو زوڵمێکە لەمێژووی ڕەسەنی تەکیە و خانەقاکانی کوردستان دەکرێت "چونکە زۆربەی گەورە سەرکردە و زانایانی ئاینی کوردستان دەرچووی حوجرە و تەکیە و خانەقاکان بوون و لەپاڵ ئەوەشدا جێگای حەوانەوەی هەژار و ڕێبواران بوون و نەخوێندەوارانیش تیایاندا فێری خوێندەواری کراون و دەرچووانی خانەقا و تەکیە و حوجرەکانی کوردستان زۆربەیان خەڵکی دڵسۆز و میانڕۆبوون و لەهەر بۆچوونێکی توندڕۆیانە بەدوور بوون و هەمیشە بانگخوازی ئاشتی و گەیاندنی پەیامی ڕاستەقینەی ئیسلام بوون.

ریپۆرتاژ

پارتێکی نوێی کوردی دادەمەزرێت

رووداو-DIHA

◆ هەفتەی رابردوو چەند سیاسەتکارێکی کورد لە باکووری کوردستان دامەزراندنی پارتێکی نوێی کوردیان بەناوی پارتی ئاشتی ودیموکراتی BDP راگەیاند، سەرۆکی پارتەکە مستەفا ئایزیت کە پارێزەرێکی ناسراوی شاری ئامەدە لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتیان پێشکەشی وەزارەتی نێوخۆی تورکیا کردووەوئێستا چاوەڕێی وەڵامن . دامەزراندنی ئەو حزبە ئامادەکارییەکە بۆ ئەگەری داخستنی DTP.

# یەکگرتوو حیزبێکی بێ باڵە

## گۆڕانکاریخوازی لەیەکگرتوودا نەگەیشتووەتە رادەی داواکردنی وەرگرتنی ژنی سفور

**یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، دەڵێ هەندێ گۆڕانکاری لە کۆنگرەی پێنجەمدا کردووە، چاوەڕوانەکانی گۆڕانکاریش لەناو یەکگرتوودا پێیانوایە گۆڕانکاری پێویست و بنەڕەتی نەکراون بۆ گفتوگۆکردن لەوبارەوە، حەمە رەشید ماوەتی، یەکێک لە ئەندامە دێرینەکانی رەوتی یەکگرتوو و دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە، کە لەو کۆنگرەیەدا خۆی بۆ سەرکردایەتی هەڵنەبژاردەوەو ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی شورایە، وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو)ی داوەتەوە:**



حەمە رەشید ماوەتی (فۆتۆ:رووداو)

**رووداو: یەکگرتوو دروشمی چاکسازی بۆ دەسەڵاتدارێتی حکومەتی کوردستانی هەڵگرتووە، خەڵک چاوەڕێی کۆنگرەیەکی نەوعی بوو لە یەکگرتوو،توانیتان کۆنگرەیەکی نەوعی بکەن و چاکسازی لە خۆیدا بکات؟**

**حەمەرەشید:** دروشمی چاکسازی دروشمێکە پێشترو لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا باسی لێوەکراوەو قسەی لەبارەوە کراوە، بەمانا دینییەکەی لای ئێمە بەردەوام مرۆڤ دەبێت لە چاکسازیدا بێت، چاکسازیش هەمەلایەنە .ئەو سیاسەتەمان نەگۆڕە و ئێمە بەردەوامین لەسەر رەوتی چاکسازی و هەوڵی خۆمانی بۆ دەدەین لەکەناڵی خۆمانەوە، دەمێک لەپەرلەمانەوە دەمێک لە حکومەتەوە دەمێک لە رۆژنامەوەو دەمێک لەچوارچێوەی ریکخراوە مەدەنییەکان و دەمێکیش لە خەڵکەوە.

**رووداو: کۆنگرەی پێنجەم هیچ چاکسازی کرد؟**

**حەمەڕەشید:** لەم کۆنگرەیەدا هەندێک گۆڕانمان ئەنجامدان. یەکێک لەوانە ویستمان چاکسازییەک لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی حیزبدا بکەین. سێ دەزگای دیکەمان دروستکرد، جاران دەسەڵاتەکان تەنیا لای ئەمیندار بوون، ئێستا دەسەڵاتەکانی بە شێوەیەکی گشتی بەسەر سێ ناوەند دابەشبوونە،کە ئەوانیش ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، مەکتەبی سیاسی و شوارای گشتین.

**رووداو: بەلام هەندێ کەس پێیوایە ئەو سێ دەزگایە لەدەست حەرەسی قەدیمدان، ئەو گۆرانکاریانە رەچاوناکرێت کە کادیران لە یەکگرتوو چاوەڕێیان دەکرد؟**

**حەمەڕەشید:** تۆمەبەستت کەسەکانە، من وادەزانم بەو شێوەیە نییە .مامۆستا عومەر عەبدولعەزیز سەرۆکی شواری گشتی لاوەو زۆر تەمەندار نییە .ئەو لەنێو 37 کەسدا بە ئازادانە هەڵبژێردرا بۆ بەرپرسیارێتی پۆستەکە.

**رووداو: مەبەست لەحەرەسی قەدیم ئەوەیە کە موحافیزکارن و رێگری ئەو چاکسازییەن کە کادیران داوای دەکەن. ئەو سێ دەزگایەش لەدەست سێ کەسدان کە هەمووکات لایەنگری مامۆستا سەلاحەدین بوونە؟**

**حەمەڕەشید:**نەخێر من وای نابینم، هەموو کاتێک ئەفکاری تایبەتی جیاوازی خۆیان هەبووە، جاری واهەبووە لە هەندێ بڕیاردا جیاوازبوونە لە مامۆستا سەلاحەددین. لای ئێمە قسە زۆر بەئازادانە دەکرێت، لەدوای تاوتوێ کردن دەبێتە بڕیار، تەقریبەن خەریکە بڵێم قسەیەک یان بڕیارێک نییە بەزۆر بسەپێ بەسەر کەسدا .ئینجا ئەو برادەرانەی هەڵبژێردراون ئەوانیش حەز لە ریفۆرم دەکەن.

ئێمە گۆڕانکارییەکی پلە بە پلەمان دەوێت. نەک بازێکی گەورە بدەی، بەلای کەمەوە دەبێ نیوەی بازەکە لەنێو کۆمەڵگادا بێت و نیوەکەی دیکەی لەپێشەوە بێت .نابێ لە کۆمەڵگا بچیتە دەرەوە چونکە لە کۆمەڵگا دادەبڕێی.

**رووداو: بەلام خەڵک چاوەڕێی ئەوەیە حیزبەکان خۆیان چاکسازی بکەن و بگۆڕێن بۆ ئەوەی بتوانن چاکسازی لە حکومەت و کۆمەڵگەدا بکەن. ئەندامانی ئێوەش بۆیە لەگەڵ ئێوەن چونکە وادەزانن یەکگرتوو جیاوازە لە پارتی و یەکێتی؟**

**حەمەڕەشید:**من لەوبڕوایەدام یەکگرتوو بەقەدەر قەبارەو بوونی خۆی کاریگەری هەیە و ئەگەر زۆرتر نەبێت کەمتر هەنگاو نانێت.

**رووداو: یەکێک لەوانەی کە بە باڵی چاکسازی یان بەخاوەن ئاراستەیەکی نەتەوەیی لەناو یەکگرتوو حسابدەکرێ، عەبدورلڕەحمان سدیقە کەپێش کۆنگرە وتارێکی نوسیبوو بەناوی (کۆن گرە)،داوای گۆڕانی تازەی کردبوو لەو کۆنگرەیەدا، بەڵام هەندێک کەس وایدەخوێنێتەوە کە ئەو باڵە تەحجیم کرا و، کۆنگرەکە شتێکی نوێی نەکرد لەناو گۆڕین و سیما گۆڕینی یەکگرتوو و گۆڕینی سەرچاوە فیکرییەکان؟**

**حەمەڕەشید:**ئێمە باڵێکمان نییە جیاواز بێت لە باڵێکی دیکە، کێشەکە ئەوەیە تۆ لەدەرەوەی ئێمە سەیر دەکەیت و لە رێگەی هەندێ دەستەواژەوە کە لەوتارێکدا نووسراوەو واهەستدەکەی ئەوە پەڕو باڵێکی جیایە.

**رووداو: واتە یەکگرتوو یەک باڵە؟**

**حەمەڕەشید:** بەڵێ، یەکێک لە بنەڕەتیترین شت ئەوەیە لەیەکگرتوو یەکێتی مەنهەجی و فکری هەیە.

**رووداو: بەلام کادیرانی راگەیاندنی یەکگرتوو بەئاشکرا ئەوەیان دەربڕیوە کە ئەوان چاوەڕوانی گۆڕانی بنەڕەتیان لەو کۆنگرەیە دەکردن؟**

**حەمەرەشید:** غەریب نییە، چی موشکیلەیەک لە موعارەزەبوونی قسە و راگەیاندن یان برایەکی دیکەی یەکگرتوودا نییە .رایەکان ئازادن.

**رووداو: ئەو ئەو باڵ و ئاراستەیە نییە کە ئێوە دەڵێن ئەو باڵە بوونی نییە؟**

**حەمەڕەشید:** لە کۆنگرەی چوارەمدا، لامەرکەزییەتێکی تەواومان دابە راگەیاندنی مەڵبەندەکان کە رەچاوی ئەندامانی و ناوچەکە بکات .دەکرێ ئەفکار هەبێت،بەڵام ئەو تەئکید دەکەمەوە کە باڵمان نییە.

**رووداو: لەوکۆنگرەیەدا تۆ یەکێکبووی لەو 11 کەسە کەخۆتان هەڵنەبژاردەوە بۆ سەرکردایەتی، بۆچی؟**

**حەمەڕەشید:** من خۆم هەڵنەبژاردەوە بۆ دەوری سەرکردایەتی، بەلام من ئەندامی شوارام. من حەزم کردووەلە ئۆرگانی شورا ئیش بکەم لەجیاتی دوو ئۆرگانەکەی دیکە. خۆم هەڵنەبژاردەوە بۆ ئەوەی دەرفەتێک دروست بکەین گەنجی دیکە بێنە پێشەوە .ناکرێت کۆمەڵە خەڵکێک هەندێ پۆست بگرێ و بەرینەدات. خۆمان و گەنجانی خۆشمان و دەرەوەش ئەم قسەیە دەکەن. ئاواتیش دەخوازم حیزبەکانی دیکەش ئەو بیرکردنەوەیەی ئێمەیان هەبێت و دەرفەتی هاتنە پێشەوەی گەنجان دروست بکەن. هەموو ئەو خوشک و برایانەی خۆیان هەڵنەبژاردووتەوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیان تێدابووە، تەنانەت گەنجیشیان تێدابووە .بەڕاستی ئامانجەکە هەر ئەوەبوو کە رێی هاتنە پێشەوە بۆهەندێ گەنجی دیکە چۆڵ بێت.

**رووداو: بەلام لەهەمووبونیای دیموکراسیدا، ئەوەی پێویستە خۆی هەڵنەبژێرێتەوەو خولێک یان دوو خولی بۆ دیارییکرێ سەرۆک یان ئەمینداری حیزبە نەک ئەندامانی سەرکردایەتی،کەچی لەناو یەکگرتوو نە ئەوەکرا، نە ئەوەش پەسەند کرا کە خولەکانی خۆ پاڵاوتنی ئەمیندار دیارییکرێ بۆ نموونە نەتوانێ لە دوو جار زیاتر خۆی بپالێوێ؟**

**حەمەرەشید:**پرسیارێکی جوانە، بەراستی ئەمینداری گشتیی کۆنگرەی پێشووش دەیویست خۆی کەناربدات و یەکێکی دیکە بێت، لەم کۆنگرەیەش50% رای وابوو، بەڵام کە ئێمە تەماشای سەرکردایەتی دەکەین، دەبێ وەختێک لابچێ کە بەدیلی هەبێ.

**رووداو: واتە یەکگرتوو بەدیلی بۆ مامۆستا سەلاحەددین نییە؟**

**حەمەڕەشید:** ناڵێم بەدیل نییە، بەڵام وابزانم هەندێک تایبەتمەندی کەمەو دەبێ سەرکردە مواسەفاتی زۆرتری لەوانیدیکە تێدابێت. دەبێ بەدیلێک هەبێت،بەلایەنی کەمەوە هەندێک بارز ببێت لەناو سەرکردایەتیدا کە لەوانیتر باریزتربێ، مامۆستا سەلاحەدین ئەمجارە زۆربەی دەسەڵاتەکانی داوەتە سێ کەس،لەخەڵکی دیکەش کێ باریز ببێت، دڵنیابە مامۆستا سەلاحەدین نامێنێت.

**رووداو: لە کۆنگرەی چوارەمدا، هەندێ گەنج هەستانەوە وتیان با ئەمیندار بگۆڕێ با مەولود باوەموراد بێ یان عەبدولرەحمان سدیق بێ، وابوو؟**

**حەمەرەشید:** نەوەڵڵا، بەو رێژەیە نەبوو، بەڵکو بەتێکڕای دەنگ هەڵبژێردرایەوە. مامۆستا خواخوای بوو یەکێک بێت و بڵێت حەزدەکەم بەدیلێک هەڵبژێرین و ئەوا من خۆم داناو یەکێکیتر بێتە جێگەم کەس نەهات.

**رووداو: تۆ لەو بڕوایەدای کە ئەوەی لە دڵەوە بوویێت، یان وەک هەموو سکرتێر و سەرۆکەکانی دیکە تەنیا بە دەم نەک بەدڵ وایگوتبێ؟**

**حەمەڕەشید:**مامۆستا لەدڵەوە حەزدەکات یەکێک بێتە پێشەوەو ئەو دابنیشێت. مامۆستا سەلاحەددین هاوڕێی تەمەنمەو پێکەوە مامۆستابووین، پێکەوە عەسکەربووین،پێکەوە کاری دەعاویمان کردووە لە ساڵی 1967ەوە.

**رووداو: بەلام لەناو ئەو حیزبانەدا کە داوای دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەکەن ئەوە شتێکی مەبدەئییە، ناکەوێتە سەر حەزی بوش، کەبڵێ من نایکەم خەڵک بڵێ نەخێر دەبێ بیکەی و ئەویش بڵێ باشە ئەوە لەبەرخاتری ئێوە دەیکەم. لەناو دووسێ حیزبی کوردیشدا ئەو بنەمایە دانراوە، لەو کۆنگرەیەشتاندا چەسپاندنی ئەو بنەمایە زۆر کەم دەنگی هێنا و شکستی هێنا؟**

**حەمەڕەشید:**گفتوگۆ کرا، بەڵام موسیبەتەکە لەوەدایە دەنگیشی بۆنەدرا، موسیبەتەکە لەوێدایە .منیش ئەو پرسیارەم بۆ دروستبوو بۆچی وایانکرد، خۆ کەس نەیدەتوانی بڵێ مەیکەن.

**رووداو: بەڵام ئەوە کە لە چوارچێوەی ئارەزوو دەرچووەو بووەتە بنەمایەک، خۆت حەزدەکەی ئەو بنەمایە لەناو یەکگرتوودا بچەسپێ و یەکگرتوودەستپێشخەربێت؟**

**حەمەڕەشید:** من حەزم دەکرد یەکگرتوو لەوەدا دەست پێشخەربێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین ئێمە لەرۆژهەڵاتدا دەژین و سروشتی خەڵکی رۆژهەڵات سروشتێکی تایبەتە، تەنانەت لەناو سیاسەتیشدا، ئێمە ئەگەر هەنگاوێکیش بنێین هەنگاوێکی لەسەرخۆو پلەبەپلە دەنێین و رەنگە ئەوەی ئێمە سەلامەتترو باشتر بێت.

**رووداو: بەڵام ئەوە ئەو هەستە دروستناکات کە یەکگرتووش وەک حیزبە ئەمیندار نەگۆڕەکانە؟**

**حەمەڕەشید:**نا، ئینشاڵڵا ئومێدم هەیە و، لە کۆنگرەی داهاتوودا یەکتر دەبینینەوە.

**رووداو: دەگوترێ لەو 11 کەسەی خۆی نەپاڵاوتەوە دووانیان رێی خۆپاڵاوتنەوەیان پێنەدرا، ئەوە راستە؟**

**حەمەرەشید:**نەخێر وەک ئامانەتێکی رۆژنامەوانی پێتاندەڵێم ئەو قسەیە راست نییە، کەس نەبوو رێگەی لێبگیرێت و کەسیش نەبوو زۆری لێبکرێت، ئەو 11کەسە بەویستی خۆیان خۆیان هەڵنەبژارد.

**رووداو: ئەوانەی خۆیان نەپاڵاوت،چ پۆستێکتان پێدرا؟**

**حەمەڕەشید:**ئەوەی لەسەرکردایەتی بووەو خۆی هەڵنەبژاردەوە دەبێتە ئەندامی شوراو ئەو شورایەش بەشداری هەموو لیژنەیەک دەکات کە سەرکردایەتی یان مەکتەبی سیاسی دایدەنێن یان شتێک کەپێویست بێت.

**رووداو: ژنەکان لە سەرکردایەتی لە پێنجەوە بوونە سێ، سەبرییە خانە دەڵێ ژنانی یەکگرتوو نەگەیشتونەتە ئەو ئاستە کەبتوانن پۆستی سەرکردایەتی و باڵا وەربگرن، ئەوە راستە؟**

**حەمەڕەشید:** من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم، دەبوایە خۆیان بەرگریان لە خۆیان بکردایەو پێویستیان بەرگری لێکردنی پیاو نەبووایە. ژمارەیان ئەوەندە دەبوو لەکۆنگرە، بۆ نەیانکرد ئێمەش ئەو پرسیارە دەکەین.

**رووداو: مامۆستا سەلاحەدین وتی ئێستا دەسەڵاتی خۆی ئیشراف و تەشریفە، ئەو دەسەڵاتانە چین کە لەو کۆنگرەیەدا لێی وەرگیراونەتەوە؟**

**حەمەڕەشید:**تۆ حیزبی رۆژهەڵات دەناسی کە دەسەڵاتی یەکەم واتە هەموو شتێک، بەڵام ئێستا لای ئێمە وانییە، مەکتەبی سیاسی ئیشی خۆی دەکات و سکرتێری تایبەتی خۆی هەیە و بڕیار ئەو دەریدەکات و ئەمیندار تەدەخول ناکات.ئەنجوومەنی سەرکردایەتیش بەهەمان شێوە، ئەنجوومەنی شواراش بەهەمان شێوە بەدواداچون و چاودێری خۆی دەکات و پێشنیاری خۆی دەداتە هەردوو ئەنجومەنەکەی دیکە . ئەو وتەیەی مامۆستا ئەوە دەگەیێنێت.

**رووداو: ئەگەرنا وەکوتر هیچ دەسەڵاتێک نییە پێشتر هەیبووبێ و ئێستا لێی وەرگیرابێتەوە؟**

**حەمەڕەشید:**نەخێر، بەڵام دەسەڵات لای ئێمە زیاتر جەماعییە. مامۆستا زۆربەی جارەکان ناچێتە کۆبوونەوەکان بۆئەوەی نەگوترێ قسەی ئەو دەیخوات.

**رووداو: بەلام باسی ئەوە دەکرێت، عەبدولرەحمان سدیق کە ماوەیەک بوو لەگەڵ هەندێ کادیری دیکە باسی گۆڕانکاری کردن لە ناو پرۆگرامی یەکگرتوویان دەکرد، لە کۆنفرانسدا عەبدولرەحمان سدیق لە مەکتەبی سیاسی هێنرایە خوارەوە بۆ سەرکردایەتی و ئێستاش لە سەرکردایەتیشدا نەما، دەگوترێ جۆرە سەکوتکردنێک بۆ گۆڕانخوازی لەناو یەکگرتوودا هەیە؟**

**حەمەڕەشید:**من ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەیە بووم، ئەو لاچوونەی بەویستی خۆی بوو، چونکە ئەو کەسێکە زۆر حەزی لە بواری فیکر و فەلسەفەیە .بۆ ناوەکەش، باوەڕت هەبێت سێ کۆنگرە لەسەر یەک ئەوە پێشکێشکراوە کەئەم پاشگرە ئیسلامییە لەناوی یەکگرتوو بکرێتەوە یان ناوەکە بگۆڕدرێت، ئێستاش هەر پێشکەشدەکرێت و جارێکی دیکەش پێشکێش دەکرێت، بەڵام ئەو پاشگری ئیسلامییە بەدەنگ دانراوەو بەدەنگیش لادەبرێت و هیچ کێشەیەک لەوەدانییە، لای ئێمە ئەوەندە گرنگ نییە ئەو پاشگرە لابچێت یان لانەچێت، بەڵام حەزدەکەین کاتێک لابچێت کە ئەندامانی کۆنگرە لاییبەن.

**رووداو: تۆ یەکێکیت لەوانەی لایەنگری مانەوەی پاشگری ئیسلامیت، بۆچی؟**

**حەمەڕەشید:** من ناڵێم لایەنگری مانەوەم، من ئیشم بەلایەنگری مانەوەی ئەم وشە نییە، بمێنێ یان نەمێنێ. من لایەنگری ئەوەم ئەم رەوتە مەرجەعییەتی ئیسلامی بێت، ئیتر هەرچییەکی ناودەنێی، زۆریشمان ئەم بۆچونەمان هەیە. بەلام خەڵک حەز دەکات ئەو ناوەی پێوە بێت، لەسەرەتا کەهاتین واناسراین وەک بڵێیت حەزناکەین ئەو ناسینە لەدەست بچێت.

**رووداو: بەڵام ئەو ئاراستەیە حەزی لە ریش بەردانەوە نییە و زۆر رێگری ئەوەش نییە کە وەک داد و گەشەپێدانی تورکیا ئەندامی نا موحەجەبە وەک ئیسلامی دەڵێن سفوریشی هەبێ، ئەوە چۆنە؟**

**حەمەڕەشید:** مەسەلەی ریش سونەتە، سونەتیش ئیختیاری تێدایە حەز دەکەی بیکە حەزدەکەی مەیکە هیچ سزایەکی لەسەر نییە. بەڵام دڵنیابە نەگەیشتووەتە ئەو رادەیەی بڵێت سفورێک وەردەگرم.

**رووداو: لەداهاتووشدا ناگاتە ئەوە؟**

**حەمەڕەشید:** پێم وانییە مەسەلەکە ئەوەبێت، کاتێک قورئان ئەمرت پێدەکات بە خۆداپۆشین، حیجاب تەعەبودە تۆبێی ئەمە لابەی، بۆ ئەوە دەبێت پەیڕەوو پرۆگرام بگۆڕێت و ئەو مەرجەعییەتەش لابرێ.

**رووداو: ئەوەی ئەندامی پەرلەمانە یان وەزیرە، نیوەی مووچەکەی بداتە حیزب هیچ موناقەشەیەکی لەسەرکرا لە کۆنگرە؟**

**حەمەڕەشید:** نەخێر، ئەوە رێژەیەکی تایبەتە خۆمان دامانناوە بە ئارەزووی خۆمانە کە 30% یە و ئەو رێژەیە دەدەینە حیزب، کەمە و پێمان خۆشە زیاتر بێت.

# پارتی چارەسەری سەرۆکەکەی دەگۆڕێ و دوو ژنەکانیش دەردەکات

**عەبدولڕەحمان عەلی**
**رووداو -کەرکوک**

دیار غەریب سەرۆکی نوێی پارتی چارەسەری ئەوە رەتدەکاتەوە، بەپاڵپشتی PKK کودەتای بەسەر فایەق گوڵپی -دا کردبێ و گوتی دوای خولی دووەمی سەرۆکایەتی دەبێ پرۆژەیەک پێشکێش بکات تاوەکو بمێنێتەوە، بەڵام د.فایەق ئەو پرۆژەیەی پێشکێش نەکرد.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون بەشێک لەئەندامانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان PCDK لەهەڵبژاردنی دیار غەریب بۆ سەرۆکایەتی ئەو پارتە نارازین، دیار غەریب لەوبارەوە گوتی " لەوانەیە جیاوازی بیروڕا لەسەر شێوازی کار و خەبات هەبوبێت، بەڵام کەس دژی هەڵبژاردنی من نەبوو، هەڤاڵ دکتۆر فایەق و هەڤاڵانی کۆنی پارتی چارەسەری پێشنیازیان کردم و منیش قسەی ئەوانم رەتنەکردەوە".

دیار غەریب، خەڵکی گوندی سێوسێنانی قەرەداخە و لەدایکبووی ساڵی1973 یە و وەک خۆی دەڵێ تا تەمەنی4 ساڵی لە سێوسێنان بووەو و پاشان چوونەتە قەرەداخ و دواتر ساڵی1980 بەیەکجاری لەسلێمانی نیشتەجێ بوون.خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە سلێمانی و بەشی فیزیای کۆلیجی زانستی لە زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر تەواوکردووە.

سەرەڕای هەموو کێشەکانی باشووری کوردستان و دووپاتکردنەوەی بەردەوامی ئەو پارتە لەسەر سەربەخۆیی خۆی و دانانی باشوور بە گۆڕەپانی خەباتەکەی، کەچی بڕیاری یەکەم لە17 بڕیارەکەی کۆنگرەی چوارەمی پارتی چارەسەری ئەوەیە"لەپێناو پاراستن و خاوەندارێتی لەژیان و تەندروستی رێبەر ئاپۆ و ئازادکردنیدا هەموو هەوڵ و چالاکییەکان لەچوارچێوەی هەڵمەتی" ئیدی بەسە" دا چڕتر بکرێنەوەو فراوانترو کاریگەرتر بکرێن. هەروەها کۆمیتەی پاراستنی تەندروستی رێبەر ئاپۆ لەباشووری کوردستان فراوانتر و چالاکتر بکرێت و بگەیێندرێتە هەموو شوێنێک".

سەرۆکی نوێی پارتی چارەسەری لەوبارەیەوە دەڵێ" بەڕێز ئۆجەلان لەسەر پرسێکی تاکەکەسی نەکەوتووەتە زیندان، ئەو نوێنەرایەتی ئیرادەی کورد دەکات، بۆیە ئەگەر ئەو رەوشە بۆ هەرکام لە بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانیش پێش بهاتبایە ئێمە وەک کوردێک پشتگیریمان لێدەکردن، چونکە ئەوانە خەباتکارن".

کۆنگرەی یەکەمی پارتی چارەسەری لە2002/3/5 لەگوندی سوورەدێی بناری قەندیل بەسترا و تێیدا وشیار حوسێن وەک یەکەمین سەرۆکی ئەو پارتە هەڵبژێردرا. لەساڵی2004 کۆنگرەی دووەمی خۆی لە بەغدا بەست و دکتۆر فایەق محەممەد گوڵپی وەک سەرۆکی نوێی ئەو پارتە هەڵبژارد. کۆنگرەی سێیەمیش لە2006 لەشاری کەرکوک ئەنجامدراو دیسان فایەق گوڵپی بەسەرۆک هەڵبژاردەوە ودوا کۆنگرەش لەرۆژانی 1تا3ی مانگی ئایاری 2008 لە کەرکووک بوو.

بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەو پارتە هەرکەسێک لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردێت دەتوانێ دوو جار سەرۆکایەتی بکات، بەڵام سەرۆکایەتی بۆ جاری سێیەم مەرجدارەو مەرجەکەی ئەوەیە کە پرۆژەیەک پێشکێشی کۆنگرە بکات.

پارتی چارەسەری بەردەوام دووپاتیدەکاتەوە کە راستە لەسەر رێبازی ئۆجەلانن، بەڵام PKK نین. د. گوڵپی لەوبارەیەوە دەڵێ" وەک ئایدۆلۆژیا و ستراتیژ لەگەڵ تەڤگەری PKK داین، بەڵام وەک رێکخستن سەربەخۆین. ئێمە هەندێک هەڤاڵمان هەیە ماوەیەکی زۆر لە ریزەکانی PKKدا بوون و هەڵگری کولتوور و تەنانەت دەستەواژەکانی PKKن و تا ئێستاش کاری پێدەکەن، پارتەکەمان رێکخستنێکی کوردستانییە و گۆڕەپانی تێکۆشانی باشووری کوردستانە، لەهەمانکاتدا کێشەی کورد وەک یەک کێشە دەبینێت و بەگوێرەی قۆناغەکە هێرش لەسەر کام بەشی کوردستان زیاتر بێت داکۆکی لێ دەکات".

هەندێک کەس پێیوایە پەیوەستبوونی ئەو پارتە لەباری ئایدۆلۆژی و ستراتیژییەوە بەPKK و ئۆجەلان وایکردووە کە ببێتە پاشکۆیPKK، بەڵام گوڵپی ئەوە رەتدەکاتەوەو دەڵێ" پەیوەندی ئێمەو PKK وای نەکردووە کە شتێکیان لێ قبووڵ بکەین کە دژی بەرژەوەندی کوردو باشووری کوردستان بێت". گوڵپی هەروەها دەڵێ کە لەگەڵ PKK پەیوەندییەکی هاوسەنگیان هەیەو زۆریش رقی لە پاشکۆ بوونە، بۆیە" خۆم بە پێشکۆی PKKدەزانم".

لە دوا کۆنگرەدا شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانKNK و نوێنەری چەندین حیزب و رێکخراوەی کوردی بەشداربوون. کۆنگرەکە بە بەشداری 140 ئەندامی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی شارەکان و30 ئەندامی گوێگر و چەندین کەسایەتی عەرەب و ئێزدی بەڕێوەچوو. لەکۆنگرەی چوارەمدا دیار غەریب ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی ئەو پارتە وەک سەرۆکی نوێی ئەو پارتە هەڵبژێردرا و گوڵپیش بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

کە بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پارتی چارەسەری ناوی مەکتەبی سیاسی گۆڕا بۆ ( دەستەی کارگێڕی) کە هەر شەش مانگ جارێک دەگۆڕدرێن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە کۆنگرەی پارتی چارەسەری دەست (رووداو)کەوتوون، دیار غەریب لەلایەن باڵی ئایدۆلۆژیی PKKکە دۆران کالکان ناسراو بە عەباس و مستەفا قەرەسووە پاڵپشتی کراوە بۆ بوونی بەسەرۆکی پارتی چارەسەری داندراوە، بۆیەش کۆنگرەکە رواڵەتی بووەو کەس مافی ئەوەی نەبووە نارەزایەتی خۆی دەرببڕێت. هەروەها لەکاتێکدا کە د. فایەق گوڵپی تازە لە ئەوروپا گەڕابوویەوە کۆنفرانس هەموو ئامادەکارییەکانی کۆنگرە بەدوایی هاتبوو وەک هەندێک لایەنیش گوتیان کۆنگرە ئەنجامدرا بوو.

سەرۆکی نوێی پارتی چارەسەری وێڕای بەناڕاست زانینی ئەو زانیارییانە گوتی" بەپێی پرەنسیپەکانی کۆنگرەی پارتی چارەسەری، هەر کەسێک بۆی هەیە دوو خول سەرۆکایەتی ئەو پارتە بکات و جاری سێیەم مەرجدارەو دەبێ پرۆژەی هەبێت و زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێتەوە، بەڵام دکتۆر فایەق خۆی نەپاڵاوتەوەو پرۆژەشی پێشکێش نەکرد".

دکتۆر فایەق گوڵپی، جەخت لەوەدەکات کە دیار غەریب پەیوەندیی زیاتری لەگەڵ عەباس و قەرەسوو هەیە وەک لەگەڵ موراد قەرەییلان. گوڵپی هەروەها گوتی من خۆم داوام کرد کە لەو کۆنگرەیەدا کەسێک جێگام بگرێتەوە.

دیار غەریب رەتیکردەوە کە لەنێوان ئەو و دکتۆر فایەقدا ناکۆکییەک هەبێت و گوتی "هەڤاڵ د.فایەق دەیتوانی خۆی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێرێتەوە، بەڵام ئەو ویستی بەرپرسیارێتی دەسەڵات لە موڵکی تاکەکەسی دەرباز بکات بۆیەش خۆی هەڵنەبژاردەوە". غەریب دەڵێ ئەگەر دکتۆر فایەق ئەوی هەڵنەبژاردبایە لەوانەبوو وەک پرسێکی ویژدانی نەیتوانیبایە ئەو بەرپرسیارییەتە قبووڵ بکات، بۆیەش لەسەر پێداگری د. فایەق بەرپرسیارییەتەکەی قبووڵ کردووە.

هەرلەوپەیوەندییەشداد.گوڵپی وێڕای ئەوەی ئاماژە بەوەدەدات کە دیار غەریب کوڕێکی گەنجە و پێشتر تەنیا لەناو PKKخەباتی کردووە دەڵێ" دیار لەناو پارتە سیاسییەکانی باشووردا نەبووە و پێشمەرگایەتی نەکردووە، بەڵام دیار غەریب لەدەستپێکی دروستبوونی PCDK کادرێکی رێکخستنی ئەو پارتە بووەو خۆیشی هەندێ توانای باشی هەیە. کاتێک من گوتم دەست لەکار دەکێشمەوە یەکێک لەوکەسانەی کە پێمباشبووە سەرۆکی پارتی بێ دیار بوو" گوڵپی هەروەها گوتی کە دیار لەبواری رێکخستندا کەسێکی بەهێزە وتواناکانی دواتر دەردەکەوێت".

یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی کۆنگرەی چوارەمی ئەو پارتە ئەوە بوو رێژەی یەک لەسەر چواری ئەندامانی مەجلیسی ئەو پارتە لەژن پێکدێت و هەروەها هەر پیاوێکی ئەندامی ئەو پارتە دوو ژن بێنێت یەکسەر دەردەکرێت.

# وەزارەتی پەروەردە 2 ملیۆن دۆلار بەفیڕۆ دەدات



ساڵح قادر
rodan@rudaw.net

**رووداو- هەولێر**

وەزارەتی پەروەردە دوو ملیۆن دۆلار لەپرۆژەیەک خەرجدەکات و ماوەی دوو ساڵ بەسەر تەواو بوونی پرۆژەکە تێپەڕیوە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە سوود لەپرۆژەکە وەربگیرێت، بەرپرسێکی پەروەردەش رایگەیاند بەشێک لەبەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان نازانن کار بەپرۆژەکە بکەن.

ئەو پرۆژەیە کە پێیدەگوترێت (Information & communicatinn technolog) لەلایەن کۆمپانیای B. plan دروستکراوە، کە کۆمپانیایەکی کوردییە و ئۆفیسی سەرەکی لەبەریتانیایە، پرۆژەکە لەتۆڕێکی ئینتەرنێت و دوو پرۆگرام پێکدێ، یەکێک لەپرۆگرامەکان تایبەتە بەمووچەو ئەوی دیکەشیان تایبەتە بەدۆسیەی مامۆستایان و کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە.

مامۆستا بورهان عەزیز ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری گشتیی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەروەردە، کە خاوەنی بیرۆکەی پرۆژەکەیە، سەبارەت بەبیرۆکەی پرۆژەکە گوتی "دوای پرۆسەی ئازادی عێراق کە پۆڵ بریمەر بڕیاریدا مووچەی فەرمانبەران بەدۆلار بدرێ، گرفتی زۆرمان بۆ دروستبوو، ژمارەیەکی زۆر لەکارمەندانی پەروەردە ناویان لەلیستی مووچەدا نەبوو، هەر بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە چۆن بتوانین سوود لەتەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن وەربگرین بۆ ئەوەی لەدەست ئەو هەموو نووسراوە و مەلەفاتانە رزگارمان بێت".

مامۆستا بورهان وەک خۆی ئاماژەی پێدا سەرەتا لەگەڵ هەردوو بەشی پرۆگرامسازی لەکۆلیژی ئەندازەو بەشی کۆمپیوتەر لەکۆلیژی پەروەردە قسەی کردووە "ئەوە بوو د.ئیبراهیم حەمەڕەش سەرۆکی ئەوکاتی بەشی پرۆگرامسازی بڕیاریدا کارەکەمان بۆ بکات".

بەپێی قسەی مامۆستا بورهان سەرەتا پرۆژەکە تەنیا بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر بووە و تەنیا نیو ملیۆن دۆلاری تێدەچوو "کە پرۆپۆزەڵم نووسی و دامە وەزارەت، پشتگوێخراو دواتر بەشی پلاندانان لەوەزارەت بڕیاریدا پرۆژەکە فراوانتر بکات و وەزارەت و پەروەردەی دهۆکیشیان خستە ناو پرۆژەکەوە، خەڵکی دیکە بوونە خاوەنی پرۆژەکە".

ئەگەرچی زیاتر لەدوو ساڵە پرۆژەکە تەواوبووە، بەڵام تا ئێستا کاری پێنەکراوە .لەکاتێکدا ئەگەر وەزارەت بەکاریبێنێ، لەو هەموو کاخەزەی لە نێو دۆسیەکان لەسەر یەک کەڵەکە بوون



**"ئەوە بەهەدەردانی پارەی ئەو میللەتەیە، کە پرۆژەیەک ئەنجامبدەیت و نەتوانی سوودی لێ وەربگری"** بەڕێوەبەری گشتیی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی



بەشێک لە سیستەمی ICT (فۆتۆ:رووداو)

د.ئیبراهیم حەمەڕەش، کە راوێژکاری کۆمپانیای B. plan بوو لەو پرۆژەیەدا، وردەکاری پرۆژەکەی بۆ (رووداو) باسکردو گوتی " پرۆژەکە لەئاستێکی بەرز دابوو، بەتۆڕێک هەر 13 بەڕێوەبەرایەتییەکەی پەروەردەی دهۆک و هەولێری لەگەڵ وەزارەت بەیەکەوە دەبەستەوە، لەهەر پەروەردەیەک 3 سێرڤەر هەبوو، کۆمپیوتەرەکانی بەیەکەوە بەسترابوون، هەروەها نێوان پەروەردەکانیش بەسەتەلایەتێک بەیەکەوە بەسترا بوون، هەموو پەروەردەکانیش بەتۆڕێکی ئینتەرنێت بەیەکەوە بەسترابوون لەگەڵ تەلەفۆنێکی نێودەوڵەتی، ئەوە وەکو ژێرخانی پرۆژەکە، سەرخانەکەشی لە دوو پرۆگرام پێکهاتبوو کە بەسیستمی ئۆراکڵ دانرابوو، ئەوانیش HR کەدۆسیە و مەلەفات و خۆیەتی و زانیاری لەسەر هەر تاکێک لەبواری پەروەردەدا ئیشدەکات دەگرێتەوە، بەرنامەی دووەم پێی دەگوترا پەیڕۆڵ کە تایبەت بوو بەژمێریاری و ڕێکخستنی مووچە".

رزگاردەکات و لەو رۆتینیاتە ئیدارییەی کە ئێستا هەیە رزگاری دەبوو. هەروەک مامۆستا بورهان گوتی "ئەو پرۆژەیە بەجۆرێک بوو، کە پەروەردەکان بەبێ ئەوەی سەردانی وەزارەت بکەن، دەیانتوانی کارەکانی خۆیان لەرێگەی ئەو تۆڕەی ئینتەرنێتەوە جێبەجێ بکەن، بەڕێوەبەر لەهەر شوێنێک بووایە دەیتوانی نووسراو واژۆ بکات یان پەراوێزی بۆ بنووسێت".

مامۆستا بورهان هۆکاری کار پێنەکردن بەو پرۆگرامە بۆ ناشارەزایی کارمەندانی پەروەردە گێڕایەوە و گوتی "هەندێک لەبەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەدە تا ئێستا نازانن کۆمپیوتەر بەکاربێنن و ئیمەیڵێک بنێرن، چۆن دەتوانن کار بەو پرۆگرامە بکەن". گوتیشی "بەراستی ئەوە بەهەدەردانی پارەی ئەو میللەتەیە، کە تۆ پرۆژەیەک ئەنجامبدەیت و نەتوانی سوودی لێ وەربگری".

هەروەها د.ئیبراهیم حەمەڕەش، هۆکاری کارپێنەکردنی پرۆژەکەی گەڕاندەوە بۆ سەرەتای کارەکە و گوتی"سەرەتا وەزارەت، کەسی دانەنا بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەکە و ئۆفیسێکی نەبوو بۆ ئەندازیارانی پرۆژەکە، پرۆژەکە تا کۆتایی یەک بۆکس فایلی هەبوو ئەویش تەنیا 3 کاخەزی تێدا بوو، ئەوان شارەزاییان لەکارەکە نەبوو، ئەندازیارەکانی پەروەردە شەرمیان دەکرد داوای هەموو شتێک لەکۆمپانیاکە بکەن، دواتریش بەر لەوەی کار بەسیتسمەکە بکەن، بەکۆمپانیاکەیان گوت خواحافیزت بێ".

زوهێرمحەممەد، کە ئێستا بەڕێوەبەری پرۆژەکەیە، رەتیکردەوە کە وەزارەت سوودی لەو پرۆگرامە وەرنەگرتبێ، لەهەمانکاتدا هۆکاری کارپێنەکردنیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە وەزارەت بەنیازە کار بەپرۆگرامێکی دیکە بکات "گوتی وەزارەت ئێستا بەنیازە کار بەسیستمی (ئیمێس بکات)، کە زۆر لەو پرۆگرامەی پێشووتر پێشکەوتووترە، هەموو بوارەکانی پەروەردە دەگرێتەوە".

# دوو قوتابخانەی 2 پۆلی 94 ملیۆن دیناریان تێدەچێ

## بەڕێوەبەرێک: قوتابخانەکەم 31 ملیۆنی لێخوراوە، ئەوەش شازی گەندەڵییە



تەیار عادل گۆران
ttayargoran@yahoo.com

**رووداو- بەردەڕەش**

لەسنووری پەروەردەی بەردەڕەش دوو قوتابخانەی دوو پۆلی بە 94 ملیۆن دینار دروستدەکرێن و بەڕێوەبەری یەکێک لەو دوو قوتابخانەیە رایگەیاند "بەو پارەیەی لەدروستکردنی قوتابخانەکەم خەرجکراوە، دەمتوانی دوو قوتابخانەی 6 پۆلی دروست بکەم".

یەکێک لەو قوتابخانانە کە لەگوندی نازمیەیە، لەساڵی 2007 دروستکراوە و تەنیا لەدوو پۆل و ژوورێکی مامۆستایان پێکدێ، بەبێ ئەوەی قوتابخانەکە دیواری حەوشە و پەرژینی بۆ دروستکرابێ، بەپێی قسەی مامۆستا کاکل مستەفای بەڕێوەبەر، قوتابخانەکەیان بڕی 47 ملیۆن و 271 هەزار دیناری بۆ تەرخانکراوە.

ئەو بەڕێوەبەرە گلەیی لەوە هەبوو قوتابخانەکە پارەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام کەموکوڕی زۆری تێدایە "قوتابخانەکە تەنیا لە دوو پۆل و ژوورێکی مامۆستایان پێکدێ، هیچ کەلوپەلێک و پێداویستییەکی بۆ دابین نەکراوە، تەنانەت یەک کاشیشی لێنەدراوە".

ئەو بەڕێوەبەرە گوتیشی " بەو 47 ملیۆن دینارە دەمتوانی دوو قوتابخانەی 6 پۆلی دروست بکەم، چونکەمن خۆم لەحیساباتی دروستکردنی خانوو شارەزام، بڕوا ناکەم ئەو قوتابخانەیە 16 ملیۆن دیناری تێچووبێت،کەواتە 31 ملیۆن دیناری لێ خوراوە". هەر بۆیە ئەو مامۆستایە دروستکردنی ئەو قوتابخانەیەی بەو بڕە پارەیە بە "شازی گەندەڵی" وەسفکرد.

لەگوندی ئاشقەڵاش، قوتابخانەیەکی هاوشێوەی قوتابخانەکەی گوندی نازمییە دروستکراوە و ئەویش بەهەمانشێوە بڕی 47 ملیۆن دینار زیاتری بۆ تەرخانکراوە.

مامۆستا زوبێر ئیبراهیم حەسەن، کەبەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوبراوە، قسەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانەی نازمییەی پشڕاستکردەوە کە قوتابخانەکە وێرای ئەوەی پارەیەکی زۆری لێ خەرجکراوە، کەموکوڕی زۆریشی تێدایە.

مامۆستا زوبێر ئەوەشی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد کە قوتابخانەکەی ئەوان تەنیا بلۆک و گەچ و چیمەنتۆی بۆ کڕاوەو کەلوپەلەکانی دیکەی لەلایەن ڕێکخراوێکی ئەمریکی بۆ دابینکراوە.

مامۆستا غازی رەمەزان، بەڕێوەبەری پەروەردەی بەردەرەش بێ ئاگایی خۆی لەو مەسەلەیە نیشاندا و گوتی "دروستکردنی ئەو دوو قوتابخانەیە لەلایەن ئێمە نەبووە، چونکە ئەو کاتەی ئەو دوو قوتابخانەیە دروستکراون، پەروەردەی بەردەرەش دانەمەزرابوو، پەروەدەی ئاکرێ کارەکەی ئەنجامداوە".

بەڕێوەبەری پەروەدەی بەردەرەش ئەوەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد کە لەگوندی گەویلانیش، کە دەکاتە گوندی شێخانی سورچی (دایک و خوشک) 67 ملیۆن دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی گوندەکە تەرخانکراوە.

سەبارەت بەزۆری و کەمی ئەو پارەیەی لەو 3 قوتابخانەیە خەرجکراوە، مامۆستا رەمەزان سەرسوڕمانی خۆی نیشاند و گوتی "لەکاتی کردنەوەی قوتابخانەکان بەڵێندەرەکەش ئامادە بوو، کاتێک پرسیاری بڕی پارەکەمان لێکرد گوتی هەر قوتابخانەیەک 47 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکرابوو، هەرچەندە لە رووی ئەندازەییەوە من شارەزایم نییە، بەڵام زۆربەی ئامادەبووان بەلایانەوە سەیر بوو کە 47 ملیۆن دینار لەسێ ژوور خەرجکرابێ".

هەروەها بەڕێوەبەری پەروەردەی بەردەرەش پێیوابوو ئەو دوو قوتابخانەیە لە ئاست ژمارەی قوتابیانی ئەو دوو گوندەدا نین و گوتی"لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، ژمارەی قوتابیانی ئەو دوو گوندە بەهۆی هاتنی ماڵە ئاوارەکانی موسڵ زۆر زیادیکردووە، بۆیە ئەو دوو قوتابخانەیە جێگەی قوتابیانی تێدا نابێتەوە".

مازن محەممەد سەعید قایمقامی قەزای بەردەڕەشیش بێ ئاگایی خۆی لەچۆنیەتی دروستکردنی ئەو دوو قوتابخانەیە نیشاندا و گوتی "ئەو دوو قوتابخانەیە پێش ئەوەی بەردەرەش بکرێتە قەزا دروستکراون، بۆیە ئێمە ئاگاداری ئەو کارە نین و ئەو کارەش پەیوەندی بەپەروەردەی ئاکرێوە هەیە".



قەتابخانە تازە دروستکراوەکە (فۆتۆ:رووداو)

# بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە مامۆستایان سارد دەکاتەوە



ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com

**رووداو – سلێمانی**

بەسەتان مامۆستا لەشاری سلێمانی نارەزایی خۆیان بەرامبەر ئەو بڕیارەی وەزارەتی پەروەردە دەربڕی کە بەهۆیەوە سەرجەم خوێندکاران دەتوانن بەشداری تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا بکەن.

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بڕیاریدا کە سەرجەم خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی و نۆیەم و شەشەمی ئامادەیی بەشداربن لەتاقیکردنەوە گشتییەکاندا بۆ ساڵی خوێندنی 2007 –2008، بەدەرچوونی بڕیارەکەش مامۆستایان لەپارێزگای سلێمانی نیگەرانی خۆیان نیشانداو داوادەکەن کە بڕیارەکە هەڵبوەشێندرێتەوە. بەپێی وتەی ئەو مامۆستا ناڕازییانە بڕیارەکە کاردەکاتە سەر هێنانە خوارەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران.

لەتیف فەتحوڵڵا، مامۆستا لەدواناوەندی دەباشان لەشاری سلێمانی وتی" کۆمەڵێک خوێندکار سوود لەو بڕیارە دەبینن، بەڵام وادەکات خوێندکارە سەرکەوتووەکان هەست بەبێزاری بکەن و تا رادەیەک سارد ببنەوە".

ئەو مامۆستایە پێیوایە ئەو بڕیارە وادەکات " هیچ جیاوازیەک لەنێوان خوێندکاری زیرەک و تەمبەڵ نەمێنێ".

هەروەها رەخنەی لەبڕیارێکی دیکەی پەروەردەش گرت کە پێشتر بڕیاریدا پلەی بەخشراو نەمێنێ " ئەوە وایکرد خوێندکاران ئەمساڵ هەوڵنەدەن نمرەی بەرز بێنن، چونکە هیچ هۆکارێک نەبوو بۆ ئەوەی هەوڵی زیاتر بدەن".

بڕیارەکە بەجۆرێک هەندێ مامۆستای نیگەران کردووە، کە بەنیازن لەچەند رۆژی داهاتوودا یاداشتێک بدەنە وەزارەتی پەروەردە و نیگەرانی خۆیان لە بڕیارەکە دەربڕن، چونکە پێیانوایە بەوشێوەیە ئەوان هیچ رۆڵێکیان لەداخڵبوونی قوتابیاندا نامێنێ.

تارا ئەحمەد، مامۆستای وانەی کوردییە لە یەکێک لەئامادەییەکانی شاری سلێمانی لەوبارەوە بۆ (رووداو)دواو گوتی "چۆن دەبێت کەسێکی بێ ئاست لەگەڵ خوێندکارێکی زیرەکدا وەک یەک بچنە تاقی کردنەوە". پێشیوایە ئەو بڕیارە مامۆستایان سارد دەکاتەوە لە وانە وتنەوە "چونکە ئەگەر خوێندکار بزانێ هەر داخڵ دەکرێت هیچ گوێ ناگرێت".

دەرچوونی بڕیارەکە، لەکاتێکدا زۆر خوێندکاری دڵخۆشکردووە لەهەمانکاتدا زۆری دیکەشی نیگەران کردووە لەوەی پێشبینی هاتنەخوارەوەی ئاستی زانستی وخوێندن دەکەن لەوەی ئێستا هەیە .

ئەرێز عەلی، خوێندکاری پۆلی سێیەمی ناوەندی، پێیوایە بڕیارەکە لەبەرژەوەندی خوێندکاران نییە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکاران داخڵی تاقیکردنەوەکان دەبن، بەڵام دەرناچن.

ئەرێزگوتی "ئەم بڕیارە زیان بەخوێندکار دەگەیێنێ و، دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی زانست و زانیاری چونکە خوێندکاری زیرەک لەگەڵ تەمەڵ جیاوازی ناکات، هیچ رەوا نییە خوێندکارێک هەوڵبدات و خۆی هیلاک بکات لەگەڵ کەسێکدا بچێتە تاقیکردنەوە کە هیچ ناخوێنێ".

شێخ حسێن شێخ مستەفا، بەڕێوبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی سەبارەت بەو بڕیارە لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) وتی"ئێمە تا ئێستا ئەو بڕیارەمان بەنووسراوی رەسمی پێمان نەگەیشتوە هەر قسەیە و هیچیتر".

هەروەها وتیشی"ئەم بڕیارە بۆ هەموو ساڵێک نییە و تەنیا بۆ ئەمساڵە، چونکە پێدەچێت پرۆگرامی پۆلی سێ بگۆڕدرێ، بۆیە ئەم بڕیارە چانسێکە بۆ ئەوانەی کە داخڵی تاقیکردنەوە نابن".



## لە تورکیا گریانیش بووە هۆی لێپرسینەوە

ڕووداو - ئامەد

◆ لەو چالاکییە هونەرییەدا کە شارەوانی سیخکێی باکووری کوردستان لە ئاداری ڕابردوودا سازیکردبوو، شیعرێک بەناوی "ئەز بچم" لەسەر ئەو دایکانەی کوڕەکانیان لەشەڕدا لەدەستداوە خوێندرایەوە کە هەندێ لەدایکانی هێنایە گریان، چەندرۆژێک پاش چالاکییەکە لەسەر ئەو گریانە، نزیکەی 20 ژن بەرەوڕووی لێپرسینەوە کرانەوە کە گوڵچین شەمشەک سەرۆکی شارەوانیی سیخکێ یەکێک بوو لەوانە.

# پەرلەمانتارانی باکوور گومان لە گفتوگۆ نهێنییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکەن

## سەرۆکی فراکسیۆنی DTP: ئێمە و ئەمریکییەکان بەردەوام لە گفتوگۆ داین



عەبدولڕەحمان عەلی
ebdulrahman@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

ئەحمەد تورک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند سەردانیان بۆ باشووری کوردستان بەمەبەستی ئاگاداربوون بووە لە گفتوگۆکانی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا، گوتیشی خەڵکی باکووری کوردستان دەیانەوێ ئەو گفتوگۆیانە ببنە مایەی پێشکەوتنی پەیوەندییە ئابووری و ئاشتییەکان لە نێوان تورکیا و کوردستان، بەڵام لەهەمانکاتدا نایانەوێ ئەو پەیوەندییانە لەسەر حسابی باکووری کوردستان بن.

سەرۆکی فراکسیۆنی کورد لەپەرلەمانی تورکیا لە وتووێژێکدا کە لەژمارەی 3ی (ڕووداو)دا بڵاوکرایەوە، گلەیی زۆری لەلێدوانی بەرپرسانی کورد لەباشووری کوردستان کرد کە دەڵێن پارتی دادوگەشەپێدان AKP باشە و، ئەویش بەبێ ئیرادەی دادەنێ بۆ چارەسەری پرسی کورد لەباکوور و بەشێوەیەک کە ئەحمەد تورک گوتی" باکەس لەبواری دیموکراسیدا مەدحی ئەردوغان نەکات، ئەردۆغان درۆزنە"، ئایا تورک ئەو قسانەی بە بەرپرسانی عێراق و کوردستان گوت لەو سەردانەیدا.

ئەحمەد تورک لەوبارەیەوە گوتی"بەبەڕێز تاڵەبانیم گوت ئێمە بۆ کورد و دەستەبەرکردنی مافەکانی لە باکووری کوردستان خەبات دەکەین و ئەو مافانەی کە ئێمە داوایان دەکەین ڕەواو مەعقولن، بەڵام کاتێک سەرۆکێکی کورد بێت بڵێ AKP باشەو پێویستە کوردی باکوور هاوکاری بکەن، ئەوە دروست نییە، ئەمڕۆ بەدەیان سکاڵای دەوڵەت لەدژی ئێمە کراونەتەوەو هەر ئەوانەی ئێوە مەدحیان دەکەن دەیانەوێت ئێمە لە پەرلەمان بکەنە دەرەوە، دەیانەوێت بمانخەنە زیندانەوە، بۆیە بەبەڕێز تاڵەبانیمان گوت هیچ سەرۆکێکی کورد مافی ئەوەی نییە بڵێتAKP باشە".

تورک سەبارەت بەوەی کە تاڵەبانی ئەو ڕەخنەیەی ئێوەی چۆن وڵامداوەتەوە گوتی لەگەڵ ئەوەیدا کە دەڵێ ناکرێت هەموو شتێک بۆ ڕاگەیاندن باس بکرێت، دەڵێ" تاڵەبانی گوتی ئێمەش هاوکارین و دەمانەوێت سەربکەون، ئێمە ڕیشەمان یەکە، ڕاستە ئێمە لەلێدوان و گفتوگۆکانماندا ئەو شتانە دەڵێین، بەڵام هەندێ شتی دیکە هەیە ڕاستەوخۆ ناتوانین بیانڵێین".

پەرلەمانتەری شاری مێردین هەروەها گوتی کە ئاراستەی ڕەخنەکانی ئێمە زیاتر لەنەبوونی دیالۆگ بوو لەناوخۆی کورداندا، "چونکە تا ئێمەی کورد لەناوخۆماندا دیالۆگێک دروست نەکەین ناتوانین لەگەڵ گەلانی دیکەدا وتووێژ بکەین".

شاندی DTP لە ڕۆژی 2008/5/7 بەسەرۆکایەتی ئەحمەد تورک سەرۆکی فراکسیۆنی DTP لەپەرلەمانی تورکیا و ئەندامێتی سەباحەت تونجەل نوێنەری ئەندامی پەرلەمانیDTPی ئیستەنبوڵ، حەسیب کاپڵان پەرلەمانتەری شاری شێرنەخ، کامەران یوکسەک جێگری هاوسەرۆکیDTP و نوری یەمان پەرلەمانتەری شاری موش گەیشتنە فرۆکەخانەی سلێمانی بۆ تاوتوێکردنی ئەو ترافیکە دیپلۆماسییەی لە نێوان حکوومەتی عێراق و تورکیا و هەروەها حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیادا دەستپێکردووە .شاندەکە لەگەڵ مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ کۆبووەوە،لە هەولێریش سەرۆکایەتی پەرلەمان و مەکتەبی سیاسی پارتیان بینی، بەبێ ئەنجامدانی هیچ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و حکومەت گەڕانەوە.

ئەحمەد تورک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان لایەنێک بانگهێشت نەکرابوون، "بەڵکو لەسەر داوای گەلی کورد لەباکوور سەردانی باشوورمان کرد".

تورک هەروەها گوتی"گەلی کورد لەباکوور پێیانخۆشە و داوادەکەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیادا پەیوەندییەکی باشی هەبێت، بەڵام دەبێ ئەو پەیوەندییە بەپێی پرەنسیپەکانی بێت و لەسەر حسابی زیان گەیاندن بە پرسی کورد لەباکووری کوردستان نەبێت". تورک پێیوایە ئەگەر ئەو پەیوەندییانە خزمەت ئاشتی و ئابووری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بکەن،ئەوا گەلی کوردی باکووریش پشتیوانی لەپەرەسەندنی ئەو پەیوەندییانە دەکات. تورک دەڵێ لەگەڵ ئەوەدا کە هەندێک شتمان بۆ ڕوون بووەتەوە "بەڵام ئێمە لەو گفتوگۆیانە بەگومانین کە بەنهێنی ئەنجامدەدرێن".

هەروەها گوتی "ئەوەشمان بە بەڕێز تاڵەبانی گوت، کە ئێمە دەمانەوێت بزانین دیالۆگی تورکان لەگەڵ برا کوردەکانمان چییە؟ ئەو مەراقەی گەلەکەشمان بوو ئێمەی ناچار کرد بێینە باشووری کوردستان و لە براکانمان بپرسین ناوەڕۆکی ئەو دیالۆگانە چ بووە".

لەسەر ئەوەی کە گەلۆ لەوسەردانەدا شتێکتان لە چییەتی پەیوەندییەکانی بەغداو هەولێر لەگەڵ ئەنکەرەدا بۆ ڕوون بووەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی کورد لە پەرلەمانی تورکیا لەگەڵ ئەوەدا کە ئاشکرای دەکات کە هەندێک شتیان بۆ ڕوونبووەتەوە، لەهەمانکاتدا دەڵێ" سیاسەت پرسێکی زۆر ئاڵۆزەو ناتوانین بە هەر قسەیەک بڵێین ئەوە ڕاستە یان هەڵەیە، بەڵام ئێمەش بەپێی بۆچوون و ڕوانگەی خۆمان ئەو شتانە لێکدەدەینەوەو گفتوگۆیان لەسەر دەکەین".

ئەحمەد تورک ئاماژە بەوە دەکات کە گەلی کورد لە باکووری کوردستان داوای چارەسەرێکی ئاشتیانە و سیاسیانەی کێشەی کورد لە چوارچێوەی سنوورەکانی تورکیادا دەکات " بۆئەوەش سروشتییە باشووری کوردستان لەڕەخساندنی زەمینەی ئەو وتووێژە لەنێوان تورکیا و کورددا ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبێت".

تورک لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات وەک چۆن ئەمڕۆ کورد لەباشووری کوردستان لەگەڵ کەمە نەتەوەو کەمە ئایینیەکاندا لەژێر سەیوانی کوردستاندا بەئاشتی و برایانە دەژین،DTPش ئەو برایەتی و یەکسانییەی لە تورکیا دەوێت . تورک ئاماژەی بەوەدا کە لەهەولێر لەگەڵ پەرلەمانتەرانی تورکمان و ئاشووری و عەرەب لە هەولێر پێکەوە دانیشتوون و نانیان خواردووە و"بەبێ هیچ ئاڵۆزییەک پرسەکانمان تاوتوێ دەکردن". تورک داوا لە حکومەتی ئەنکەرە دان بە واقعی یاسایی و دەستووری هەرێمی کوردستان دابنێ و داواکانی خەڵکی باکووری کوردستانیش قبوڵ بکات " چونکە داخوازییەکانی کوردی باکوور لەداخوازییەکانی گەلی کورد لەباشووری کوردستانیش کەمترن، دەبێ تورکیا لەکورد تێبگات ئەگەر نا دەیان نموونەی وەک کۆسۆڤۆ و کوردستان لەبەرچاون".

ئەحمەد تورک لەسەر ئەوەی کە ئایا لەو سەردانەدا هیچ پرۆژەیەکتان بۆ چارەسەری پرسی کورد خستووە بەردەست سەرۆک کۆماری عێراق گوتی " لەو سەردانەدا وردەکارییەکانی ئەو پرۆژەیەمان لەگەڵ تاڵەبانیدا باسکرد و بەبرا کوردەکانی خۆمانمان ڕاگەیاند کە ئێمە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد خەبات دەکەین و داوای ئۆتۆنۆمی دیموکراتی دەکەین". هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەمام جەلال تاڵەبانی ئاگاداری پرۆژەکانی ئەوانە بۆ چارەسەری دیموکراتیی پرسی کورد.هەروەها گوتی"ئێمە پرۆژەی خۆمان لەناوخۆی تورکیاش بە تەواوی پارتە سیاسییەکان و بەتایبەتیش گرووپی AKP ڕاگەیاندووە، بۆمان ڕوونکردوونەتەوە کە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی گەلی کورد نە نەتەنیا هیچ زیانێک بەیەکپارچەیی تورکیا ناگەیێنێت بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهێزی دەکات و دیموکراسی پێشدەخات".

تورک سەبارەت بەو هاتووچۆ دیپلۆماسیەی لەو ماوەیەی دواییدا لە نێوان تورکیاو عێراق هاتەکایەوەو و ڕۆڵی تاڵەبانی لەدروستکردنی دەرفەتی گفتوگۆی نێوان کورد و تورکدا،گوتی "مام جەلال وەک سەرۆک کۆماری عێراق دەتوانێت لەچارەسەرکردنی پرسی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەتیش لەباکووری کوردستان ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕێت، هەروەها وەک سەرکردەیەکی کوردیش دەتوانێت لەپێناو ئاشتی و خۆشکردنی زەمینەی گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی تورکدا خزمەتی کوردی باکووریش بکات و ئەوەش نەتەنیا داخوازیDTP یە بەڵکو داوای هەموو خەڵکی باکووریشە".

ئەمریکا و تورکیا و هەندێجار هەندێ سەرکردەی کوردی باشووریش داوای چەکدانانی PKK دەکەن، بەڵام DTP تا ئێستا ئەو داوایەی نەکردووە .ئەحمەد تورک لەوبارەوە دەڵێ " ئەگەر دەوڵەت پرسی کورد بەپرۆژەیەکی مەدەنی و دیموکراتی چارەسەر بکات و هەنگاو بەئاراستەیەدا هەڵبگرێت ئەوکات ئێمەش دەتوانین بەPKK بڵێین ئەوەی ئێوە دەیکەن ڕاست نییە، بەڵام کە دەوڵەت درێژە بەسیاسەتی سڕینەوەو نکۆڵیکردن لەپرسی کورد بدات ئێمە ناتوانین بەPKK بڵێین چەک دابنێ و هیچ کاریگەرییەکیشمان لەسەری نابێت". PKKساڵی ڕابردوو لەپرۆژەیەکی چارەسەریی حەوت خاڵیدا کە داوای ئۆتۆنۆمی بۆ باکووری کوردستان دەکات،دەڵێ ئەگەر تورکیا ئەو هەنگاوانە بهاوێژێت ئەوان ئامادەن چەک دابنێن.

سەرۆکی فراکسیۆنی کورد لەپەرلەمانی تورکیا وێڕای دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە "ئەردۆغان درۆزنە"، هەروەها گوتی "من بە ئەردوغان و عەبدوڵڵا گولم گوتووە ئەگەر بتانەوێت پرسی کورد چارەسەر بکەن دەبێ بڕواتان بەدیموکراسی و دەستبەرکردنی مافەکانی لەچوارچێوەی سنوورەکانی تورکیادا هەبێت، بەڵام ئەوان وەها بیرناکەنەوە".

ئەحمەد تورک دان بەوە دادەنێت کە AKP لەناوخۆی تورکیا لەبەرامبەر ئایدۆلۆژیا و ستاتۆی دەوڵەتدا سیاسەت دەکات، بەڵام بۆ هەنگاو هەڵێنان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دا "بە جەسارەت نییە و تێڕوانینی بۆ کێشەی کورد لە لایەنەکانی دیکەی تورکیا جیاواز نییە". تورک گوتی" پێشتر گەلی ئێمە دەیانگوت ئەگەر AKP ببێتە دەسەڵات هەنگاوێک بۆ پرسی کورد هەڵدەگرێت، خۆ ئێستاAKP دەسەڵاتدارە، کوا هیچ هەنگاوی هەڵگرت؟ ئەو کوردانەی دەنگیان بەAKP دابوو دەڵێن خۆزگە دەستمان شکابا دەنگما بەAKP نەدابا".

نوێنەری شاری مێردین لەپەرلەمان تورکیا وێڕای ئاماژە بەوەی کە بڕیاری PKK لەدەستی ئەواندا نییە پێیوایە کە ئەگەرPKK گەرەنتییەک بۆ دەستەبەرکردنی مافی کورد ببینێت چەک دادەنێت. تورک دەڵێ"

ئەحمەد تورک، گوتی هەندێ پێشکەوتن لەلای ئەورووپییەکان ڕەچاو دەکرێن، بۆئەوەش نمونەی ئەوەی هێنایەوە کە ئیمانوئیل بارۆسۆ سەرۆکی کۆمیسۆنی یەکێتی ئەورووپا لە دوا سەردانیدا بۆ تورکیا ماوەی 25 خولەکی بۆ دانیشتن لەگەڵ فراکسیۆنە پەرلەمانییەکان تەرخانکرد، بەڵام45 خولەک لەگەڵ فراکسیۆنی DTP دانیشت.

ئەحمەد تورک گوتی" بارۆسۆ گوتی ئەو قسانەی کە من لەپەرلەمان کردم بەراستی بۆ ئەوەن کە دەوڵەتی تورکیا مافە سیاسی و کولتووری و زمانییەکانی کورد دابین بکات، بارۆسۆ بەئاشکرا پێیگوتین ئەگەر تورکیا لەڕێگای دیموکراسییەوە پرسی کورد چارەسەر نەکات ناتوانێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا".

ئەحمەد تورک وێڕای دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە DTP خوازیارە لەگەڵ ئەمریکاشدا پەیوەندی هەبێت گوتی کە بەداخەوە نەمانتوانیوە بگەینە سەرۆکی ئەمریکا جورج بوش، بەڵام لەگەڵ نێردراو و کونسوڵ و ڕاوێژکارەکانی ئەواندا پەیوەندییەکی باشمان هەیە . ئەوان هەفتانەو مانگانە دێنە لامان و وتووێژ دەکەین.

لەسەر ناوەڕۆکی ئەو چاوپێکەوتنەکانیشیان لەگەڵ ئەمریکییەکان گوتی" ئەوان لێمان دەپرسن کورد چۆن بیردەکەنەوە چییان دەوێت؟ بەڵام باس لە ڕوانگەی خۆیان ناکەن. لەڕاستیدا ئەمریکاو ئەورووپا دەیانەوێت پرسی کورد چارەسەر ببێت، بەڵام پەیوەندی ئابووری و بازرگانیان لەگەڵ تورکیا بووەتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەدا تا بە ئاشکرا ئەو پرسە بێننە زمان و لەئەنجامدا ناچارن چاوپۆشی لەڕاستییەکانیش بکەن".



ئەحمەد تورک: بە بەڕێز تاڵەبانیم گوت گومانمان لە کۆبوونەوەکانتان لەگەڵ تورکیا هەیە

فۆتۆ: DÎHA

# تورکیا لە ئێرانەوە هێرش دەکاتە سەر قەندیل

**ڕووداو – سلێمانی**

بەرپرسانی سەربازیی پژاک و PKKڕایانگەیاند کە فڕۆکەکانی تورکیا ئاسمانی ئێرانیان بەکارهێناوە بۆ بۆردوومانکردنی بنکەو بارەگاکانیان لەناوچەکانی قەندیل و ئەو هێرشانەش پاش ڕێککەوتنی نێوان تورکیاو ئێران دێت بۆ لێدانی گەریلاکانی PKKو پژاک.

سەرەتای ئەم مانگە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ئاسمانی هەرێمی کوردستانیان بەزاند و بارەگاکانی پژاک و گوندەکانی ناوچەکەیان بۆردوومان کردن . لەئەنجامی ئەو هێرشەدا 4 گەریلای پژاک و 2 گەریلای PKKگیانیان لەدەستدا.

ئەحمەد دەنیز بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی PKKلە بناری قەندیلەوە بە پەیامنێری (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو هێرشە پاش ڕێککەوتنی سێ قۆڵیی نێوان ئێران و تورکیاو عێراق دێت بۆ لێدانی گەریلاکانی پ ک ک، گوتیشی"ڕێککەوتنەکە بە هاوکاری ئەمریکاو بە بەشداری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە".ئەو بەرپرسەی PKKگوتی "فڕۆکەکانی تورکیا ئاسمانی ئێرانیان بەکار هێنا بۆ ئەو بۆردوومانە".

دەنیز هەروەها ڕایگەیاند کە کۆتایی مانگی نیسانی ڕابردوو کۆبوونەوەیەک لەنێوان تورکیاو عێراق و ئێران بە بەشداری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بەستراوەو ئامانجی کۆبوونەوەکەش لێدانی PKKبووە .

هەر لەوبارەوە سەرحەد شاهۆ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) گوتی "ئێمە ئەو پرسیارە لە حکومەتی کوردستان و هێزە کوردییەکان دەکەین کە ئایا ڕۆڵ و پێگە و بەرژەوەندیی ئەوان لەم ڕێککەوتنەدا چییە، چونکە ئەم ئۆپەراسیۆنە پیلانێکی گەورەی دوژمنانی کوردە بەهاوکاری ئەمریکا"، هەروەها داواشی کرد کە بەرپرسانی کورد هەڵوێستی ڕاشکاوانەی خۆیان لەو مەسەلەیە پێشانبدەن.

هاوکات ئاراس کارۆخ بەرپرسی ناوەندی چاپەمەنی پژاک لەبارەی ئەو هێرشانەوە گوتی"ئەو هێرشە ئاسمانییەی کە لە 2008/5/1 کرایە سەر ئێمە ئێران و تورکیا و ئەمریکا تێیدا بەشداربوون، لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا و ئێران پەیوەندییان باش نییە، بەڵام تورکیا بووەتە پردی پەیوەندی ئەو ڕێککەوتنە بۆ دژایەتی کورد"، گوتیشی "ئەو چەکانەی بەکارهاتوون لەم هێرشانەدا چەکی ناتۆن و ئەورووپا و ئەمریکا پێیداون".

کارۆخ ئاماژەی بە پاشماوەی بۆمبایەک داو گوتی"ئەو پارچە بۆمبایەی لەبەرچاوتانە سریاڵ نەمبەرەکەی ئەمریکایە و ئارمی ئەمریکای پێوەیە، هەمان جۆری ئەو چەکانەیە کە لە ئەفغانستان بەکارهاتوون وبە تایبەت بۆ شەڕی چیایی دروستکراون".

کارۆخ ئەوەشی بە "دووفاقیی سیاسەتی ئەمریکا" ناوبرد کە لەلایەک بەجیهان دەڵێت ئێران مەترسییە لەسەر ئاسایشی ناوچەکەو لەهەمان کاتدا دژایەتی پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش دەکات.

گوتیشی "ئەو چەکانە چەکی قەدەخەکراون و ماددەی ژەهراوی و کیمیاییان تێدایە، لەچەند ڕۆژی داهاتوودا هەموو ئەوانە بەبەڵگە دەسەلمێنین".

بەڵام نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسگ)دا ڕایگەیاند کە بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراو کارێکی هێندە ئاسان نییە بەتایبەتی بۆ دەوڵەتێکی وەک تورکیا کە خوازیارە ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا،هەروەها ئەو قسانەشی بە "پروپاگەندەی ئیعلامی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو" لەقەڵەمداو گوتیشی "هیچ بەڵگەیەک نییە ڕاستی و دروستیی ئەو تۆمەتانە بسەلمێنێ".لەهەمانکاتیشدا فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی، لەو گفتوگۆیانەدا تورکیا داوای لێدانی بارەگاکانی PKKی کرد،بەڵام نێچیرڤان بارزانی جەختی لەسەر چارەسەری ئاشتیانە کردەوە.سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ کادیرانی پارتیدا دڵخۆشی خۆی بەرامبەر ئەو گۆڕانەی پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردستان کردەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا گوتی دەبێ هەموو لایەک ئەوە بزانن ئێمە نابینە لایەنێکی بەشداری شەڕ.

نێچیرڤان بارزانی هەر لەو هەڤپەیڤینەدا ئاماژەی بە گفتوگۆکانی ئەم دواییەی نێوان حکومەتی کوردستان و شاندی تورکی کرد کە لەبەغدا ئەنجامدران و ڕایگەیاند کە یەکێک لە بابەتەکانی ئەو گفتوگۆیە مەسەلەی چەکدارانی PKKبووە، بەڵام ئەوەی ڕەتکردەوە کە ڕێککەوتنی نهێنی لەنێوان هەردوولا ئەنجامدرابێت بۆ لێدانی PKK.

بەگوێرەی هەڤپەیڤینێک کە لەگەڵ فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئەنجامدراوە و دەقەکەی لە ڕۆژنامەی ئاسۆ بڵاوکراوەتەوە، حکومەتی کوردستان و لایەنی تورکی لەو دانیشتنەدا گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک بۆ نەهێشتنی بنکەو بارەگاکانی PKKلەناو خاکی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەسەسەرد لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە کە قسەی لەوجۆرەی کردبێت و گوتی "لەو دانیشتنەدا باسی ئەو مەسەلانە نەکراوە، چونکە دانیشتنێکی سەرەتایی بووەو زیاتر زەمینەخۆشکردن بووە بۆ وتووێژی دیکە، بۆیە هێشتا نەچووەتە سەر مەسەلەی جددی".

# دایکانی باکوور کوڕەکانیان نانێرنە سەربازی

**ڕووداو** – DÎHA

گرووپی دەستپێشخەری دایکانی ئاشتی بەبۆنەی5/11 ڕۆژی دایکان، ڕایگەیاند لەبەر ئەو ئازارانەی دایکان بەرەوڕوویان دەبنەوە، بەخەمگینی پێشوازی لەو ڕۆژە دەکەن.

دەستپێشخەری دایکانی ئاشتی ئامەد (دیاربەکر) بەو بۆنەیەوە، لە ناوەندەکەیان لێدوانێکی چاپەمەنی ڕاگەیاند. لەسەرناوی دەستپێخەری دایکانی ئاشتی نەدرەت دەمیر لێدوانەکەی خوێندەوەو سەرنجی ڕاکێشایە سەر واتای ڕۆژی دایکان. دەمیر لەسەر ئەو ڕەوشەی کە دایکان تێیدان دەژین، ئەو ئۆپەراسیۆنانەی لەناوچەکە و ئەو پێکدادانانەی کە لەئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنانەدا ڕوودەدەن خستە بەرچاوو گوتی"ئەمڕۆ لەگەلێک دەڤەری جیهان بەهۆی شەڕەوە دایکان تووشی ئێش و ئازار دەبن، دایکان بەرهەمە پیرۆزەکانی خۆیان واتە منداڵەکانیان لەدەست دەدەن، لەبەر ئەوەش دایکان ئەو ڕۆژە بە خەمگینی پیرۆز دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو ڕۆژە بۆ هەموو دایکانی جیهان ڕۆژی پیرۆزباییە، وەک هەندێک دەڤەری دیکە لەبەر شەڕو پێکدادانەکان ئێمە بەخەمگینی ئەو ڕۆژە پێشوازی دەکەین، و پیرۆزی ناکەین. لەبەر ئەوەی ئۆپەراسیۆن و شەڕ درێژەی هەیە و، ڕۆژانە جەنازە بەسەر ئێمەدا دێنەوە. هەر دایکە و دەڵێت ئایا دەبێ کەی جەنازەی منداڵەکەی منیش بێتەوە، لەبەر ئەوەش ئەوە بۆ ئێمە ڕۆژی خەمگینییە".

" تا ئۆپەراسیۆنەکان بەردەوام بکات کوڕەکانمان نانێرین بۆ عەسکەری"

نەدرەت دەمیر بڕیاری کۆمەڵەی دایکانی ئاشتی ئاشکرا کرد و گوتی کە ئەوان لەئێستا بەدواوە کوڕەکانی خۆیان نانێرنە سەربازی . دەمیر بانگی لەهەموو دایکان کرد و گوتی" تا ئۆپەراسیۆنەکان ڕانەوەستێندرێن، تا جەنازە بەسەرماندا بێننەوە، ئێمە کوڕەکانمان نانێرینە عەسکەری، بانگەوازی ئێمە بۆ هەموو دایکانە، با لەو ڕۆژەدا پشتگیریمان بکەن. ئێمە دەمانەوێت دایکانی تورکیش دەستی خۆیان بدەنە دەستی ئێمە و پێکەوە بۆ وەستاندنی ئەو ئۆپەراسیۆنانە تێبکۆشین".



# تاراوگە



## کوردی یەک زمان نییە

ڕووداو-ئەمستەردام

◆ ئیبراهیم سەلمان،نووسەرێکی کوردی هۆڵەندینووسە، تا ئێستا چوار ڕۆمان و دوو کۆمەڵە شیعری بە هۆڵەندی بڵاوبوونەتەوە. فیلمێکیشی لەسەر کورد سازکردووە، لە نوێترین نووسینیدا داوا لە ڕووناکبیرانی کورد دەکات کە بوێر بن و دان بەوەدا بنێن کە کوردی یەک زمان نییە، بەڵکو کۆمەڵە زمانێکی هاوشێوەی یەکترە، ڕووداو سەبارەت بەو بۆچوونە دیدارێکی لەگەڵ سەلماندا سازداوە و لە ژمارەی داهاتووی خۆیدا بڵاویدەکاتەوە.

# کچی ئاوارەیی دەیەوێ کورد بە هۆڵەندا بناسێنێ

**ڕووداو – هۆڵەندا ، ئوترێخت**

کچە ڕۆژنامەنووسێکی کورد، بە نووسینی ڕەخنەیی بەزمانی هۆڵەندی دەیەوێت دۆزی گەلەکەی بەجیهانی دەرەوە بناسێنێت و دەڵێت "زۆرجار وڵاتانی ئەوروپا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، دۆزی کورد پشتگوێ دەخەن". هەروەها دەڵێ "میدیای هۆڵەندی کەم لەبارەی کوردەوە دەزانێ".

ئەو کچە ڕۆژنامەنووسە، کە ناوی ژیلەمۆ عەزیزە، ئێستا قوتابی کۆنترین خوێندنگای ڕۆژنامەنووسییە هۆڵەندایە .ژیلەمۆلەگۆشەکانیدا کە لەماڵپەڕی ئازادی دۆت ئێن ئێڵدا بەزمانێکی ڕەخنەیی دەیاننووسێت، ناساندنی دۆزی گەلەکەی بەکۆمەڵگەی هۆڵەندی کردووەتە ئامانج، جگە لەوەی هەندێجار ڕەخنە لەسیاسەتی کوردیش دەگرێ.

ژیلەمۆ وا هەستدەکات بۆ چەلەنگبوون لەدنیای ڕۆژنامەنووسیی هۆڵەندیدا، پێویستیی بەخوێندنی ئەکادیمی هەیە. بۆیە ڕوویکردووەتە ئەکادیمیای ڕۆژنامەوانیی زانکۆی ئوترێخت.

ژیلەمۆ دەڵێت "پێشتر دەمویست یاسا بخوێنم، بەڵام دواتر هەستمپێکرد کە زۆرتر حەزم لەڕۆژنامەنووسییە، ئاخر ڕۆژانە عومەر فارسی باوکمم دەدیت کە بەکوردستاننێتەوە خەریکە، هەروەها خۆشم بەردەوام حەزم لەوە بووە کە سەبارەت بەهەموو باسێک بتوانم سەربەخۆ بیرکردنەوەو تێگەیشتنم بپارێزم. بۆ نموونە ئەگەر مەیلیشم بە لای گرووپێکی سیاسیی دیاریکراودا بوو بێت، ئەوە وای لێنەکردووم کە گرووپی دیکە نەبینم و دەنگی دیکە نەبیستم. بێگومان سەربەخۆیی و بێلایەنیش مەرجی سەرەکین بۆ بوون بەڕۆژنامەنووسێکی چاک".

عومەر فارسی باوکی ژیلەمۆ، لە گۆشەیەکی مەتبەخی ماڵە بچووکەکەی لەشاری ئینشخێدەی هۆڵەندا، کۆنترین ماڵپەڕی کوردی بەڕێوە دەبات، ئەویش ماڵپەڕی (کوردستان نێت)ە. ئەو ماڵپەڕە کە لە 1999/8/13 لەلایەن عومەر فارسەوە دامەزراوە، سەرەتا بەناوی ژیلەمۆوە بوو (ڕووپەڕی ژیلەمۆ).

ژیلەمۆ خوشک و برایەکی لە خۆی بچووکتری هەیە، خێزانی ژیلەمۆ ژیانێکی دەوڵەمەندییان نییە. باوکی ژیلەمۆ کاتی خۆی مامۆستایەکی خۆبەخش بووە لەناوچە ئازاد کراوەکانی باشووری کوردستان لەناو پێشمەرگە، دواتر لەگەڵ دایکی ژیلەمۆ بۆ خۆ گەیاندنە ئەوروپا ڕووی کردووەتە ئێران. ژیلەمۆ لە نێو زەحمەتییەکانی ئاوارەییدا لە 1986/12/28 لە تاران لەدایکبووە، دوای ئەوەی تەمەنی بووەتە 6 مانگ چوونەتە سوریا و لەوێشەوە بەکەشتی ڕوویانکردووەتە ئەوروپا.

ژیلەمۆ لەکاتی چوونیان بۆ ئەوروپا لەساڵی

> **بە زەحمەت دەتوانی میدیای هۆڵەندی قایل بکەی کە کورد تیرۆریست نییە**
> ژیلەمۆ عەزیز

1987 ماوەی 35 شەو و ڕۆژ لەبەر گەرما و سەرما و ناو شەپۆلەکانی دەریادابووە لەگەڵ دایک و باوکی، بەهۆی ئەوەی سوریا ڕێی نەداوە نە لەقوبرس نە لەیۆنان دابەزن، تاوەکو دواتر لە یۆنان دابەزیون،لە 1988/11/29 ڕوویانکردە هۆڵەندا و لەوکاتەوە لەگەڵ خێزانەکەی لەو وڵاتە دەژی. ژیلەمۆ بەپێی ئەو ڕیزبەندە ئەو چوار زمانە دەزانێ:هۆڵەندی، ئینگلیزی، کوردی، ئەڵمانی.

ئەو ئەکادیمیایەی ژیلەمۆ لێی دەخوێنێت، کۆنترین خوێندنگەی ڕۆژنامەنووسییە لەهۆڵەندا، لەبەر ئەوەش مەرجەکانی وەرگرتنی زۆر لەسەرەوەن، بەڵام ژیلەمۆ لەتاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندنەکان دەردەچێ و دەبێتە یەکێک لەو قوتابییە کەمە بەرەگەز ناهۆڵەندییانەی کە لەناوەندێکی وادا کورسیی خوێندن وەردەگرێت.

ئەو هەر بە زمانێکی ڕەخنەیی لەبارەی هەڵوێستی میدیای هۆڵەندا بەرامبەر کوردستان بۆ (ڕووداو) دەڵێت "بەداخەوە میدیای ئێرە ئاگادارییەکی زۆری سەبارەت بەکورد و کوردستان نییە، بەزەحمەت دەتوانیت قایلیان بکەیت کە کورد تیرۆریست نین و داوای مافە ڕەواکانی خۆیان دەکەن، ئەوان تا ئێستاش کە باسی pkk دەکەن، وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریست دەیناسێنن".

بۆ نموونە ماوەیەک پێش ئێستا دەوڵەتی هۆڵەندی ڕایگەیاند کە دان بەجینۆسایدی کورددا نانێت، ئەگەر پێشتر کوردەکانی ئێرە کاری زۆرتریان کردبووایە ڕەنگە حکومەتی ئێرەش ڕایەکی دیکەی هەبووایە".

وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا، لەوەڵامی داواکاری دوو ئەندام پەرلەمانی هۆڵەندادا گوتی هۆڵەندا ئامادەنییە ئەو کوشتارانەی لە عێراق لەکورد کراون بە جینۆساید بناسێنێ، هەرچەندە گەورە بازرگانێکی هۆڵەندی بەناوی ڤانس ئانرات دابینکەرێکی سەرەکی چەکە کیمیاییەکانی سەدام بووە لە کاتی خۆیدا، لە دادگای هۆڵەنداش دا ئەوە سەلما. ژیلەمۆ پێیوایە ئەو هەڵوێستەی هۆڵەندا پەیوەندی تەنیا بە ناچالاکی کوردەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەبەرژەوەندی وڵاتەکەوە هەیە "زۆر جار هۆڵەندیش هەندێ شت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان پشتگوێ دەخەن، بۆ نموونە ئەوان دەترسان لەوەی کە بەدانانان بەئەنفال و هەڵەبجەدا وەک جینۆساید،



ژیلەمۆ عەزیز (فۆتۆ:ڕووداو)

تووشی کێشە بن لەگەڵ تورکیادا، دروست وەک ئەو گەنگەشانەی سەبارەت بەجینۆسایدی ئەرمەنییەکان دەکرێن و تورکیا پێیان هەراسان دەبێت". ژیلەمۆ دەڵێت" کوردەکانی ئێرە هەندێک شتیان کردووە، بۆ نموونە ڕێکخراوی چاک ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە بۆ ناساندنی کورد، بەڵام هەرواش کەمتەرخەمی هەیە".

ژیلەمۆ دێتە سەر باسی ڕۆڵی گەنجانی کورد لە تاراوگەو دەڵێت " لێرە کۆمەڵێک گەنجی چەلەنگ هەن، هەریەکەیان بەشێوەیەک کار بۆ ناساندنی کورد دەکەن، زۆربەشیان قوتابین و بەنووسین و چەلەنگیی دیکە هەوڵدەدەن کار بۆ دۆزەکەیان بکەن".

بەر لەوەی کۆتایی بەگفتۆگۆکە بێنین، ژیلەمۆ گەورەترین حەزی خۆی بۆ (ڕووداو) درکاند و گوتی "لەژیانمدا جەژنی نەورۆزم لەکوردستان نەگێڕاوە، ئەوە یەکێکە لەو ئارەزووانەم کە حەز دەکەم وەدیبێت".

# دوو مۆمی سەرخۆبوونی کوردستان لە ئیسرائیل

**بەشیر سەبری بۆتانی**

**ئیسرائیل**

نووسین لەبارەی جوولەکەکانی کورد بە گشتی و سترانبێژ و هونەرمەندەکانیان بە تایبەتی لە ڕاگەیاندنە تورکی، فارسی، کوردی و عەرەبییەکاندا قەدەخەن، بۆیە هەمیشە هەوڵمداوە ئەو بێدەنگییە بشکێنم و ئەو دیوارە بڵندانەی لە نێوانەدا دروستکراون بڕوخێنم .مخابن وەزارەتی ڕۆشنبیری ئیسرائیلیش لە بەر فشاری تورکیا، پشتیوانیی سترانبێژ و هونەرمەندە جوولەکەکانی کورد ناکات،ئینجا ئەوان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش پەراوێزخراون. ئێدی من لەم بابەتەدا دەمەوێت باسی دوو مرۆڤ بکەم کە تاکو ئێستا کوردایەتی دەکەن و قەدەخەکاری ناناسن بۆ کوردایەتی.

فەریدە باک کە لە کوردستان بە فریشتە ڕووناکی ناسراوە، ساڵی 1941 لە سەقزی موکریان لە دایکبووە. ئەو کچی حەبیب و ڕەحمە ڕووناکییە و لە گەڵ بنەماڵەکەی ساڵی 1950 لە تارانەوە دەرکران بۆ ئیسرائیل. بەڵام تاکو ئێستا سروشت و خەڵکی سەقزی باش لە بیرە. وەک چەند شوێن و دوکانێک کە دەکەونە نزیک چەمی وڵی خان. بۆ نموونە حاجی حەمە ساڵح ئەسکەندەری، بازرگانێکی مەزن بوو و کوڕەکەی سەعید، پێڵاوچی عەزیز دادە گوڵێ، ساڵح پینەچی، سەوزەفرۆش سۆفی حەمە، هەروەها بازاری کانوە سەرای شێخ کە نزیکی چەمەکەیە. فەریدە دەربارەی ڕەوش و هەستی خۆی دەبێژێت "هەناسە تەنگی دەمگرێ و جەرگ و دڵم دەسووتێن ئەو کاتەی کە کوردستان، شارە خۆشەویستەکەی سەقزم وەبیردێنەوە،ئەو کاتەی نەتەوەی کوردم دێتەوە یاد. من هەست دەکەم نەخۆشم و دەردەکەم زۆر سەخت و دژوارە، بۆیە سترانی کوردی دەخوێنم چونکە بۆ من بووەتە دەرمانی ئەم دەردە". فەریدە کە هەمیشە باسی ئەوەدەکات باوک و دایکی زۆر لە ژیانی خۆیان لەسەقز ڕازیبوون و هەڵسوکەوتی کوردانی موسڵمان زۆرباش بووە، لەگەڵیان، لەئیسرائیلی دوور لە کوردستان درێژەی بە شەرحی حالی خۆیدا و گوتی"من ئێستا تەنیا نیازێکم هەیە کە کوردستان لە پێش مردنی خۆم ببینمەوە و ئەگەر بە ئامانجی خۆم نەگەم، هیوادارم سیدییەکەم تەواو ببێت و لەهەولێری پایەختەوە بگاتە هەموو ناوچە و دەڤەرەکانی کوردستانی خۆشەویست".



فەریدە باک

ڕۆنێن سورچی ساڵی 1964 لە گوندی ئێشبۆل (بیابانی نێگڤ)ی ئیسرائیل لە دایکبووە. بەڵام باوکی نیسان عومران ساڵی 1920 لە گوندی (هیزا)ناوچەی ئاکرێ لە دایکبووە. دایکیشی ڕەجینە ئیسحاق حەی، ساڵی 1930 لە کۆیە لە دایکبووە و ساڵی 1996 لە ئیسرائیل کۆچی دوایی کرد . پەروەردەی ڕۆنێن کوردییە و هەردەم موزیکی کوردی دەژەنێت و بە کوردی ستران دەخوێنێت .ناوبراو کوردستانی بە چاوی خۆی نەدیوە، بەڵام دایک و باوک و خزمەکانی بۆیان باسکردووە، بۆیە سروشت و خەڵکی ناوچەکانی ئاکرێ و کۆیە کەم دەناسێت و دەبێژێت "مخابن کوردستان هەر بە خەون دەبینم، لە تەمەنی 10ساڵیدا بلوێرم دەژەنی و لەوساوە تاوەکو ئێستاش من تاسەی کورد و کوردستان دەکەم" .ڕۆنێن کە خۆی بە کوردێکی سورچی دادەنێ،خەون بە دامەزرانی دەوڵەتی کوردستانیشەوە دەبینێ و دەڵێ" ئەوسا من هیوایەکم هەبوو کە کوردستان ببێتە کۆمارێکی سەربەخۆ تاکو مافمان هەبێت وڵاتەکەی خۆمان ببینین، ئێستاش هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هەرێمی کوردستان ئازادی و ئاشتی بۆن بکەم".



ڕۆنین سورچی

ئەو هونەرمەندە کوردە جولەکەیە، زۆر هەست بە خۆشی دەکات کە لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکانەوە خۆشی و شادی کورد و پێشکەوتنی کوردستان دەبینێ،بە کارەساتەکانیشی دڵتەنگ دەبێ .ئەوکاتانەش کە خەمی کورد دایدەگرێ" لاوک، پاهیزۆک و حەیرانۆک دەخوێنم یان باڵەبان و بلوێر دەژەنم" .ڕۆنێن لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "من ئێستا زۆر هیواو ئاواتم هەن،بەڵام پێش هەموو شتێک دەمەوێت کوردستانی خۆشەویست ببینم و لە وێوە بۆ نەتەوەی کوردی ئاشتیخواز موزیکی کوردی بژەنم و سترانان بڵێم".

فەریدە و ڕۆنین بڕوایەکی زۆر پتەویان بە ئاشتیخوازی کورد هەیە و پێیانوایە کورد ڕەگەزپەرست نییە و حەزی لە خوێن ڕێژی نییە .فەریدە دەڵێ " کورد ڕەگەزپەرست نییە و ڕێزی مرۆڤ دەگرن".

ڕۆنێنیش هیوادارە کە ڕاگەیاندنی کوردی ڕێگە بداتە جوولەکەکانی کورد کە ئەوانەیش وەک خەڵکانی دی هەستی خۆیان دەرببڕن.

# ژنەکا ئەورۆپی ژ حکومەتا تورکی دترسیت

**ڕووداو – ئەڵمانیا**

بەری دەمەکی خزمەکێ مە تەلەفۆنا من کر و گوتی؛ "ژنەکا ئەرۆپی یا هاتییە مالا مە و مە پێ خۆشە تۆ ژی بۆ نانخوارنێ و نیاسینا وێ ژنێ بهێیە دەف مە". ئەز ژی چوومە وێرێ و ب شەڤ ژی ل جەم وان مام. مێڤانا وان ژی ژنەکا ئەورۆپی بوو و ب زمانەکێ کوردی یێ پاقژ دئاخفت! .وێ ل سەر چاوانیا فێربوونا زمانێ کوردی ژ مە را گۆت "من مامۆستایەکێ کورد ژ خوە ڕە گرتییە و هەر ڕۆژ چەند دەمژمێران ب ڕێیا ئینتەرنێتێ وانەیان ددەتە من. هەروەسا من هەڤالێن کورد هەنە وەکی ڤێ مالا نۆکە ئەم لێ و ئەز بەردەوام سەرەدانا مالێن وان دکەم ژ بۆ ب هێزکرنا کوردیا خوە، دیسان چەند جارا ئەز چوویمە تورکیا و هەرێما کوردی و من چاڤپێکەفتن دگەل خەلکێ وێ دەڤەرێ کرییە".

ئەو ژنا ئەورۆپی کو ماوەیێ چەند هەیڤانە مژوولی ئامادەکرنا دکتۆرانامەیا خوەیە. ل دۆر بابەت و مژارێ نامەیا خوە وێ گۆت "نامەیا من ل سەر کولتور و ژیانا کوردێن تورکیایە و ئەڤە چەند هەیڤن ئەز یا پێڤە مژوولم و من قوناخەکا باش دەربازکرییە و تشتێن باش بدەست خستینە". دەربارەی ئەگەرێ هەڵبژاردنا کولتورێ کوردی بۆ مژارا نامە و لێکۆلینا خوە، دبێژیت " بەری چەند سالان د دەما خواندنا خوە یا زانکۆیێ دا، من چەند جاران سەردانا تورکیا کر، ل وێرێ ئەز ب گەلێ کورد ئاشنابووم و سەرەنجا من ڕاکێشا، ئەڤجا من بڕیاردا نامەیا خوە یا نو ل سەر وان چێکەم و ئەزا بڤێ چەندێژی یا دلخۆشم چونکە هەتا نها کارێ مە برێکوپێکی ب ڕێڤەدچیت". ئەو ژنا ئەورۆپی یا سی و چەند سالی، گەلەک ژ حکومەتا تورکیا دترسیت. لەوما ڕازی نەبوو ئەم ناسنامەیا وێ و وەلاتێ وێ د (ڕووداو) دا ئاشکرا بکەین. ل سەر ڤێ مەسەلەیێ وێ ژ مەڕا گۆت"هندەک کەسێن ئەورۆپی وەکی من لێکۆلین ل سەر کوردێن تورکی سازدکرن و هاتن و چوونا وێ وەڵاتی دکرن، جارەکێ ئەو بۆ ڕۆژنامەیەکا کوردی ئاخفتن، ئەڤجا حکومەتا تورکی ئەو ژ تورکیا دەرێخستن و نەهێلان لێکۆلینێن خوە تەمام بکەن، هەڵبەت ڤێ ڕەفتارا حکومەتا تورکیا ئەز ترساندیمە، لەوما ئەز ناهێلم وێنەیێ من د چ ڕۆژنامەیێن کوردیدا بەلاڤببیت و ئەز یا ئامادە ژی نینم بۆ کەسێ باخڤم، تا کو بکارم دماوەیێ دوو سالان دا بێ ئاریشە کارێ خوە ب داوی بینم ".

دەربارەی جوداهیا دناڤبەرا زمانێ کوردی و زمانێ ترکیدا وێ گۆت "هەڤالێن من یێن تورک دبێژن؛ زمانێ کوردی یێ بێ بنیاتە، ل بەرامبەردا هەڤالێن من یێن کورد ژی دبێژن؛ زمانێ تورکی یێ بێ بنیاتە. لێ براستی هەردوو زمانن و بنگەهێن وان ژی د قایمن". دیسان گۆت "ئەز سەرەدانا هەرێما کوردان ل تورکی دکەم ژ بۆ کو باشتر فێری زمانی ببم، لێ ژ بەر کو پرانیا کوردێن وێرێ ب ترکی دئاخڤن، ئەز ژی زوو فێری کوردی نەبوومە، ئەگینا بۆ من فێربوونا زمانێ کوردی ژ تورکی ب ساناهیتر بوو". ل داوییا ڤێ دانوستانێ، مە پێشنیارا سەرەدانا باشوورێ کوردستانێ پێشکێشی مێڤانا خوە کر ژ بۆ کو کارێ خوە ل وێرێ تەمام بکەت بێی کو ترسا تورکان ل سەر سەرێ وێ بیت. وێ دبەرسڤێدا گۆت "ئەز ب دروستی نزانم ڕەوشا وێ هەرێمێ یا چاوایە، ئەوا ئەز دزانم ئەو بەشەکە ژ عێراقێ و عێراق ژی یا درەوشا شەری دا دەربازدبیت، ژ بلی ڤێ ژی من ئەو ئیمکاناتە نینن ئەز بچم و بۆ چەند مەهان ل وێرێ بمینم". خاتوونا ئەورۆپی بەردەوامی دا ئاخفتنا خوە و گۆت"من پلانا خوە یا ڤێ سالێ ژ مێژە یا دانای و ئەز نەشێم بگوهرینم، لێ ژ بۆ سالا داهاتی ئەز دێ بیر ل هندێ کەم کو سەرەدانا باشوورێ بکەم". دیسان داخوازا خوە دووبارەکر کو ئەم وێنەیێ وێ بەلاڤنەکەین.

# سەرا کچەکا موسلمان گەنجەکێ ئێزدی خوە کوشت



**سلێمانێ ئالیخان**

silemani__alixani@yahoo.com

**ڕووداو– ئەڵمانیا**

پشتی نیڤرۆیا ڕۆژا سێشەمبی یا دەربازبوویی، سەقا و هەوایێ ئەڵمانیا خوەش ببوو و دایکا گەنجێ کورد یێ ب ناڤێ "ع" ئامادەییا براژتنا گۆشتی دکر ل ناڤ باخچێ مالێدا، وێ ژی د ژۆرا خوە ڤە وەریس ل گەردەنا خوە ئالاند و داوی ب ژیانا خوە ئانی.

ڕۆژا سێشەمبی 2008/5/6 گەنجێ کوردێ ئێزدی ل مالا خوە ل باژارێ ئۆڵدنبۆرگێ باکوورێ ڕۆژئاڤایێ ئەڵمانیا، داوی ب ژیانا خوە ئینا. ئەو گەنجێ کورد خەلکێ ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ یە و چەندین سالە دگەل مالباتا خوە ل ئەڵمانیا دژیت. بەری ماوەیەکی دگەل کچەکا کورد یا موسلمان کو خەلکا باکوورێ کوردستانێ یە ڕەڤیبوون و بۆ دەما هەیڤەکێ ب هەڤ ڕە مابوون، پاشی وی گەنجی ئەو کچە گەهاندە مالا بابێ وێ و ئەو ژی زڤریڤە مالا خوە! . بابێ کچکێ ژی مرۆڤەکێ هێمن و سەرخوەیە و کچا خوە یا شازدە سالی ل دەف خوە هێلایە و هیچ کاردانەوەو ڕیئاکسیۆنەکا نێگەتیڤ ژێ دەرنەکەتییە، بەرەڤاژی زۆربەیا بابێن کوردان کو دڤان ڕەوشاندا یەکسەر کچێن خوە دکوژن.

سەعدوللا بەرواری ئەندامێ لقا شەش یێ پارتی دیموکراتی کوردستان ل ئەورووپا، ناوبژیوانی دناڤبەرا ڤان هەردوو مالباتاندا دکر ژ بۆ گەهشتنا چارەسەریێ. وی ل سەر ڤێ مەسەلەیێ ژ بۆ (ڕووداو) وەها پەیڤی "بابێ کچکێ یێ قاییل بوو ب هەموو شێوەیان، تنێ دگوت بلا کورک بهێت کچا من بخوازیت وبیەت، بابێ کورکی ژی دگوت ئەگەر کورێ من وێ مارەکەت ئەز ڕێکێ لێ ناگرم، لێ دڤێت ئەو ل ڤێرە نەمینیت، ژ خوە ئەگەر مارە نەکەت ئەز یێ ئامادەمە حەقێ شەرمەزارییێ بدەمە بابێ کچکێ کا چەند دخوازیت و ب ڤی شێوەی هەردوو ئالی دئامادەبوون بۆ ڕێککەفتنێ، لێ ژ نشکاڤە کورکی خوە کوشت و ئەم نزانین ژ بەر چ؟".

وەکی دیارە مالباتا ڤی کوری د ڕازی نەبوون کو کورێ وان کچەکا موسلمان مارەبکەت و گڤاشتن ل سەر کورێ خوە کرینە، کور ب ژیێ خوە یێ بچووک بوو،20 سالی بوو و چ ڕێ نەدیتینە بۆ ڤێ کێشا خوە، لەوما ل داویێ بڕیارا خوە کوشتنێ دایە.

د ئاینێ ئێزدیاتیێ دا، چێنابیت کور و کچێن ئێزدیان ژ کەسێن نە ئێزدی ڕا بزەوجن، بەلکو دناڤ ئێزدیا ب خوە دا ژی، نابیت یەک ژ مالا میران شوو ب یەکێ مالا شێخان بکەت، یان شێخ دگەل مریدان.



### خورمال و سۆران و سلێمانی و کۆمەڵگەی تەناهی بنکەی بەکارهێنانی مادە بێ هۆشکەرەکانن لە کوردستان

# بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە بێ هۆشکەرەکان هۆشداری دەداتە حکومەت

**تایبەت بە ڕووداو**

بەهاتنی هێرۆیین بۆ باشووری کوردستان، مەترسی مادە بێ هۆشکەرەکان ڕووی لە زیادبوونە، بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە بێ هۆشکەرەکانیش هەست بە مەترسی دەکات و ڕەشبینە کە بتوانن بەو پشتگوێخراویەی ئێستا هەیە بتوانن ڕێ لەو مەترسییە بگرن کە ئەوان بە مەترسیدارتر لە تیرۆر دایدەنێن.

بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە بێ هۆشکەرەکان لە کوردستان، دوساڵ پێش ئێستا لە ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی مادەبێ هۆشکەرەکان دامەزراوە، واتە لە 2006/6/26. ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە ناو ئاسایشی گشتییە لە هەولێر، پێشتر هۆبە بووە، بەڵام لە سلێمانی هێشتا هۆبەیەکی ئاسایشی گشتییە لە سلێمانی و لە 2005/1/1 دامەزراوە، ئەو دوو دەزگایە وەک خۆیان باسیدەکەن هەماهەنگیان لەنێواندا هەیە، لەهەمانکاتیشدا هەردووکیان هاواری بایەخپەنەدانیان لەلایەن حکومەتەوە لێ هەستاوە هەرچەندە کاری ئەوان ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەترین هەڕەشەی سەر کۆمەڵگەیە.

فرسەت دۆلەمەری،لە سەرەتای کرانی ئەو هۆبەیە بەبەڕێوەبەرایەتی بووەتە بەڕێوەبەری، دەڵێ" مەترسیی مادە بێ هۆشکەرەکان لەتیرۆر زیارترە، چونکە مادە بێ هۆشکەرەکان شاراوەن".

فرسەت دۆلەمەری، دوایین چالاکی خۆیانی بۆ (ڕووداو) ئاشکراکرد کە دوای دوو مانگ چاودێریکردنی سەفقەیەکی گەورە و مەترسیدار، هەفتەی ڕابردوو 5 کیلۆ هێرۆیین کە بریتی بوو لە 10 کیسەی نیو کیلۆیی لەناو تەڕاشێکی نێوان هاوینەهەواری سەرسنگ و شاری دهۆک هێنایە دەرەوە، لەکاتێکدا کە قاچخچی و گەیێنەرەکان لە گفتوگۆی تەسلیمکردنیدابوون، بۆ ئەوەی دوا هەنگاوی گەیاندنی بەو بازرگانە تورکە ئەنجامبدرێ کە زیاتر لە دوو مانگە چاوەڕێی دەکرد.

فەرسەت دۆلەمەری دەڵێ "ئەوانە باندێک بوون لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک، دوو بازرگانە سەرەکییەکەشیان لە ئێران و تورکیان". بەپێی مەزندەکان نرخی پێنج کیلۆ هێرۆیین بە 70 هەزار دۆلار مەزەندە دەکرێ.

ئەو بەڕێوەبەرە بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە ئەو هێرۆیینە لەلایەن بازرگانێکی نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە ڕێگەی ڕانیەوە داخیلکرابوو بۆئەوەی بگاتە دەست بازرگانێکی تورکیا، بەڵام پێش ئەوەی لە باشووری کوردستان بچێتە دەرەوە گیراو کوردێکی هەولێر و یەکێکی دهۆک و یەکێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو کردەیەدا گیران و دراونەتە دادگا.

فەرسەت دۆلەمەری ئەوە بە پەرەسەندنێکی مەترسیدار دادەنێ، چونکە ئەوەی تائێستا هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان زیاتر حەشیش و تریاک بووە، ئەوە یەکەمجارە بڕێکی هێندە زۆر هێرۆیین کە زۆر لە دوو جۆرەکەی دیکە مەترسیداترە داخیل ببێ.

فەرەسەت دۆلەمەری دەڵێ" یەکەمجار لەساڵی ڕابردوو هێرۆیینمان دەستگیرکرد، کە 3 کیلۆ بوو، لە ناو بۆڕی سەماوەر دانرابوو، لە کۆنترۆلی فرۆکەخانەش دەربازبوو، ئینجا ئێمە پێمانزانی و نەمانهێشت دەرباز ببێ".

عێراق کە تا سەرەتای ساڵانی نەوەتەکان، بەپێی ئامارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان یەکێکبوو لە وڵاتە بێ مادە بێ هۆشکەرەکان، دوای ئەوە وردە وردە ئەو مادانەی تێکەوت، بەتایبەتیش لەباشووری کوردستان پاش گەڕانەوەی ئاوارەکان لە ئێران کە هەندێکیان لەوێ فێری بەکارهێنانی ببوون.دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام عێراق کەوتە بەر هاتنێکی فراوانی ئەو مادانە بەتایبەتیش باشووری عێراق بەهۆی هاوسنووریی لەگەڵ ئێران. بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی عێراق لە ساڵی 2003، هەندێ لە هەوڵەکانی هێنانی ئەو مادانە بۆ ناو عێراق پووچەڵکرانەوەو لە ئەنجامدا پۆلیسی عێراق دەستی بەسەر 2 تەن حەشیش و هێرۆیین داگرت. بەوشێوەیە جگە لە سنووری ئێران، عێراقیش بووە سەرچاوەیەکی لێوەهاتنی مادە بێ هۆشکەرەکان بۆ کوردستان، هەر بۆنمونە وەک ڕاگەیێندرا ساڵی ڕابردوو کوردێکی دهۆکی و عێراقییەک بە 13 کیلۆ حەشیشەوە لە سلێمانی دەستگیرکران، کە مادەکەیان لەباشووری عێراقەوە هێنابوو.هەروەها ئەمساڵ پۆلیسی عێراقی کێڵگەیەکی چاندنی خەشخاشی لە قەرەتەپەی سەر بە باقووبە دۆزیەوە، کە خاوەنەکەی پێشتر بازرگانی مادە بێ هۆشکەرەکان بووە لە ئێران.

فرسەت دۆلەمەری دەڵێ ڕاستە لەباشووری عێراقیشەوە هاتووە، بەڵام بەکەمی" بەڵام ئەگەر شوێنی دیکەش هەبن بۆ هاتنی مادە بێ هۆشکەرەکان بۆ کوردستان، ئەوا سەرچاوەکەیان هەر لە ئێرانەوە هەڵقوڵاون، چونکە ئێران سنوورێکی 1000 کیلۆمەتری لە گەڵ ئەفغانستان هەیە کە شوێنی سەرەکی چاندنی مادە بێ هۆشکەرەکانە و لە کوردستانی ئێرانیش کۆنترۆل نییە، لەوێ بەئاسانی هاتووچۆی پێدەکرێت و بەکاردێت، لەبەر ئەوە ئێمە لە ژێر مەترسییەکی زۆر فراواندایین".

فرسەت دۆلەمەری جگە لە مەترسیی جیهانیی بڵاوبوونەوەی مادە بێ هۆشکەرەکان، دڵنیایە کە وڵاتانی دەوروبەریش بە نەخشەداری دەیانەوێ مادە بێ هۆشکەرەکان لە هەرێمی کوردستان بڵاوبکەنەوە " دڵنیام هەوڵ و پیلانی وڵاتانی دەوروبەر هەبووە بۆ داخیلکردنی مادە بێ هۆشکەرەکان بۆ کوردستان".

بەڵام وادیارە سەرەڕای ئەو هەوڵانەش، وەک بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە بێ هۆشکەرەکان باسیدەکات "ژمارەی بەکارهێنەران لە کوردستان کەمبووەتەوە. لەبەر زۆرتربوونی کۆنترۆل، بەگشتی ژمارەی بەکارهێنەرانی مادە بێ هۆشکەرەکان لە هەرێمی کوردستان بە 700 تاوەکو 1000 بەکارهێنەر مەزەندە دەکرێن". ئەو بەکارهێنانەش بە کێشانە و زیاتر حەشیش و تریاکە و بەکارهێنەرەکانیش تەمەنیان لە نێوان 20 تا 40 ساڵدایە.تا ئێستا دەیان کەس لەکاتی بەکارهێنانیدا گیراون و دراونەتە دادگا، کە هەر لەو ماوەیەدا 15 کەس گیراون و لە دادگان.گوتیشی "لەبیانییەکانیش دەیان کەس لەسەر بەکارهێنانی مادە بێ هۆشکەرەکان گیراون و سنووردراش کراون".

سەبارەت بە شوێنە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی مادە بێ هۆشکەرەکان دەڵێ " بنکەی سەرەکی بەکارهێنەران خورماڵ، سلێمانی، تەناهی و دهۆک و سۆرانە".دەڵێ ئەوانەی لە ئێران ئاشنای بوونە و دواتر گەڕاونەتەوە ڕێژەی زۆرتری بەکارهێنەرەکان پێکدەهێنن . لە هەمانکاتدا دەڵێ " هەولێر کەمترین ژمارەی بەکارهێنەرانی مادە بێ هۆشکەرەکانی لێ یە". لەهەمانکاتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بەکارهێنان هەیە،بەڵام ئیدمان نییە لە کوردستان. ئەوەش بەوە دەسەلمێنێ کە دەڵێ دوای ئەوەی چەند بەکارهێنەریان گرتووە، لە زیندان لێی دوورکەوتوونەتەوە و توانیویانە یاری تۆپی پێش بکەن " لەکاتێکدا موعتاد و مودمین ناتوانێ بێ ئەو مادانە بژی".

لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەی بەکارهێنەران وەک دۆلەمەری گوتی لەکەمبوونەوەدایە" بازرگانیکردنی لە هەرێمی کوردستان زیاتر بووە، کە هەرێمی کوردستان زیاتر وەک ترانزێت و شوێنی گواستنەوە بەکاردەهێندرێ".

لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا پۆلیسی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دەوروبەر هیچ هەماهەنگییەکیان بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەو مادانە لەگەڵ کوردستان، فرسەت دۆلەمەری دەڵێ"دەکرێ لەمەو دوا هەماهەنگیمان هەبێ و ئێمەش بکەوینە ناو پۆلیسی نێودەوڵەتی ئینتەرپۆلەوە".

بەپێی زانیارییەکانی فەرەسەت دۆلەمەری لە دوای ڕاپەڕینەوە زیاتر لە 10 کەس بە هۆی بازرگانیکردن بە مادە بێ هۆشکەرەکانەوە گیراون و حوکمدراون و بەپێی مادەی 14ی یاسای سزادانی عێراقی بە زیندانی هەتایی و 10 و 20 ساڵ حوکمدراون کە ژمارەیەکیان هاووڵاتی ئێرانن "لە بازرگانە حوکمدراوەکان 3 یان ئێرانین".

فرسەت دۆلەمەری، ڕەخنەی ئەوە لە حکومەتی کوردستان دەگرێ کە تاوەکو ئێستا بە شێوەیەکی جیدی بایەخی بە دەزگاکەی ئەوان نەداوە، لە کاتێکدا مادە بێ هۆشکەرەکان دایکی هەموو تاوانەکانە و کۆمەڵگە لەبەر یەک هەڵدەوەشێننەوە، مەترسیش لەسەر هەرێمی کوردستان زۆرە چونکە دراوسێی ئێرانە کە جگە لەوەی سەرچاوەیەکی بڵاوبوونەوەی مادە بێ هۆشکەرەکانە، ساڵانە 200 تەن لە مادە بێ هۆشکەرەکان لە ئێران بەکاردەهێندرێن و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ئێران کۆنترۆل ناکرێ لەوبارەوە.

هەربۆیەشە ڕەشبینە لەوەی کە ئەوان بتوانن بەوشێوەی ئێستا بەکارهێنان و تەشەنەکردنی ئەو مادانە بنڕبکەن" ڕەشبینم بەرامبەر نەهێشتنی مادە بێ هۆشکەرەکان لە هەرێمی کوردستان، چونکە بەو بێ دەرامەتی و بێ تەجهیزییە ئەوە ناکرێ،پێویستە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە زیاتر چالاک بکرێ، چونکە ئەو کارەی تائێستا کردوومانە بە فکر بووە نەک بە دەزگا و ئامێر و تەکنیکی تەکنەلۆژی ".ئەو دەڵێ تا ئێستا هیچ کەسێکیان نەنێردراوەتە خولێکی مەشق، ئامێری پێشکەوتوویان نییە، تاقیگەی پشکنینی مادەکانیان نین، تەنانەت سەگی پۆلیسیشیان نییە.

فرسەت دۆلەمەری دەڵێ بۆ چارەسەری ئەوە پرۆژەیەکیان داوەتە سەرووی خۆیان، بەڵام تا ئێستا پشتگوێخراوە.هەروەک خۆی باسیکرد لەو پرۆژەیەدا جەختیان لەسەر ئەوەکردووە، کە یاسا هەمواربکرێ بۆئەوەی بازرگان و بەکارهێنەری مادە بێ هۆشکەرەکان لێک جیابکرێنەوە، بەشێوەیەک بازرگان سزا بدرێ و بەکارهێنەر چاکسازی بۆ بکرێ " بە ڕای من بەکارهێنەران بە چاکسازی چاکبکرێنەوە، چونکە بە دادگا و زیندان چارەسەر نابن.ئەگەر ئەوە پەیڕەوبکرێ لە دوو لاوە گرنگە بۆ ئێمە، لەلایەک ئەگەر کەسوکاری بەکارهێنەرەکە بزانێ حکومەت کوڕەکەی یان براکەی چاک دەکات و دووری دەخاتەوە لە بەکارهێنانیان ئەوکات خەبەر دەداتە حکومەت، بەڵام ئەگەر بزانێ زینداندەکرێ خەبەر نادات . ئەوکات کۆنترۆڵکردنەکە بۆ ئێمەش ئاسانتر دەبێ، ئەوکات کاری ئێمە زیاتر دەبێتە کۆنترۆڵکردنی بازرگانەکان، بەڵام ئێستا ئێمە کار لەسەر هەموویان دەکەین".

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە بێ هۆشکەرەکان، بانگی حکومەت دەکات ئێستا مادە بێ هۆشکەرەکان زۆر تەشەنەیان نەکردووە، حکومەت ڕێ لەبڵاوبوونەوەیان بگرێ ئەگەرنا دواتر بە خەرجکردنی ملیۆنان دۆلاریش ناتوانێ کۆمەڵگەی کوردستان لەو مەترسییە بپارێزێ "پێموایە مەترسیی مادە بێ هۆشکەرەکان لە تیرۆر زیاترە و خەتەرترە لەسەر کوردستان، چونکە تیرۆرێکی شاراوەیە. دەبێ زۆر بایەخ بەو مەسەلەیە بدرێ هێشتا تەشەنەی نەکردووە، دواتر کە بڵاوبووەوەو کۆمەڵگەی وێران کرد ئەوکات بەملیۆنان دۆلار خەرجدەکەین و هەر ناشتوانین لەناوی ببەین".

### هۆڵەندا، وڵاتی مادە بێهۆشکەرەکان

# زۆر دەوڵەت دەیانەوێت لاسایی هۆڵەندا بکەنەوە

**مێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو –هۆڵەندا**

هۆڵەندا تاکە وڵاتی دنیایە کە بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکانی ئازاد کردووە و یاسای بەکارهێنانی بۆ داناوە. ئەوەش وایکردووە کە هەندێک وڵات لۆمەی بکەن و هەندێکی دیکەش دەستخۆشیی لێبکەن.

ئەوانەی کە لۆمەی دەکەن، وایدەبینن کە هۆڵەندا زیانە مەزنەکانی بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان نابینێ و دەستخۆشیکارانیش پێیانوایە کە بەپێچەوانەوە، بەیاساییکردنی بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەر زۆر چاکترە لەوەی کە قەدەخە بکرێت. چونکە بەبڕوای وان قەدەخەکردن، هانی زۆرتر بەکارهێنانی ئەو ماددانە دەدات. ئەوەی جێی سەرنجیشە زۆر لەوڵاتانی ئەورووپی دەیانەوێت لاسایی هۆڵەندا بکەنەوە.

لەلایەکی دیکەوە، بەپێچەوانەی ڕیگریکردن، حکومەتی هۆڵەندی هاوکارییەکی زۆری بەکاربەرانی ئەو مادانە دەکات، هاوکارییەکەش خۆی لەجۆری ئەو چارەسەرییانە دەبینێتەوە بۆ بەکاربەران.

هارۆڵد فان دێن ئێڵسن، بەڕێوەبەری پێوەندییە گشتییەکانی کلینیکی مالیبان لەشاری ئوترێخت، بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە لەسەرتاسەری هۆڵەندادا لەڕێگای کلینیکە تایبەتییەکانەوە بەدوو شێوە هاوکاریی تووشبووان دەکرێ " زانیاری بەخشین و هاوکاریی تەلەفۆنی، هەروەها حەواندنەوە و چارەسەرکردن لەناو کلینیکدا". بەپێی قسەی هارۆڵد تەنیا لەکلینیکێکی وەکو شاری ئوترێختدا 478 کارمەند کاردەکەن و 318 کەسیش بەکۆنتراکتی کاتی دامەزراون.

فان دێن ئێڵسن دەڵێت "لە ساڵی ڕابردوودا 4361 نەخۆشمان چاککردووەتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش 119 015 28 ملیۆن یۆرۆمان خەرج کردووە کە 16 ملیۆنی لەلایەن دەوڵەتەوە دراوە و ئەوەی تریشی لەڕێگای سەرچاوەی دیکەوە کە هاوکاریی ماددی و زانستیمان بەیەکەوە هەیە دابینکراوە".

**مۆدێلی هۆڵەندی**

هۆڵەندا یاسای بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکانی لەسەر دوو بنەما داناوە، یەکەمیان: دەوڵەت پێیوایە کە "بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەر تەنیا زیان بەتەندروستیی بەکارهێنەر دەگەیێنێ، لەبەر ئەوەی هەر کەسێکیش ئازادە لەهەڵبژاردنی شێوەی ژیانی خۆی، ئەوا بەکارهێنەرکردەوەیەکی تاوانکارانە ناکات" .دووەمیش حکومەتی هۆڵەندا مادە بێهۆشکەرەکانی پۆلێنکردووە بۆ دوو جۆر: یەکێکیان ماددە قورسەکانن کە هێرۆیین و هەندێک جۆری حەب و تریاک دەگرێتەوەو قەدەخەن. دووەمیشیان ماددە سووکەکانن: کە حەشیشە و حەبی ڤالیۆم و هەندێک جۆری سووکی دیکە دەگرێتەوە قەدەخەن.

دەوڵەتی هۆڵەندی بەوە دەناسرێ کە چارەسەری پراگماتیستیی بۆ کێشەکانی ناو کۆمەڵگاکەی پێیە، هەر بۆیەش دەوڵەت دەڵێت مادام خەڵک ماددەی بێهۆشکەر هەر بەکاردێنن، ئەوا لە جیاتی ئەوەی بە تەواوەتی قەدەخەی بکەین، ئازادی دەکەین و لەژێر کۆنترۆلی خۆماندا دەیهێڵینەوە.

بێگومان ئەوەش بەو مانایە نییە کە هەرکەسێک، هەرچەندێکی ویست لەبەردەمی دابنرێت. دەوڵەت بۆ خۆی بڕیاری ئەوە دەدات کە لەکام شوێن و لەکام تەمەنەوە خەڵک دەتوانن ئەو ماددەیە بکڕن و بەکاربێنن. بازرگانیپێکردن و بەرهەمهێنانیشی سزای یاسایی گەورەی لەسەرە.

**چارەسەرییەکی گران**

فان دێن ئێڵسن دەڵێت "چارەسەرکردنی تووشبووان کارێکی ئاسان نییە. بەڵام ئەگەر مێتۆدی ڕاست بگیرێتە بەر سەختییەکە کەمتر دەبێتەوە".

سەبارەت بەو مێتۆدەی ئەوان بەکاریدێنن بۆ چارەسەر کردن، ئێڵسن دەڵێت "یەکەمین کار کە ئێمە دەیکەین سازکردنی پردی بڕوا و دۆستایەتییە لەگەڵ نەخۆشدا. ئێمە بەو نەخۆشەی پیشاندەدەین کە ئەگەر بمانەوێت هاوکاریی بکەین، بۆ ئەوە دەیکەین چونکە هاوڕێیەتیی کەسەکەمان دەوێت. دواتر هەوڵدەدەین کە نەخۆشەکە خۆی خواستی وازهێنانی لا دروست بێت و بییەوێت سەرلەنوێ ژیانێکی خاوێن دەستپێبکاتەوە. دوای ئەوە کلینیکەکەمان بەهاوکاریی نەخۆشەکە خۆی، خواستەکەی بەپرۆگرامێکی تایبەت بەدیدەهێنێت".

فان دێن ئێڵسن پێدەکەنێ و دەڵێت" گوتنی ئەم شتانە بە قسە ئاسانە، بەڵام بۆ ئێمە هەر قۆناخێکی کاری ورد و وزەی زۆری دەوێت. بۆیەش وەک دەبینیت کارمەندێکی زۆر لەلامان کار لەسەر سازکردنی پردی پەیوەندی و هاوکاریکردنی تووشبووەکان دەکەن".

**لاساییکردنەوە**

لە بەلجیکا چەند ساڵێکە هەوڵ بۆ دانانی یاسایەکی هاوشێوەی هۆڵەندا دەدرێت. بەلجیکی لەوە بەئاگان کە هۆڵەندا جگە لەوەی کۆنترۆڵێکی چاکی بەسەر ئەوانەوە هەیە کە ئەو ماددانە بەکاردێنن، ئەو مەسەلەیەی کردووە بەسەرچاوەیەکی باشیش بۆ ڕاکێشانی گەشتیارانی دنیا بۆ وڵاتەکەی. ئەگەر لەبەریتانییەک بپرسیت : دەزانیت هۆڵەندا لە کوێیە؟ پێت پێدەکەنێ و بەدەم دەستبردن بۆ دەمی دەڵێت: کێشان، ماددەی بێهۆشکەر! ئەی چۆن نازانم، سەد جار چوومە و کێشاومە!

سویسراش ماوەیەکی زۆر باس و خواسی پەرلەمانیان لەسەر ئەوەبوو کە ئایا چۆن دەکرێت بەشێوەیەک کە لەگەڵ هەلومەرجی سویسریدا بگونجێت، لاسایی نموونەی هۆڵەندی بکرێتەوە؟ بەڵام تا ئێستاش ئەو گفتوگۆیانە ئەنجامێکیان نەبووە.

ئەڵمانیاش یەکێکی دیکەیە لەو وڵاتانەی ماوەیەک بەر لەئێستا چەند یاسازانێکی دیاری باسی نموونەهەڵگرتنەوە لەیاسای بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکانی هۆڵەندییان هێنایە گۆڕێ و تا ئێستاش پێیەوە خەریکن.

**نهێنیی سەرکەوتن**

ئەوەی کە دەوڵەتێک بۆ خۆی ڕێگە بەهاووڵاتییەکانی بدات کە ماددەی بێهۆشکەر بەکاربێنن، باوەڕکردنی قورسە. یان ئەگەر باوەڕیش بکرێت، لێتێگەیشتنی ئاسان نییە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکە کە هۆڵەندا ئەو یاسایەی هەیە، بەڵام ئەوە تەواوی ئەو چیرۆکە نییە کە دەبێ بیبیستیت. لە هۆڵەندا سەرەڕای ئازادکردنی بەکارهێنانی ئەو ماددانە، بەدەیان کلینیکیش بۆ ئەو کەسانە کراونەتەوە کە دەیانەوێت لەئاڵودەیی (ادمان)ماددە بێهۆشکەرەکان ڕزگاریان بێت. ڕۆژانەش پارەیەکی خەیاڵی بۆ زانیاری بەخشین و هاریکاریکردنی ئاڵودەبووان خەرج دەکرێت. ڕەنگە هەر ئەوەش بێت نهێنیی سەرکەوتنی یاسا هۆڵەندییەکە:




شوێنێکی فرۆشتنی مادە بێهۆشکەرەکان لە ئەمستەردام (فۆتۆ:ڕووداو)

دەوڵەت لەلایەکەوە ڕێگە دەدات کە خەڵکی بەکاریبێنن و لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵدەدات بەکارهێنەران وەئاگا بێنێتەوە لەمەترسییە مەزنەکانی ئەو ماددانە!

**ماددە بێهۆشکەرەکان چین؟**

ماددە بێهۆشکەرەکان ئەو ماددانەن کە کار دەکەنە سەر ئاگایی مرۆڤ و هەندێکجاریش کەسی بەکارهێنەر ئاڵودە دەکەن. لە ڕاستیدا چا و قاوە و ئەلکۆهۆلیش دەکرێت وەک ماددەی بێهۆشکەر تەماشابکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا قەدەخەیان لەسەر نییە، بۆیە ئەوانە لەخانەی ماددە بێهۆشکەرەکاندانا خوێندرێنەوە.

مادەبێهۆشکەرەکانیش دەکرێن بە دوو جۆر، قورس و سووک، قورسەکان بریتین لە کۆکاین، هێرۆیین، تریاک (ئەفیون) و ئێکستاسی.

کۆکاین: یەکێکە لەماددە زۆر بەکارهاتووەکان، کاریگەرییەکانی ئەو ماددەیە بریتین لەبێهۆشکردن و زیادکردنی هەستی برسێتی.

هێرۆیین: تۆزێکی سپییە و بەوە بەناوبانگە کە بەکارهێنەرەکانی زوو ئاڵودە دەکات.

تریاک (ئەفیون): لەگوڵێکی تایبەتەوە وەدەست دێت و بەناوبانگە بەوەی کە ئازار کەمدەکاتەوە و جەستە بێ هەستدەکات.

ئێکستاسی: جۆرە حەبێکە کە بەکارهێنەر تووشی تینوێتیی زۆرو کەوتنە دنیایەکی خەیاڵی دەکات.

نموونەی هەرە دیاری ماددە سووکەکانیش مەریوانەیە، کە سەرەڕای ئەوەی توانای تەرکیزکردن زیاد دەکات، بەڵام مەترسیی گەورەی لە دەستدانی هەستی بیرهاتنەوەیشی لێدەکرێت.

## چەند خولەکێک لەگەڵ بەکارهێنەرێکی مێردمنداڵدا

ڤیننی فان مۆڕسل، 15 ساڵە، لێ کە لێی بپرسیت چەند ساڵیت؟ یەکسەر دەڵێت: مانگی ئایندە دەبم بە شانزە. ئەو لەقسەکردنیەوە دیارە کە کوڕێکی وریایە. کە سەیری جلوبەرگەکانی دەکەی زۆر مۆدێرنە و بە دەردی خۆی دەیگوت: هەموو شتێکی مارکەیە.

ڤیننی لەسێزدەساڵییەوە ماددەی بێهۆشکەر بەکاردێنێت "هاوڕێکانم هەموویان دەیانکێشا، منیش بۆ ئەوەی لەڕیزی خۆیان دامنێن دەستم پێکرد". گفتوگۆکەمان لەنێو شەمەندەفەرێکی نێوان ئامستەردام و دەنهاخدا بەوشێویە دەستپێکرد:

**ڕووداو: چی دەکێشیت؟**

**ڤیننی:** حەشیش.

**ڕووداو: زوو نییە بۆ تۆ؟**

**ڤیننی ( بە پێکەنینەوە):** نا نا، کەمێکیش درەنگە.

**ڕووداو: تا نەبیتە 18 ساڵ بۆت نییە ئەو ماددانە لەکۆفی شۆپ بکڕیت، لەکوێ دەستت دەکەوێت؟**

**ڤیننی:** هاوڕێی سەرووی هەژدە ساڵیم هەن. ئەوان بۆمی دێنن و منیش قومێک دوو قومیان دەدەمێ تا بیکێشن.

**ڕووداو: دایک و باوکت ئاگایان لێیە؟**

**ڤیننی:** ئەرێ. بەڵام هیچیان پیناکرێت، چونکە دەترسێن ماڵەوە بەجێبێڵم.

**ڕووداو: ڕۆژانە چەند جگەرەی حەشیش دەکێشی؟**

**ڤیننی:** هەموو ڕۆژێک ناکێشم. ئاخر پارەم نییە هەموو ڕۆژ بیکڕم، هەفتانە ڕەنگە دوو یا سێ جگەرە بکڕم.

**ڕووداو: تا ئێستا نەچوویتە کلینیکەوە؟**

**ڤیننی:** نەخێر. ناشچم، چونکە من ئاڵودە نەبووم. هەر بۆ خۆشی دەیکێشم.

**ڕووداو: خۆشی؟ خۆشییەکەی چییە؟**

**ڤیننی:** دڵخۆشت دەکات، تووڕە نابیت، شەرمت دەشکێ.

**ڕووداو: ئەی چیی ناخۆشە؟**

**ڤیننی:** هەندێکجار پێویستت پێیەتی، بەڵام دەستت ناکەوێت. ئەو کاتانە خەریکە شێت بم.

**ڕووداو: کەواتە ئاڵودە بووی؟**

**ڤیننی:** من ناوی نانێم ئاڵودەیی، بەڵکو پێی دەڵێم: وابەستەیی.

**ڕووداو: ئەی خواردن و خواردنەوەت چۆنە؟**

**ڤیننی:** زۆر کەم نان دەخۆم، خواردنەوەش ئەلکۆهۆڵ کەم کەم دەخۆمەوە.

**ڕووداو: خەتای حەشیشەکەیە کە کەم نان دەخۆی؟**

**ڤیننی:** ئەرێ. ئارەزووی خواردنم زۆر کەمە.

هەرچەندە ڤیننی سەبارەت بەسیاسەت و ڕووداوەکانی نێو هۆڵەندا لەچاو تەمەنەکەیدا زۆر بەئاگایە، بەڵام کە سەیری ڕەنگ و ڕووخساری دەکەی، زۆر زەردو سیس دیاربوو. پێمگوت دەمەوێت وێنەیەکت بگرم بۆ ڕۆژنامە. گوتی "نانا، من خۆم بەئیمایل وێنەیەکت بۆ دەنێرم کەجوان بێت، با وێنەکەم لەڕۆژنامەیەکی بێگانەدا ( مەبەستی ڕووداو بوو) ئەوە بێت کە خۆم حەزم لەبڵاوبوونەوەیەتی".



ڤیننی

# قاعیدە 55 گوند لە سنووری پارێزگای دیالە دەڕووخێنێ

## سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە "دەتوانم بڵێم ئەوە ئەنفالێکی بچووکە"

**بیلال سەعید**
**ڕووداو – بەعقوبە**

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بە (ڕووداو)ی راگەیاند "تیرۆریستانی سەر بە قاعیدە لەسنووری ناوچەی شارەبان 55 گوندیان رووخاندووە"،هەروەها گوتیشی "دەتوانم بڵێم ئەوە ئەنفالێکی بچووکە".

ئیبراهیم باجەلان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، دڵنیایی خۆی لەوە دەربڕی کە ئەنجامدانی کارێکی لەوجۆرە بەتەنیا لەدەسەڵاتی قاعیدەدا نییە بەڵکو هێزێکی زۆر لەوە گەورەتر هاوکاریی کردووە، راشیگەیاند کە بەنیازن وێنەی گوندە رووخاوەکان لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە پێشان بدەن "بۆئەوەی جیهان بزانێ قاعیدە چۆن ئینسانێکن".

بەشی هەرەزۆری ئەو گوندانەی بەر پەلاماری چەکدارانی قاعیدە کەوتوون لەسنووری ناحیەی سەعدیەدان، کە سەر بەقەزای شارەبانەو یەکلایی کردنەوەی چارەنووسیان بە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراقەوە بەستراوەتەوە.

باجەلان هەروەها دەربارەی کێشەی کەمبوونەوەی ئاویش لەو سنوورە رایگەیاند کە لەدیالە دەنگۆیەک بڵاوبووەتەوە گوایە کورد ئاوەکەی لیگرتوونەتەوە بۆیە بەوەفدیک چوونەتە لای بەرێوەبەری ئاوی دەربەندیخان و سەیری بەنداوەکەیان کردووەو گوتیشی "تەماشامان کرد 18 پلە لەخوار رێژەی ئاساییە، چونکە ئێران رێگریی لێکردووەو دوو بەنداوی لەسەر دروستکردووە". هەروەها باسی لەوەشکرد کە شاندەکە سەردانی مام جەلالیان کردووەو داوایان لێکردوون کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە سەردانی ئێران بکەن، ئەوانیش پێیان راگەیاندوون کە ئێران پێشتریش بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکەیان داوە، بەڵام هیچیان نەکردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە لەتیف رەشیدی وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق گوتی ئێران ئامادەنییە لەبارەی ئاوەوە لەگەڵ عێراق دابنیشێ.

باجەلان داوای لە بەرپرسانی کورد کرد کە رێگە نەدەن ئێران بەو شێوەیە ئاوەکە وشک بکات، گوتیشی "75%ی ئاوی خانەقین لەسەر رووباری ئەڵوەن بوو، ئێستا ئەویش وشکی کردووە و مەرزی مەنزەرییەش داخراوە کە ئەوە کارەساتیکی گەورەی بۆ خانەقین دروستکردووە".

ئیبراهیم باجەلان کە سەر بە یەکێتییە و لەساڵی 2005ەوە لەسەر لیستی کوردی بووەتە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە، رایگەیاند کە حیزبی ئیسلامیی عێراقی تائێستا چەند جارێک داوای وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگایان کردووە، بەوپێیەی لە هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگادا لەدوای لیستی شیعە کە خاوەنی 20 کورسین، بە 14 ئەندام فراکسیۆنی دووەمن و پاش ئەوان ئینجا لیستی کوردی بە 7 کورسی لە پلەی سێیەمدا دێت "بەڵام کاتی خۆی بەپێی رێککەوتنێک ئەو پۆستە دراوەتە کورد".

باجەلان دەربارەی ئامادەسازی کورد بۆ هەڵبژاردنی نوێی ئەنجوومەنی پارێزگا، کە بڕیارە لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ ئەنجامبدرێ، باسی لەوەکرد کە هێشتا خۆیان یەکلانەکردووەتەوە، گوتیشی "ئەگەر کێشەی خانەقین بەگوێرەی ماددەی 140 یەکلایی ببێتەوە بەشداری ناکەین، ئەگەر بەشداری بکەین واباشە لە ئێستاوە خۆمان رێکبخەین، بەڵام تا ئێستا چاوەڕێی سەرەوەی خۆمان دەکەین".

باجەلان بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان پێشبینی ئەوەی کرد سوننە زۆرینەی کورسیەکان ببەن، چونکە وەک ئەو گوتی "جاری پێشوو زۆرینەیان بەشدار نەبوون، بەڵام ئەمجارە بەنیازن پۆستی پارێزگاو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنیش بەدەست بێنن".

باجەلان هەروەها باسی لەوەکرد کە بۆ ئەو هەڵبژاردنە، کۆنە بەعسیەکانیش خەریکی ئامادەسازی و خۆڕێکخستنەوەن و گوتی "لەئامادەکاریدان، بە تایبەتی عەبدوڵڵا جبووری پارێزگاری پێشووی دیالە خەریکی رێکخستنیانەو لەوانەیە لەگەڵ لیستی ساڵح موتڵەگ پێکەوە دابەزن".

پاش دروستبوونی هێزەکانی سەحوە کە عەشیرەتەکانی ناوچەی رومادی تێیدا دەستپێشخەربوون و دواتر چەند ناوچەیەکی دیکەشی گرتەوە، رێکخراوی قاعیدەوگرووپە چەکدارەکانی دیکە لەو ناوچانە جێیان پێ لێژکراو ئیدی ناوچەکانی سنووری پارێزگای دیالە بوونە گۆڕەپانی چالاکی و جموجوڵی ئەو گرووپانەو کاری توندوتیژی بەشێوەیەکی بەرچاو لەو پارێزگایە رووی لەزیادبوون کرد، وەک باجەلان دەڵێت "ئەو گرووپە چەکدارانە تا کۆتایی 2007 توانیان 95%ی دیالە کۆنترۆڵ بکەن و تەنیا 5% بەدەستی پۆلیسەوە مابوو، بەڵام دوای خۆڕێکخستنەوەمان ئێستا بارودۆخ باشترە، هەرچەندە تا ئێستاش ناتوانین رێگە لە تەقینەوەی خۆکوژی و دانانەوەی بۆمبی سەر رێگاکان بگرین".

ئەو ئاماژە بەوەش دەکات کە رێکخراوی قاعیدە تا ئێستاش لە ئیمام وەیس بارەگایان هەیەو زۆر جار لەو ناوچەیە کۆدەبنەوەو بەندیخانەیان هەیەو لەوێوە کارەکانیان لە سنووری شارەبان و بەلەدروزو مەندەلی و سەعدیەو نەفتخانەو خانەقین ئەنجامدەدەن.

باجەلان گوتیشی "ئێستا دەتوانم بڵێم 80%ی سنووری پارێزگای دیالە بەدەست پۆلیسەوەیە".

یەکێک لەو کێشانەی بەرەورووی ناوچەی خانەقین بووەتەوە داخستنی مەرزی مونزەرییەیە لەگەڵ ئێران کە سەرچاوەی بژێویی هەزاران خێزانی ئەو ناوچەیە بوو، ئیبراهیم باجەلان ئاماژەی بەوە کرد کە تا ئێستا چەند جارێک داوای کردنەوەی ئەو مەرزەیان کردووە، بەڵام حکومەتی عێراق پێی راگەیاندوون کە کردنەوەی مەرزەکە پەیوەستە بە باشبوونی بارودۆخی ئەمنی و دەڵێن تا ناوچەی ئیمام وەیس کۆنترۆڵ نەکرێ مەرزەکە ناکرێتەوە، باجەلان هەروەها گوتی "لای مام جلال باسمکرد کە نزیکەی هەزار خێزان بەهۆی داخستنی ئەو مەرزەوە بێ کاربوونە، ئەویش بەڵێنی دا کە هەوڵی تەواو بدات بۆکردنەوەی مەرزەکە".

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە پێشتر ئێرانی بەوە تاوانبار کردبوو کە هەوڵی دزینی نەوتی خانەقین دەدات، لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو)جارێکی دیکە باسی ئەوەی کردەوە کە نەوتی ئێران و خانەقین یەک دەماریان هەیەو ئێستا ئێران بەرێژەیەکی زۆر نەوتی لێدەردێنێ، سەرسوڕمانی خۆیشی لەوە پێشاندا کە تا ئێستا چوار پاڵاوگە بۆ بیرە نەوتەکانی نەفتخانە دەرچووە، کەچی حکومەتی عێراق پرۆژەکانی گواستووەتەوە بۆشارەکانی باشووری عێراق. باجەلان گوتی "ئەمە گومانی لا دروست کردووم، چونکە وەزیری نەوت خۆی دەزانێ ئێران نەوتەکە بەکاردێنێ، بەڵام قسە ناکات". باجەلان راشیگەیاند کە داوایان کردووە راستەوخۆ لەگەڵ وەزیری نەوت دابنیشن، گوتیشی "بیانووی وەزارەتی نەوت لە دانەنانی پاڵاوگە لەخانەقین ئەوەیە گوایە خانەقین سنوورەو باشترە لە نزیک شارەبان یان سەعدیە دابنرێت، بەڵام ئێمە رازی نابین و دەبێت لە خانەقین دابنرێت".

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە ئەو قسەوباسانەی رەتکردەوە کە گوایە کێڵگەی تلیاک لەچەند ناوچەیەکدا دۆزراوەتەوەو گوتی "ئەوە رۆژنامەیەکی لەندەنی بڵاوی کردەوە کە قاعیدە تلیکیان چاندووە، بەڵام ئەمریکییەکان گوتیان راست نییە، ئێستا قاچاخچی ئێرانی تلیاک دێننە ناوچەی دیالە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە بەشێوەیەکی رێکخراو بێت، بەڵکو باندی قاچاخچی بۆ فرۆشتن دەیهێنن".



ئیبراهیم باجەلان (فۆتۆ:ڕووداو)

# چۆنیەتی دروستبوونی ئەنسارولئیسلام لە کوردستان

**تایبەت بە ڕووداو**

مێژووی دروستبوون و سەرهەڵدانی ئەو گرووپەی کە لە عێراقدا بە سەرەتای دەرکەوتنی قاعیدە دێتە ئەژماردن، بریتییە لەئەنسارولئیسلام، واتە کاتێک قسە لە دروستبوونی قاعیدە دەکرێت لەعێراقدا پێویستە بگەڕێینەوە سەر ئەو سەرەتایەی لە کوردستانەوە دەستی پێکردو تەمەنێکیش درێژەی کێشاو ماوەیەکیش بەشێوەی تاڵیبان حوکمی ناوچەی تەوێڵەو بیارەیان کرد لە کوردستان.

دروستبوونی (جماعة انصار الاسلام)، کەپێکهاتەی کۆتاییەکەی بریتیبوو لە:هێزی دووی سۆرانی بزووتنەوەی ئیسلامی، تەوحیدو باڵی ئیسلاحی مەلا کرێکار.

ئەم گرووپە سەرەتا لەهەولێرەوە سەریان دەرهێناو پاشان کشانەوە ناوچەی بیارە لەهەورامان و لەوێ ناوەندی ئیسلامیان دامەزراندو کۆنترۆڵی تەواوی بیارەیان خستە ژێر رکێفی خۆیان، ئەمە لەکاتێکدا بزووتنەوەی ئیسلامی بوونی هەبوو، وەزیریشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبوو.

هەر کاتێک باس لەگرووپی ئەنسار بکرێت ناتوانرێ لەو بارودۆخ و هەلومەرجەی خۆی دایبڕی کە تێیدا گەشەی کرد تا بووە هێزێک کە بچێتە لیستی تیرۆری ئەمریکاو لەناوەندەکانی دونیادا دەنگبداتەوەو سەرکردەکەیان لەئێران بگیرێت و تەسلیم بەپۆلیسی ئەنتەرپول بکرێت و لەهۆڵەندا زیندانی بکرێ و پاشان بدرێتەوە بە وڵاتی نەرویج. ئەم گرووپە کاریگەر بوون و دەیانویست ئەزموونی ئەفغانستان و بۆسنەو چیچان بهێننە کوردستان و ئیمارەتێکی ئیسلامی وەک تاڵیبان دروستبکەن، ئەوەبوو چەندین کەسیان وەک (ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی، عومەر بازیانی، ئاسۆ هەولێری و ئەیوب ئەفغانی و نامۆ..) چوونە ئەفغانستان و لەهەوڵی ئەوەدابوون زۆرینەی ئەزموونەکەی ئەوێ بگوازنەوە کوردستان بەحوکمی ئەوەی ناوچەیەکی شاخاوییەو توانای خۆحەشاردانی زۆرەو دەکرێ خەڵکانێکی زۆری خاوەن ئەزموونیش لەئەفغانەوە بهێنرێنە کوردستان وەک چۆن ئەزموونی کوردستانیش بەشێکی لەرووداوەکانی ئەفغانستان دەچێت.

کۆمەڵی ئیسلامی لە 2001/5/31 کودەتایەکی سپی لە نێو بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیدا کردو لەحیزبی دایک جیابووەوە، بەکۆمەکی ئەوانەی کەپێشتر ناویان بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی بوو بەئەمیرێتی عەلی باپیر.

ئەمە بووە دەروازەیەک بۆ ئاشکرابوونی پرۆژەی تاڵیبانیی لە کوردستاندا، بەو مانایەی کە پەرژینی بزووتنەوەی یەکبونی ئیسلامی نەماو کۆمەڵ خۆی ڕاگەیاندو باڵی عەلی باپیرو نەهزەکان جیابوونەوە، ئیتر باڵی ئیسلاح و هێزی دووی سۆران و چەند ئەندام سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسیەکی دیکەش بە بێلایەنی مانەوە، ئەوەبوو پاشماوەکانی راپەڕین و بنەماڵەی مەلا عەلی عەبدولعەزیز بزووتنەوەی ئیسلامیان راگەیاندەوەو گرژی رووی لەناوچەی هەڵەبجەو هەورامان کردو تەماعیش کەوتە بەردەم یەکێتی نیشتمانی تاکو ناوچەکە لەنێو ئەو ململانێ و ناکۆکیانەدا کۆنترۆڵ بکاتەوەو بیخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

لەو کاتەدا بزووتنەوەی ئیسلامی بە رابەرایەتی مەلاعەلی عەبدولعەزیز مایەوە لەهەڵەبجەدا، کۆمەڵی ئیسلامی لەناوچەی خورماڵداو باڵی ئیسلاحیش لەناوچەی گوڵپی نێوان خورماڵ و بیارەدا مایەوەو شێخ محەممەد بەرزنجیش لەگەڵ عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم لەناوچەی سەرگەتی پشتی گوڵپ و ئەحمەد ئاوا مایەوە، ئەم بارودۆخە رۆژانە رووی لەگرژی دەکرد تاگەیشتە ئەوەی ئەندامێکی کۆمەڵی ئیسلامی لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامیەوە لەخورماڵ کوژرا.

لەم کاتەدا هێزی دووی سۆران بیری لەوە کردەوە کەپرۆژەکەی رابگەیێنێت و چیتر چاوەڕێی ئەو ئاڵۆزیانە نەکات کەوایکردووە ناوچەکە لەمەترسی ئەوەدایە بگەڕێتەوە دەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ئەوەبوو لە 2001/9/1 گرووپی جوندولئیسلام خۆی راگەیاندو لەیەکەم بەیاننامەدا وێنەیەکی تەواوی تاڵیبانی نیشانداو بەرەنگاری هەموو هێزە بەناو عەلمانییە کوردییەکان بووەوەو بانگەشەی جیهادی دژ بەو لایەنانە کرد بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەڕەشەی ئەوەی لێکرد لەناوچەی شارەزوو بکشێتەوە ئەگەر نا ئەوە جوندولئیسلام "جیهاد"یان لەدژ بەرپا دەکات.

ئەم گرووپە لەتەوحیدو هێزی دووی سۆران پێکهاتن و ژمارەیان دەگەیشتە 200 کەس، پاش چەند رۆژێک لەراگەیاندنی جوندولئیسلام رۆژنامەکانی دەرەوە بڵاویان کردەوە کەقاعیدەو تاڵیبان لەباکووری عێراقەوە سەریان هەڵدا تاکار گەیشتە ئەوەی 10 رۆژ دوای راگەیاندنی دامەزراندنی جوندولئیسلام 11ی سێبتەمبەر روویداو تیشکێکی گەورەتریان کەوتە سەرو لەدوای 10 رۆژی دیکە لە 11ی سێبتەمبەر شەڕی بەناوبانگ و کارەساتباری "خێڵی حەمە" لەگوندی خێڵی حەمەی نزیکی خورماڵ لەنێوان جوندولئیسلام و یەکێتی نیشتمانیدا روویداو لەئەنجامدا نزیکەی 50 پێشمەرگەی یەکێتی کوژران و تەرمەکانیشیان شێوێندران و لەگوندەکە بەجێمان و ماوەی شەوو رۆژێک لەو ناوچەدا مانەوە، تادواجار مەلاو ڕیش سپییانی ناوچەی هەڵەبجە تەرمەکانیان گەیاندەوە دەست یەکێتی نیشتمانی و لێرە بەدوا دروشم دژی جوندولئیسلام لەشەقامی کوردیدا بە رێبەری یەکێتی بەرز کرانەوەو هەموو جیهان بینی و بیستی کەکۆمەڵێکی سەربەتاڵیبان و قاعیدە لەهەرێمی کوردستان پەیدا بوون کەعەرەبی ئەفغانیان لەگەڵەو باوەڕیان بەسەربڕین و کوشتنی ئەندامانی حیزبە عەلمانیەکانی ناوچەکە هەیە.

ئیتر شەڕ رووی لەهەورامان کردو بەرەی شەڕ کرایەوەو یەکێتی زۆر هەوڵی پەلکێش کردنی ئەمریکای دەکرد بۆ شەڕەکە چونکە لەو کاتەدا بوو کەئەمریکا شەڕی دژی تیرۆری راگەیاندبوو.

ئەوەبوو هەڵەبجە لەلایەن یەکێتییەوە گیراو بزووتنەوە چووە تەوێڵەو کۆمەڵ لەخورماڵ مایەوە چەندین جار هەوڵدەدرا کۆمەڵ ڕازی بکرێت ئەو ناوچەیە چۆڵ بکات تاکو بەتەواوی جوندولئیسلام لەبیارەدا کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام تاکو لێدانی ناوچەی ئەحمەدئاواو لێدانی بیارە لەلایەن ئەمریکاوە ناوچەی خورماڵ لەلایەن کۆمەڵەوە چۆڵنەکرا.

پێش بەرپابوونی ئەوجەنگە بەرفراوانە، ئەوەبوو شێخ محەممەد بەرزنجی بەفشارو داوای ئێران کرایە پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی و عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیمیش بووە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ، مایەوە گرووپی ئیسڵاحی مەلا کرێکار، ئەویش لەگەڵ جوندولئسلام یەکیگرت و بووە ئەمیریان و لە2001/122/11 ئەنسارولئیسلامیان راگەیاند، لەم کاتەدا بەتەواوی ناوچەکە ببووە مەیدانی جەنگێکی خوێناوی و یەکێتی قوربانی زۆری دا و نەیتوانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکاتەوەو ئەو گرووپە دەرپەڕێنێت، تاکو هاتنی ئەمریکا لەبەهاری ساڵی 2003.

ئەوە بوو لەلایەن ئەمریکاوە لەسەرەتای دەستپێکی لێدانی عێراقدا ناوچەی ئەحمەد ئاواو بەشێکی سەر ڕێگای گوڵپ کەوتە بەر موشەکی ئەمریکا لەدەریای سورەوەو بەچەند رۆژێک ئەو ناوچەیە لەئەنسارولئیسلام پاک کرایەوەو بزووتنەوەی ئیسلامی بەلاوازی لەهەڵەبجەدا مایەوەو خورماڵ و بیارەو تەوێڵە کەوتەوە دەستی یەکێتی و ئەوەی ئەنساریش بوو رووی کردە دیوی ئێران، تاکو خۆیان رێکخستەوەو جارێکیتر وەک قاعیدە هاتنەوە ناو عێراق.



بزووتنەوەی ئیسلامی دایکی بزووتنەوە ئیسلامییە چەکدارییەکانی کوردستان



## بکوژانی دوعا تا ئێستا دەستگیرنەکراون

رووداو-لەندەن

لەلێدوانیکدا بۆ رۆژنامەی ئیندیپێندێنتی بەریتانی، خەلیل ئەسوەد باوکی دوعای کچە کوردی ئێزدی کەساڵی رابردوو بەردبارانکرا ئاشکرایکرد بکوژانی دوعا تا ئێستا بەئازادی دەسوورێنەوەو دەستگیرنەکراون، باوکی دوعا ئەوەشی گوت کە لەلایەن براکەی خۆی و ئێزیدیەکانەوە هەڕەشەی لێکراوە ئەگەر کچەکەی نەکوژێت تەواوی بنەماڵەکەی دەکوژن، هەروەها گوتی "کچەکەم هیچ هەڵەیەکی نەکرد کە کوڕە موسڵمانێکی خۆشویست"

# پاکستان لەسیدەکان خۆی کوشت

مەهدی داود
رووداو –سیدەکان

بە 3 گوللە لەنێو ماڵەکەی خۆیدا کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا، لەدوای خۆیشی کۆمەڵێک دەنگۆ و پرسیاری جێهێشت، بۆچی خۆی کوشت؟ تووڕەیی باوکی یان نەگەیشتنە ئارەزووەکانی کامیان وایان لێکرد خۆی بکوژێ؟ ڕەنگە وەڵامی دروستی ئەو پرسیارانە تەنیا لەلای خۆی دەست بکەون کە مەرگ و نەریتەکانی کۆمەڵگە ڕێگەی وەڵامدانەوەیان پێنەدا.

پاکستان موسا، ئەو کچە تەمەن 19 ساڵانەیە بوو کە رۆژی 2008/5/6 لەگوندی نزاری دەڤەری سیدەکان لەنێو ماڵەکەی خۆیدا بە 3 گوللە کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

لەبەدواداچوونێکی (رووداو)دا بۆ خۆکوشتنی پاکستان دوو دەنگۆی دەست کەوت لەئاواییەکە، دەنگۆیەک دەڵێت بەهۆی هەڕەشەی باوکی خۆی کوشتووە، ئەوی دیکەشیان دەڵێت، پاکستان کوڕە دراوسێیەکی خۆیانی خۆشویستووە، بەڵام کەسوکاری بەو خۆشەویستییە رازی نەبوونە، هەر بۆیە ئەویش کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە.

سیدەکان، شارۆچکەیەکی سنووریی سەر بە قەزای سۆرانە لە پارێزگای هەولێر، شەڕی نێوان نوێخوازی و کۆنەپارێزی زۆرجار لەو شارۆچکەیەشدا رەنگدەداتەوە، دوو هەفتە پێش ئێستا، کردنەوەی خولی تۆپی پێی کچان لەلایەن یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەو شارۆچکەیەدا بووە جێی نارەزایی وتارخوێنێکی ئایینی مزگەوتێکی سیدەکان.

(خ.ق) کە ژنێکی ناسیاوی ماڵی پاکستانە و، بەباشی نەزانی ناوی تەواوی بنووسرێ، وەها وەسفی پاکستان و رووداوی کوشتنەکەی کرد "پاکستان کچێکی شۆخی گوندەکەمان بوو، زۆر کچێکی رەوشت بەرز بوو، هیچ کێشەیەکی نەبوو، هەموو خەڵکی گوند بەو رووداوە خەمبار و پەشۆکاون".

ئەوژنە لەبارەی هۆکاری خۆکوشتنیشیەوە دەڵێت "باوکی بەردەوام لەگەڵ پاکستان و خوشکەکانی هەرای بوو، جگە لەوەش دەڵێن پاکستان پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی دراوسێی خۆی هەبوو، کوڕەکەش خاوەن خێزانە، باوکی کوڕەکەش چووە بەپاکستانی گوتووە واز لەکوڕەکەم بێنە تۆمان ناوێت، پاکستانیش تووشی هەڵچوون بووەو خۆی کوشتووە".

(چ)یش کە یەکێکە لەدانیشتوانی گوندی نزاری قسەی ئەو ژنەی پشت راستکردەوە کە پاکستان پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا هەبووە "ئەو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی گوندەکەمان هەبوو بەناوی (ع)، ئەو کوڕە جارێک چووەتە داخوازی ئەو کچە، بەڵام باوکی رازی نەبوو تەنانەت پێیگوت ئەگەر بشمریت ناتدەینە ئەو کوڕە".

هەروەها (چ) ئەوەشی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد کە پاکستان بەمنداڵی گەورە بەبچووکی پێکراوە، بەڵام ماوەیەک بەر لەئێستا بە 3 ملیۆن دینار خۆی بەتەڵاقدان داوە.

هەروەها (چ) ئاماژەی بەوەشدا کە پێشتر بەپاکستانیان راگەیاندووە دەتدەینە کوڕە خاڵێکی خۆی "بەڵام پاکستان رازی نەبوو شوو بەکوڕە خاڵەکەی بکات بۆیە هەمیشە کێشەی لەگەڵ باوکی هەبوو، پاکستان تەواو بێ ئومێد ببوو، بۆیە خۆی کوشت".

سەبارەت بەو دەنگۆیەی کە دەڵێن پاکستان لەسەر ئەوە خۆی کوشتووە کە باوکی جنێوی پێداوە (چ) لەبارەی ئەو دەنگۆیە گوتی "دەنگۆیەک لەسەرەتا بڵاوبووەوە کە گوایە باوکی پاکستان جنێوی بەپاکستان داوە بەبیانووی ئەوەی درەنگ چای بۆ هێناوە، بەڵام ئەم قسەیە هیچ بنەمایەکی نییە، هیچ کەس لەسەر دوو جنێوی باوکی خۆی ناکوژێت".

مام حسین کە مامی پاکستانە، تاکە کەسی بنەماڵەکە بوو لەسەر خۆ کوشتنی برازاکەی قسەی بۆ (رووداو) کردو ئەو وەک خۆی باسیکرد زۆر نیگەران بووە بەرووداوەکە، گوتیشی "خۆکوشتنی پاکستان لەئەنجامی هەڵچوونی دەروونی بووە، باوکی جنێوی پێداوە بۆیە هەڵچووە، کاتێک ماڵەکەیان چۆڵبووە بەکلاشنکۆف خۆی کوشتووەو 3 گوللەی لەخۆی داوە".



پاکستان موسا خۆی کوشت و کۆمەڵێک پرسیاری بێ وەڵامیشی بەدوای خۆیدا بەجێهێشت

### چەند ساتێک بەرلە شەکراوخواردنەوەکەی

# کوردستان بەدەمانچەی باوکی خۆی دەکوژێت

کامەران عەبدە ساڵح
رووداو –رانیە

کچە رۆژنامەنووسێک 2 کاتژمێر بەر لەشەکراو خواردنەوە گوللەیەکی لەخۆیداو دوای گەیشتنی بەنەخۆشخانەی رانیە گیانی لەدەستدا، بەڵام تا ئێستا پۆلیس بۆی ساخ نەبۆتەوە ئەو کچە رۆژنامەنووسە بۆچی خۆی کوشتووە.

کاتژمێر 2:35 رۆژی 2008/5/10 کچە رۆژنامەنووس کوردستان عەبدوڵڵا، کە لەهەمانکاتدا قوتابی قۆناخی یەکەمی بەشی مۆسیقایە لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی رانیە، لەسەر بانی ماڵەکەی خۆیان بەگوللەیەکی دەمانچەی باوکی کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

باوکی کوردستان لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی کێوەڕەشە. لەو بارەیەوە سەرچاوەیەک لەبنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی گشتی رانیە بە (رووداو)ی راگەیاند "کوردستان کچی موقەدەم عەبدوڵڵای لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی کێوەڕەشە، گوللەیەکی بەدەمانچەکەی باوکی ئاراستەی سینگی کردووەو دوای گەیشتنی بەنەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە".

سەرچاوەکە لەدرێژەی قسەکانیدا گوتیشی "کاتێک کوردستان گەیێنرایە نەخۆشخانە لەبەر کاریگەری فیشەکەکە دووچاری خوێنبەربوونی ناوەوە ببوو، بەو هۆیەوە دوای 20 خولەک گیانی لەدەستدا".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، کوردستان بەر لەخۆ کوشتنی شووی بەکوڕێک کردبوو کە تازە لەئەوروپا گەڕاوەتەوە و کاتژمێرێک بەر لەخۆکوشتنەکەی بەنیاز بوون ئاهەنگی شەکراو خواردنەوە بگێڕن

سەرچاوەکەی پۆلیس وێرای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە گوتیشی "بەگوێرەی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو کچە هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسوکاریدا نەبووە و رۆژێک بەر لەخۆ کوشتنەکەی بەرەزامەندی خۆی لەکوڕێکی نیشتەجێی ئەوروپا مارەکراوە، واش بڕیاربووە کاتژمێر 3:30دوا نیوەڕۆی 5/10 لەهۆڵی شاهان لەرانیە ئاهەنگی شەکراو خواردنەوەکەی بەڕێوەبچێت، بەڵام کاتژمێرێک بەر لەو وادەیە چۆتە سەربانی ماڵەکەی خۆیان و بەفیشەکێک کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە، بەڵام تائێستا دەرنەکەوتووە چ هۆکارێک لەپشت خۆ کوشتنەکەیەتی".

هەروەها هاوڕێیەکی نزیکی کوردستان، کە حەزی نەکرد ناوی بهێنرێ، بە (رووداو)ی راگەیاند "کوردستان دوو رۆژ بەر لەخۆ کوشتنی، خۆی دوورە پەرێز دەگرت، زۆر بەکەمی تێکەڵاوی هاوڕێکانی دەبوو".

ئەو هاوڕێیەی کوردستان گوتیشی "کوردستان لەلای هیچ کەسێک بێزاری خۆی دەرنەبڕیوە، لەو شووکردنە، بەڵام زۆر خۆشحاڵیش نەبوو".

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دراونەتە (رووداو)، برای کوردستان کە ناوی (پ) و لە لەندەن نیشتەجێیە بە"کوردستان"ی راگەیاندووە کە شوو بەو کوڕەی ئەوروپا نەکات چونکە لەئەوروپا بەرەڵڵایی دەکات، هەر بۆیە کوردستان لەو شوو کردنە پەشیمان بۆتەوە، بەڵام باوکی بەو پەشیمان بوونەوە رازی نەبووە.

هەروەها سەرچاوەیەکیش کە لەکاتی ناشتنی تەرمی کوردستان ئامادە بووە ئەوەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد "باوکی کوردستان لەکاتی ناشتنی تەرمی کچەکەی دەیگووت: من هیچم بەکچەکەم نەگوتووە، تەنیا پێمگوتووە، تازە تۆ شووت کردووە عەیبە پەشیمان ببیەوە".

کوردستان عەبدوڵڵا، تەمەن 20 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی کێوەڕەشی شاری رانیەیە و قوتابی قۆناخی یەکەمی بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی رانیە بوو و، لەهەمانکاتدا پەیامنێری رۆژنامەی لێدوان بووە کە لەرانیە دەردەچێ، جگە لەوەش بۆ گۆڤاری خێزان و رۆژنامەی کوردستانی نوێ و پرووشە کاری کردووە.



کوردستان عەبدوڵڵا

# کێ قومری کوشت

## برای قومری: لە ئەنجامی تاقیکردنەوە دەرکەوت لە جیاتی+O بوتڵە خوێنێکی بەسەرچووی+A ی دراوەتێ



لەنجە عەبدوڵڵا

lanja@rudaw.net

رووداو – هەولێر

نەخۆشێک دوای دوو کاتژمێر لەو نەشتەرگەرییەی بۆی کرا لە نەخۆشخانەی هەولێری تایبەت گیانی لەدەستدا، کەسوکارەکەشی دوو دکتۆر بەکوشتنی تۆمەتبار دەکەن، هەر بۆیە لەپۆلیس داوای یاساییان لەسەر تۆمار دەکەن و پۆلیسیش بەکەفالەتی 1 ملیۆن دینار دوو دکتۆرەکە تا رۆژی دادگاییکردن ئازاد دەکات.

قومری کەمال سدیق، ئەو ژنە 47 ساڵییە بوو دوای ئەوەی لە 2008/4/14 لەلایەن دکتۆرە پیرۆز کاکە زیاد لەنەخۆشخانەی هەولێر تایبەت نەشتەرگەری دەرهێنانی هێلکەدانی بۆ دەکرێ، بەڵام دوای دوو کاتژمێر بەهۆی پێدانی بتڵە خوێنێک بێ پشکنین لەشی رەش و شین هەڵدەگەڕێ و دووچاری لەرز و تایەکی توند دەبێت، دواتر گیان لەدەستدەدات.

جەواد سەدرەدینی مێردی قومری، لەبارەی نەخۆشی خێزانەکەی گوتی "قومری لەژیانیدا نەخۆشییەکی نەبووە تەنها ئەو ماوەیە هێلکەدانی تەواو نەبوو، ئێمەش بڕیارماندا نەشتەرگەری بۆ ئەنجامبدەین، چونکە نەشتەرگەرییەکەی ئاسان بوو، بەڵام نەمانزانی ئیتر نایێتەوە".

دکتۆرە پیرۆز کاکە زیاد، کە نەشتەرگەرییەکەی بۆ قومری ئەنجامدابوو، وردەکاری نەخۆشییەکەی قومری بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی "قومری ماوەی ساڵێک بوو سەردانی دەکردم، چەند جارێک پێمگوت دەبێت نەشتەرگەری هێلکەدان بکەیت، چونکە خوێنی کەمبوو، هەموو سەرەمانگێک کە بێ نوێژ دەبوو خوێن بەربوونەکەی نەدەوەستا، دواجاریش کە سەردانی کردم گوتم دەبێ نەشتەرگەری ئەنجامبدەی چونکە ئەو خوێن بەربوونە مەترسی بۆ سەر ژیانت هەیە".

دوای ئەوەی قومری رازیدەبێ لەسەر ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە، دکتۆرە پیرۆز بڕیار دەدات نەشتەرگەرییەکەی لەنەخۆشخانەی هەولێری تایبەت بۆ ئەنجامبدات و داوای 3 بتڵ خوێنیش بۆ نەشتەرگەرییەکە دەکات، دکتۆرە پیرۆز دەڵێت "خوێنی زۆر کەمبوو، داوای 3 بتڵ خوێنم کرد، بتڵێکم پێش نەشتەرگەرییەکە تێکرد زۆر ئاسایی بوو، گوتم دوانەکەی دیکە بۆ کاتی نەشتەرگەری و دوای نەشتەرگەرییەکە ئەگەر پێویستیکرد هەڵدەگرم".

قومری دوای ئەوەی دەبرێتە ژووری نەشتەرگەری لەماوەی دوو کاتژمێردا نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووی بۆ ئەنجامدەدرێ، هەر لەو بارەیەوە دکتۆر عەبدولحەمید عەبدولرەزاق، پسپۆری سڕکردن لەنەخۆشخانەی هەولێر گوتی "ئەو نەخۆشە پێش نەشتەرگەری و دوای نەشتەرگەرییەکەش هیچ کێشەیەکی نەبوو، تەنانەت بتڵێک خوێنی بۆ ئامادەکرابوو ئەویشی تێنەکرا نەشتەرگەریەکەی زۆر ئاسان بوو".

دکتۆرە پیرۆزیش بەهەمان شێوە باسی لەچۆنیەتی نەشتەرگەرییەکەی قومری کردو لەو کاتەدا چاوەکانی پڕ بوون لەفرمێسک و گوتی "چەند ساڵە پزیشکم نەشتەرگەری وا ئاسانم ئەنجام نەداوە تەنانەت هەستم بەماندوو بوونیش نەکرد".

پاش ئەوەی قومری لەژووری نەشتەرگەری دەهێنرێتە دەرەوە، ئەو بتڵە خوێنەی بۆ نەشتەرگەری بۆی دانرابوو لەسەر عارەبانەکەی دادەنرێت بۆ ئەوەی تێی بکرێت، گومان دەکرێ هەر ئەو بتڵە خوێنەش بووبێتە هۆی گیان لەدەستدانی قومری، چونکە بەپێی قسەی کەسوکارەکەی خوێنەکە پشکنینی بۆ ئەنجام نەدرابوو.

گەلاوێژ شەهاب، ماوەی 5 ساڵە وەکو پەرستیار لەو نەخۆشخانەیە کاردەکات لەو بارەیەوە گوتی "دکتۆرە پیرۆز داوایکردبوو ئەو بتڵە خوێنەی تێبکەین چونکە خوێنی کەمبوو، منیش خوێنەکەم بۆ هەڵواسی دوای ئەوەی 100 سیسی لەخوێنەکە چووە لەشییەوە دەستی بەلەرزو تا کرد و لێوەکانی شین بوون، منیش یەکسەر خوێنەکەم راگرت و بانگی دکتۆری ئێشکگرم کرد، چونکە بەرە بەرە باری تەندروستی خراپتر دەبوو".

لوقمان کەمال، کە برا بچووکی قومرییە هۆکاری مردنی خوشکەکەی بۆ کەمتەرخەمی نەخۆشخانەی هەولێری تایبەت گەڕاندەوە و گوتی "ئەو خوێنەی جاری دووەم تێیکراوە پشکنینی بۆ نەکراوە، ئێمە سێ بتڵ خوێنمان لەبانکی خوێنی نەخۆشخانەی کۆماری وەرگرت، 25 هەزار دیناریان لێوەرگرتین بۆ پشکنین، بتلی یەکەم پشکنینیان بۆ کرد لە هەولێری تایبەت کە 5 هەزار دیناریان لێوەرگرتین، بەڵام پشکنینیان بۆ بتڵی دووەم نەکرد".



قومری کەمال

گەلاوێژی پەرستیار کە خۆی خوێنەکەی تێکردووە ئەو قسانەی رەتکردەوەو گوتی "ئێمە پشکنین بۆ هەموو خوێنێک دەکەین پێش ئەوەی تێیبکەین".

باری تەندروستی قومری سات بەسات خراپتر دەبوو، بۆیە لوقمان بانگی گەلاوێژی پەرستیار دەکات بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بکات لوقمان گوتی "کاتێک گەلاویژم بانگکرد کە بێت سەیری حاڵەتەکەی بکات هاواری کرد بەسەرمداو گوتی: ئەوە چیتانە دەڵێی نەشتەرگەریتان نەدیوە".

لوقمان درێژەی بەقسەکانیدا و گوتی "تەلەفۆنیان بۆ دکتۆرێکی عەرەب کرد، کە سەیری حاڵەتەکەی کرد یەکسەر رەوانەی ژووری چاودێری ورد (عنایە مرکزە)ی کرد"، هەر لەو بارەیەوە دکتۆر عەبدولحەمید گوتی "ئەوەی پێویست بوو کردمان تەنانەت کە هەناسەی توند بوو ئۆکسجینمان بۆ دانا، بەڵام تا دەهات باری تەندروستی خراپتر دەبوو".

مێردی قومری گلەیی زۆری لەدکتۆرە پیرۆز هەبوو، چونکە وەک خۆی باسیکرد کاتێک باری تەندروستی خێزانەکەی تێکچووە چەندین جار تەلەفۆنی بۆ کردووە، وەڵامی نەداوەتەوە" بە 4 کەس تەلەفونمان بۆ کرد هەڵینەگرت"، جەواد گوتیشی "ئەوان تەنیا مەبەستیان پارە وەرگرتنە، یەک ملیۆن و 200 هەزار دیناریان لێوەرگرتم".

بەڵام دکتۆرە پیرۆز رەتیکردەوە وەڵامی تەلەفۆنی نەدابێتەوەو گوتی "کە نەخۆشەکەم جێهێشت باری تەندروستی زۆر باش بوو کە پێیانگوتم ژیانی لەمەترسیدایە تەنانەت ئۆتومبێلەکەم لەماڵ نەبوو یەکسەر بەتاکسی هاتم، کە بینیم شێت بووم هیچ ئاگام لەخۆم نەما".

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی کە لەلایەن پزیشکەکانی نەخۆشخانەی هەولێری تایبەت دران بۆ رزگارکردنی قومری، بەڵام هەوڵەکان بێسود دەبن دوای دوو کاتژمێر مانەوەی لەژووری چاودێری ورد قومری گیانی لەدەستدا.

دوای گیان لەدەستدانی قومری، مێردەکەی سکاڵای یاسایی لەسەر هەر یەک لەدکتۆرە پیرۆز و دکتۆر عەبدولحەمید تۆمارکرد، لەو بارەیەوە عەمید خەیرەدین شەهابەدین، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بەوەکالەت بە (رووداو)ی راگەیاند لە 2008/4/22 لەبنکەی پۆلیسی خانەقا جەواد سەدرەدین سکاڵای بەرز کردەوە دژی هەردوو پزیشکی ناوبراو پەڕاوی لێکۆڵینەوە رەوانەی دادوەری لێکۆڵینەوە کراوەو رۆژی 2008/4/27 یش بڕیاری دەسگیرکردنیان درا و دەستگیرکران، پاشان بەکەفالەتی یەک ملیۆن دینار ئازاد کران.

هەر لەو بارەیەوە د. زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی بە (رووداو)ی راگەیاند لیژنەیەکی بەدواداچوونیان پێکهێناوە و گوتی "ئەگەر ئەوان سکاڵاشیان تۆمار نەکردایە ئێمە لێکۆڵینەوەی خۆمان هەر دەکرد".

لوقمان کەمالی برای قومری رۆژی 5/11 بە رووداوی راگەیاند کە بەپێی راسپاردەی ئەو لیژنە هاوبەشەی لە وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی بۆ بەدواداچوونی ئەمکێشەیە پێکهێندرابوو، لە تاقیگەی نەخۆشخانەی هەولێر دەرکەوت لە جیاتی خوێنی+O خوێنی جۆری+A لەقومری کراوەو خوێنەکەش ئێکسپایەر بوو.



## زەکەریا نەخۆشە

تایبەت بە رووداو

◆ سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەند زەکەریا بە (رووداو)ی راگەیاند کە بەهۆی نەخۆشکەوتنی زەکەریا و سەرقاڵبوونی قوتابیانی کوردستان بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، کۆنسێرتەکەی زەکەریا کە بڕیاربوو بەمزووانە سازبدرێت، دواخرا، سەرچاوەکە گوتیشی ئەو کۆنسێرتەی کەبە تایبەتی بۆ قوتابیانی زانکۆ ساز دەدرێت لەهەولێر دەکەوێتە ناوەراستی مانگی 6.

## شەهریبانا کوردی:

# جەماوەرێکی زۆر بەهۆی سەرپۆشینەوە منیان خۆشدەوێت



شەهریبانا کوردی، هونەرمەندێکی باکووری کوردستانە، زۆربەی گۆرانییەکانی شۆرشگێری و گەلێرین. شەهریبان کە لەساڵی 1974 لە شاری مێردینی باکووری کوردستان لە دایکبووەو، لەساڵی 1993 وە چووەتە ئەڵمانیا، ئەم نەورۆزە لە باشووری کوردستان بوو. رووداو، لەهەولێر چاوی پێکەوت و ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد:

**رووداو: شەهریبان ساڵی چەند لە دایکبووە؟**

**شەهریبانا کوردی:** 1974 لە مێردین ی باکووری کوردستان لە دایکبوومە

**رووداو: ئاستی خوێندەواریت چەندە؟**

**شەهریبانی کوردی:** پۆلی پێنجەمی سەرەتایی.

**رووداو: بۆچی درێژەت بەخوێندن نەدا؟**

**شەهریبانی کوردی:** لەبەر کێشەی ئابووری، ئێمە 9 خۆشک و برابووین، بۆیە درێژەدان بەخوێندن تۆزێک زەحمەت بوو.

**رووداو: باوکت خوێندەوار بوو؟**

**شەهریبانی کوردی:** باوکم وەک من تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندبوو، ئەویش لەبەر کێشەی ئابووری وازی لێهێنابوو.

**رووداو: کەی شووت کرد و چەند منداڵت هەیە؟**

**شەهریبانی کوردی:** لە ساڵی1993 مێردم کرد و، چوار منداڵمان هەیە، سێ کچ و کورێک.

**رووداو: بەخۆشەویستی مێردت کرد یان لەلایەن خێزانەکەتەوە بەشوودرای؟**

**شەهریبانی کوردی:** مێردکرنەکەم بەدڵی خۆم بوو.

**رووداو: بنەماڵەی ئێوە بنەماڵەیەکی ئایینییە؟**

**شەهریبانی کوردی:** بەڵێ من لە بنەماڵەیەکی ئایینی گەورە بووم و هەتا ئێستاش پابەندم بە ئایینەوە.

**رووداو: سەرپۆشکردن تۆ لە هونەرمەندەکانی دی جیا دەکاتەوە، هۆی ئەو سەرپۆشینەت چییە؟**

**شەهریبانی کوردی:** دەگەرێتەوە بۆ ئایینی بوونی بنەماڵەی من و چاندی کوردی و، شانازی پێوە دەکەم.

**رووداو: هەستدەکەی سەرپۆشکردنت کاری لەسەر کەم و زیادبوونی جەماوەرەکەت کردبێ؟**

**شەهریبانی کوردی:** بەڵێ کاریگەری ئەرێنی هەبووە، جیا لەدەنگ جەماوەرێکی زۆر بەهۆی سەرپۆشینمەوە منیان زۆر خۆش دەوێت.

**رووداو: بیرت لەوە کردووەتەوە کە سەرپۆش لابەری؟.**

**شەهریبانی کوردی:** هەرگیز.

**رووداو: دەڵێن نوێژ دەکەی و رۆژووش دەگریت؟.**

**شەهریبانی کوردی:** بەڵێ راستەو زۆر بەوانە خۆشحاڵم.

**رووداو: دەڵێن لەسەفەرەکانتدا ئەندامێکی خێزانەکەت لە گەڵ دەبن راستە؟.**

**شەهریبانی کوردی:** بۆ هەندێک شوێن کە جاری یەکەم دەچم مێردەکەم یان کەسێکی نزیک لەگەڵم دێت، بەڵام لە سەفەرەکانم بۆ وڵاتانی ئەورووپی زۆرجاران خۆم بەتەنیا دەچم.

**رووداو: لە یەکەم بەرهەمتدا دەڵێی من بە7 زمان گۆرانی دەڵێم، گەلۆ شەهریبان چەند زمانان دەزانێ؟**

**شەهریبانی کوردی:** ئەوە بۆ ئەوەبوو کە بڵێم کچی کورد توانای ئەوەی هەیە کەبە چەندین زمانی دیکە گۆرانی بڵێ، ئەوە زیاتر بەمەبەستی هاندان بوو. لەراستیدا تەنیا زمانی کوردی و تورکی دەزانم.

**رووداو:ساڵی چەند و چۆن کوردستانت بەجێهێشت؟**

**شەهریبانی کوردی:** 1993 لەرێگای سووریاوە و بەیارمەتی پارتی کرێکارانی کوردستان چوومە ئەورووپا.

**رووداو: چوونە چ وڵاتێک؟**

**شەهریبانی کوردی:** ئەڵمانیا و هەتا ئێستاش لەوێ دەژین.

**رووداو: نەورۆزی ئەمساڵی باکووری کوردستان سەرهەڵدانێکی ئاشتیخوازانەی جەماوەری هەبوو، چۆن بوو ئەمساڵ نەچوویتەوە بۆ باکوور؟**

**شەهریبانی کوردی:** پێمانخۆشبوو، بەڵام کارەکانمان تۆزێ ناهاوئاهەنگی تێکەوت.

**رووداو: لەو چەند جارەدا کە گەڕایەوە بۆ باکوور دەوڵەتی تورکیا هیچ ئاستەنگییەکی بۆ دروست نەکردی؟**

**شەهریبانی کوردی:** کێشەیەکی ئەوتۆم بۆ دروست نەبوو، لەدەستپێکدا لە فرۆکەخانە هەندێک کارەکانم بەزەحمەت جێبەجێ دەبوون، بەڵام دواتر باش بوو. جارێکیش دەستگیر کرام.

**رووداو: لەبەرچی؟**

**شەهریبانی کوردی:** بەهۆی گۆرانی (لێ داینێ ئەز دچمە شۆڕشێ) و هەندێک گۆرانی دیکە کە خودی وەزارەتی کولتووری تورکیا رێگای بە گوتنی ئەو گۆرانیانە دابوو.

**رووداو: زیندانی کرای؟**

**شەهریبانی کوردی:** نەخێر تەنیا ئیفادەیان لێوەرگرتم.

**رووداو: پارتی داد و گەشەپێدانAKPی ئەردۆغان حیزبێکی بەبنچینە ئیسلامەو سیاسەتەکەی بەرامبەر کورد لەبەر چاوانە. بەرای تۆ AKP نوێنەرایەتی ئیسلام دەکات؟**

**شەهریبانی کوردی:** نەخێر، ئەوانە درۆ لەگەڵ خەڵک دەکەن و دووروون و بەپێچەوانەی بنەماکانی ئیسلام سیاسەت دەکەن. کوا ئیسلام لە کوێ دەڵێ تۆ هەبوون و مافی نەتەوەیەک نکۆڵی بکەو هەموو مافەکانیان پێشێل بکە، ئەوانە ئیسلام بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردێنن.

**رووداو: لەم سەردانەتدا بۆ باشوور چ سەرنجێکت لا درووست بوو سەبارەت بە حکوومەت و خەڵکی باشوور؟**

**شەهریبانی کوردی:**زۆر باش بوون، بەڵام خەڵکی شیاوی خزمەتگوزاری زیاترن، گەلی ئێمە هەرچی بۆ بکرێت هێشتا کەمە.

**رووداو: سەردانەکەت بۆ باشووری کوردستان هێندە دڵگەرمی کردی کە جارێکی دی سەردانی بکەیەوە؟**

**شەهریبانی کوردی:** با وەها نەڵێین، ئەوە وڵاتی منەو بەخۆشی و بەناخۆشی وڵاتی منەو ئەرکی سەرشانمە کە بیمەوە.

**رووداو: لە هونەرمەندانی ژن حەزت لەدەنگی کامیانە؟**

**شەهریبانی کوردی:** عایشە شان و مریەم خان.

**رووداو: ئەی لە هونەرمەندانی پیاو؟**

**شەهریبانی کوردی:** شوان پەروەر و محەمەد شێخۆ،زۆر کارگەرییان لەسەرم هەبووە.

**رووداو: رات چییە بەرامبەر بەو هونەرمەندانەی کە بە زمانی عەرەبی، تورکی و فارسی گۆرانی دەڵێن؟**

**شەهریبانی کوردی:**ئەوە جێگای شەرمەزارییە، مرۆڤ ئەگەر وڵاتپارێز بێت نابێ حزمەت بە زمان و چاندی بیانییەکان بکات.

**رووداو: لە سەردانەکەتدا هیچ پرۆژەیەکت هەبوو بۆ بەرهەمهێنانی سیدی یان کلیپ؟**

**شەهریبانی کوردی:** ئێمە لەلایەن کۆمپانیای کۆرەکەوە داوەت کراوین و، مەبەستی ئێمە سەردان بوو، بەڵام لە کوردستان کاک عیسا مێرگەسۆری و هاوسەرەکەیمان ناسی و رێککەوتین کە چەند کلیپێک بۆ گۆرانییەکانم چێبکەین. لەماوەی ئەم چەند رۆژەدا 4 کلیپمان دروستکردووە.

**رووداو: لەو سەردانەتدا چ جیاوازییەکت لە نێوان ژنانی باشوور و باکووردا بەدی کرد؟**

**شەهریبانی کوردی:** ژنانی باکوور لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زۆر ئاگادارن.

**رووداو: ئەو ناوانە چۆن پێناسە دەکەی؟**

*خەلیل خەمگین: لوتکەی سترانی کلاسیک.

*دیار: زۆرجار گوێ لە گۆرانییەکانی دەگرم.

*عەدنان کەریم: دەنگێکی خۆش.

*محەمەد عارف: سەرچاوەی هونەر.

*حەسەن زیرەک: گۆرانیی نەورۆزیم گوتووەتەوە، هیوادارم لێم تورە نەبێت.

*مەرزیە: هونەرمەندێکی سۆزدار.



**هیوادارم حەسەن زیرەک لێم تورە نەبێت**

شەهریبانا کوردی

(فۆتۆ:رووداو)

# سینەمای کوردی لە قوتابخانەیە



**دڵپاک زرار**

dilpakasaad@yahoo.com

**رووداو- هەولێر**

(قوتابخانەی کوردی بۆ سینەما) بەشێکی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەددینە و، ماوەی 4 ساڵە دامەزراوەو لەبینایەی قوتابخانەیەکی ناوەندی کوڕان، لەگەڵ ناوەندییەکە دەوام دەکەن و، بەشەکە لەدوو لقی دەرهێنان و نواندن پێکدێ، بڕیاریشە لەداهاتوو بەشی سینەما لەکۆلیژی هونەرەجوانەکان جیا بکرێتەوەو ببێتە کۆلیژێکی سەربەخۆ.

شوێنی ئەو بەشە جیایە لەکۆلیژێک و، دەکەوێتە نهۆمی دووەمی قوتابخانەی ناوەندی کاروانی کوڕان، هەر ئەو هۆیەشە وایکردووە کە کاتی دەوامی ئەو بەشە دیاریکراو نەبێت و هەر رۆژەو بەجۆرێک بێت، ئەوەش گرفتی زۆری بۆ قوتابیەکان دروستکردووە، وەک قوتابی ئیبراهیم رەمەزان لەقۆناخی دووەمی بەشی نواندن بۆ (رووداو) دەڵێت " لەبەر ئەوەی دەوامەمان رێکوپێک نییە ناتوانین هیچ کارێکی دیکە بکەین کە ئەوەش گرفتێکی گەورەیە بۆ ئێمە".

خەریکی پرۆڤە بوون، لەشوێنەکە چەند کامێراو ئەداپتۆرێک دانرابوون، ژوورەکەیان بچووک بوو، نەدەکرا هەموو کارێکی تێدا بکرێت، بۆیە زۆرجار بۆ پرۆڤە کردن ناچار دەبن بچنە حەوشەی قوتابخانەکە. وەکو ئیبراهیم باسیکرد جگە لەگرفتی دەوام چەند گرفتێکی دیکەش هەن کە قوتابیانی بەشی سینەما پێوەی دەناڵێن "گرفتی شوێنیشمان هەیە و تەنها ئەو جێگا بچووکەمان لەبەر دەستە".

مامۆستا سەباح حوسێن کە بڕیاردەری بەشەکەیە باسی لەوەکرد کە زۆر هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی بەشەکەیان ببێتە کۆلیژێکی سەربەخۆ یان بتوانن بچنە بینایەکی دیکە کە "گونجاو" بێت بۆ بەشی سینەما"بەڵام بەداخەوە کەس گوێمان لێ ناگرێت و زۆر کەسیش هەیە بوونی ئەو بەشە بەزیاد دەزانێت". بۆیە بڕیاریانداوە لەکۆبوونەوەکانی داهاتوویان لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین راستەوخۆباس لەجیابوونەوەی بەشەکەیان لەکۆلیژی هونەرەجوانەکان بکەن.

مامۆستا سەباح ئاماژەی بەوەدا کە بەشەکەیان هیچ بودجەیەکی بۆ دابین نەکراوەو باس لەوەدەکا کە زۆر مامۆستای کورد و بیانی لەدەرەوەی وڵات ئامادەیی خۆیان نیشانداوە کە بەبێ بەرامبەر لەبەشی سینەما وانە بەقوتابیان بڵێنەوە بەو مەرجەی تەنیا جێگەی حەوانەو پارەی هاتووچۆیان بۆ دابین بکرێت " بەڵام لەبەر ئەوەی بەشی سینەما جێگە و پارەی نییە، بۆیە ناچار بەگرێبەست مامۆستایانی شاری بەغدامان بۆ بەشەکەمان هێناوە".

هەروەها وەکو یەکێک لەقوتابیانی بەشەکە باسیکرد ئەگەر یەکێک لەئامێرەکانی بەشەکە تێکبچێت ناچارن بەکاری نەهێنین چونکە وەستای زۆربەی ئامێرەکان لەدەرەوەی کوردستانن و، هەموو ئامێرەکان لەئەورووپاوە کڕدراون و هێنراون.

ساڵی رابردوو وەزیری رۆشنبیری سەردانی بەشی سینەمای کردو بەڵێنی بەقوتابیانی بەشەکەدا کە گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات، بەڵام وەکو قوتابیانی بەشەکە باسیانکرد "تائێستا هیچ بەڵێنێک جێبەجێنەکراوە"، بۆیە قوتابیانی بەش مانگی 12ی ساڵی2007 خۆیان سەردانی پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیریان کرد، بەڵام دیسان هیچیان بۆ نەکراوە. سامان عومەر کە قوتابیەکی بەشەکەیە دەڵێت "کە چووینە وەزارەتی رۆشنبیری، وەزیر تەنها باسی کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی سینەما کرد و، پەرلەمانیش تائێستا هیچیان بۆ نەکردووین".

لەکاتێکدا ئارێز عەبدوڵلا، بەرپرسی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان لەپەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کە لیژنەکەیان لەگەڵ لیژنەی پەروەردە داواکارییەکانی قوتابیانی بەشی سینەمایان گەیاندووەتە لایەنی پەیوەندیدار " ئەو کارانەی پەیوەندی بەلیژنەی ئێمەو لیژنەی پەروەردە جێبەجێمان کرد و گەیاندمانە لایەنی پەیوەندار".

ئەوەی جێی تێبینیە ئەوەیە کە لەبەشی سینەمای کۆلیژی هونەرەجوانەکان، هیچ فەرمانبەرێک نابینی، تەنیا مامۆستاو قوتابیانی کارەکانی بەشەکە رادەپەڕێنن، هەر لەکارەکانی کارگێڕییەوە بگرە تا خاوێنکردنەوەی ئامێرەکان، قوتابیان هۆی ئەوەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە تاوەکو ئێستا وەڵامی داواکارییەکەیان بۆ دامەزراندنی فەرمانبەر بۆ بەشی سینەما نەدراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش بڕیارە لەداهاتوو دوو لقی سیناریۆ و ئەنیمەیشن لەبەشەکە بکرێنەوە.

شێوازی وەرگرتنی قوتابی لەبەشی سینەما بەپێی هەندێک رێنماییە کە ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان دایناوەو، دواتر دەبێ قوتابی لەو تێستە 5 رۆژەی بەشی سینەما دەربچێت بۆ وەرگرتنی لەبەشەکە، هەروەها ئەگەر قوتابییەکی ئەو بەشە 7 رۆژ لە وانەکان ئامادە نەبوو ئەوا بڕیاری دەرکردنی بۆ دەدرێت.

زۆرجار قوتابیانی بەشی سینەما لەبۆنە و رۆژانی پشوو پرۆڤەو کاریان کردووە، مامۆستا سەباح لەوبارەیەوە بۆ (رووداو) دەڵێ "لەبەر ئەوەی ئێمە بەجیدی کار دەکەین دەبێ قوتابیەکانیش جیدی بن".

شێوازی خوێندنی (قوتابخانەی کوردی بۆ سینەما) لەسەر شێوازی قوتابخانەکانی سینەمای ئەورووپاو ئەمریکایە و، زیاتر گرنگی بەبواری پراکتیکی دەدرێت، وەک مامۆستا سەباح دەڵێ "دەمانەوێ کە قوتابیەکانی ئێمە کە دەرچوون کەسانی پسپۆر بن و لەگەڵ نوێگەرییەکانی بواری هونەریدا بن".

بەشی سینەما لەرێگای ئینتەرنێتەوە توانیوییەتی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیای سینەمای هەندێک لەوڵاتانی دەرەوە ببەستێ و بانگهێشتی فیستیڤاڵی (بارزانی نەمر)ی کردوون، کە مانگی 10ی 2008 لە کوردستان سازدەدرێ، مامۆستا سەباح دەڵێ "ئەگەر لایەنی دارایمان بۆ دابین بکرێ، دەتوانین ئەو فیستیڤاڵە ساز بکەین".

بەشی سینەمای کۆلیژی هونەرجوانەکان، تائێستا 11 کورتە فیلمیان بەرهەمهێناوە، کە هەموویان لەبارەی کێشەکانی ژنانەوەیەو بەنیازن بۆ ساڵانی داهاتووش کار لەسەر بوارەکانی دیکە بکەن.

لەگەڵ ئەوەی بەشی سینەما گرفتیان زۆرە، لەبەر نەبوونی کتێبخانە تاکو ئێستا کتێبەکانیان لەناو کارتۆن نەهێناوەتە دەرەوە، بەڵام مامۆستاو قوتابیان کە ژمارەیان 26 قوتابییە (7 کچ و 19 کور) گەشبینین و دەڵێن "ئەگەر هاتوو لەفیستیڤاڵی مانگی 10ی 2008 بەشداریمان کرد وەڵامی هەموو ئەو کەسانە دەدەینەوە کە بەشەکەی ئێمەیان پێ زیادو لاوازەو، یا رمە تیا ن نادەن".




(قوتابخانەی کوردی بۆ سینەما) لەو ناوەندییە دەوام دەکات





## نرخی میسی 192 ملیۆن دۆلارە

ڕووداو - CNN

◆ دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو ئەبرامۆڤیچی ملیاردێری ڕووسی و سەرۆکی یانەی چێلسی ئینگلیزی ڕایگەیاند کە ئامادەیە بەبڕی 100 ملیۆن یۆرۆ لیۆنێل میسی ئەرژەنتینی لە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بکڕێت، بەرپرسانی ئەو یانەیە ڕایانگەیاند کە نرخی ئەو ئەستێرەیان 150 ملیۆن یۆرۆیە (192ملیۆن دۆلار)، ئەوەش وەک دەرگا گرتنێک لەسەر هەوڵەکانی ملیاردێری ڕووسی.

# ڕیال مەدرید بووە شای تۆپی پێی ئیسپانیا

## کلاسیکۆ دوا بزماربوو لەتابووتی بەرشلۆنە درا



**لێدوانی ڕووداو**

دوای لەدەستدانی هەموو نازناوەکانی ئەمساڵ، یاری کلاسیکۆش خەفەتەکانی بەرشلۆنەی زیاتر کرد، ڕیال مەدریدیش سەلماندی شای تۆپی پێی ئیسپانیایە.

هەرچەندە ئەمساڵ خەفەتەکانی جەماوەری یانەی بەرشلۆنەی کەتالۆنی زۆر بوون، کە یانەکەیان نەیتوانی هیچ نازناوێک بباتەوە، کاتێک جام و خولی ئیسپانیاو نازناوی چامپیۆنسلیگی بەدوای یەکد لەدەستدا. بەڵام ئەو نیگەرانییە دوو هێندەی لێهات بەئەنجامی یاری کلاسیکۆی ئەمجارە، کەچوارشەممەی ڕابردوو بەرامبەر یانەی ڕیال مەدریدی ڕکابەرە تەقلیدیەکەی لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابیوی بەنێوبانگ ئەنجامداو تیایدا بەچوار گۆڵ دۆڕا.

دەکرا کەتالۆنییەکان بەبردنەوە لەم یارییەدا هەناسەیەک بەخۆیان و جەماوەرەکەیان بدەنەوە، چونکە هەردەم یاری کلاسیکوی ئیسپانی نەک هەر لەسەر ئاستی وڵات بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو جیهانیشدا حسابی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئاراستەی بایەکە پێچەوانەی ویستی کەشتییەکانی کەتالۆنیا بوو، کە یانەی شاهانە ئەو خەونەشی پێ ڕەوا نەبینین و دوا بزماری لەتابووتیان دا، چونکە بێجگە لەو ئازارەی بەدۆڕاندن بەرامبەر ڕیال مەدرید دەچێژن، هەڵوێستیشیان کەوتە مەترسییەوە، کە پلەی دووەمیان بۆ یانەی ڤیاڕیال بەجێهێشت و پێویستە ساڵی داهاتوو بەشداری پاڵاوتنەکان بکەن بۆ گەیشتنە چامپیۆنسلیگ.

لەلای خۆیەوە یانەی شاهانە ئەوەشی سەلماند کە شای یانەکانی ئیسپانیایە، ژمارەی نازناوەکانی لەخولی لالیگادا گەیاندە 31 نازناو، کە تاکو ئێستا لەسەر ئاستی ئەوروپاشدا خاوەن زۆرترین نازناوی چامپیۆنسلیگە و 9 جار جامەکەی بردووەتە مەدریدی پایتەخت.

لەسەر ئاستی کلاسیکۆشدا جارێکی دیکە دووپاتیکردەوە کە بەسەر بەرشلۆنەدا باڵا دەستە، چونکە کلاسیکۆی ئەمجارە ژمارە 154 بوو، کە تیایاندا ڕیال مەدرید 67 بردنەوەی بەسەر بەرشلۆنەدا بەدەستهێناوە، 58 جاریش پێی دۆڕاوە، لەگەڵ 29 بەرامبەر بوون.

لەکۆی ئەم یاریانەشدا 77 یاری لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابیو بەڕێوەچوون کە ڕیال 50 یاری بردووەتەوە بەرامبەر 14 سەرکەوتن بۆ بەرشلۆنە، لەگەڵ 13 بەرامبەر بوون.

ڕووداوی هەفتە

# کۆتاییەکی مێژوویی

**ئیحسان تاهیر***

دوو سبەی لەسەر یاریگای ئۆلدترافۆرد لەشاری مانچستەری ئینگلیزی، هەردوو یانەی زینیت سانت پترسبێرگی ڕوسی و گلاسکۆ ڕینجەرزی سکۆتلەندی یاری کۆتایی جامی یەکێتی ئەوروپا ئەنجام دەدەن، کە هەردووکیان بۆ جاری یەکەمە لەمێژووی خۆیاندا دەگەنە ئەم یارییە، بۆیە هەمان خەونی بردنەوەی یەکەم نازناوی یەکێتی ئەوروپایان هەیە.

یانەی زینیت، کە تەمەنەکەی 83 ساڵە خاوەن گەنجینەیەکی مێژوویی زۆر سادەیە، کە بێجگە لەچەند نازناوێکی ناوخۆیی، دەستکەوتەکانی لەسنووری یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ڕووسیای ئێستا تێپەڕ نەبووە. ئەگەرچی شارەکەی، سانت پترسبێرگ لەسەر ئاستی مێژوویی و سیاسی و گەشتیاری خاوەن نێوبانگێکی جیهانی دەوڵەمەندە، ئێستاش پایتەختی باکووری ڕوسیایەو بۆ ئەو وڵاتە بەدەروازەی ئەوروپا نێودەبرێت، لەڕووی بیناسازیشەوە بەجوانترین شاری ئەوروپا دادەنرێت، بۆیە ئەو بردنەوە مێژووییە، لایەنە وەرزشییەکەیشی هاوشانی لایەنەکانی دیکەی جوان و دەوڵەمەند دەکات.

گلاسکۆ ڕینجەرز کە تەمەنەکەی 135 ساڵە، بەپێچەوانەی زینیت خاوەن مێژوویەکە زۆر دەوڵەمەندە، کە 51 نازناوی خول و 31 جامی وڵاتەکەی بردووەتەوە، لەگەڵ نازناوێکی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، بەڵام ئەویش تاکو ئێستا نەیتوانیوە هیچ نازناوێکی یەکێتی ئەوروپا بباتەوە، بۆیە بردنەوەی ئەمجارەی دەبێتە خەڵاتێکی دیکەی مێژوویی گەورە بۆ جەماوەرو شارو وەڵاتەکەی.

* بەرپرسی وەرزشی (ڕووداو)

## ئەمڕۆ وێنەکانیان بڵاو دەکرێنەوە

# کاکا هاوشانی سەرکردەکانی جیهانە



**ڕووداو . البیان**

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو گۆڤاری تایمی ئەمریکی، وەک نەریتێکی ساڵانە لیستێکی بەنێوی 100 کاریگەرترین کەسایەتییەکانی جیهان بڵاوکردەوە، بڕیارە ئەو گۆڤارە ئەمڕۆ وێنەی ئەو 100 کەسە لەسەر بەرگی دەرەوەیدا بڵاوبکاتەوە، کە کاکای یاریزان یەکێکیانە.

لەم ریزبەندەدا وێنەی کاکای یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی هاوشانی وێنەی جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکا، هەردوو کاندیدی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەمریکا، باراک ئۆباماو هێلاری کلینتۆن، کاندیدی کۆمارییەکان جۆن ماکین دەبێت، وێڕای وێنەی چەندین سەرکردەی دیکەی وەکو دالای لامای سەرکردەی ڕۆحی تبت، تۆنی بلێری سەرەک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا، ڤلادیمێر پۆتینی سەرۆکی پێشووی ڕوسیا، جینتاوی سەرۆکی چین و ئیڤۆ مۆرالیسی سەرۆکی پۆلیڤیا.

# یانەی هەولێر 820 هەزار دۆلار قەرزارە

## سەرۆکی یانە: لەبەشدارییەکی دیکەدا دەتوانین بگەینە چوارگۆشەی زێڕینی ئاسیا



عەبدوڵڵا مەجید (فۆتۆ:ئەرسەلان)

**ڕووداو . هەولێر**

سەرۆکی یانەی هەولێر لەدیمانەیەکی تایبەتدا، ڕاشکاوانە گرفتەکانی یانەی هەولێری بۆ ( ڕووداو ) باسکردو ئاماژەی بەوەکرد کە بەشداریکردنیان لەپاڵەوانێتی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیادا دەستکەوتێکی گەورە بووە، بەو پێیەی یەکەمجارە یانەیەکی کوردستان لەسەر ئەم ئاستە نێودەوڵەتییەدا بەشداری بکات.

د.عەبدوڵڵا مەجید سەرۆکی یانەی هەولێر،بەدڵنیاییەوە دەڵێت ئەگەر لایەنە بەرپرسەکانی کوردستان پشتگیریان پێشکێشکردبا تووشی ئەم شکستە نەدەبوون "ئێمە بەقەرز کۆکردنەوە ئەو بەشدارییەمان کردووە، حاڵی حازر یانەکەمان 820 هەزار دۆلار قەرزارە، تاکو ئێستا 350 هەزار دۆلارمان تەنها لە سەفەرەکان خەرج کردووە". هەروەها بەڵێنی بە جەماوەرەکەی دا، ئەگەر پشتگیری بکرێن دەتوانن ساڵی ئایندە، لەسەر ئاستی ئاسیادا بگەنە چوارگۆشەی زێڕین.

سەرۆکی یانەی هەولێر گلەیی لەوەزارەتی وەرزش و لاوان و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان هەبوو، کە بەهیچ شێوەیەک خۆیان بەخاوەنی ئەو یانەیە نازانن، لەکاتێکدا ئەرکێکی نیشتیمانی گەورە بەڕێوە دەبات "کەس هاوکاریمان ناکات، کەس خۆی بەخاوەنمان نازانێت، جگە لەپارێزگاری هەولێر، وەزارەتی وەرزش و لاوان و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان کێشەی یانەی هەولێر بەکێشەی خۆیان نازانن و پێمان دەڵێن کێشەی خۆتانە بۆ خۆتان چارەسەری بکەن".

لەتەوەرێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەکێشە تەکنیکیەکانی یانەکەی کردو ڕاهێنەری لەسەر کار لادراوو گۆڵچییەکانی بەهۆکارێکی ئەو شکستە دانا "هەرچەندە ئەکرەم سەلمانی ڕاهێنەر بێبەری بوو لەو تۆمەتانەی گوایە جیاوازی دەخستە نێوان یاریزانە کوردو عەرەبەکان، بەڵام لەبڕیارەکانیدادوودڵبوو،لەدەستنیشانکردنی پێکهاتەی سەرەکیشدا سەرکەوتوو نەبوو".

هەروەها گوتیشی "هەردووگۆڵچیەکانمان، دیدار حامدو سەرهەنگ موحسین سەرکەوتوو نەبوون، ئێمە لە 6 هەلی تیپەکانی بەرامبەردا 6 گۆڵمان لێبوو، کە لەڕاستیدا ئەو گۆڵچیانەمان تووشی غروور لەخۆباییبوون ببوون".

سەرۆکی یانەی هەولێر ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەو دوو گۆڵچییە لەگەڵ یەکتردا ناکۆکبوون وکاوە ئیبراهیمی ڕاهێنەریشیان نەیتوانی تەنها ئەو کێشەیەش چارەسەر بکات، بۆیە پۆستەکەیان لێوەرگرتەوەو لەجیاتی ئەو بۆندێکیان لەگەڵ عیماد هاشمی گۆڵچی پێشووی بەنێوبانگی هەڵبژاردەی عێراق مۆرکردووە.

یانەی هەولێر تاکو ئێستا لە5 یاری پاڵەوانێتی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیادا بەدوو دۆڕان و دوو بەرامبەربوون و بردنەوەیەک 5 خاڵی کۆکردووەتەوە و هیچ ئومێدێکی نەماوە بۆ گەیشتنە قۆناخی دووەم.

# ئۆلیڤەر کان و کۆتاییەکی شەرمەزارانە



**لێدوانی ڕووداو**

ئۆلیڤەر کان کاروانی وەرزشی خۆی بەئەنجامێکی شەرمەزارانە کۆتایی پێهێنا.

لەکاتێکدا کە هەموو ئەڵمانیەکان لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوون ئۆلیڤەر کانی گۆڵچی بەنێوبانگی ئەو وڵاتە، لەسەر ئاستی ئەوروپادا کاروانی وەرزشی خۆی سەربەرزانە کۆتایی پێبهێنێت و لەدوا وەرزی یاریکردنیدا، جامی یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ یانەکەیدا، بایرن میۆنخ بەرز بکاتەوە، ئەو ئومێدەی ئەڵمانیاو خودی کانیش پێچەوانە بووەوەو کۆتاییەکی شەرمەزارانە جێی ئەو داخوازیەی گرتەوە، کاتێک بایرن میونخ لەدوا یاری قۆناخی پێش کۆتایی جامی یەکێتی ئەوروپادا بەرامبەر یانەی زینیت سانت پترسبێرگی ڕووسی تووشی دۆڕانێکی گەورە هات و چوار جار تۆڕی گۆڵەکەی کان هەژێنرا، کە ماوەی 31 ساڵە لەسەر ئاستی ئەوروپادا ئەو یانەیە تووشی شکستێکی هێندە گەورە نەبووە.

هەردەم ئەستێرە گەورەکانی تۆپی پێی جیهان خوازیاری ئەوە بوونە کاروانی یاریکردنیان بەشێوەیەکی سەربەرزو شکۆمەندانە کۆتایی پێبێنن، وەک میشێل پلاتینی فەرەنسی، کارل هاینز ڕۆمەنیگەی ئەڵمانی، دۆنگای بەرازیلی و تۆتی ئیتاڵی و چەندانی دیکەش، کە ئەمە خەونی ئۆلیڤەر کانیش بوو، زۆریش لێی نزیکبوو، بەڵام بۆی نەهاتە دی.

ئەگەرچی لەسەر ئاستی ناوخۆدا ئەمساڵ کان لەگەڵ بایرن میونخدا نازناوی خولی بۆندزلیگای بردووەتەوە، بەڵام لەسەر ئاستی ئەوروپادا شکستەکە هێندە گەورەیە زۆر زەحمەتە دڵی کان بداتەوە، مەگەر ئەو شێرە هەروەک لەئەڵمانیا بەو نازناوە ناسراوە، لەبڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە، کە پێشتر بڕیاری داوە ئەمساڵ دوا وەرزی یارییکردنی بێت و بۆ وەرزی داهاتوو بەشداری لەچامپیۆنسلیگدا بکات.

کورد بەخۆڕایی نەیگوتووە، پیاو ئاخیرەکەی خێر بێت.

## لێدوان



یواکیم لۆف
ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا

جامی نەتەوەکانی ئەوروپا بەهێزترین پاڵەوانێتی تۆپی پێی جیهانە، بەهۆی ئاست بەرزی سەرجەم هەڵبژاردە بەشداربووەکانی.



سیب بلاتەر
سەرۆکی فیفا

دەبێ زۆر ئاگادار بین لەوەی تۆپی پێ بکەوێتە دەست ئەو کەسانەی هەوڵدەدەن یارییەکە بۆ بەرژەوەندی کەسیی خۆیان بەکاربهێنن.



جۆرج بوش
سەرۆکی ئەمریکا

وەک ڕووداوێکی وەرزشی دەڕوانمە ئۆلۆمبیاد، هەرگیز وەک ڕووداوێکی سیاسی نایبینم.

## پێشبڕکێ

- بەکورترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



ئەحمەد مەهدی لە هەولێر بە لێدوانی: **(ئەو پشیلەیەی بمیاوێنێت ڕاو ناکات)** براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشووە.

## د.شەفیق قەزاز سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی:

# ستاندەرایزکردنی زمانی کوردی پێویستی بە بڕیارێکی سیاسییە

**رووداو- هەولێر**

مانگی رابردوو 53 نووسەر بەئامانجی ستاندەرایزی زمانی کوردی و ناسینی شێوەزاری کرمانجیی نێوەڕاست (سۆرانی) وەک زمانی ستانداردی خوێندن و نووسین، بانگەوازێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتیەکانی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکومەت و مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی و حیزبە کوردستانییەکانی دیکە کردو بانگەوازەکەش مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. د. شەفیق قەزاز سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی رایگەیاند ئەوان وەک دەزگایەکی ئەکادیمی تایبەتمەند لەو بوارە هەستدەکەن لەلایەن ئەو نووسەرانەوە پشتگوێ خراون. شەفیق قەزاز لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند ئاراستەنەکردنی بانگەوازەکە بۆ ئەوان ئەو پرسیارەی لەلا دروستکردوون کە بۆچی دامەزراوێکی وا فەرمی، کە بە پاڵپشتی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی دامەزراوەو کەسانێکی پسپۆڕ لەدەوری کۆبووەتەوە لەمەسەلەیەکی وەهادا پشتگوێ بخرێ.

وەک شەفیق قەزاز ئاماژەی پێکرد، ئەکادیمیای کوردی کە جێگرەوەی کۆڕی زانیاریی کوردەو لەمانگی ئابی 2007ەوە دەستبەکاربووە، ستانداردکردنی زمانی کوردی بەکاری خۆی دەزانێت و گوتیشی "ئێمە ماوەیەکی زۆر پێش بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەوازە خەریکی تاوتوێکردنی ئەو بابەتە بووین و تائێستا ئەنجوومەنی ئەکادیمی پێنج کۆبوونەوەی لەسەر بەستووە".

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و، یەکەمین سەرۆکی دوای راپەڕینی کۆڕی زانیاری رایگەیاند کە ئەو لەگەڵ نووسەرانی بانگەوازەکە دانەنیشتووە تا بزانێ بۆچی ئاراستەی ئەوانیان نەکردووەو ئاگاداریان نەکردوونەتەوە، بەڵام هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە بۆچوونێکی نێگەتیڤ لەسەر ئەکادیمیای ئێستاو کۆڕی زانیاری پێشوو هەیە، بەتایبەتی کۆڕی زانیاری کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا تووشی هەورازو نشێو هات، گوتیشی "ئەم دامەزراوە هێشتا رەگوڕیشەیەکی ئەوتۆی دانەکوتاوە کە ببێتە جێی متمانەی خەڵک".

شەفیق قەزاز بۆ گێڕانەوەی ئەو متمانەیە بەپێویستی زانی کە سەربەخۆییەک لەکاری دامەزراوەکەدا هەبێت، هەروەها باسی لەوەشکرد کە ئەوان ئەگەرچی بەرنامەیەکی تێروتەسەلیان داناوە، بەڵام کاری ئەکادیمی بەسروشتی خۆی کارێکی لەسەرخۆیەو زوو بەرهەم بەدەستەوە نادات، لەنێو ئەو لیژنانەداکە ئەکادیمیا پێکیهێناون لیژنەیەکی پسپۆڕ هەیە کە کار لەسەر رێنووسی کوردی دەکات. شەفیق قەزاز گوتی "ئەم رێنووسەی ئێستا فەوزاو بێ سەروبەریی پێوەدیارە، بەڵام ئەمە بەکۆبوونەوەیەک یەکلانابێتەوەو کارێکی زۆری دەوێت".

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی وێڕای ئاماژەدان بەوەی ئەوان دەزگایەکی جێبەجێکار نین و لەمەسەلەی زمانی ستانداردو رێنووس و پێداچوونەوەی کتێبەکانی خوێندندا بڕیاردەر نین، بەڵام جەختیشی لەوەکردەوە ئەوان بۆ کارەکانی خۆیان پێویستیان بەوە نییە داوایان لێبکرێ و فەرمانیان ئاراستە بکرێ "ئێمە وەکو ئەکادیمیای کوردی بەپێی یاسا دامەزراوین هەرکاتێک شتێک بێتە ئاراوە لەنموونەی زمانی ستاندارد یان کتێبەکانی خوێندن و مەسەلەی رێنووس و تەنانەت ئەو ناونیشانانەی لە دوکانەکانی بازاڕ دەدرێن، هەموو ئەمانە بەکاری خۆمان دەزانین و کاری لەسەردەکەین داوامان لێبکرێ یان نەکرێ".

شەفیق قەزاز وێڕای پێشاندانی سەرسوڕمان لەوەی هەندێ کەس بەتووندی وەڵامی بانگەوازی ئەو 53 نووسەرەیان دایەوە، راشیگەیاند دوایین پێنج کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئەکادیمی تەرخان بووە بۆ مەسەلەی زمانی ستانداردو گوتیشی "ئێمە دەبوایە چاوەڕوانی ئەوە بین کە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە رۆژێک هەر دێتەپێشەوە، ئێستاش کە هاتووە دیارنییە دەسەڵاتی سیاسی چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات، لەوانەیە تەماشای ئەوە بکات بزانێ لەگەڵ کەسانی ئەکادیمی و ئەوانەی پسپۆڕو شارەزای ئەم بوارەن دەگاتە چ ئەنجامێک، چونکە ئێستا خەڵکێک هەن باسی جووت ستانداردی دەکەن و پێیانوایە دەبێت هەردوو شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست و باکوور وەک زمانی ستاندارد وەربگیرێن".

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی بەدووری زانی کە جووت ستانداردی چارەسەری کێشەکە بکات و گوتی "مەسەلەی زمانی ستاندارد پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ کێشەی کتێبەکانی خوێندن هەیە، ئێمە ئێستا لەرێگەی حکومەتی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمەوە داوامان لێکراوە چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزینەوە، بۆنموونە هەوڵدرا شتێک بکرێت کە بەهەردوو شێوەزارەکە زمانێک بۆ کتێبەکانی خوێندن دروستبکرێت، کەچی نە سلێمانی و نەدهۆک هیچیان پێی رازینەبوون، بەڕاستی لەو وەختەی باس لەوەدەکرێ کە دەبێت چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێ و هەردوو شێوەزارەکە بەشداربن لە ئامادەکردنی مەتریاڵ و کەرەستەیەک بۆ کتێبەکانی خوێندنی منداڵان، دەبینی لەهەمانکاتدا بڕیارێک هەیە کە هەر لەلایەن حکومەت و دەسەڵات خۆیەوە دەرچووەو بەپێی ئەو بڕیارە منداڵانی بادینان دەبێت لەپۆلی یەکەوە تا شەشی سەرەتایی بەشێوەزاری خۆیان بخوێنن، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکانیش منداڵ مافی ئەوەی هەیە بەزمانی دایک فێربکرێ، ئەمە ئەمڕۆ کێشەیەکی دروستکردووەو ئەم کێشەیەش پەیوەندی بەنەبوونی زمانی ستانداردەوە هەیەو رەنگدەرەوەی ئەو دوو شێوەزاریەشە، لێرەوەیە کە خەڵکێک دەڵێن جووت ستانداردی بەکەڵکی ئێمە نایێت، لەوانەیە نموونەی هەندێ وڵات بهێننەوە کە جووت ستاندارد پەیڕەو دەکەن، بەڵام ئێمە تائێستا دەوڵەت نین و ئەزموونێکیشمان لە مەسەلەی کتێبەکانی خوێندن وەرگرتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین جووت ستانداردی ناتوانێ کێشەی ئێمە چارەسەر بکات".

شەفیق قەزاز رایگەیاند کە تائێستا لەنێو ئەنجوومەنی ئەکادیمیدا بۆچوونێکی یەکگرتوو دەربارەی ئەو مەسەلەیە نییە، بەپێی یاسای ئەکادیمیای کوردی کە ئێستا ئەکادیمیا لەهەوڵی ئەوەدایە جارێکی دیکە هەمواری بکاتەوە، ئەنجوومەنی ئەکادیمی لە 15 کەس پێکدێت و چاوەڕوان دەکرێت پاش ئەو هەموارکردنە ببێتە 19 ئەندام، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی رایگەیاند لێکۆڵینەوە لەزمانی ستاندارد تەنیا کاری ئەو ئەنجوومەنە نییەو پێویستە هەموو ئەوانەی لەسەر زمانی کوردی کاریان کردووە راوبۆچوونیان وەربگیرێت.

شەفیق قەزاز لەوەڵامی ئەوانەدا کە پێیانوایە زمانی ستاندارد بەبڕیاری سیاسی ناسەپێنری، رایگەیاند کە ئەو مەسەلەیە پێویستی بە بڕیاری سیاسی هەیەو دەبێت لایەنێک هەبێت بیجوڵێنێ "بڕواناکەم کەس گومانی لەوە هەبێت کە ئەمە بە ئەنجام پێویستی بە بڕیارێکی سیاسی هەیە، ئیدی لەکاتێکدا کە ئێمە تا ئێستا دوو دیالێکتی نووسینمان هەبووە ئەم بڕیارە سیاسییە چۆن دەدرێت نازانم".

شەفیق قەزاز بەتووندی دژی ئەوە وەستایەوە کە کرمانجیی ناوەڕاست بە سۆرانی ناوببرێ، "کرمانجیی ناوەڕاست ئەوەی کە هەندێک بەهەڵە پێی دەڵێن سۆرانی، یاخود شێوەزاری سلێمانی، شێوەزاری سلێمانی ئەوەی لە بیستەکاندا هەبووە زۆر دەمێکە لەناوچووە، ئەو شێوەزارە بەدرێژایی ئەم ساڵانە لەهەموو لایەکی کرمانجیی ناوەڕاستەوە شتی بۆ زیادبووەو لێی وەرگرتوون و سەرئەنجام بووە بە زمانێکی نوێ، بەڕاستی نە رەوایەو نە راستیشە بڵێی کرمانجیی ناوەڕاست شێوەزاری سلێمانییە یان هەولێرە، ئەم شێوەزارە نزیکەی 80 ساڵە خەریکی دروستبوونەو چەند فەرمانڕەواییەک کاری پێکردووە، لەوانەیە فەزڵی ئەم شێوەزارە هەر



## ئەو مەسەلەیە هەر دەبووایە رۆژێک بێتە پێشەوە

ئەوەبێت کە باروودۆخێکی گونجاوتری بۆ رەخساوە، ئەمە هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە کە چەند رەسەنترە لە شێوەزارێکی دیکە". هەروەها دەڵێت "لەساڵانی سییەکاندا کە عێراق لەژێر ئینتیدابی بەریتانیدا بوو یاسای زمانە لۆکاڵەکان دەرچوو، ئینگلیز ئەو یاسایەی هێناوە بۆ حکومەتی ئەوکاتی عێراق کە تازە دروست ببوو، ئینجا ئەگەر سلێمانی زیاتر بەپیر ئەمەوە چووبێت تا کەرکووک و هەولێرو بەوهۆیەوە لە سلێمانیدا زیاتر پەرەی سەندبێت ئەمە پەیوەندی بەهیچ شتێکی دیکەوە نییە".

شەفیق قەزاز گوتی "ئەو 53 کەسەی بانگەوازەکەیان دەرکردووە نەیانگوتووە با شێوەزارەکانی دیکە فەرامۆش بکرێن، کەچی هەندێ کەس کاردانەوەی تووندیان بەرامبەری پێشاندا، باسی دیموکراسی و مافی مرۆڤیان هێنایەپێشەوە، بەڵام باشە خۆ بۆ بەرژەوەندی میللەتێک هەندێک شت هەیە رەنگە گرنگ بێت رەچاوبکرێن".

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی رایگەیاند کە ئەوان ئێستا خەریکی ئەو مەسەلەیەن و هەرکاتێک گەیشتنە ئەنجامێک وەک رای ئەکادیمیا بڵاوی دەکەنەوە، ئیدی دەمێنێتەوە ئەوەی لەلایەن زماناسانی کوردو دەسەڵاتی سیاسییەوە چ بڕیارێکی لەسەر دەدرێت.

## موئەیەد تەیب، ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی:

# سەرکردایەتی کوردستان باش دەکات لەبارەی زمانی ستانداردەوە هیچ بڕیارێک نەدات

**رووداو-دهۆک**

نووسەرو هۆزانڤان موئەیەد تەیب لایەنگری ئەو بۆچوونەیە کە زمانی کوردی وەک زۆر زمانی دیکەی وەک نەرویجی، ئەلبانی، چینی و ئۆسیتی زمانێکی جووتستانداردەو پتر لەشێوەزارێکی بووەتە زمانی نووسین "هەر لەکۆنەوە سێ چوار شێوەزاری کوردی وەک لوڕی، گۆرانی، سۆرانی وکرمانجی زمانی نووسین بوونە و بەم دواییانە زازاییش خەریکە دەستپێدەکا، بەڵام هیچ یەکێک لەو شێوەزارانە لەسنووری ناوچەی خۆیان تێنەپەڕیون، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی کوردی پتر لە شێوەزارێکی نووسینی هەیە".

بەپێی بۆچوونی 53 نووسەر و رۆشنبیر کە زۆرینەیان خەڵکی سلێمانین لە 2008/4/23 بانگەوازێکیان بڵاوکردەوە، شێوەزاری کرمانجی نێوەڕاست (سۆرانی) بووەتە زمانی ستانداردی کوردی و هەر ئەوەی ماوە سەرکردایەتی سیاسی بەبڕیارێک ئەو واقعە بکاتە شتێکی فەرمی .بەڵام موئەید تەیب،کە ئەندامی دەستەی کارای ئەکادیمیای کوردییە، ئەو بۆچوونە بە هەڵە دادەنێ و دەڵێ"زمانی ستاندار ئەوەیە کە تێکڕای نەتەوەیەک پێیدەخوێنی و پێیدەنووسێ و لێی تێدەگات، بەڵام کورد هیچ کات خاوەنی ئەوە نەبووە"، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "کورد هیچ کاتێک خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ نەبووە کە هەموو کورد لەخۆ بگرێت".

موئەیەد تەیب، کە لەهەمانکاتدا بەرپرسی دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی سپیرێزە کە بنکەکەی لەدهۆکە، جەخت لەوە دەکاتەوە زمانی کوردی زمانێکی فرە ستانداردەو ئەم فرە ستاندارددییەش هیچ کاتێک نەبووەتە هۆی ئەوە کورد هەست بەکوردایەتی نەکات "ئەوەی وا لەکوردێکی شەنگار، هەورامان، سلێمانی، مێردین، مهاباد و قامشلۆ و ئەلەگەز و تەنانەت کوردەکانی دەرەوەی کوردستانیش وەک کوردی ئوردن و سودان و تونس و مەغریب دەکات هەستبکات یەک نەتەوەیە هەستە نەک زمانی ستاندارد، ناسیۆنالیزمی کوردیش لەوێوە دەسپێدەکات کە یەکەم کورد خۆیان بە تورک و عەرەب و فارس نازانن، دووەم کورد هەستدەکەن کوردستان وڵاتی خۆیانە، سێیەمیش هەموو کورد هەستدەکەن خاوەنی یەک مێژوو و چارەنووسن".

موئەیەد نەبوونی زمانی ستاندارد بەهەڕەشە نازانێت بۆ سەر یەکێتی نەتەوەیی کورد و ئەو بۆچوونەش بەراست نازانێت کەزمانی ستاندارد مەرجێکە بۆ یەکێتی نەتەوەیی "ئەوانەی پێیانوایە ئەگەر کورد زمانێکی ستانداردی نەبوو ئەوە هەڕەشەیە بۆ سەر یەکێتی نەتەوەیی، ئەو بۆچوونە لەوەهمێکەوە سەرچاوەی گرتووە و هیچ راستییەکی تێدانییە، ئەوە سەتان ساڵە زمانێکی ستانداردی نییە و هەر بەیەک نەتەوەش ماوەتەوە".

لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ ئێستا کاتەکە گونجاوە بۆ وروژاندن و گفتوگۆکردن لەبارەی بابەتێکی ئاوا، موئەیەد پێیوایە"نەئێستاو نە دوارۆژ بە کاتێکی گونجاو نازانم بۆ ئەم مەسەلەیە".

موئەیەد تەیب کە چەند ساڵێک لە سوێد ژیاوەو چەند نموونەی نەرویج دێنێتەوە کە دوو شێوەزاری فەرمی هەیە، لەمبارەیەوە دەڵێت"نەرویج لەساڵی 1905 ەوە سەربەخۆیەو لە 1929 ەوە دوو شێوەزار بوونەتە زمانی ستاندارد کە (نینوش)و ( بۆچمۆل)ن، هەرچەندە تەنیا 11% بەنینۆش قسە دەکەن کەچی لەپاسپۆرتەکە هەردوو شێوەزار بەکارهاتووە، بۆیە ناکرێ ئێمەی کورد رێگە لەشێوەزارێک بگرین چونکە هەردووک شێوەزار خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندن، هەرچی بەسۆرانی نووسرابێت بەکرمانجیش نووسراوە، ئەگەر دەڵێن ژمارەی نووسەرانی سۆرانی زیاترە، ئەوە لەبەر ئەوە بووە ئەوان لەقوتابخانە بەوشێوەزارە خوێندوویانە و پەرەیان پێداوە". ئەو بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدانییە هیچ شێوەزارێک لەوەیتر باڵاتر تەماشابکرێ.

بەبۆچوونی موئەیەد تەیب بۆ منداڵانی دەڤەری بادینان خوێندن تەنیا بەسۆرانی زۆر سەختەو ئەنجامی خراپی لێکەوتووەتەوە"بەر لەچەند ساڵێک تا پۆلی شەش بەکرمانجی دەخوێندرا دواتر یەکسەر هەمووی بووە سۆرانی، بۆیە رێژەی دەرچوون لەسلێمانی 51% و لەهەولێر 49% بوو کەچی لەدهۆک تەنیا 17% بوو".

دەربارەی ئەو بۆچوونەی واژۆکەرانی بانگەوازەکە کە ئەوان دەخوازن زمانێکی ستاندارد تەنیا لەباشووری کوردستان دروست بکەن و هەقیان بەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە نییە، موئەیەد تەیب دەڵێ ئەوان کەوتوونەتە هاودژی لەگەڵ بۆچوونەکەیان "چونکە لەلایەک دەڵێن ئێمە لەپێناو پاراستنی یەکێتی و یەکگرتوویی نەتەوەی کورد داوا دەکەین ئەو زمانە بەفەرمی بکرێتە زمانی ستاندارد و لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێن ئێمە هەقمان بەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە نییە". هەروەها رەخنە لەوە دەگرێ کە هەندێ لەو بانگەوازکارانە بە جۆرە سوکایەتی پێکردنێکەوە دەڵێن 10%ی کوردانی باکووریش بە کوردی نا ئاخڤن "ئەوە راست نییە، واخەریکە تەلەڤزیۆن و رادیۆی کوردی سەرتاسەری لە تورکیا بەفەرمی رێگەیان پێدەدرێ و دەکرێنەوە، یان دەڵێن کوردانی رۆژئاوای کوردستان بوونەتە عەرەب".

موئەیەد تەیب بەسەرسوڕمانەوە باسی ئەوانە دەکات کەپێیانوایە کرمانجی نێوەڕاست یا ئەوەی ناسراوە بەسۆرانی زمانی ئەدەبی یەکگرتووە " باشە کێ دەڵێت کرمانجی ناوەڕاست زمانەو کرمانجی سەروو شێوەزارە، لەوانە تێناگەم کە دەڵێن کرمانجی ناوەڕاست زمانی ئەدەبی یەکگرتووە، لەچیدا یەکیگرتووە، ئەگەر زمانی ئەوان لەناوچەی ئەوان بەکارهاتووە، کرمانجیش لەناوچەی ئێمە بەکارهاتووە، ئەگەر هی ئەوان بەر لە 200 ساڵ بۆ نووسین بەکار هاتبێت، ئەوە بەر لە 500 ساڵیش بەکرمانجی نووسراوە".

موئەیەد تەیب باس لەوە دەکات کە لە ساڵی 1926 کە ویلایەتی موسل بووە بەشێک لەعێراق تورکیا مەرجی ئەوەی سەپاند کە زمانی کوردی بە کارنەهێندرێ لەو ویلایەتە، لەو کاتەشدا بەریتانیا بەڵێنی بە تورکیادا ناوچەکانی بادینان دەخاتە سەر موسڵ و بەعەرەبی دەخوێنن لە ناوچەکانی دیکەش بە شێوەزارێکی جیاواز لە ناوچە کوردنشینەکانی ئەوان دەخوێندرێ هەروەها دەڵێ" سەردەمانێک تورک نەیاندەهێشت پەخشی رادیۆی کوردی بەغدا لەزاخۆ تێپەڕێت، بەسەر عێراقیاندا سەپاندبووکە تەنها هەتاکو زاخۆ بێت و نەگاتە جزیرێ، کاتێ رادیۆی کوردیش لەمیسر کرایەوە تورکەکان چوون داوایان کرد دابخرێ، لەساڵی 1939 تیپێکی تۆپی پێ بەناوی کوردستان لە شام هەبوو و جامی شامی بەدەستهێنابوو، چوون گوتیان نابێ ئەم تیپە هەبێت، لەساڵانی هەشتاکانیش باخچەیەکی ساوایانی کورد لە ستوکهۆلم کرابووەوە، تورکەکان گوتیان نابی ئەم باخچەیە هەبێت و ئەوە هەڕەشەیە بۆ سەر یەکێتی خاکمان، واتە ئەم هەوڵانەی تورکەکان بێگومان راستییەکیان بۆ هەبووەو بەردەوام بووە، بەڵام تورکیاش ئێستا پاشگەز بووەتەوە لەوەو ئێستا رێگا دەدات کە تەلەڤزیۆن و رادیۆی کوردیش دامەزرێنێ".

موئەیەد هیچ پێی سەیر نییە کە کەسێکی بادینی لەناو لیستی واژۆکەرانی بانگەوازەکەدایە کەئەویش فەتاح زاخۆیی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە و پێیوایە لەدهۆک خەڵکێک نییە پشتیوانی ئەو بانگەوازە بکات "ئەگەر یەکێکی بادینی وەک فەتاح زاخۆیی هەبێت پشتیوانی لەو بانگەوازە بکات ئەوە بەدەیان زمانزانی وەک ئەمیرحەسەنپوور و حەسەنی قازی و رێبوار فەتاحیش هەن کە دژی ئەو بانگەوازەن، خەڵکی دهۆکیش لەگەڵ ئەو بانگەوازەدا نین".

وەزیری پەروەردە لەهەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (رووداو)دا وێڕای پشتیوانی کەسیی خۆی لەم بانگەوازە، ئاماژەشی بەوەدا کە لەسەردەمی کۆماری کوردستان لەمەهاباد وحکومەتی شێخ مەحموود و شۆڕشی ئەیلوول و تا ساڵی 1995 کرمانجی نێوەڕاست زمانی فەرمی بووە، لەمبارەیەوە موئەیەد تەیب دەڵێت " وەک لەبەیاننامەکەشیاندا هاتووە ئەوان دەڵێن سۆرانی زمانی سێ حکومەت بووە، شێخ مەحموودو مهابادو حکومەتی ئێستا، با من پرسیارێکیان لێ بکەم باشە سنووری حکومەتی مهاباد چەند کوردستانی گرتبووەوە، حکومەتی مهاباد لەوێ دامەزرابوو بۆیە زۆر ئاساییە شێوەزارەکەی ئەوێ بەکاربهێندرێت، حکومەتی شێخ مەحموود لەسلێمانی دامەزرا و زۆر ئاساییە شێوەزاری سلێمانی زمانی ئەو حکومەتە بێت، وەک چۆن ئاسایی بوو زمانی میرنشینی بۆتان کرمانجی بێت، لەسەردەمی حکومەتی ئێستاشدا کە باسی دهۆک دەکەن، دەزانم لەساڵی 1991ەوە دوای ماوەیەکی کەم هەموو نووسراوە حکومیەکان بوونە کوردی، کە ئەوکات لەدهۆک کرمانجی بەکارهاتووەو لەهەولێرو سلێمانیش سۆرانی بەکار هاتووە".

هەروەها دەڵێ ئەوانەی ئەو بانگەوازەیان ئامادەکردووە، خاوەن بۆچوونێکی زۆر تووندوتیژی جیاواز لەو شێوازەن کە بانگەوازەکەیان پێ نووسیووە.

موئەیەد زۆر بەداخ و نیگەرانییەوە باسی ئەوانە دەکات کە داوا دەکەن تەنیا تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی بەکرمانجی سەروو بخوێندرێت و دەڵێت "هەندێک کەس گەیشتوونەتە ئەو پلە نزمە کە خۆیان بەلیبرالیش دادەنێن کەچی دەڵێن با تاکو پۆلی سێیەمی سەرەتایی کرمانجی هەبێت و دواتر نابێ هەبێت، کەچی لەوڵاتێکی وەکو سوێد ئەو مافە دابینکراوە بۆ کرمانجی و سۆرانی و زازایی، بەڵام لەکوردستان دەیانەوێ رێگە لەم مافە بگرن" .هەروەها دەڵێ"هەندێ کەس تا رادەیەک نزمبوونەتەوە دەڵێن با لە بادینان هەر بۆ خۆیان بە کرمانجی گۆرانی بڵێن و هەڵپەڕکێی لەبەر بکەن".

موئەیەد تەیب پێشنیازی ئەوە دەکا لەکوردستان، وەک بنەمایەکی مافی مرۆڤ بەکرمانجی و سۆرانی بخوێندرێت، لەناوچەکانی کرمانجی سەروو وانەی کرمانجی خوارووش هەبێ و بەپێچەوانەوە، چونکە وەک ئەو دەڵێت" ئێمە لەدەڤەری بادینان بڕیارمانداوە بە کرمانجی سەروو بخوێنین و کرمانجی خوارووش فێربین، من دەمەوێ منداڵەکانم هەردوو شێوەزار بزانن،هەولێرو سلێمانیش کەیفی خۆیانە و ئازادن" . هەروەها دەڵێت"باشترین چارەسەر ئەمڕۆ لەکوردستان ئەوەیە کە هەوڵبدەین هەرکوردێک هەردوو شێوەزار و ئەلفەبێ بەدروستی بزانێت، چ زیانێک لەوەدایە سلێمانییەک بچێتە دیاربەکرو لەشێوەزاری ئەوان تێبگات، من تەنیا یەک پرسیار لەوانە دەکەم کە داوادەکەن خوێندن بەسۆرانی بێت: بۆچی حیزبە کوردستانییەکان لەمیدیای خۆیان هەردوو زاراوە بەکاردێنن؟ ئەگەر پرسیار لەیەکێتی بکەین بۆچی دەنگوباسەکانتان بەسۆرانی و کرمانجی بڵاودەکەنەوە، وەڵامەکەیان ئەوەیە دەیانەوێ دەنگیان بگاتە هەموو کوردێک، باشە ئەگەر بۆ خەڵکی گەورە پێویست بێت دەنگوباسی تەلەڤزیۆن کە وێنەی لەگەڵە بەهەردوو شێوەزار بێت تا تێیبگەن، ئەی بۆچی بۆ منداڵێکی قوربەسەر ئاسانە بەشێوەزارێکی دیکە بخوێنێت؟".

موئەیەد تەیب دژی سەپاندنی هەر شێوەزارێک بەسەر خۆیاندا دەوەستێتەوەو دەڵێ "ئێمە لەبادینان بڕیاری خۆمانداوە بەکرمانجی و سۆرانی بخوێنین و، ئێمە منداڵ و قاسر نین تا خەڵکێک بێت ببێتە وەسی و برا گەورە بەسەرمانەوە، ئێمە خۆمان بڕیار دەدەین چ بخوێنین و چ نەخوێنین".

موئەیەد تەیب کە ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردییە لەبارەی بۆچوونی ئەکادیمیا لەمەڕ ئەو بابەتە باس لەوەدەکات ئەوان تا ئێستا چەندین کۆبوونەوەی بەرفراوانیان لەبارەی ئەو پرسەوە کردووەو گفتوگۆکانیشیان تا ئێستا بەردەوامن و بۆچوونی ئەندامەکانی ئەکادیمیاش یەک نییە "سێ بۆچوون هەن، یەکێکیان دەڵێ زمانی کوردی زمانێکی جووتستانداردە، بۆچوونێکی دیکە دەڵێ دەبێ تەنیا یەک شێوەزار هەبێت و دژی جووتستانداردیە، بۆچوونی سێیەمیش ئەوەیە کە داوا دەکات شێوەزارەکان تێکەڵ بکرێن، ئێمە لەئاکادیمیای کوردی هێشتا لەگفتوگۆکانی خۆمان بەردەوامین".

ئەو ئەندامەی ئەکادیمیای کوردی رەخنەی ئەوە لە واژۆکەرانی بانگەوازەکە دەگرێت لەبەر ئەوەی هەوڵیانداوە بوونی ئەکادیمیا پشتگوێ بخەن و داوایانکردووە دەزگایەکی هاوشێوەی ئەکادیمیا دابمەزرێ"سەیر ئەوەیە یەکێک لەوانەی ئیمزاشی کردووە ئەندامی کارای ئەکادیمیایە، ئەویش مامۆستا جەمال عەبدولە".

موئەید تەیب، پێیوایە هەر بڕیارێک کە بەسەر ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا بسەپێندرێ شێوازێکی تووندوتیژی وەردەگرێ ئەو دەپرسێ ئایا سیستەمی دیموکراسی لەگەڵ بڕیارێکی وادا دەگونجێ؟ هەروەها ئەو ئەندامە کارایەی ئەکادیمیای کوردی دەڵێ "سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەوە زاناتر و دووربینترە لە ژێرفشاری ئەم یان ئەو گرووپ بڕیارێک نەدات، کارێکی زۆر باشیش دەکات لەو پرسەدا هیچ بڕیارێک نەدات و ئەو پرسە بۆ زانا و رۆشنبیران بەجێبێڵێت".



## ئێمە لە بادینان بڕیارمانداوە بەکرمانجی و سۆرانی بخوێنین

موئەیەد تەیب

بەیان دزەیی، وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عێراق:

# وەزیری دارایی عێراق ئامادەیە پارەی عەقار بۆ 50 ملیۆن دینار زیاد بکات

**بەیان دزەیی، وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عێراق، لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باس لە کێشەی نیشتەجێبوون و چارەسەرەکانی و قەرزی خانووبەرە لە عێراق دەکات:**



## "پێشبینی دەکەم کوردستان وەک خەلیجی لێبێت"

بەیان ئیسماعیل دزەیی
- ساڵی 1978 بەشی ئەندازیاری شارستانی لە زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە.
- لە 1978/10/23 لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانی هەولێر دامەزراوە.
- یەکەم ئافرەت بووە وەک بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی شارەوانی دابمەزرێ.
- وەکیلی وەزیری شارەوانی هەرێمی کوردستان بووە.
- وەکیلی وەزیری ئیشغال و نیشتەجێکردنی هەرێمی کوردستان بووە.
- دووجار لە هەڵبژاردنەکانی ئەندازیارانی هەولێر یەکەم بووە.
- لە 2006/6/1 بووەتە وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عێراق.کە یەکەم ئافرەتە لە مێژووی عێراقدا ئەو وەزارەتە وەربگرێ.

**ڕووداو: ئێستا کێشەی نیشتەجێبوون لە عێراق لەچ ئاستێکدایە؟**

**بەیان دزەیی:** نیشتەجێبوون تەنگژەیەکی سەرەکییە لە هەموو عێراقدا، بەڵام کوردستان زۆر لە ناوەڕاست و باشووری عێراق لەپێشترە لەو ڕووەوە. لە هەرێمی کوردستان لەمێژە دەست بە دابەشکردنی زەوی کراوە، هەر خۆم کە لە وەزارەتی شارەوانی کوردستان بووم 34000 پارچە زەویم بە سەر هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەدا دابەشکرد. بەڵام لە ناوەڕاست و باشوور چەندین ساڵ بوو زەوی دابەشنەکرابوو، کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون دروستنەکرابوون. ئەو ئاسانکارییەی بۆ وەبەرهێنان لەکوردستان هەیە، تازە وا لە بەغدا دەستپێدەکرێ. هەروەها بەهۆی نائارامی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، هەموو کۆمپانیاکانیش ڕوویان لەکوردستانە، لەبەر ئەوە پێشبینی ئەوە دەکەم هەولێر یاخود بڵێین کوردستان وەک خەلیجی لێ بێ. وەک وەزیرێکی عێراقی کە دەچمە هەر دەوڵەتێک هەموو کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا و ئەورووپی و عەرەبی و وڵاتانی دەوروبەر کە لەگەڵم دادەنیشن داواکاریی یەکەمیان ئەوەیە بێنە کوردستان، چونکە ئاسایش و ئاسانکاریی وەبەرهێنانی زۆرە. من وەک وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عێراق بۆ هەموو عێراق هەوڵدەدەم، زۆر وەبەرهێنەر هەیە لە ڕێگەی ئێمەوە هاتوون بۆ کوردستان چونکە کوردستانیش بەشێکە لەعێراق.

**ڕووداو: واتە ئێوەش هانیاندەدەن بێن بۆ کوردستان؟**

**بەیان دزەیی:** بێگومان چونکە کوردستانیش بەشێکە لە عێراق و خۆشم وەزیرێکی کوردم. من زۆر دڵم خۆشە کە زەمینەکە لە کوردستان لەبارە. هەرێمی کوردستان زوو یاساکانی خۆی هەموارکرد، کە من لە وەزارەتی شارەوانی بووم زۆر یاسامان گۆڕین و کارمان بۆ قەرەبووکردنەوەی خاوەن موڵکەکان کرد، بۆ نموونە لە گەڕەکی خاتوونئاوە کە زەویمان لە کەرتی حەفت و هەشت دابەشکرد، کاتێک زەوی ئەو خاوەن موڵکانەمان برد و بەسەر خەڵکدا دابەشمان کرد، خاوەن موڵکەکانیشمان لەبیر نەکردن، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانانی عومرانی ئەو کات تەحسین شەریف بوو و چەند پسپۆڕێکی دیکە دانیشتین، یاسایەکمان دارشت، لە سەت پارچە زەوی، هەشتی بۆ خاوەن موڵکەکە بێ. هەتا ئێستا ئەوە لە حکوومەتی ناوەندی نییە. بەڵام ئێستا هەڵمەتێکی گەورە بە پشتیوانی مالیکی هەیە، دەستەی وەبەرهێنانمان دانا، یاسای وەبەرهێنان پەسەند کرا و هەموو ئاسانکارییەک هەیە، من دەرگام کردووەتەوە هەر وەبەرهێنەرێک بێت بۆ هەر ئیشێک، لە قاهیرە و عەممان و ئێران و تورکیا و لە زۆر دەوڵەتی دیکە زۆر وەبەرهێنەرمان بینین و پێمانگوتوون دەرگا کراوەیە و ئاسانکاریش هەیە.

**ڕووداو: چەند کۆمپانیای وەبەرهێنان لە بواری ئاوەدانکردنەوە هاتوونەتە عێراق؟**

**بەیان دزەیی:** زۆر کۆمپانیا هاتوون. هەندێ کۆمپانیا پێشنیاری زۆر گەورەیان هەیە. ئێستا دەمانەوێت هەموو بوارەکان بە ئاراستەی کەرتی تایبەت بەرین، بۆ نموونە وەزارەتی گواستنەوە هەموو کارەکانی لە سەر حکوومەت بوو ئێستا هێڵەکانی شەمەندەفەر و بەندەرەکان هەموویان بڕیارە حکوومەت بیانداتە دەست کەرتی تایبەت، تەنانەت بیرمان کردووەتەوە ڕێگەوبان و فرۆکەخانەکانیش بدەینە کەرتی تایبەت.

## هەموو کۆمپانیا گەورەکانی جیهان داوای هاتنە کوردستان دەکەن



**ڕووداو: تۆ دەسەڵاتێکی تەواوت بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاوەدانکردنەوەی هەموو عێراقدا هەیە؟**

**بەیان دزەیی:** وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پەیوەندییەکی زۆر باشی هەیە لە گەڵ هەموو پارێزگاکان. مەدحی خۆم ناکەم، بەڵام سەرەڕای دژواری بارودخەکە، کە تائێستا چەند جار کەوتوومەتە بەر هەڕەشە و پاسەوانێک و چەندین فەرمانبەرم تیرۆرکراون، تەنانەت لە یەک چرکەدا لە ژووری خۆم هەواڵی 43 شەهیدی وەزارەتەکەمم بۆ هات کە لە دەوام کوژران، ئەو قوربانیانەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە داویەتی زۆر زۆرن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا لە ساڵی 2007دا 322 پرۆژەمان تەواو کرد. ئەو ڕێژەی تەواوکردنەی من پێشبینیم دەکرد 60 یان 70%بوو، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی پلاندانان و دارایی و لیژنەی ئابووری توانیمان بگەینە 78% جێبەجێکردن، ئەو ڕێژەیە لەو دۆخەدا زۆر زۆرە. بەتایبەتیش بۆ وەزارەتەکەمان.

**ڕووداو: ئەوەی ئێوە دروستی دەکەن، دەمێنێتەوە یان دیسان بە تەقینەوە تێکدەدرێنەوە؟**

**بەیان دزەیی:** نەخێر پرۆژەکانمان زۆر کەم تێکدەدرێنەوە، قوتابخانەیەک لە بوهرز لە ناوچەی دیالا تەقێنرایەوە. گرووپە تیرۆریستەکان زۆر مەراقیان ڕووخاندنی پردەکانە، تا ئێستا لە عێراقدا 28 پرد تەقێندراونەتەوە. من ماندووبوونەکەم زۆرتر لە پردە. زۆر ناوچەش هەیە ناوچەی گەرمن ناتوانین بگەینە ئەو شوێنانە بە تایبەتی لە ناوەڕاستی عێراق و ماوەیەکیش بەسرە. هەر ناوچە و شارێک چەندە ئارام بێت، پشکی ئاوەدانکردنەوەی پترە. ئەو ناوچانەی بێبەش بوون هەوڵدەدەم قەرەبوویان بۆ بکەمەوە بۆ نموونە تکریت، دیالا و ئەنبار لە ساڵی 2007 پشکیان لە کۆمەڵگەی نیشتەجێبووندا نەبوو، لە 2008یش لە بوودجەکەدا نین، بەڵام داوام لە وەزارەتی پلاندانان و دارایی کرد و بۆیان دانان و دوای مانگی شەش رادەگەیێندرێن.

**ڕووداو: ئەو کۆمەڵگەیانەی نیشتەجێبوون چۆن دەدرێنە خەڵک؟**

**بەیان دزەیی:** ئەو کۆمەڵگانەی نیشتەجێبوون، هەر باڵەخانەیەکی سێ نهۆمە، زۆربەشیان لە 540 یەکەی نیشتەجێبوون پێکدێ، هەموو پێداویستییەکی ژیانیان تێدایە، وەک ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دەیانبینین، لە قوتابخانە، لانەی ساوایان، بازاڕگە، نەخۆشخانەو بنکەی پۆلیسی تێدایە، وەکو شارۆچکەیەکی تەواو کە هیچ پێویستی بە دەرەوەی خۆی نەبێ و شوورەشی هەیە. لە هەندێ پارێزگا دوو کۆمەڵگە دەستیان پێکراوە، بۆنموونە کەرکوک.

**ڕووداو: ئەو شوقانە دەدرێنە کێ و چۆن دەدرێن؟**

**بەیان دزەیی:** سەرەتا مالیکی وتی بۆ مامۆستایەکانی زانکۆ بن، بەڵام ئێستا بیرمان کردەوە بۆ ئەوان هەر لەناو زانکۆ بکرێن یان لە نزیک زانکۆکانیان باشترە، بۆ فەرمانبەرانی دیکەش لەنزیک شوێنی کار کردنیان بکرێن. دوو جار لەگەڵ سەرۆک وەزیران لەو بارەیەوە دانیشتووم و ئەمینداریێتی گشتیم لەگەڵ بووە تا بڕیارێکی کۆتایی بدەین ئەوانە بدەینە کێ. سەبارەت بە تاپۆکردنی خانووە حکومییەکانیش قسەمان کردووە ئەوانەی لەلایەن خەڵکەوە دەستیان بەسەرداگیراوەلە ناوەڕاست و باشووری عێراق، من و چەند وەزیرێکی دیکە بۆچوونمان ئەوەیە، بفرۆشرێنە ئەوانەی تیایاندان، بەڵام بەمەرجێک بینایەکان جوان بکەنەوە.

**ڕووداو: بە گوێرەی ڕووپێویک کە لەگەڵ ڕێکخراوی هابیتات کردووتانە، دەرکەوتووە عێراق پێویستی بە 2500000 خانووە، ئەو ڕووپێوە کوردستانیشی لەگەڵدابوو؟**

**بەیان دزەیی:** ڕووپێوەکە لە سەرتاسەری عێراق کراوە، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، تێیدا دەرکەوتووە عێراق تاوەکو ساڵی 2015 پێویستی بەو ژمارە یەکەی نیشتەجێبوونە هەیە. من وامکرد لە کوردستان نوێنەرمان لەو پرۆسەیەدا هەبێ. ئێستاش لێکۆڵینەوەیەکی دیکە ئامادە دەکەین کە هەندێک گەڕەکی کۆن لە شارەکاندا بپارێزین و نۆژەنبکرێنەوە، دوو ئەزموونمان لە دیوانییە و ناسرییە و ناوچەیەک لە بەغدا کردووە، داوامان کرد لە کوردستانیش ئەو ئەزموونە بکرێت، بۆ ئەوە مەبەستە گەڕەکێکی کۆنمان لە رواندز دەستنیشانکردووە.

**ڕووداو: ئاوارەکانی کەرکوک زۆریان گەڕاونەتەوە و هیچیان بۆ نەکراوە، هەندێکیان لە سەربازگە و هەندێکیان لە بن خێوەت دەژین، لەو ڕووەوە هیچ هەوڵێکتان داوە؟**

**بەیان دزەیی:** بۆ کەرکووک وەکو وەزارەت و سەرۆکی لیژنەی (پرۆژەی نیشتەجێکردنی نیشتمانی) پرۆژەیەکی دیکەمان بەدەستەوە بوو بۆ پارێزگاکانی عێراق، جگە لە هەرێم چونکە لێرە چەندان ساڵە زەوی دابەشدەکرێ. پرۆژەکە بۆ پێنج توێژی کۆمەڵگەیە، هەر یەکەو 200 مەتر زەوییان پێبدرێت، ئەوانیش: خێزانی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی، ڕاگوێزراو و دەرکراوەکان، فەرمانبەرانی کەمدەرامەت و خانەنشینکراوەکان. لە زۆربەی پارێزگاکان لە ڕێگەی وەزارەتی شارەوانییەوە دەستکراوە بەدابەشکردنی زەوی. بەڵام لەکەرکوک هەندێ کێشەی موڵکداری و دەست بەسەرداگرتن ڕێگربووە لەبەردەم ئەو پرۆسەیەدا. پارێزگاری کەرکووکم بینی. ئەوانەی ئەو پارچە زەویانە وەردەگرن دەتوانن 30 ملیۆن دیناری قەرزی خانووبەرە (سلفە العقار) وەربگرن.

**ڕووداو: ئەی سندووقی نیشتەجێکردن چی بەسەرهات؟**

**بەیان دزەیی:** ئەو سندووقە هیچ ڕۆڵی نەما، چونکە لەکاتێکدا دانرا کە قەرزی ئاواکردنی خانوو نەدەدرا، ئەو سندووقە تەنیا بۆ فەرمانبەر و خانەنشینان دانرا، 15 ملیۆن لە شارەکان، 7500000دینار لە قەزاو ناحییەکان و 18 ملیۆن دیناریش لە بەغدا پێدەدان بەسودی 6%. ئەو سندووقە هەرچەندە لە ساڵی 2004 دانراوە، بەڵام چونکە کادر و لقی لە پارێزگاکان نەبوو و چالاک نەبوون، لە کۆی 300 ملیاری سەرمایەکەی تا ئێستا 70ملیاری خەرجکردووە. ئێستا بانکی قەرزی عەقاری دانراوە و، لقی لە هەموو پارێزگاکان، جگە لەسێ پارێزگاکەی هەرێم، هەیە و پارەکەی زۆرترە کە 30 ملیۆنە، سودیشی تەنیا عەقار 2% و لەوانەشە ئەو سودەش لابدرێ. بۆیە لەوەتەی ئەو قەرزە هاتووە سندووقەکە تووشی ئیفلیجبوون بووە، هەرچەندە ئێمە بڕەکەیمان لە 15 ملیۆنەوە کردە 25 ملیۆن. فەرمانبەرێک بۆچی بچێ 15 ملیۆن بە 6% سود وەربگرێ و بۆ نەچێ 30ملیۆن بە 2% سود وەربگرێ.

## داوا لە وەزیری دارایی عێراق دەکەم قەرزی عەقار بداتە هاووڵاتیانی کوردستانیش

وەرگرتنەکەشی ئاسانە و وەکو قەرزی سندووقەکە 4 مانگ ناخایێنێ، بەڵکو قەرزی خانووبەرە یەکسەر دەدرێ، بۆ فەرمانبەران و هاووڵاتیانیش وەکو یەکە، بەمەرجێک عێراقی بێت و سەنەدی موڵکداری 200 مەتر زەوی هەبێ. هەروەها بەڕێژەیەکی کەمتر دەدرێتە خاوەن 150 مەترییەکانیش. ئێستا هەوڵیشماناداوە بکرێتە 50 ملیۆن، چونکە ئەگەر داواکاری زۆربوو، ئەوا نرخی کەرەستەی ئاواکردنی خانووبەرە زۆر دەبێ.

**ڕووداو: خەڵکی کوردستان بە قەرزی سندووقەکەش مەمنونە کەچی ئەویش نییە و لقی ئەو سندووقە لە کوردستان نەکراوەتەوە بۆچی؟**

**بەیان دزەیی:** زۆرجار قسەمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی کردووە، دەڵێن ئەو پارەیە لە بوودجەی خۆمانە. هەروەها لەوەتەی قەرزی خانووبەرەمان داناوە، وەزیری دارایی دەڵێ سندووقی نیشتەجێکردن هەڵدەگرم. بڕیار بوو کاتی خۆی زیاتر لە 30 ملیاری سندووقەکە بۆ کوردستان ڕەوانە بکەین، بەڵام وەزارەتی دارایی عێراق ڕێگەی نەدا بەو پاساوەی ئەوان دەڵێن ئەوە لە پارەی خۆمانە و حکومەتی کوردستان دەبێ لە 17% ەکەی ئەو پارەیە بدات. من کاتی خۆی هەر زوو کە گفتوگۆی 17% دەکرا بە برادەرانی خۆمان گوت کە وەزارەتی دارایی عێراق نیازی نییە نە سندووقی نیشتەجێکردن و نە قەرزی عەقاری بنێرێت بۆ کوردستان. ئەوان دەڵێن بچن لە 17% خۆتان داینێین هیچ پەیوەندیمان پێوە نییە. بەڵام حکومەتی کوردستانیش دەڵێ ئەوە قەرزە و پێویستە بەغدا بیدات. بەڕای منیش پێویستە ئەو بانکی خانووبەرەیەی کە لە بەغدا و پارێزگاکان دەکرێتەوەو 30 ملیۆن دەدات لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش بکرێتەوە.

**ڕووداو: کوردستان مافی ئەوەی هەیە ئەو داوایە لە بەغدا بکات؟**

**بەیان دزەیی:** من نازانم، من بەشداریی گفتوگۆکانی دانانی بوودجەم نەکردووە. بەڵام من حەزدەکەم کوردستانیش بگرێتەوەو داوا لە وەزیری دارایی عێراق دەکەم، کە ئەو سێ پارێزگایەش بگرێتەوە، چونکە زۆر گرنگە و لەوانەیە بکرێتە 50 ملیۆن. وەزیری داراییش خۆی دەزانێ کەمن هەمیشە ئەو داوایەم لێکردووە.

**ڕووداو: ئەو بوودجەیەی بۆ قەرزی خانووبەرە دانراوە چەندە؟**

**بەیان دزەیی:** نازانم، چونکە وەزارەتی دارایی ڕاستەوخۆ دەیکات.

**ڕووداو:لەکەیەوە دەستکراوە بەدانی ئەو 30 ملیۆنە؟**

**بەیان دزەیی:** لە 2008/1/1 دەستی پێکراوەو داواکارییەکی زۆر زۆری لەسەرە لەلایەن هاووڵاتیانەوە.

**ڕووداو:لەوانەیە بکرێتە 50 ملیۆن؟**

**بەیان دزەیی:** لەگەڵ وەزیری دارایی عێراق دایشتووین و ئامادەیی پیشاندا.

**ڕووداو: چیرۆکی ڕێی دووسایدی هەولێر-کەرکوک گەیشتە کوێ؟**

**بەیان دزەیی:** من ئەو ڕێگەیەم کردە دوو بەش، لەگەڵ بەڕێوەبەر و ڕاوێژکارەکانم دانیشتم، نزیکەی 100 کیلۆمەترە و پارەیەکی زۆری دەویست. لە کەرکووک تا پردێ لە سەر حکوومەتی ناوەندییە، لەوێوە بۆ هەولێر لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، بیرمان کردەوە چۆن ئەو پارەیە دابین بکەین، ساڵی 2006 لە وەزارەت دانیشتین، وامان دانا هەولێر- پردێ کە بەشی حکوومەتی هەرێمە خستمانە سەر قەرزی بانکی نێودەوڵەتی بەبڕی 45 ملیۆن دۆلار. کەرکووک- پردێمان خستە سەر بوودجەی وەزارەتەکەی خۆمان، بە هەوڵی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی کەرکووک و پارێزگاری کەرکووک و کادیرەکانی ئەوێ ئیشێکی زۆر باشیان کردووە و ئێمەش پارەمان لێ ڕانەگرتوون.

**ڕووداو: لە دیوی هەولێر-پردێ هیچ نەکراوە، زۆر جار دەگوترێ بەغدا و بانکی نێودەوڵەتی هاوکار نین، ئەوە چۆنە؟**

**بەیان دزەیی:** نەخێر وانییە. بەر لە ماوەیەک لە عەممان لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی دانیشتین، بە پێچەوانەوە ئەو دیوە زۆر چالاکترە. عومەر ئیبراهیم کە بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە و سەبیح عەلی جاریش لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی عێراق، بەردەوام لە عەممانن و لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی دادەنیشن.

**ڕووداو: ئەی بۆ دەستی پێ نەکردووە؟**

**بەیان دزەیی:** بانکی نێودەوڵەتی ئیشیان زۆر وردە و خەتای ئەوانیش نەبوو، دوو جار چوومە ئەمریکا هەردوو جار باسم لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی کرد، ئەوان خۆیان لەعەممان داوایان لێکردم ئەو دۆسییە بجووڵێنم. ئەوە قەرزە و حکومەتی عێراق دەبێ بیداتەوە. هەنگاوەکانیشی زۆربوون لە نێوان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان و وەزارەتی دارایی دا. ئەو پارەیە پارەیەکی زۆرە 500 ملیۆن دۆلارە و هەر بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نییە، بەشی وەزارەتەکەی ئێمە 135 ملیۆنە، کە 45 ملیۆنی بۆ ئەو ڕێگایەیە و ئەویدیکەی بۆ چەند پرۆژەیەکی دیکەیە. جاری دووەم کە چوومەوە لایان زۆر سوپاسی لایەنی کوردستانیان کرد و هاتمەوە هەنگاوەکانی بەغدام بەگوڕخستن، پێشبینی دەکەم بەم زووانە کارەکانی ئەم دیوەش دەست پێبکات. هەوڵی من زۆر لەوەدا هەبوو. هەر لەو قەرزە 500ملیۆنییە، 40 ملیۆن دۆلاری دەدرێتە پرۆژەی کارەبای دوکان و دەربەندیخانە.

**ڕووداو: زیانلێکەوتووانی لافاو لە کوردستان چەندیان بۆ خەرجکرا؟**

**بەیان دزەیی:** من بە ئیمزای دەستی خۆم ساڵی 2007 زیاتر لە 46 ملیار دینارم بۆ وەزارەتی دارایی کوردستان نارد، بۆئەو مەبەستە.

**ڕووداو: چۆنێتی خەرجکردنەکەی بۆ ئێوە گەڕاوەتەوە؟**

**بەیان دزەیی:**بۆ وەزارەتەکەی ئێمە نەخێر. بەڵام بێگومان لە کاتی تەسفییەکردنی بوودجەدا وەزارەتی دارایی کوردستان لە گەڵ وەزارەتی دارایی عێراقدا تەسفییەیان کردووە.

**ڕووداو: چیتان کردووە بۆ ئەو گوند و پردانەی بەر هێرشی تورکیا کەوتن؟**

**بەیان دزەیی:** لە سەر داوای هەرێمی کوردستان شاندێکمان نارده کوردستان و زیانەکانیان خەملاندووە، بەڵام هێشتا بەدەستم نەگەیشتووە تا منیش پێشکێشی بکەم و قەرەبووکردنەوەکە وەربگرین و دەست بە چاککردنەوەیان بکەین.

**ڕووداو: ئێوە هەر پردەکان چاکدەکەنەوە، یان خانووە زیانلێکەوتووەکانی خەڵکیش؟**

**بەیان دزەیی:** تەنیا پردەکانیان بە ئێمە گوتووە، پێنج پردە. کەس بۆ خانووەکان بە ئێمەی نەگوتووە. ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوا بکات ئێمەش ئەگەر خانووی زیانلێکەوتوو هەبێ بێگومان دروستی دەکەینەوە.

## 40 ملیۆن دۆلار بۆ کارەبای دوکان و دەربەندیخان تەرخاندەکرێ

# دەقی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی میری و کەرتی گشتی

**ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2008/5/4 یاسای مووچەی فەرمانبەرانی میریی و کەرتی گشتی پەسەند کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:**
**نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک کۆمار 2008/5/4**

**بڕیاری ژمارە 14**

بەگوێرەی بڕیاری پەسەندکراوی ئەنجوومەنی نوێنەران بە پشتبەستن بە مادەی (61/ یەکەم) لە دەستوور و حوکمەکانی بڕگەی (پێنجەم/ئەلف) لە مادەی 138 لە دەستوور، ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی لە دانیشتنی ڕۆژی 2008/5/4 ئەم یاسایەی دەرکرد:

یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە 22 لە ساڵی 2008

**مادەی: 1**

ئامانجی ئەم یاسایە ڕێکخستنی مووچەی ئەوانەیە کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بۆ دابینکردنی ئاستێکی بژێوی باشتر، بە ڕەچاوکردنی ئاستی زانستی و پیشەیی و پێگەی جوگرافی و مەترسی و ساڵانی خزمەت و باری کۆمەڵایەتی.

**مادەی: 2**

حوکمەکانی ئەم یاسایە بە سەر فەرمانبەرانی پلە یەک و بۆ خوارەوە جێبەجێ دەبێت بە گوێرەی خشتەی مووچە و زیادەی ساڵانەی هاوپێچی ئەم یاسایە.

**مادەی: 3**

**یەکەم:** پلەی فەرمانبەران و زیادەی ساڵانە و ماوەی بەرزکردنەوە (تەرفیعات)یان بە گوێرەی خشتەی مووچە و زیادەی ساڵانە دەبێت کە هاوپێچی ئەم یاسایەیە.

**دووەم:** ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە بڕی مووچە، ئەوەی لە خشتەی مووچەی هاوپێچ لەم یاسایەدا هاتووە بە گوێرەی ڕادەی هەڵاوسان بگۆڕێت بۆ ئەوەی کاریگەری ئەو هەڵاوسانە لەسەر ئاستی گشتیی بژێوی فەرمانبەران کەم بکاتەوە.

**سێیەم:** گۆڕینی ڕێژەی مووچە کە لە بەندی (دووەم)دا هاتووە بە دانانی ساڵی بنچینەیی دەبێت و مێژووی دەستبەکاربوونی ئەم یاسایە بە ساڵی بنچینەیی یەکەم دادەنرێت.

**مادەی: 4**

**یەکەم:** بە لەبەرچاوگرتنی حوکمە پەیوەندارەکانی پێناسەکردنی پۆستەکان، هەڵگری ئەم بڕوانامانەی خوارەوە یان بەرابەریان بەو مووچەیەی دیاریکراوە دادەمەزرێن بە گوێرەی خشتەی مووچەو زیادەی ساڵانە کە لە هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتووە.

ا- ئەوەی هیچ بڕوانامەیەکی خوێندنی نییە لە خانەی یەکەم لە پلەی دەیەم بە مووچەی 140 هەزار دینار دادەمەزرێت.

ب- هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی لە خانەی چوارەم لە پلەی دەیەم بە مووچەی 152 هەزار دینار دادەمەزرێت.

ج- هەڵگری بڕوانامەی ناوەندی لە خانەی یەکەم لە پلەی نۆیەم بە مووچەی 185 هەزار دینار دادەمەزرێت.

د- هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بە هەموو بەشەکانییەوە بە ئامادەیی پیشەییشەوە لە خانەی یەکەم لە پلەی هەشتەم بە مووچەی 240 هەزار دینار دادەمەزرێت.

هـ- هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگە ئەوانەی پاش ئامادەیی پێویستیان بە 2 ساڵ خوێندن هەیە و پەیمانگەی مامۆستایان کە ماوەی خوێندن تێیدا 5 ساڵە لە دوای خوێندنی ناوەندی لە خانەی پێنجەم لە پلەی هەشتەم بە مووچەی 260 هەزار دینار دادەمەزرێت.

و- هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ (بەکالۆریۆس) لە خانەی یەکەم لە پلەی حەوتەم بە مووچەی 296 هەزار دینار دادەمەزرێت.

ز- هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ لە دەرمانسازی یان پزیشکی ددان یان ڤێرتێرنەری یان ئەندازیاری یان بەرابەریان کە ماوەی خوێندن تێیاندا 5 ساڵ بێت بە لایەنی کەمەوە لە دوای خوێندنی ئامادەیی لە خانەی یەکەم لە پلەی شەشەم بە مووچەی 362 هەزار دینار دادەمەزرێت.

ح- هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان بەرابەری و کۆلیژی پزیشکی عێراقی یان بەرابەری کە ماوەی خوێندنی لە 6 ساڵ کەمتر نەبێت لە دوای خوێندنی ئامادەیی لە خانەی سێیەم لە پلەی شەشەم بە مووچەی 374 هەزار دینار دادەمەزرێت.

گ- هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا کە بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە 3 ساڵ خوێندن هەیە دوای زانکۆ، لە خانەی یەکەم لە پلەی پێنجەم بە مووچەی 429 هەزار دینار دادەمەزرێت.

**دووەم:** ساڵانی زیادەی خوێندن لە دوای وەرگرتنی بڕوانامە کە لە بەندی یەکەم لەم مادەیە هاتووە بە یەک زیادەی ساڵانە بۆ هەر ساڵێکی خوێندن دەژمێردرێت.

**مادەی: 5**

زیادەی ساڵانە دوای تەواوکردنی هەر فەرمانبەرێک بۆ یەک ساڵ خزمەت دەدرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی مادەی 9 لەم یاسایە.

**مادەی: 6**

**یەکەم:** بەرزکردنەوە (تەرفیع) بریتییە لە گواستنەوەی فەرمانبەر لە پلەیەکەوە بۆ یەک پلە بەرزتر لەوەی خۆی لە ڕیزبەندی فەرمانبەرێتی خۆیدا.

**دووەم:** بۆ بەرزکردنەوە دەبێت ئەم مەرجانە ڕەچاوبکرێن:

ا- هەبوونی پۆستێکی بەتاڵ لە پلە بەرزترەکەدا لە هەمان میلاکی هەمان بەڕێوەبەرایەتیدا.

ب- تەواوکردنی ماوەی دیاریکراو بۆ بەرزکردنەوە بە گوێرەی خشتەی هاوپێچی ئەم یاسایە.

ج- دەبێ فەرمانبەرەکە توانا و ئامادەیی بەڕێوەبردنی پۆستە پێشنیازکراوەکەی تێدا بێت.

د - سەلماندنی توانا و ئامادەیی فەرمانبەرەکە بۆ پۆستە پێشنیازکراوەکە بە نامەیەکی پشتگیری لە سەرۆکی ڕاستەوخۆی فەرمانبەرەکەو پشتگیریی سەرۆکی بەرزتر دەبێت.

**مادەی: 7**

**یەکەم:** بە فەرمانی وەزیر یان سەرۆکی ئەو لایەنەی سەر بە وەزارەت نییە یان وەکیلەکانیان لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێک کە پۆستەکەی لە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت و ئەندامێتی دوو ئەندام کە پۆستی هەر یەکیان لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت پێک دێت بۆ کاندیدکردنی فەرمانبەرەکان بۆ بەرزکردنەوە. دوای لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجەکانی بەندی دووەم لە مادەی شەشەمی ئەم یاسایە.

**دووەم:** بڕیاری بەرزکردنەوەکە لە لایەن وەزیر یان سەرۆکی ئەو لایەنەی سەر بە وەزارەت نییە دەردەچێ و بەرزکردنەوەکە لە مێژووی موستحەقبوونییەوە کاری پێدەکرێت.

**مادەی: 8**

**یەکەم:** ئەگەر مووچەی فەرمانبەرە بەرزکراوەکە لەگەڵ ئەو پلەیەی بۆی بەرزکراوەتەوە هاوتابوو، ئەوە مووچەی پلەیەک لەو پلەیەی بۆی بەرزکراوەتەوە دەدرێتێ.

دووەم: ئەگەر مووچەی فەرمانبەری بەرزکراوە کەوتە نێوان دوو خانەوە لەو پلەیەی بۆی بەرزکراوەتەوە، مووچەی خانە بەرزەکەی دەدرێتێ.

**مادەی: 9**

**یەکەم:** ئەگەر نەتوانرا فەرمانبەر بۆ پلەیەکی بەرزتر لەوەی خۆی بەرزبکرێتەوە یان نەتوانرا زیادەی ساڵانەی بدرێتێ بەهۆی گەیشتنی مووچەکەی بە بەرزترین ئاستی پلەکەی خۆی، دەکرێت زیادەی ساڵانەی پلەیەک لە خۆی بەرزتر وەربگرێت.

**دووەم:** فەرمانبەری خانەی 11 لە پلەی یەکەم بە بەردەوامی زیادەی ساڵانەی خۆی وەردەگرێت بە ڕادەیەک لە نزمترین ئاستی بەرزترین پلە (ب) تێنەپەڕێت.

**مادەی: 10**

دەرماڵەی پلەوپایە بەم ڕێژانە دەدرێن:

**یەکەم:** 30%ی مووچە بۆ ئەوانەی پۆستی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتییان لە چوارچێوەی پێکهاتەی ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتییەکەدا هەیە.

**دووەم:** 25%ی مووچە بۆ سەرپەرشتیارانی تایبەتمەند و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەری قوتابخانە و پەیمانگەکان و فێرکردنی پیشەیی.

**سێیەم:** 25%ی مووچە بۆ ئەوانەی بەڕێوەبەری پێکهاتەن لە خوار ئاستی بەڕێوەبەرایەتی لە چوارچێوەی پێکهاتەی ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتییەکەدا.

**چوارەم:** 20%ی مووچە بۆ بەڕێوەبەری بەش.

**پێنجەم:** 15%ی مووچە بۆ یاریدەدەرانی بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و پەیمانگەی پیشەیی و یاریدەدەرانی پێکهاتەکان کە لە هەردوو بەندی سێیەم و چوارەمی ئەم مادەیە هاتوون.

**مادەی:11**

**یەکەم:** دەرماڵەی بڕوانامە بەم ڕێژانە دەدرێن:

ا- 100%ی مووچە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا یان بەرابەری.

ب- 75%ی مووچە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر یان بەرابەری.

ج- 55%ی مووچە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا کە ماوەی خوێندنی لە دوای زانکۆ لە یەک ساڵ کەمتر نەبێ.

د- 45% ی مووچە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆ (بەکالۆریۆس)

ە- 35% ی مووچە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی فەنی و مامۆستایان ئەوانەی هیچ بڕوانامەیەکیان لەوانەی لە بڕگەکانی (ا) و (ب) و (ج) و (د)ی ئەم بەندە نییە.

و- 25%ی مووچە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی بە هەموو بەشەکانییەوە و هەروەها ئامادەییە پیشەییەکان.

**دووەم:** دەرماڵەی پیشەیی بە بڕی 15% لە مووچە دەدرێتە هەڵگرانی ئەو بڕوانامانەی لە بەندی یەکەم لەم مادەیە ناویان نەهاتووە.

**مادەی: 12**

دەرماڵەی پێگەی جوگرافی بەم جۆرەی خوارەوە دەدرێت:

**یەکەم:** (60000) بۆ ئەوانەی لەناوچەی فرەدوور کار دەکەن.

**دووەم:** (50000) بۆ ئەوانەی لە ناوچە گوندنشینەکان کار دەکەن.

**سێیەم:** (40000) بۆ ئەوانەی لە سەنتەری ناحییە کار دەکەن، بەڵام ئەو ناحییانە نا کە کەوتوونەتە سەنتەری پارێزگا و قەزاکانەوە.

**چوارەم:** (30000) بۆ ئەوانەی لە سەنتەری قەزا کار دەکەن، بەڵام قەزای مەرکەزی پارێزگا نا.

**پێنجەم:** (20000) بۆ ئەوانەی لە سەنتەری پارێزگا کار دەکەن، ئەوانەی گواستنەوەی بەخۆڕایی نایانگرێتەوە.

**مادەی: 13**

وەزیر یان سەرۆکی ئەو لایەنەی سەر بە وەزارەت نییە بۆی هەیە دەرماڵەی مەترسی پیشەیی لە نێوان 25% تا 30%ی مووچە بدات بە گوێرەی ئەو ڕێنماییانەی وەزیری دارایی دەریاندەکات.

**مادەی: 14**

**یەکەم:**

ا- فەرمانبەری هاوسەرگیر دەرماڵەیەک بە بڕی (50000) وەردەگرێت و دەدرێتە یەکێکیان ئەگەر ژن و مێرد هەردووکیان مووچەخۆر یان خانەنشین بوون.

ب- ئەو ژنە فەرمانبەرەی مێردەکەی مردووە یان بەهۆی نەخۆشییەوە لەکار کەوتووە دەتوانێت ئەو دەرماڵەیەی لە بڕگەی یەکەم لەم بەندەدا هاتووە وەربگرێت ئەگەر مووچەی خانەنشینی نەبێت.

**دووەم:**

ا- فەرمانبەری هاوسەرگیر دەرماڵەی منداڵ بە بڕی (10000) بۆ هەر منداڵێک تا منداڵی چوارەم وەردەگرێت.

ب- دەرماڵەی منداڵ تا تەمەنی هەژدە ساڵی دەدرێت لە کاتێکدا واز لە خوێندن بێنێت و داهاتی خۆی هەبێت.

**مادەی: 15**

ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە دەرماڵە بە بڕی 50%ی مووچە سەرباری ئەو دەرماڵانەی لەم یاسایەدا باس کران بدات بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەر پرسێک یان دۆخێکی نائاسایی و تایبەت.

**مادەی: 16**

بڕی پارەی دەرماڵە ڕێژەییەکان ئەوانەی لەم یاسایەدا باسکراون بە گوێرەی مووچەی دیاریکراو لە خشتەی هاوپێچی ئەم یاسایە دەژمێردرێت. بەردەوامیش کار بە دەرماڵەی مەترسی دەکرێت بە گوێرەی فەرمانی 30 ساڵی 2003 بە مەرجێک کۆی دەرماڵەکانی ئەو یاسایە و هەر یاسایەکی دیکە لە 200%ی مووچە تێنەپەڕێت جگە لە دەرماڵەکانی هەردوو مادەی 14 و 15ی ئەم یاسایە.

**مادەی: 17**

وەزیر یان سەرۆکی ئەو لایەنەی سەر بە وەزارەت نییە یان وەکیلەکانیان بۆیان هەیە داوا لە فەرمانبەران بکەن سەعاتی کاری زیادە لە دەرەوەی دەوامی فەلامی (بە مەرجێک لە 3 سەعاتی ڕۆژانە پتر نەبێت) کار بکەن و کرێی ئەو سەعاتە زیادانەیان بە گوێرەی ئەو ڕێنماییانە دەدرێتێ کە وەزیری دارایی دەریدەکات و ئەو کرێیەش بە گوێرەی ڕێژەی دیاریکراو لە مادەی 16ی ئەم یاسایە دیاری دەکرێت.

**مادەی: 18**

فەرمانبەرانی وەزارەت یان ئەو لایەنەی سەر بە وەزارەت نییە ئەوانەی یاسای تایبەتی خزمەت دەیانگرێتەوە دەرماڵەکانیان وەردەگرن بە گوێرەی ئەو یاسایانە بەرەچاوکردنی حوکمەکانی مادەی 16ی ئەم یاسایە.

**مادەی: 19**

فەرمانبەرانی هەرسێ دەستە سەرۆکایەتییەکە (ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران) و فەرمانبەرانی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆ ئەوانەی سەربازیین دەرماڵەکانی ئێستایان لە بری ئەوەی لەم یاسایەدا هاتووە وەردەگرن تا دەرچوونی یاسای خزمەتی تایبەت بە خۆیان.

**مادەی: 20**

هەردوو مادەی سێیەم و پێنجەم لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960 هەڵدەگیرێت.

**مادەی: 21**

فەرمانی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (هەڵوەشاو) ژمارە 30 ساڵی 2003 هەڵدەگیرێت.

**مادەی: 22**

وەزیری دارایی ڕێنماییە پێویستەکان بۆ بەئاسانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**مادەی: 23**

ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە و لە 2008/1/1ەوە کارپێکراوە.

**جەلال تاڵەبانی (سەرۆک کۆمار)**
**عادل عەبدولمەهدی (جێگری سەرۆک کۆمار)**
**تاریق هاشمی (جێگری سەرۆک کۆمار)**

**هۆکارەکان:**

**بە مەبەستی پشتگیرکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی بە بەخشینی مووچەی باش و بۆ بەدیهێنانی ئاستێکی بژێوی باشتر بۆیان، ئەم یاسایە داڕێژراوە.**

* ئەم وەرگێڕانە فەرمی نییە و (ڕووداو) لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە.

# پارێزگاری هەولێر: کێشەی کارەبای هەولێر چارەسەر بووە

**ڕووداو-هەولێر**

لەو ڕێپۆرتاژەدا نەوزاد هادی قسە لەسەر چەند پرسێکی تایبەت بەهاووڵاتیانی شاری هەولێر دەکات، وەک دابەشکردنی زەوی بەسەر هاووڵاتیان، کارەبا، کێشەی بازاڕی هاوچەرخی هەولێر، گرفتی لۆرییە بارهەڵگرەکان و گرفتی وشکە ساڵی و چەند پرسێکی دیکە.

## بڕیار هەیەو زەوی ئامادە نییە

سەدان هاووڵاتی لە شاری هەولێر بەڵێنی وەرگرتنی زەوییان پێدراوەو بڕیاریش دەرچووە، بەڵام تائێستا زەوییان پێنەدراوە، پارێزگاری هەولێریش هۆکاری ئەوە بۆ تەواونەبوونی ڕێوشوێنە یاساییەکانی ئامادەکردنی زەوی بۆ دابەشکردن دەگەڕێنێتەوە .جگە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ زەویە دابەشکراوەکان .جگە لەوەی کە بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران دابەشکردنی زەوی تازە ڕاگیراوە.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر لەوبارەوە گوتی "بڕیاری کۆن هەیە بۆ دابەشکردنی زەوی، بەڵام زەوی ئامادە نەکراوە، 90 هەزار پارچە زەوی زیاتر دیاریکرا و بەشێکیشی دابەشکرا، بەڵام بەشێکی ئامادە نەکراوەو پێویستی بەئیفرازو دیاریکردنی پارچەکان و نەخشەی ناوچەکەو دانی ژمارە بەپارچەکان هەیەو ئەوانە تەواو نەبوون".

## 3500 شوققەکە چی بەسەر هات؟

جگە لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵگای نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان لەپارێزگاکانی دیکەی عێراق دروستدەکرێت،بەڵام حکومەتی کوردستان دەبێت لە 17%ی بودجەی خۆی ئەم دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونە تەرخان بکات.

پارێزگاری هەولێر لەو بارەیەوە دەڵێت "کوردستان دەبێت بە 17%ەکەی خۆی ئەو پرۆژانە بکات، چونکە لەپارێزگاکانی دیکەی عێراق وەزارەتی ئاوەدانکرنەوەو نیشتەجێبوون کردوویەتی ئێمەش وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەمان هەیەو ئەو شوقانەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانیش دەیکات لەبری ئەو پرۆژانەیە".

زیاتر لە سێ ساڵە دەستکراوە بەدروستکردنی 3500 یەکەی نیشتەجێبوون لەهەولێر،کە بەشەکەی کۆمپانیا ئەمریکییەکە تەواو بوە، بەڵام بەشە هەرە زۆرەکەی کە درابووە کۆمپانیای چەڤیکلەر گرفتیان تێکەوت و تەواو نەکراون، دوو ساڵە کارەکەی جێهێشتووە بەبێ ئەوەی سزاش بدرێ.

نەوزاد هادی لەبارەی ئەو شوقانەوە گوتی " ئێستا 1500 شوقە ئامادەن بۆ دابەشکردن و تەنیا گرفتی کارەباو هەندێک پێویستی ماوەو دەبێت ئەمساڵ دابەش بکرێن، هەرچەندە بۆچوونەکە وابوو هەر 3500 شوقەکە پێکەوە دابەشبکرێت، بەڵام پرۆژەی ئەو شوقانەی درابوونە کۆمپانیای چەڤیکلەر کێشەی تێکەوتووە و لێی سەندرایەوە، لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەدا زۆر گفتوگۆ کراوەو تەواوکردنیان پێویستی بە بوودجەیەکی دیکەیە".

## زیانلێکەوتوانی لافاو

زستانی ساڵی ڕابردوو لافاو زیانی زۆری بەچەند ناوچەیەکی کوردستان گەیاند، 42 ملیار دینار لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی عێراق بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان و چاککردنەوەی ئەو جێگایانە تەرخانکرا کە زیانیان لێکەوتووە. لەو 42 ملیارە 12 ملیار دیناری بۆ پارێزگای هەولێر تەرخانکرا، هەندێ لە هاووڵاتیان گلەیی لە چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو پارەیە دەکەن.پارێزگاری هەولێر وەڵامدەداتەوەو دەڵێ"لەو 12 ملیارەی خۆمان هەمووی لەپرۆژەکاندا خەرجکراوەو ئاشکرامان کردووە، هەندێکی بۆ قەرەبووکردنەوە بووەو هەندێکیش بۆ ڕێگەو پردو پرۆژە بووە، بەپلەی یەکەم بلێی ژێری و دۆڵی ڕوستێ زیانی زۆری لێکەوت و خانووەکانی بلەی ژێریش هەمووی دروستکرانەوە، 100%ی پارەکە هەمووی خەرجکراوە".

## باری لۆرییەکان سنوردار دەکرێت

لۆرییەکان لەپارێزگای هەولێردا زۆر زیاتریان لەو بارە هەڵدەگرت کە بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی لەدروستکردنی ئۆتۆمبیلەکاندایە دەبوایە هەڵیان بگرتایە، ئەمەش شەقامەکانی تێکدەدا.بۆ چارەسەری ئەو گرفتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگای هەولێر ڕێنمایی بۆ سنووردارکردنی بارەکان دەرکرد.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر ئەمە بۆ (ڕووداو) ڕووندەکاتەوەو دەڵێت"لەگەڵ نوێنەری پەرلەمان و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو شوفێری لۆری و قەلابەکاندا کۆبووینەوە سەبارەت بەو کێشەی قەلابەکان هەڵیدەگرن و چەند ڕێکەوتنێک لەنێوان هەموولایەنەکاندا کراوە ئێستا وەک قۆناخی یەکەم تاڕادەیەک ڕێکخراوە".

پارێزگاری هەولێر، دەڵێت" نابێت قەلابەکان لەو کێشەی کە بۆیان دیاری کراوە زیاتر هەڵبگرن، چونکە یەکێک لەهۆکارەکانی تێکچوونی شەقامەکان لەکوردستاندا بە هۆی ئەو کێشە زۆرەوەیە کە قەلابەکان و بارهەڵگرەکان دەیخەنە سەر شەقامەکان".

نەوزاد هادی، نمونەی بەرێگای هەولێر- پیرمام هێنایەوەو گوتی" شەقامی پیرمام بەشێوەیەکی زۆر ئەندازەیی دروستکراوە، بەڵام ئەو لایەی قەلابەی بەبارەوە بەسەریدا دەچن تێکچووە، هۆکاری سەرەکیش ئەو بارە زیادەیە کە هەڵیدەگرن".

## کێشەی بازاڕی هاوچەرخی هەولێر

بازاڕی هاوچەرخی هەولێر کە لەلایەن کۆمپانیای شەرقولئەوسەتەوە جێبەجێ دەکرێ، تا ئێستا تەواو نەبووە، ئەوەش وایکردووە هەندێ لەخاوەن دوکانەکان لە تەواوبوونی دوکانەکانیان ناڕەزای بن،بەتایبەتی کە کەمتەرخەمی کراوە لە قەرەبووکردنەوەی هەندێ لەو دوکاندارانە، لەهەمانکاتدا کۆمپانیاکەش گلەیی لە حکومەت دەکات و دەڵێت حکومەت خەریکە لەو ئاسانکاریانەی کەبەڵێنی پێدابوون دەست بکێشێتەوە.

نەوزاد هادی سەبارەت بە گرفتە دەڵێت "لەدەستپێکدا هەموو ئاسانکارییەکمان بۆ کرد، لەسەرەتاوە گرفتی زۆر بوو بۆ نمونە هی لەنگەکە، هەموو خەڵکەکەمان قەرەبوو کردەوەو دوکانمان بۆ دروستکردن، کۆمپانیاکە لەو گرێبەستانەی کە کردوویانە هەندێک گرفتیان بۆ دروستبووەو زۆر ڕوونکردنەوەی تێدا نەبووە، بۆنمونە ئەو شوێنانە دیاری نەکراون بەڕوونی،تەنیا وتراوە دوکانێکی دەدرێتی و لەماوەی ئەوەندە ساڵدا تەواو دەکرێت، بەڵام شوێنەکە کوێیە، دەبوایە لەگرێبەستەکاندا دیاری بکرابان".

نەوزاد هادی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە" پرۆژەکە دواکەوت و دەبوایە پاش دووساڵ ڕادەستی خاوەن دوکانەکانیان بکرابوویەوە، چونکە ئەو کەسەی کە پار دەخەوێنێت چاوەڕێدەکات جێگەکەی بدرێتێ بۆ ئەوەی ئیشی تێدابکات و مافێکی یاسایی خۆشییەتی داوای بکات".

ئێستا سەرۆکی حکومەتی کوردستان لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ بەدواداچونی کێشەی بازاڕی هاوچەرخی هەولێر، لەبارەی کارەکانی لیژنەکەش، نەوزاد هادی، ئەندامی لیژنەکە، دەڵێ" سەرۆکی حکومەت بڕیارێکی دەرکردو ئێمەش لەگەڵ دوکاندار و پارێزەرەکانیان و کۆمپانیاکە دانیشتین و ئێستا دەست بەکارێکی خێرا کراوەتەوە، کێشەی کۆمپانیا ئەوەبوو لەزۆر جێگە دەستی بەئیش کردبوو، لەکاتێکدا پێویست بوو تەنها لەو شوێنانە کاری بکردایە کە داینابوو بیدات بەو دوکاندارانە، بۆیە ئێمەش هەموو ئیشەکانمان ئێستا خستووەتە ئەو شوێنەی کە پێویستە بدرێتە دوکاندارەکان و بڕیارە مانگی هەشت تەواو بکرێت و هەتا مانگی یانزە دیکۆرات تەواوبکرێت و دوکانەکان بەکار دەکەون".

نەوزاد هادی ئەوە ناشارێتەوە کە هەندێک پێویستی هەیە دەبوایە حکومەت دابینی کردبا و تائێستا دابینی نەکردووە، ئەو دەڵێ "بەپێی یاسای وەبەرهێنان هەندێک خزمەتگوزاری لەسەر حکومەتە وەک پێویست جێبەجێنەکراوە، بۆ نمونە کارەبا، سەرۆکی حکومەتیش ئاگاداری وەزیری کارەبای کردووەتەوە کە کارەبای بۆ جێبەجێبکرێت و ئێمە هیچ پاشەکشەمان نەکردووە، چونکە یەکێک لەپرۆژە گرنگەکانی هەولێر و بەهەموو هێزێک پاڵپشتی دەکرێت و لەبەرژەوەندی حکومەتی کوردستان و شاری هەولێریشە، کێشەی خەڵکەکەش بەکێشەی خۆمان دەزانین".

## ئەم هاوینە کارەبا باش دەبێ

وێستگەی کارەبای 500 میگاواتی هەولێر کە بە وێستگەی ئەحمەد ئیسماعیل ناسراوە

### 1500 شوققە تەواو کراون و دابەشدەکرێن

تا ئێستا بەرهەمهێنانی ڕانەگەیاندووە، بەڵام ئێستا وێستگەکە کارەبا دەداتە چەند شوێنێکی پارێزگای هەولێر لەوانە وێستگەی پارکی هەولێر.

پارێزگاری هەولێر لەو بارەیەوە دەڵێت "تۆربینی یەکەم کەوتووەتە کار، کۆمەڵێک کاری گشتی هەیە بۆ هەر چوار تۆربینەکە کراوە، بۆنمونە شوێنی غازو موستەودەعەکەی و وێستگەی گواستنەوەی کارەباکە بۆ هەرچوار تۆربینەکە کراوە، تۆربینی یەکەم و دووەم ئیشی کردووەو ئێستا سێیەمیش ئیشی لەسەر دەکرێت".

لەبارەی دابینکردنی غازی پێویستیش بۆ پرۆژەکە، نەوزاد هادی وتی"کار لەبۆری غازەکەی دەکرێت و لەسەر بودجەی هاوبەشی هەولێر و سلێمانی زیاتر لە 200 ملیۆن لیتر گازوایلیش ڕەزامەندی لەسەر دراوە بۆ ئەوەی ئیش بەوێستگەی کارەباکە بکرێت تاوەکو ئەوکاتەی غازی پێویستی بۆ دابیندەکرێت".

نەوزاد هادی ئەوەشی ئاشکراکرد کە "پرۆژەی کارەبای هەولێر کارەبا دەدات، بەڵام ئەو برە نییە کە هەستی پێبکرێت، چونکە لەو بەشەی بۆ هەولێر دەهات کەمکراوەتەوە".

پارێزگاری هەولێر، گوتی "کێشەی کارەبای هەولێر چارەسەربووە، چونکە پرۆژەکە دروستبووە، تەنیا چەند کارێکی هونەری ماوە وەزارەتی کارەبا تەواوی نەکردووە، جگە لەهەولێریش ئەم ویستگەیە کارەبا دەداتە سلێمانی و لەو 500 مێگاواتە 250ی دەدرێتە هەولێر و 250ش بۆ سلێمانییە،ئەوە لەکاتێکدایە کە هەولێر هیچ هاوینێک 250 مێگاوات کارەبای نەبووەو ساڵی پار و پێرار هەمووی لەخوار 200 مێگاواتەوە بووە ئەوەی بۆ هەولێر دەهات، هەرچۆنێک هەبێت بۆ ئەمساڵ کارەبامان لەساڵان باشتر دەبێت".



نەوزاد هادی (فۆتۆ:ڕووداو)

## وشکەساڵی لەهەولێر کەمترە

مەترسییەکانی وشکەساڵی لەناوچەکانی دیکەی کوردستان زیاترە لەپارێزگای هەولێرو بۆیە بڕی ئەو پارەی بۆ پارێزگای هەولێر تەرخانکراوە کەمترە لەناوچەکانی دیکە.

پارێزگاری هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"بە تەخمینی 12 ملیار دینار بۆ پارێزگای هەولێر دیاری کراوە وەک قۆناخی یەکەم، شار بۆ شار گرفتەکان جیاوازن، ڕەوشی ئاوی خواردنەوەی هەولێر بەقەزاو ناحییەکانیش جیاوازە لەسلێمانی، دەمێنیتەوە زیانی جوتیاران، ئەوەشی دانراوە وەک چارەسەر پێویست دەکات بۆ ئاوی خواردنەوەی مرۆڤە ئەوجا مەڕوماڵات و پاشانیش کشتوکاڵ".

## قەڵای هەولێر پەیوەندی بە پارێزگاوە نەماوە

قەڵای هەولێر لەئەمساڵیشدا چەند بەشێکی دیکەی دووچاری داڕووخان بووەتەوەو کاری نۆژەنکردنەوەی قەڵاکەش بەهێواشی بەڕێوەدەچێت، پارێزگاری هەولێریش ئەوە دەخاتەڕوو کە "دەستەیەکی تایبەت هەیە لەئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی و قەڵای هەولێر پەیوەندی بەپارێزگاوە نەماوە".

### تەها بەرواری، وەزیری وەرزش و لاوان:

# لە کوردستان ئەگەر کار نەکەی کەس ناڵێ بۆ کار ناکەیت کە کاریشت کرد خەڵک باست دەکەن

**رووداو: بەڕای هەندێ کەس تۆ لە سوید دیبلۆماتکارێکی سەرکەوتوو بووی، هەستدەکەی لە کوردستان وەزیرێکی سەرکەوتوو بوویی؟**

**تەها بەرواری:** من بەگوێرەی بەرنامەیەک کارم کردووە،یەکێکیش کە لەدەرەوە بێت و وەزارەتێکی نوێ دابمەزرێنێ و لەگەڵ بیرۆکراتیەتێک کە پێی ئاشنا نییە کاربکات،ئەوە زۆر ئاسان نییە. بە لەبەر چاوگرتنی ئەمانە هەنگاوی جدیم هاویشتووە،بەڵام تا چ ڕادەیەک سەرکەوتووبووم یان سەرکەوتوو نەبووم ئەوە دەبێت خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی وەرزشوانان و لاوان بەویژدانەوە بڕیاری لەسەربدەن.

**رووداو: هۆی چییە وەزارەتی وەرزش و لاوان لە کابینەی شەشەمدا نامێنێت، ئێوە نەتانتوانی باش کاربکەن یان کەوتوونەتە بەرهەڵسەنگاندنێکی زاڵمانە؟**

**تەها بەرواری:** پێموایە ئەوە دژایەتیکردنی وەزارەتی وەرزش و لاوان نییە، بەڵکو رەخنەیەکی زۆر هەیە کە ژمارەی وەزارەتەکان زۆرە و هەندێکیان یەکدەخرێن، وەزارەتی ئێمەش ڕەنگە لەگەڵ وەزارەتێکی دیکە بتوانێت کار بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتەکەمان بەفکرەو پلانە و ڕۆژی 2008/4/23 لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا نەخشەی رێگەی لاوان و نەخشەی ڕێگەی وەرزشمان خستەڕوو،بۆ ئەوەی بیانکەینە بەرنامەی گفتوگۆی کۆنفرانسی وەرزشیی 2008/5/15 و کۆنفرانسی لاوانی 2008/5/16، بۆ ئەوەی ئەو دۆکیومێنتە دەوڵەمەند بکرێت و وەک ڕاسپاردە بدرێتە سەرۆکی حکومەت.

**رووداو: بۆچی نەخشەی ڕێگا بڵاودەکەنەوە لەکاتێکدا بڕیار درابێت ئەم وەزارەتە نەمێنێت؟**

**تەها بەرواری:** بەڵام پرسی لاوان و وەرزش هەردەمێنێت. ئێمە بەئینسافەوە کاری خۆمان دەکەین، ئەگەر یەکێک پێش ئەوەی من ببمە وەزیر گرفتەکانی بەشێوەیەکی زانستی لەبەردەمم دابنایە، ڕەنگە ئەوکات هەندێک خاڵ هەبوو پێویست نەبووایە خۆمی پێوە سەرقاڵ بکەم، ئێمە ترادیسیۆنێکی حکومەتیی زۆر مۆدێرن پێشکەش دەکەین لە ڕێگەی ئەوەی ئەزموونی خۆمان دەخەینە بەردەست ئەو بەرپرسانەی لە کابینەی شەشەمدا دەبن.

**رووداو: وەک ئەوەی یەکەم وەزیری وەرزش و لاوان بوویت، هەست دەکەیت ئەو وەزارەتە پێویستە بمێنێتەوە؟**

**تەها بەرواری:** لە هەردوو پرسی وەرزش و لاواندا لە کوردستان فەوزایەکی زۆر هەیە، گرووپی فشار لەناو ئەم توێژانەدا یەکجار

> **راگەیاندن رووی لە خەڵکی چالاکە و لەگەڵ سیستەمی تەمەڵدایە**

گەورەن.بەبێ ئەوەی ئامارێکم لەبەردەستدا بێت لەوانەیە 65% خەڵکی کوردستان بکەونە ژێر چەتری ئەم وەزارەتەوە، 100% ی وەرزشوانانیش دەکەونە ژێر ئەم چەترەوە، پێموایە بەردەوامبوونی کارێکی وا زۆر گرنگە و پێویستە سیستەمێک دابنرێت. بۆ وەرزش، هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونمەوە گوتوومە و ئێستاش دەڵێم وەرزش پێویستی بە کۆنفیدراسیۆنێکی وەرزشییە، حکومەت ئامانج و بودجە دیاری دەکات و بەدواداچوونی دەبێت، کۆنفیدراسیۆنی وەرزشی کار پیادە دەکات. بەم شێوەیە تۆ دەتوانیت وەرزش کاراتر بکەیت و وەرزشێکی باشتر پێشکەش بکەیت. ئەگەر تەماشا بکەی دەبینی وەرزشی کوردستان پێشکەوتووتر نییە لە 20 ساڵ پێش ئێستا، یانە زۆربوونە و توانای حکومەتی زیاتریان کەوتووەتە بەردەست، بەڵام لە شێوازی سود بینینەکە سەرکەوتوو نەبوون، ژمارەی یانەکان لەسێبەری حیزبدا زۆربووە، ئەمە وادەکات توانا و بەهرەی وەرزشی بەسەر رەنگە سیاسییەکاندا دابەش ببێت و بەوهۆیەوە توانای کوردستان یەکگرتوو نییە لەم بوارەدا.پێویستە گرنگی بە وەرزشی قوتابخانەکان و بەناوەندەکانی وەرزشی ناوخۆیی و کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی چالاک بکرێت . لە کوردستاندا کولتوری وەرزشیی لاوازە.

لەبواری لاوانیشدا ئەگەر تەماشا بکەی لە کوردستاندا خەڵک فێربووە باسی گرفت

دەکات بەبێ ئەوەی پێشنیازت بۆ بکات، ئێمە کێشە سەرەکییەکانی لاوانمان لە کوردستان دەستنیشان کردووە: نیشتەجێبوون، بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراسی، نزمی ئاستی فێرکردن و کێشەی بێکاری و هەژارییە. هاتووین درەختی کێشەکانمان بە پێی سیستەمی پلانڕێژیی LFA ڕیزکردووە.

**رووداو: کەواتە پێتوایە وەزارەتی وەرزش و لاوان پێویستە بمێنێتەوە؟**

**تەها بەرواری:** ئەوە ئەنجامگیریی خۆتە، بەڵام دەڵێم ئەو دووپرسە گرنگن و دەبێت تەرکیزیان لەسەر بکرێت، پێموایە بوونی وەزارەتێکی تایبەتمەند دەتوانێت تەرکیزی حکومەتیان لەسەر زیاتر بکات.

**رووداو: بەڵام ئێوەش تا ئێستا چارەسەرتان پێشکێش نەکردووە؟**

**تەها بەرواری:** دیارە ئاگاداری مەیدانیی کاری ئێمە نیت، فەرهەنگخانەکانی ئێمە ڕۆڵێکی زۆر مەیدانی دەبینن لە زۆر شوێنی کوردستاندا، گەنجی تێکەڵکردووەو فێری کاری خۆبەخشی کردووە، لەناوچە عەشایەرنشینەکانی کوردستان کچ و کوڕ پێکەوە کار دەکەن، ئەگەر زیاتر یارمەتی ژێرخانی فەرهەنگخانەکان بدرێت و بە ئامرازێکی تەکنیکی باش بەهێزیان بکەین و هەوڵبدرێت پەرەبستێنن ئەزموونێکی یەکجار سەرکەوتووە.

**رووداو: بەڵام کەسانێکی نزیک لە فەرهەنگخانەکانەوە دەڵێن ئەوفەرهەنگخانانە هیچ کارێکی چاوەڕواننەکراویان نەکرد؟**

**تەها بەرواری:** فەرهەنگخانەکانی ئێمە مووچەخۆرنین و خۆبەخشن، ئایا ڕێکخراوەکانی دیکە بەخۆبەخش کار دەکەن؟ سەیری فەرهەنگخانەی ئێمە لە قەڵادزێ بکەیت شوێنێکی وێرانیان بە هێزی خۆیی بەبێ ئەوەی پارە بەهەدەر بدرێت بنیات ناوە، جێگری سەرۆکی حکومەت پێش ماوەیەک چووە ئەو ناوچەیە تەنها شوێنێک کە توانی سیمیناری لێببەستێ ئەوێ بوو.

**رووداو: تۆ لە سوید ژیاویت کە وڵاتێکی دیموکرتە و خۆشت دەڵێیت دیموکراتیکم، بەڵام وەرزشوانان و ڕێکخراوەکانی لاوان گرفتیان لەگەڵ تۆ هەیەو دەڵێن کابرایەکی دیموکراتیک نییە، ئەمە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

**تەها بەرواری:** ئەوە بەهۆی ئەوەیە کە کولتورێکی رەهای بێسنووری وەرزشی و لاوان لە کوردستاندا هەیە، ئازادییەکی زۆر لە کارکردندا هەبووە، کۆنترۆڵێکی کارگێڕی لاواز هەبووە، ئێستا کە دەمانەوێت شتەکان بخەینەوە چوارچێوەیەکی حکومی و ئەگەر وەک نیمچە ریفۆرمێک تەماشای بکەین. هەموو ریفۆرمێک ئۆپۆزسیۆن دروست دەکات.

**رووداو:واتە لاوان و یانە وەرزشییەکان لە ریفۆرمی تۆ نارازین؟**

**تەها بەرواری:** ئەگەر 140 یانە لەکوردستاندا هەبێت بەپێی ئەو پرسیارانەی لە پسپۆرانی وەرزشیم کردووە، ئەو ژمارە زۆرەی یانەکان پرسی وەرزشی باشتر نەکردووە، ئەگەر یانەکان کەمتر بکرێن دەتوانرێت نیوەی ئەوپارەی بە یانەکان دەدرێت لە ژێرخاندا سەرفبکرێت. شتێکی دیکە کە من داوای دەکەم ئەوەیە کە من دەڵێم لە وەرزشدا هەموو حیزبێک بۆی هەیە چالاک بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە هەوڵبدەین کولتورێکی دیموکراسی تێکەڵ بەگیانی وەرزشی بکەین، ئایا ئەو گیانە وەرزشییەی کە وەرزشی پێناسراوە هەست دەکرێت لە کوردستاندا هەبێت؟ پێموایە ئەگەر هەشبێت زۆر لاوازە. لە بارەی ڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیانیش کێ هاتووە کێشەیەکی هەبووبێت، لە توانای ئێمەدا بووبێت و بەپێی سیستەمێکی حکومی بۆمان چارەسەر نەکردبێت، بەڵام ناکرێت

ڕێکخراوێکی لاوانی سەر بە حیزب کە توانای لە وەزارەتی ئێمە کەمتر نییە چاوەڕوانی ئەوەم لێبکات هاوکاری بکەم و کێشەکانی بۆ چارەسەر بکەم.هەروەها ئێمە کە جاربەجار بەوە تۆمەتباردەکرێین کە نامۆین بە کولتور و سیستەمی ئێرە، دیکۆمێنتی سیاسەتی داهاتوومان خستووەتە بەردەستی هەمووان بابێن گفتوگۆی لەسەر بکەن، ئایا ئەمە دیاردەیەکی دیموکراتی نییە .

**رووداو:لە نێو میدیای کوردیدا ئەو رۆژنامەنووسانەی ڕەخنەیان هەیەو توندن بەرامبەر حکومەت و حکومەتیش لێیان نارازییە زۆربەیان گەنجن، تۆ چیت کرد بۆ ئەوەی بتوانی لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووسە گەنجانە گفتوگۆیەک دروستبکەیت؟**

**تەها بەرواری:** پێموایە ئێمە توانیومانە دانوستانێک دروست بکەین، بەڵام کولتوورێک لێرەدا دروست بووە، بەشێکی زۆری ڕۆژنامەنووسەکانمان ئەکادیمی نین، وەک سەرۆکی حکومەتیش گوتی: ئەوەی بیەوێت خۆی بسەلمێنێ دێت دوو سێ رەخنە لە حکومەت دەگرێت بۆ ئەوەی بڵێن رۆژنامەنووسێکی ئازادو رەخنەگرە، لەهەموو وڵاتێک هەندێک هێڵی سوور هەیە، بەڵام لێرە رەچاو ناکرێن، سوید یەکێکە لە وڵاتە دیموکراتەکانی جیهان، ئێستا تۆ شتێک بنووسیت و بزانن زیان بە ئاسایشیان دەگەیێنێت بە شێوەی جۆراوجۆر نەک بە سیاسەت، سەرنووسەرەکەی بەبیانووی جۆراوجۆر دەداتە بەر مقەست، لێرە خەڵک دەیەوێت زانیاری لەسەر گرێبەستە نەوتییەکان لە ئەلفەوە تا یا بزانێت، حەزدەکات لە سیاسەتی رۆژانەدا چی لەگەڵ ئەمریکا دەگوترێ هەمووی بزانێت، لەهیچ وڵاتێکدا نییە تۆ بچیتە ناووردەکاری شتەکان بەو شێوەی لێرە هەندێک جار داوادەکرێت، ئەو هێڵە سوورانەی کە پێویستە لێرە ڕەچاو ناکرێن، یەکێکی وەک مایکڵ ڕۆبن شتێک دەنووسێ لێرە وەردەگێردرێت پێویستە دەقێک لە خوارەوە هەبوایەو ئەو دەقە بیگوتایە: ئێمە وەک رۆژنامە زنجیرەیەک وتاری مایکڵ رۆبنمان وەرگرتووە کە هەمووی لە بەرژەوەندی سیاسەتی تورکیایەو دژ بە فیدراڵی کوردە، ئەمە بەس بوو بۆ کورد کە تێبگات ئەمە کەسێکی لۆبیستە و خزمەتی وڵاتێکی دیکە دەکات، ئەم ئەمانەتەش لە هەموو وڵاتێکدا هەیە، من پێموایە ئەمانە پرسی جەوهەرین.

**رووداو: گەنجانی گەرمیان زۆر نارازین و ساڵانی رابردوو چەند خۆپیشاندانێکیان هەبوو، ئێوە گەیشتوونەتە گەرمیان؟**

**تەها بەرواری:** گەیشتووینەتە هەمووکون و قوژبنەکانی گەرمیان و لە کەرکووک و کەلارو لە چەمچەماڵ و شۆڕش فەرهەنگخانەمان هەیە، پشکی شێری کارەکانی وەزارەت بۆ ئەو ناوچەیەیە و کارمان بۆ ناوچە دوورە دەستەکان کردووە وەک لەناوەندی پارێزگاکان. ئایا ئەو خۆپیشاندانەی ساڵانی رابردوو هەبوو لەوێ ماوە؟

**رووداو: دەڵێن ئەو خەڵاتی ژنپارێزییەی کە درا، کاری وەزارەتی وەرزش و لاوان نییەو وەزارەتی ئێوە کاری دیکەی زۆری**



## کاک ئاریز ناچارە شەرحی هەڵوێستی خۆی بکات

**هەبوو بیکات؟**

**تەهابەرواری:** ئێمە پەیڕەوی لە ئامانجەکانی هەزارەی سێیەمی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەین، کە هەشت خاڵن و یەک لەوانە تواناسازیی ژنانە، من ئەندامی کۆمیتەیەکم کە سەرۆکی حکومەت خۆی سەرپەرشتی دەکات، دیاردەی ژنکوشتن هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەکات، یەکێک لە پێوەرەکانی زۆربەی ڕاپۆرتەکانی مافی مرۆڤ شێوەی رەفتارە لەگەڵ ژن. راستە باس لەوە دەکرێت توندوتیژی دژی ژنان لە کوردستان کەم نەبووەتەوە، بەڵام راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی سوید

کە لە 3/27 بڵاوبووەتەوە باس لە رۆڵی جەنابی سەرۆکی حکومەت و ئەو کۆمیتەش دەکات کە دروستکراوە، ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگە و جگە لەوەش ئەوەی من بینیومە لە ئامارەکاندا بەشێک لەوانەی کە دەکوژرێن گەنجن و وەزارەتی وەرزش لاوان دەتوانێ لە هەموو پرسێکدا پەنجەیەکی هەبێت، چونکە بەپێی یاسا نوێنەرایەتی توێژێک دەکات کە تەمەنی لە 14 تا 30 ساڵە.

**رووداو: هاووڵاتییەکی کوردی سویدی زۆر رەخنەی هەبوو لەو مەراسیمەی کە بۆ خەڵاتی ژنپارێزی بەڕێوەچوو، دەیگوت ئەو شێوازی بێحورمەتی کردنە بەهەندێک تایبەتمەندی و سیمبوڵ کە ئەگەر لەسوید بکرێن هەم وەزیرەکەو هەم ژنەکەش دەدرانە دادگا، وەک بۆنموونە هەڵدانی دەرپێی ژنی کورد لەسەر شانۆ، رای تۆ چییە؟**

**تەها بەرواری:** نائامادەیی میدیا لە تێگەیشتنی عەقڵیەتێکی فەنی و وەرگێڕانی واقیعی کولتووریی ئەو نمایشە بوو بە هۆی هەڵەتێگەیشتن، ئێمە زۆر کوردمان هەن لە سویدن و هاووڵاتی ئەوێن، بەڵام لە دەرەوەی سیستەمی سویدی دەژین، ئەوەی کە من تێیگەیشتم لەو خانمە مەبەستی ئەوە بوو دەرپێ لەپێ بوون گرنگ نییە دڵپاکیی گرنگە، پۆشاک ڕواڵەتە. لێرە ئاوا خوێنرایەوە کە ئەتکی پیرۆزی کۆمەڵایەتیی خانمان و جلی کوردی کراوە، هەرگیز ئەوە مەبەست نەبوو. ئەو دوو کەسەش کە ئێمە هێنامابوون هەموو کورد شانازییان پێوەدەکات و دەتوانم بڵێم سەری هەموو کوردیان بەرز کردووەتەوە، بەداخەوە لەبری ئەوەی هاتنی ئەوان بکرێتە هۆی توانەوەی ئەو چیای سەهۆڵەی کەپێی دەگوترێت ناموس پەرستی، ئەو بابەتە هەڵە خوێنرایەوە ئەگەر بەوشێوەیە بوایە کە ئەتکی ژن بکات من خۆم پرۆتستۆم دەکرد.

**رووداو: فێستیڤاڵی گالا تۆ تێیدا بەشداربوویت، وەک وەزیر بەشداریت کرد، یان وەک نوێنەری حکومەتی کوردستان لە سوید؟**

**تەها بەرواری:** ئەو کارە نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان دەیکات و تائێستاش سەرپەرشتی ئەو نوێنەرایەتیەی باکووری ئەورووپا تا گۆڕانکاری دەکرێت لە دەستی مندا بووە.

**رووداو: چۆن دەکرێ لە کوردستان وەزیر بیت و لەدەرەوەی وڵاتیش نوێنەر، هەست ناکەیت پێویست بوو خۆت لەو کارە دووربخەیتەوە؟**

**تەها بەرواری:** مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێستا قۆناغی گواستنەوەیەو داوا لەمن دەکرێت کە کارێکی وابکەم و وەک کەسێک ماوەیەکی زۆر لەوێ بووم نامەوێت ئەو دەستکەوتە دیپلۆماسییەی کە هەیە لە غیابی من کاریگەری لێ بکرێت تاوەکو کەسێک دادەنرێت.

**رووداو: وەک کەسێک کە حکومەتی سویدت بینیوەو لە کوردستانیش وەزیر بووی، هەستدەکەی کابینەی پێنجەم کابینەیەکی پێشکەوتوو بووە؟**

**تەها بەرواری:** زۆر زەحمەتە کوردستان

بە سوید بەراورد بکەی، ئەو کولتوورە بیرۆکراتیەی لە کوردستان هەیە، شێوازی ئەمنییەت کە لێرە هەیە، نەبوونی پاشخانێکی حوکمڕانی، رەوشی ئێمە کە ئەزموونێکی تایبەتین و دوو حیزبی دەسەڵاتدار کەئێستا هاوپەیمانن و لەساڵی 1994 وە لەشەڕدابوون لەگەڵ یەکتری، ئەمە دیارە دەرهاوێشتەی خۆی هەیە، بۆیە ناکرێت بەراورد بکرێن، حکومەتی کوردستان کار دەکات بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکات، بەڵام کەلتووری کارکردن لێرە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی رادیکاڵانە هەیەو ئەمەش چەند شتێکی دەوێت، پێموایە هەموو کارمەندانی حکومەت دەبێت خولی تایبەت ببینن لەکاری حکومەتیدا. ئێستا حکومەتی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا کۆرسێکی ساڵ و نیوی بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەرانی کارگێڕی و دارایی کردووەتەوە بۆ ئەوەی فێری شەفافییەت و کاری نوێی ئیداری ببن. من بەردەوام لە گەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا لە گفتوگۆدام و هەندێک دەسەڵاتی خۆشم هەیە لەگەڵ ئەواندا گفتوگۆی لەبارەوە دەکەم بۆ ئەوەی بڕیارێکی سەرکەوتوو بدەین، من بۆچوونم وایە گەیاندنی زانیاری بەهاوکارانت سیاسەتت بەهێز دەکات، بەگوێرەی ئەزموونی خۆم کەلتوورێکی مۆنۆپۆلستی لە کوردستان هەیە کە زانیاری دەشاردرێتەوە و پێشموایە ئەمە هیچ بڕیارێکی سیاسی لە پشت نییە، ئەمە پەروەردەیەکە خەڵک لێرە فێری بووە.

**رووداو: لە سوید کەسێک کە دەبێتە وەزیر دیارە چی هەیە، پاشان کە بووە وەزیر دەکەوێتە بەر پرسیار و بەدواداچوونی رۆژنامەکان کە چەند پارەی پەیداکردووەو حسابەکەی گەشتووەتە کوێ، لێرە باسی گەندەڵیی تۆ ناکرێ، بەڵام باس لەوەدەکرێ کە هەندێک جار پارە خراپ بەکاردەهێنی لە فێستیڤاڵەکاندا، لەو روانگەوە هەست ناکەی کەموکورتیت هەبووبێت؟**

**تەها بەرواری:** زۆر قسە لەلایەن هەندێک خەڵکەوە لەدژی سیستەمی کاری ئێمەو لەسەر ئەم وەزارەتە کراوە،بەڵام من ئامادەم حسابی هەموو فێستیڤاڵەکان بخەمەڕوو تا بەراوردی بکەن لەگەڵ فێستیڤاڵەکانی دیکە ئەگەر ئامانجی خۆی نەپێکابێت من ئامادەی هەموولێپێچینەوەیەکم.

**رووداو: خێوەتگەی ساڵی رابردوو 300 هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکرا، دەگوترێ ئەو یاریانەی لەوێ ڕێکخران هیچیان بەتەواوی بەڕێوەنەچوون و کەمپەکە لەو ڕوانگەیەوە سەرکەوتوو نەبوو، ئێوە دەڵێن چی؟**

**تەها بەرواری:** ئەو خێوەتگەیە ئەزموونێکی نوێ بوو، بە بڕوای ئێمە ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی پێکا، هەندێک

شت ئێوە لەوانەیە نەیبینن، بۆ ئێمە زۆر گرنگە کچێکی 24 ساڵەی هەڵەبجەیی یان خانەقینی لەگەڵ کەسێکی خەڵکی ئامێدی کۆببێتەوە کە پێش ئێستا هەر لە رێی ڕاگەیاندنەوە شارەکانی یەکیان بینیوە. تۆ کچ و کوڕ کۆبکەیتەوە لە نێو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئاوها و خەڵکی بیانی بێت لە پۆڵۆنیا و ئەمریکاوە ئەمە گرنگە، لەنێو ئەو کەمپەدا حەوت هەشت ڕێبەری لاو پەیدابوون کە ئێستا هاوکاری وەزارتن، پێموایە پارەکە لەشوێنێکی باش خەرجکراوەو بە هەدەر نەدراوە.

**رووداو:بەڵام دەگوترێت یارییەکان بەتەواوەتی بەڕێوە نەچوون؟**

**تەها بەرواری:** هەرشتێک کە ئێستا لێرە بیکەیت بەتایبەتی جاری یەکەم بێت دەکرێت دووچاری کەموکورتی ببێتەوە، میدیا پرسی سەرەکی ئەوەبووە چەندت پارە سەرف کردووە؟ دەیانگوت باشتر نەبوو ژنی پێبهێنیت؟ نەخێر باشتر نەبوو، تۆ ناتوانیت بە 300 هەزار دۆلار ژن بۆ هەموو لاوانی کورد بێنیت، ژنت هێنا دەبێت خانووی بۆ بکەیت، منداڵی دەبێت و خەستەخانەی دەوێت دەبێت کورد فێرببێت، شانۆ بەشوێنی خۆی، سەفەر بە شوێنی خۆی نەخۆشخانەو پارک بەشوێنی خۆی، زۆر خراپە ئەگەر ئێمە هەموومان سیاسی بیربکەینەوە کە ئێستا بەشێکی زۆری میدیاکانیش سیاسی بیردەکەنەوەو هیچ لایەنێکی دیکەی تێدا نییە، زۆر گرنگە ئێوە لەخۆتان بپرسن

ئەو سیستەمە ئەنارشیستەی لە میدیای کوردیدا پەیدا بووە خزمەتی دیموکراسی دەکات یان دژایەتی دیموکراسی دەکات؟ پێموایە ئەم شێوازی کارکردنەی ئێوە وادەکات کە نەتوانن کاردانەوەیەکی باشتان هەبێت لە شەفافکردنی کارەکانی حکومەتی کوردستاندا، چونکە فرەلایەنی بیرناکەنەوە کە دەڵێم ئێوە دیارە مەبەستم رۆژنامەنووسانە بەشێوەیەکی گشتی. رۆژنامە با سەد جار بڵێت سەربەخۆمە کەببینم پرسێکی زۆر گرنگ پشتگوێ دەخات و بەدوای پرسێکی لاوەکی دەکەوێت من پێی ناڵێم رۆژنامەیەکی سەربەخۆ. رۆژنامەیەک ئەگەر مەبەستی خزمەتکردنی گشتی بێت دەبێت لە پلانی حکومەتی کوردستان بکۆڵێتەوە، ئێستا یەکێک با بتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ وەزارەتەکەی من بکات، ئەوە پلانی منە ئەوە سیاسەتی منە ئەوە بودجەی منە و ئەوە کێشەی منە، ئەگەر ئەو هەڵسەنگاندنە گشتییە کرا ئەو کاتە تۆ دەتوانیت حوکم بدەیت بەگوێرەی ئەو پلان و ئەو سیستەمەی من داممەزراندووە. لێرە ئەگەر کار نەکەیت کەس ناڵێت بۆ کار ناکەیت کە کاریشت کرد خەڵک دەمی دەکاتەوە. ئێستا شێوەی کارکردنی راگەیاندنەکان وایە رووی لە خەڵکی چالاکە تاوەکو رێگەیان لێبگرێت و لەگەڵ سیستەمی تەمەڵدایە.

**رووداو:مەلەفی ئێوەو وەزارەتی رۆشنبیری چووەتە بەردەستی لیژنەی رۆشنبیری پەرلەمان، پاش هەندێک لێکۆڵینەوە سەرۆکی لیژنەکە دەڵێت: وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ئەلفەوە تا یای زیادە، ئەمە چی دەگەیێنێت؟**

**تەها بەرواری:** ئێوە دەستپێشخەربوون لە خستنەڕووی ئەو پرسەدا. زۆر بەشانازییەوە دەڵێم لەم ئەزموونەدا کاری وەزارەت ئەوەندە روون و ئاشکرا بووە، کاک ئاریز پێویستی بەوەیە بچێت دووبارە بیربکاتەوە کە لەسەر وەزارەتی وەرزش و لاوان قسەدەکات. وەزارەتی وەرزش و لاوان فایلەکانی بەکراوەیی دەکاتەوە، ئەوە مافی لیژنەی رۆشنبیری پەرلەمانە کە چاودێری کاری حکومەت بکات، بەڵام لەو مەسەلەیەدا پێموایە کاک ئاریز نوێنەرایەتی خۆی دەکات و نوێنەرایەتی لیژنەکە ناکات، بڕیارێکی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی پەرلەمان نەبووە بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستمکەوتووە، دوای ئەوەش کاک ئاریز دووچاری بەرهەڵستکارییەکی زۆر توندی فەرهەنگخانەکانی کوردستان بووەتەوە، بەئاشکرا دەنگیان بەرامبەری بەرزکردووەتەوە، من پێموایە ئەزموونێکی نوێ بوو وەزارەتی وەرزش و لاوان توانی دیموکراتیزە کردنی سیستەمی کارکردنی خۆی ئەوەندە بەهێزبکات ئەو فەرهەنگخانانە



> **بە 300 هەزار دۆلار ژن بۆ هەموو لاوانی کورد نایەت**

خۆیان بە وەڵام هاتن کە بە خۆبەخش کار دەکەن و مووچەش لە ئێمە وەرناگرن، کاک ئاریز ئێستا مەجبورە و پێویستی بەوەیە شەرحی هەڵوێستی خۆی بۆ فەرهەنگخانەکان بکات و ئەنجوومەنی وەزارەت لە 2008/4/23 بە کۆی دەنگ بڕیاریداوە ئەو روونکردنەوەی کاک ئاریز کافی نییە بۆ ئێمە.

**رووداو: دوای دامەزراندنی وەزارەت چەند یاریگا و چەند شوێنی یاریکردن و کات بەسەربردنتان بۆ لاوان دروستکردوون؟**

**تەها بەرواری:** ساڵی 2007 بودجەمان نەبوو لەبەرئەوەی هەتا 2007/4/11 یاسامان نەبوو. ئێمە لە 2006 وە رووپێوێکی باشی مەیدانیمان کردو پێویستییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوانمان تۆمار کرد، کاری پیادەکردنی پرۆژەکان زیاتر لە رێگەی پارێزگاکانەوە دەکرێت، وەزارەتی ئێمە پلان و بەرنامە دادەنێت، تائێستا ئێمە هیچ یاریگایەکمان نەکردووەتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە یان پارێزگاکان دەیکەن یان کەرتی تایبەت دەیکات، ئەمە باری وەزارەت کەمدەکاتەوە، ئێمە کەرتی تایبەتمان هانداوە بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی ببینێت و ئەو خەڵکەی کە لەسەر بنەمای کەرتی تایبەت هاتووە داوامان لە وەزارەتی شارەوانی کردووە هاوکاری بکرێت بەپێی رێنماییەکانی حکومەتی کوردستان، بەڵام وەک وەزارەت بڵێین شتێکی تایبەتمان کردووە نەمانکردووەو یەک یاریگاشمان دروست نەکردووە.

## یاریدەدەری مام جەلال بۆ کاروباری بازرگانی :

# 85 %ی بازرگان و سەرمایەدارەکانی کوردستان خەڵکی نا حیزبین

**هەڤپەیڤین :نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو – سلێمانی**

مام جەلال وەک سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، شەش یاریدەدەری هەیە و عەبدوڵڵای حاجی سەعید کە یاریدەدەریەتی بۆ کاروباری بازرگانی لە هەمانکاتدا بەرپرسی مەکتەبی یاریدەدەرانی مام جەلالە، کە زۆر کەس پێیوایە ئەو یاریدەدەرانە وایانکردووە کە بۆشایی چوونی مام جەلالیان بۆ بەغدا بۆ ئەو پڕکردبێتەوە.

عەبدوڵڵای حاجی سەعید، ئەو ڕەخنانە ڕەتدەکاتەوە کە دەستیان لە کاروباری حکومەت وەردابێ و کاری حکومەتیان کردبێ بە سیفەتی حیزبییەوە .ئەو یاریدەدەرە ژمارەی ملیادێرانی دۆلار لە کوردستان بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات:

**ڕووداو:چی وایکرد مام جەلال پێویستی بەیاریدەدەری بواری بازرگانی بێت؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید:** دوای تەواوبوونی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە 2002/5/4، ئەم کارەم لەلایەن خودی مام جەلالەوە پێ سپێردرا . پاش ئەوەی بەپێویستی زانی کۆمەڵێک یاریدەدەری هەبێت بۆ هەموو ئەوبوارانەی کە پێوستن . کاری ئێمەش ئەوەیە کە رایەڵێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان جەنابی مام جەلال و کەرتی تایبەت هەبێ . ئەم رایەڵەش بەوە دەبێت کە مەکتەبێکی تایبەتی یاریدەدەران هەبێ وەک ئەوەی ئێستا هەیە و من لێپرسراوی مەکتەبەکەم.

**ڕووداو: مام جەلال چەند یاریدەدەری هەیە؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید :** تەنیا لەناو شاری سلێمانی شەش یاریدەدەری هەیە، یاریدەدەرەکانی سلێمانیش لەسەر ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان کاردەکەن . ئەوانیش بریتین لە: یاریدەدەری کاروباری بازرگانی، یاریدەدەری کاروباری ئاینی، کاروباری کۆمەڵایەتی، کاروباری هەڵبژاردن و یاریدەدەرێکیشی هەیە بۆ چاودێری و پشکنینی ڕێکخستنەکانی یەکێتی و هەتا دامودەزگاکانی ئیداریش . لەسەر ئاستی عێراقیش وەک سەرۆک کۆمار کۆمەڵێک ڕاوێژکاری دیکەی هەیە.

**ڕووداو:مام جەلال ڕاوێژ لەگەڵ تۆ دەکات؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید :** مام جەلال ڕاوێژ بەمن دەکات، منیش بۆ خۆم توانیومە سەرکەوتوو بم و هەماهەنگ بم لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت. مام جەلال لێم دەپرسێت لەبارەی کەموکوڕییەکانی بازاڕو باری ئابووری، چی بکەین تا بازاڕ ببووژێتەوە. چۆن ڕایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیای ناوەوەو دەرەوە دروست بکەین ؟ مام جەلال بۆئەو شتانە ڕاوێژم لەگەڵ دەکات و جدیشە.

**ڕووداو: باسی ئەوەدەکرێت کۆمپانیاو سەرمایەدارەکان، زیاتر لەحکومەت پەیوەندی و هەماهەنگییان لەگەڵ مەکتەبەکەی ئێوەیە، ئایا ئەوە دەستوەردان نییە لە کاری حکومەت و بە باڵادەستبوونی حیزبی نازانی لەکاری کەرتی تایبەت و بازرگانیدا؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید:** ئێمە موداخەلەی کاروباری حکومەت ناکەین و ئیشەکانی ئێمە پەیوەندی بەکەرتی تایبەتەوە هەیە و سەرپەرشتی کەرتی تایبەت دەکەین . ئێمە هەوڵمانداوە زیاتر هۆکارێکی کاریگەر بین بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەران و کۆمپانیاکانی دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان . خەڵکیش کە دێتە لای ئێمە بۆ ئەوەیە کە کارئاسانی و هاوکاریان پێشکێش بکەین تا لەگەڵ کۆمپانیاو کارگەکان کاربکەن .

**ڕووداو:دەگوترێ کۆمپانیاکان زیاتر لە حکومەت ڕوو لە ئێوە دەکەن بۆ وەرگرتنی پرۆژە حکومییەکان، لەکاتێکدا پۆستەکەی ئێوە حیزبییە؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید:** لەبەر دوو هۆ ڕوو دەکەنە ئێمە .یەکەم :ئێمە لایەنێکی هاندەرین . دووەم: ئێمە نزیکین لەجەنابی مام جەلالەوە کە سکرتێری گشتیی یەکێتی و سەرۆک کۆماری عێراقە بۆخۆشی هاندەرێکی باشە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەت .

**ڕووداو:ژمارەی سەرمایەدارەکان لە سلێمانی بە چ شێوەیەکە؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید :** ئەوەی من لای خۆم خەملاندوومە، زیاتر لە هەزار سەرمایەدار پێگەیشتووە وسەرمایەیان لەیەک ملیۆن دۆلارەوەیە تا دەگاتە 800 ملیۆن دۆلار .هەروەها سێ ملیاردێر لە سلێمانی هەیە و، بەگشتی ژمارەی ملیاردێرەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 8 ملیاردێری دۆلار .

**ڕووداو:ئەگەرتێبینی بکەین، ئەو سەرمایەدارو ملیاردێرانە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە دەرکەوتن، لەو ڕوانگەیەوە دەتوانرێ بگوترێ ئەوانە لەو فەوزایەی عێراقی گرتەوە سوودمەند بوون؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید:** بێگومان، 95%ی سەرمایەدارەکانی ئێستای ئێمە بەشێکیان لە دوای ڕاپەڕین و بەشەکەی دیکەیان لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە پەیدا بوون، کە زیاترینیان ئەوەی دووەمە . دەبێت ئەو سەرمایەدارانە ئەوە بزانن، کە سەرمایەکەیان بەرئەنجامی ئەو ئازادیەی هەرێمی کوردستانە .ئەو پاشاگەردانیەی عێراقی گرتەوە، هاوکارێکی باشی زۆر لە سەرمایەدارەکانی کرد کە بەخێرایی پێبگەن و دەوڵەمەندتر ببن .

**ڕووداو: خەڵک پێیوایە زۆرینەی سەرمایەدارەکان حیزبین، ئەوە ڕاستە؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید :** نا، من دەتوانم بڵێم 85%یان خەڵکی ئەهلین . بچۆرە بازاڕ، بڕۆ بازاری خانەقا، بڕواناکەم یەک سەرمایەداری تیدابێت حیزبی بێت نەک هەر مەسئول . خەڵکیش هەیە لە ناو حیزبەکاندابووە و ئێستا پێگەیشتووەو وازی لە حیزب هێناوەو لەدەرەوەی حیزبە. کە لە دەرەوەی حیزبیش بوو، کاری ئازاد و بازرگانی دەکات لەچواچێوەی کەرتی تایبەتدا . بەشێکیش هەیە مومکینە کە لە ناو مەسئولیەتیشدابێت و کاری بازرگانیش بکات، بەڵام ئەمە ڕێژەیەکی کەمترە لە ڕێژەی خەڵکی ئەهلی . دەتوانیت بچیتە ئەو گەڕەکەی کەبەرامبەر پارکی ئازادییە و سەیری ئەو بیناو ڤێللایانە بکە، قەناعەتم وایە دەبینای خەڵکی حیزبی تێدابێت، ئەوەیتر هەمووی هی کەرتی تایبەتە. ئەمەش ئاماژەیەبۆ ئەوەی کە بازاڕی کەرتی تایبەت زیاتر لە دەست خەڵکدایە.

## 1000 ملیۆنێری دۆلار لە کوردستان هەن

**ڕووداو :پەیوەندی بازرگانی حکومەت لە گەڵ دەرەوە تاچەند بەرنامەدارە، پێتوانییە تارادەیەک هەڕەمەکی و بێ پلانە؟**

**عەبدوڵڵایحاجی سەعید:** ئێستا جموجوڵی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوە زۆر باشە و بەهێزە. پێش پرۆسەی ئازادی عێراق، هەموو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران و تورکیا بوو، ئەویش نەگەیشتبووە ئاستی پەیوەندی بازرگانی نێوان دوو دەوڵەت. تەنیا پەیوەندی نێوان کەرتی تایبەتی ئێرەو ئەوان بوو،بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە وەرچەرخانێکی گەورە ڕوویداو حکومەتی هەرێمیش توانی لەسەر ئاستی وەزارەتەکانی خۆی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان دروست بکات. هەرچەندە ئێستاش هەر کەرتی تایبەت بە زۆری ئەو پەیوەندییە بازرگانیانەی بەردەکەوێت.

ئێمە هێڵی سوورمان نییە بۆ پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ هیچ وڵاتێک . لەم ڕۆژانە وەفدێکی گەورەی ڕوسیا هاتن و لەگەڵ جەنابی مام جەلال دانیشتن و گوتیان دەمانەوێ دوای دراسەکردنی باودۆخەکە،دەست بەکاری بازرگانی بکەین و بەو زووانەش ئەو وەفدە دێنە هەولێر و لەگەڵ چین و کۆریای باشوور پەیوەندیمان بەهێزە و لە ڕێگەی کۆمەڵەی دۆستایەتی (کوردی –ژاپۆن)یشەوە پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی ژاپۆن دروستکردووە .

**ڕووداو: وەزارەتی بازرگانی کوردستان، وەزارەتێکی سست و کەم جموجوڵەیە. دەتوانین پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ بازرگان و کۆمپانیاکان زیاتر و بەهێزترە؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید :** من نامەوێت باسی سستی وەزارەتی بازرگانی بکەم، من باسی چالاکی کەرتی تایبەت دەکەم . لەوڵاتانی پێشکەوتوو حکومەت لە ڕێگەی چەند بانکێکەوە هاوکاری کەرتی تایبەت دەکات، بەڵام بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەگەیشتووەتە ئەوئاستە، لەبەر نەبوونی ئەو هاوکارییانەی حکومەت، سەرمایەی سەرمایەداران لە هەرێمی کوردستان، بۆخۆی کاردەکات و هەربۆخۆیان پەیوەندی بازرگانی و ئابوورییان لەگەڵ دەرەوە دروستکردووە . ئەو کۆمپانیا بیانی و نێوخۆییانەی دێنە لای ئێمە، لە ئەنجامی بەهێزی پەیوەندی ئێمەیە وەک یاریدەدەری سکرتێری گشتیی بۆ کاروباری بازرگانی لەگەڵیان.

**ڕووداو: چەند کۆمپانیایەک لە هەرێمی کوردستان پرۆژە وەردەگرن و ئیشەکانی خۆیان بە نا تەواوی، یان بە کەموکوڕییەکی زۆرەوە جێدێڵن،کەچی حکومەت کەمتەرخەمە لەسزادان و لێپێچینەوەیان، ئایا ئێوە ئەو حاڵەتانە دەخەنە بەردەم مام جەلال ؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید :** بێگومان، ئێمە بەپێی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی مام جەلال هەوڵدەدەین کۆمپانیاکان کارابن و ئیشەکانی خۆیان بەرێکوپێکی ئەنجامبدەن.

**ڕووداو: کەواتە تۆ تائێستا توانیوتە چەند کۆمپانیای سست بەسزا بگەیێنیت؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید :**من ناڵێم چەند، بەڵام ئەوی دیبێتمان و زانیبێتمان، ئاگاداری شوێنی تایبەتی خۆمان کردووە.

**ڕووداو : ئێوە زۆر ئامار و زانیاریتان لەبارەی باری بازرگانی هەرێمی کوردستان هەیە، لەکاتێکدا ئێوە دەزگەیەکی حکومی نین؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید :** ئێمە نوێنەری تایبەتی خۆمان لەبازاڕدا هەیەو ئەو نوێنەرانەمان پەیوەندیدارن بەئیشەکانەوە و موتابەعەی بازاڕو بازرگانی دەکەن و سەرچاوەکانی دیکەشمان، ئەوەیە کە پەیوەندی باشمان لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەرتی تایبەت و ژووری بازرگانی سلێمانی و ژوورە بازرگانییەکانی حکومەت هەیەو هەموو ئەمانەش سەرچاوەی زانیارییەکانمانن.

**ڕووداو: ئێستا لەهەرێمی کوردستان چەند کۆمپانییای بیانی خەریکی کاری بازرگانین ؟کۆمپانیای کام وڵات زیاتر جدین لەئیشەکانیان ؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید :** 600 کۆمپانیای بیانی لە هەرێمی کوردستان هەن و نووسینگەیان هەیە وخەریکی کاری بازرگانین. کۆمپانیا هەیە سستەو بەپێی پێویست کارەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووەو هەیە چالاکە. چەند کۆمپانییایەکی ئێرانی و بیانیمان هەیە کەزۆر بەباشی کاری خۆیان ئەنجامداوە وئێمە وەک حکومەت قەرزاری ئەوانین و ئەوانیش قەرزاری ئێمەن، بێگومان ئەوانیش چاک و خراپیان هەیە .



**ڕووداو : بەڕاشکاوی، تائێستاچەند کۆمپانیا فێڵیان لەحکومەتی کوردستان کردووەو پارەیان خواردووەو بەبێ ئەنجام دانی ئیشەکە ڕۆیشتوونەتەوە؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید:** دەتوانین بڵێین ئەو جۆرە کۆمپانیایانە زۆر نین . کۆمپانییەکی ئێرانی بەناوی کۆمپانیای (دنا)بەوشێوەیە هەبوو . دوایش مومکینە حکومەت بەدواداچوونی کردبێت و گەیشتبنە ئەنجامێک. لەوانەیە نەگاتە پێنج کۆمپانیای لەو جۆرە .

**ڕووداو: لەژووری سکرتێرەکەت، چەند فایل و دۆسیەیەکم بینی کەبۆهەموو وەزارەت و دەزگا حکومی و حیزبی و ناحیزبییەکان دۆسیەتان هەیە . ئایا حکومەت سەروکاری لەگەڵ مەکتەبی یاریدەدەرەکانی مام جەلال هەیەو بەفەرمی مامەڵەتان لەگەڵ دەکات؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید :** ڕاستە ئێمە کەسێکی حیزبین، بەڵام وەک لەسەرەتاوە باسمکرد، ئێمە هاوکارو پشتیوانی حکومەتین و دەست لەئیشەکانی حکومەت و قانون وەرنادەین .

**ڕووداو : ببورە، بەڵام هەندێک کۆمپانیا هەن هەوڵدەدەن لە ڕێگەی ئێوەوە پڕۆژە لەحکومەت وەربگرن، نەک لەڕێگەی دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت خۆیەوە ؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید:** ئێمە خۆمان دژی هەموو پاوانخوازییەکی بازاڕین و نامانەوێ بازاڕ بۆکەس پاوان بکرێ . ئێمە دەمانەوێت سیستەمی بازاڕ ئازاد بێت و دەمانەوێ بازاڕ تەنها بۆ ئەوانە پاوان بێت، کەدڵسۆزن و کارەکانی خۆیان بەدڵسۆزی جێبەجێدەکەن و سەرمایەی خۆیان بەڕاستی بەکاردەهێنن . هەندێک جاریش لەو بابەتەی کە تۆباسی دەکەیت هەیە و دێنە لای ئێمە تاهاوکارییان بکەین لەبەر ئەو ڕۆتینکارییە حکومیەی هیە، ئێمەش هاوکاری و ئاسانکارییان پێشکەش دەکەین .

**ڕووداو: مام جەلال ئاگای لەوەهەیە لە هەرێمی کوردستان چەند بەرپرس خەریکی کاری بازرگانین؟**

**عەبدوڵڵای حاجی سەعید:** من باسی یەکێتی نیشتمانیت بۆدەکەم . مام جەلال بۆخۆی دژی ئەوەیە یەکێتی دەست بخاتە بازاڕەوەو بەرپرسەکان دەست بخەنە بازاڕەوەو کاری سەرمایەداری و بازرگانی بکەن، مام جەلال دەزانێ و دژی ئەوەشە و لەم بارەیەوە بەدواداچونیش دەکات و کردووشیەتی .

---

# سەرمایەدارێک لەدۆڵی مەلەکان دەبێتە حکومەت

## عەبدوڵڵا حەمەد گەردی: بڕیارمانداوە 15 %ی سوودی ئەو پڕۆژانەی ئەنجامیدەدەین لەکاری خێرخوازیدا بەکاربێنین

**ڕووداو –هەولێر**

سەرمایەدارێکی کورد بەڵێن دەدات، 15%ی داهاتی پڕۆژەکانی بۆ کاری خێرخوازی تەرخانبکات و بەدەیان پڕۆژەی هاوکاری لەبوارەکانی تەندروستی، پەروەردە، ئەوقاف و کۆمەڵایەتی لە گوندەکانی دۆڵی مەلەکان ئەنجامدەدات، هەروەها بڕیاریداوە نەخۆشخانەیەکی 60 قەرەوێڵەیی لەسەر ئەرکی خۆی لەسەر ڕێگای کەسنەزان دروستبکات.

عەبدوڵڵا حەمەد گەردی، کە بەڕێوەبەری گشتی و خاوەنی گرووپی سێنکە، وەک خۆی باسیکرد گرووپەکەیان لەساڵی 2000 دامەزراوە، ئەوگرووپە لەچەند بەشێک پێکدێت، کە بریتین لەبەشی بەڵێندەرایەتی، کە زیاتر لەبواری ڕێگاوبان کار دەکات، وەبەرهێنان، فرۆشتنی ئامێرەکانی دروستکردنی ڕێگاو بان، دروستکردنی کابینە، بەشی داپۆشینی باڵەخانە بەجام و ئەلیکۆبۆند. هەروەها بەشی خێرخوازی، کە لەساڵی 2007 دامەزراوە.



عەبدوڵڵا حەمەد گەردیی (فۆتۆ:ڕووداو)

عەبدوڵڵا حەمەد هەرچەندە سەرمایەی کۆمپانیاکەی زیاتر لە 5 ملیۆن دۆلار دەبێ، بەڵام دەڵێت "بەڕاستی من خۆشی لەو ماڵە ناکەم کە هەمە، زیاتر خۆشی لەوە دەبینم کە ئەو پارەیە لەکاری خێرخوازی بەکاردەهێنم، چونکە گەورەترین کاری مرۆڤ ئەوەیە لەپێناو مرۆڤایەتیدا بژی".

ئەو سوپاسنامانەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان، پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، ئاراستەی کراون و ئەویش بە دیواری ئۆفیسی گرووپەکەیەوە هەڵیواسیون، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەو سەرمایەدارە توانیویەتی کەمێک لەئەرکەکانی حکومەت کەم بکاتەوە، لەهەمانکاتیشدا دڵی دەیان منداڵ و کەسانی کەمدەرامەت خۆش بکات.

ئەو سەرمایەدارە، کە ساڵی 1990 کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری تەواو کردووە، خۆی خاوەنی بیرۆکەی دەزگای خێرخوازی سێنکە، هەر خۆیشی بڕیاریداوە کە 15%ی داهاتی ئەو پرۆژانەی ئەنجامیدەدات لەکاری خێرخوازیدا بەکاریبهێنێت، هەر بەو هۆیەوە توانیویەتی بەدەیان کاری خێرخوازی ئەنجامبدات، بەتایبەتیش لەو ناوچانەی کە پرۆژەیان تێدا ئەنجامدەدات.

هەرچەندە دەزگاکە لەساڵی 2007 دامەزراوە، بەڵام خاوەنی گرووپەکە ئاماژەی بەوەدا بەر لەدامەزراندنی گرووپەکەشیان چەندین کاری خێرخوازیان ئەنجامداوە "پێشتریش کاری خێرخوازیمان ئەنجامدەدا، بەڵام بەشێوەیەکی پەرتەوازەیی بوو، بۆیە بڕیارماندا کارەکانمان لەچوارچێوەی دەزگایەکی خێرخوازی ڕێکبخەین، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو کە لەخەلیفان کارمان دەکرد، 300 قوتابی ئەو شارۆچکەیەمان خەڵاتکردن، هەروەها ئەو قوتابییەی یەکەمی سەر قەزای سۆران بوو، لاپتۆپێکمان بەدیاری بۆ کڕی".

ناوبراو زیاتر لەبارەی کارە خێرخوازییەکانی گرووپەکەی قسەی کردو گوتی "ساڵی ڕابردوو لە قوتابخانەکانی گوندەکانی دەروبەری سۆران و دۆڵی مەلەکان 1240 چاکەکمان بۆ قوتابیان کڕی کە بایی زیاتر لە 17 هەزار دۆلار بوو، هەروەها بایی 4 هەزار دۆلار دیاریمان بەسەردا دابەشکردن".

لەدوای دامەزراندنی دەزگاکە، ئێستا گرووپەکە بەشێوەیەکی زۆر سیستماتیک کار دەکات. عەبدوڵڵا حەمەد گەردی، لیستی ئەو پرۆژانەی پێشانی (ڕووداو) دا کە بەنیازن لەگوندەکانی دۆڵی مەلەکان لەماوەی ساڵێکدا ئەنجامیبدەن.

عەبدوڵڵا، گوتی" 62 ملیۆن دینارمان تەرخانکردووە بۆ یارمەتیدانی گوندەکانی دۆڵی مەلەکان کە ژمارەیان 12 گوندە، پارەکەشمان بەو جۆرە دابەشکردووە:25 ملیۆن دینار بۆ کەرتی تەندروستی، 18ملیۆن و 750 هەزار دینار بۆ کەرتی پەروەردە، 6 ملیۆن و 250 هەزار دینار بۆ ئەوقاف، 7 ملیۆن و 500 هەزار دینار بۆ کۆمەڵایەتی گشتی، 5 ملیۆن دیناریش بۆ یەدەگ و حاڵەتی لەناکاو".

جگە لەوەش ناوبراو باسی لەوە کرد کە ساڵی ڕابردوو لەکاتی جەژندا هاوکاری دەیان کەسیان کردووە لەدۆڵی مەلەکان " 70 هەزار دینارمان داوەتە خێزانی ئەنفالکراوەکانی دۆڵی مەلەکان وەکو جەژنانە کە ژمارەیان 32 خێزان بوو، هەروەها 70 هەزار دیناریشمان دایە ئەو 14 ماڵەی لەگوندی بلێ بەهۆی لافاوەکەی ساڵی ڕابردوو تووشی زەرەری گیانی بوون، جگە لەوەش 50 هەزار دینار جەژنانەمان دایە سەرجەم مامۆستا و مەلا و کارمەندەکانی قوتابخانە و مزگەوت و بنکەی تەندروستی گوندەکانی ئەو ناوچەیە".

ئەو زیاتر لەبارەی پرۆژە خێرخوازییەکانیان لەدۆڵی مەلەکان قسەی کرد و گوتی "بڕیارمانداوە 10 لاپتۆپ و 10 ئامێری چاپ و10 دەرمانخانەی بچووک بۆ هەر 10 قوتابخانەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە بکڕین، هەروەها 10 یاریگای تۆپی باڵە یان تێنس بۆ هەر دە قوتابخانەکە دروست دەکەین".

لەبواری تەندروستیشدا بەنیازن بنکە تەندروستییەکانی گوندەکانی بلەی خواروو، تارینان و دۆڵی مەلەکان نۆژەن بکەنەوەو بەهاوکاری وەزارەتی تەندروستی دکتۆر و کارمەندیان بۆ دابین بکەن، هەروەها دروستکردنی 10 ئاودەست و دەستشۆر بۆ پیاوان و ئافرەتان، لەگەڵ دانانی تیمی گەڕۆکی پزیشکی بۆ گوندەکان.

خاوەنی گرووپی سێنک ئەوەشی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە "مانگانە بەبەردەوامی هاوکاری 40 خێزانی کەمدەرامەت دەکەین، بەڵام لەبەرنامەماندایە ژمارەکە زیاتر بکەین، چونکە پرۆژەی زیاتر وەردەگرین بەمەش قازانجی زیاتر دەکەین".

سەبارەت بەدوایین پرۆژەشیان، عەبدوڵڵا حەمەد گەردی باسی لەوە کرد کە بەنیازی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی خێرخوازین لەسەر ڕێگای کەسنەزان، کە ئێستا تەنیا چاوەڕێی ئەوەن پارێزگاری هەولێر پارچە زەوییەکیان بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی دەست بەدروستکردنی نەخۆشخانەکە بکەن.

ناوبراو وردەکاری ئەو پرۆژەیەی بۆ (ڕووداو) باسکرد و گوتی "نەخۆشخانەکە لەسەر ڕێگای کەسنەزان دروستدەکەین، بڕی 1 ملیۆن و 500 هەزار دۆلارمان وەک سولفەی یەکەم بۆ دابینکردووە، بەڵام زیاتری تێدەچێت، بڕیارمانداوە تاوەکو 2 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانبکەین، نەخۆشخانەکەش لە 60 قەرەوێڵە پێکدێت و 12 نۆڕینگە پزیشکی تێدایە، هەروەها سەرجەم ئامێرەکانی تاقیگەی بۆ دابین دەکەین، تەنانەت ئامێری (تیشکی ڕەنین)یشی تێدا دەبێ".

سەبارەت بەسیستەمی کار کردنی نەخۆشخانەکەش گوتی "سیستەمی ئیش کردنەکەی بەجۆرێک دەبێ، کە دوای تەواو بوون هیچ پارەیەک بۆ نەخۆشخانەکە دابین ناکەین و هیچ قازانجیشی لێ هەڵناگرینەوە، واتە نەخۆشخانە خۆ ژێن دەبێ، ئێمە 6 مانگی یەکەم خۆمان سەرپەرشتی دەکەین، ئەگەر پێمان بەڕێوە نەبرا دەیدەینە حکومەت".

هەروەها ئاماژەشی بەوە کرد کە نرخی چارەسەری لەونەخۆشخانەیە بەبەراورد لەگەڵ نەخۆشخانە ئەهلییەکانی دیکە زۆر هەرزانتر دەبێ "بۆ نمونە ئەگەر نەشتەرگەرییەک لەنەخۆشخانەکانی دیکە بە 1000 دۆلار بێ، لەو نەخۆشخانە بە 300-400 دۆلار دەبێ، ئەو پارەیەش تەنیا بۆ دەستحەقی دکتۆر و کارمەندەکانی نەخۆشخانەکە دەبێ".

حەزی خێرخوازی عەبدوڵڵا هەر بەو نەخۆشخانەیە کۆتایی نایێت بەڵکو دەڵێت "بیرم لەوە کردووەتەوە کە لە ئایندەدا نەخۆشخانەیەکی تالاسیمیاش دروست بکەم، هەر بۆیە لەگەڵ دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیەی بەنیازین لەو ماوەیە دروستبکەین، لەتەنیشت ئەویشەوە زەوی بۆ نەخۆشخانەی تالاسیمیا دابین دەکەین



مەلا عەبدول سەعید

(فۆتۆ:ڕووداو)

# پیاوێک تا ئێستا 1450 کوڕ و کچی بەیەک گەیاندووە

## مەلا عەبدول: من کارەکە بەلێکۆڵینەوە دەکەم نەک هەروا بە هەڕەمەکی



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**ڕووداو – هەڵەبجە**

مەلا عەبدول هەرگیز لەبەرنامەیدا نەبووە خۆی بۆ بەیەکگەیاندنی کوڕان و کچان تەرخان بکات، بۆ خۆشی دوای حەڤدەمین کەس ژنی سێیەمی بۆ خۆیشی دۆزیەوە. ئەو لەو باوەڕەدایە کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری لەمڕۆدا، هێندەی پەیوەندی بەبیرکردنەوەو بیروباوەڕی گەنجەکان خۆیانەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە گرفتی نیشتەجێبوون و ئابوورییەوە نییە.

سەرەتای ئەو کارەی لەداواکردنی کچێک بۆ هاوڕێیەکی خۆی دەستیپێکرد، تا دواجار هەزاران کچ و کوڕ بەهۆی هێزە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکەی مەلا عەبدول بەیەکتری گەیشتن.

مەلا عەبدول سەعید حەسەن، ساڵی 1968 لەشارۆچکەی پێنجوێن لەدایکبووەو تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە. دواتر لەڕێگەی خوێندنی حوجرەی مزگەوتەکانەوە درێژە بە خوێندنی ئاینی دەدات و، ئێستاش پێشنوێژ و وتارخوێنی یەکێک لەگوندەکانی دەڤەری ناڵپارێزە.

مەلا عەبدول خاوەن هێزێکی کاریگەری کۆمەڵایەتییە، دەتوانێت لەکەمترین ماوەدا ڕەزامەندی کەسوکاری کوڕ و کچ وەدەست بێنێت تا ئەڵقەی هاوسەرێتی بگۆڕنەوە "من ئەو هێزە بۆ پشتیوانی و هاوکاری خودا دەگێڕمەوە و تەنیا ئامانجیشم ڕەزامەندی خودایە، زۆر ئاسوودەشم کە خودا سەرکەوتوی کردووم لەدروستکردنی ژیانێکی تازە بۆ گەنجەکانمان".

تا ئێستا سەتان گەنج لەسەر دەستی مەلا عەبدول ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە، مەلا عەبدول سەرەتای ئەو کارە خێرخوازییەی گەڕاندەوە بۆ ساڵی 1994 و گوتی "ساڵی 1994 لەکۆمەڵگای نەسر دۆستێکم داوای لێکردم کە هاوسەرێکی بۆ بدۆزمەوە، پاش ماوەیەکی کەم ئافرەتێکی زۆرباشم بۆ دۆزییەوە، ئیتر لەوێوە بەردەوام خەڵک داوای هاوکارییان لێدەکردم".

مەلا عەبدول پێشتر دوو ژنی هێنابوو، بەڵام بەهۆی پێکەوە نەگونجانیان هەردووکی تەڵاقدابوون، سەبارەت بەپێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ ژنی سێیەمدا گوتی "ڕۆژێک برادەرێک پێیگوتم جوان نییە خۆت ژنت نەبێت و ئەو ئیشەش بۆ خەڵک بکەی، بەو شێوەیە خۆم بوومە هەژدەم کەس و ئەوجا درێژەم پێدایەوە تا لەساڵی 2004 ژمارەی ئەوانەی ژنم بۆهێنان گەیشتە 1250 کەس".

مامۆستا عەبدول، زیاتر تیشک دەخاتە سەر کارەکەی و دەڵێت "من بەهەڕەمەکی نەچوومەتە ناو مەسەلەکانەوە، لەبارودۆخ و تایبەتمەندییەکانی کوڕەکە دەکۆڵمەوەو بیر دەکەمەوە چ جۆرە ئافرەتێکی بۆ دەستنیشان بکەم، چونکە کەسوکاری کچ و کوڕ دێنە لام و دەڵێن کچێک یان دوو کچی ئاواو ئاوامان هەیەو دەمانەوێت شوو بکەن، یان کوڕێکی ئاوامان هەیەو حەزی لەژنهێنانە، ئیتر کەسوکاری کوڕو کچ من دەکەنە بریکاری خۆیان".

وەک ناوبراو ئاماژەی پێدا تا ئێستا 1400 کچ و کوڕ لەڕێگەی ئەوەوە ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە، وەک خۆی دەڵێ لەوەشدا زیاتر بەوە دڵخۆشە کە "تائێستا نەک جیابوونەوە، بەڵکو تۆرانێکی بچووکیش نەکەوتووەتە نێوان کەسیانەوە یەک کوڕ نەبێت، کەسیشیان لێ نەمردووە". مەلا عەبدول کە زۆر پەرۆشی خۆی بۆ مردنی ئەو کوڕە نیشاندا گوتی "تاکە کەس بوو لەهەموو ئەوانەی لەسەر دەستی من ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە گیانی لەدەستداوە، لەهەموشی ناخۆشتر دوای پێنج مانگ لەژیانی هاوسەری مرد".

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە، لێشاوی کۆکردنەوەی کوڕان و کچان لەنێو چوارچێوەی ژیانی خێزانیدا، لەسەردەستی ئەم مامۆستایە ڕووەو کزی دەچێ، ئەمەش بۆ خۆی چەند هۆکارێکی لەپشتەوەیە و دیارترینیان سارد بوونەوەی گەنجان لەسووتانی دەفتەرەکەی مامۆستا و چەند جار دەستگیرکردنی لەلایەن ئاسایشەوە "کە ڕژێمی بەعس ڕووخا، چەند جارێک لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کرام و هەرجارەو بەبیانویەک، منیش چەند جار دەفتەرەکەم شاردەوە نەوەک گومانی خراپ لای ئاسایش دروست بکات، بەڵام ئەوەندە بانگ کرام بۆ ئاسایش و هیچیان لەسەرم دەست نەکەوت دەفتەرەکەم سووتاند".

نهێنی دەفتەرەکەی مەلا عەبدول، هەر بۆخۆی چیرۆکێکی بچووکی ناو چیرۆکە گەورەکەیەتی، ئەو هەر کوڕو کچێک بەیەک دەگەیێنێت بۆ یادەوەری وردەکارییەکانی چۆنێتی ئەو بەیەک گەیاندنە لەدەفتەرێکدا تۆماردەکات و تا وای لێدێت دەفتەرەکەی لاپەڕەی سپی تێدا نەمێنێتەوە، بەڵام پێیوایە ئاسایش گومانی ئەوە لەو دەفتەرە بکەن کە بۆ کاری سیاسی ئەو ناوانەی تۆمارکردووە، لەکاتێکدا کە تەنیا یاداشتەکانی خۆیەتی لەو کارە خێرخوازییەدا "بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیم لەگەڵ هیچ لایەنێکی ئیسلامی نییەو بڕواشم وایە کە ئیسلامەتی پێویستی نەکردووە لەسەرت لەناو لایەنێکی سیاسیدا بیت".

مەلا عەبدول سەعید، ڕەتیکردەوە سارد بوونەوەی گەنجان لەپێکهێنانی ژیانی هاوسەری پەیوەندی بەگرفتی نیشتەجێبوون و کەمدەرامەتی هەبێ "لەسەردەمی گرانییەکەدا کە ژیان زۆر ئاستەمیش بوو، گەنجان بەو پەڕی تامەزرۆیی و دەهاتنە لام و داوایان دەکرد کە هاوسەری ژیانیان بۆ بدۆزمەوە، بەڵام ئێستا کە باردۆخەکە زۆر جیاوازەو زۆربەی خەڵک مووچە خۆرەو گرانیش بەو ڕادەیە نییە، زۆر بە کەمی خەڵک ئەو داواکارییە دێننە لای من، مەسەلەکە تەنیا نەمانی حەزی پێکهێنانی ژیانی خێزانییە لای گەنج".

ئەو سارد بوونەوەیەی گەنجان، ساردبوونەوەی مەلا عەبدولیشی بەدواداهاتووە، لەم چوار ساڵەی دواییدا ڕەنگە تەنها 200 ئەڵقەی هاوسەرێتی لەدوکانی زێڕینگەرەکانەوە لەو ناوچەیە گواسترابێتەوە بۆ پەنجەی گەنجان، بەو 200 ئەڵقەیەوە کۆی پرۆژە خێزانییەکەی دەگاتە 1450 ئەڵقە "بەڕاستی سارد بوومەتەوەو تاقەت و وزەی جارانم نەماوە".

ئەو مەلایە بە پرسیارێک نیگەران دەبێت کەپرسیارە لەچارەنووسی ئەو ڕۆڵەی مامۆستایانی ئاینی لەناو کۆمەڵگادا دەیگێڕن، واشی دەبینێ کە "مامۆستای ئاینی و پیاوانی خوداناس، هێندەی نان و ئاو بۆ کۆمەڵگاکانی خۆیان پێویستن، با ئامارەکانی تەڵاق و لادانەکان بخرێنە ڕوو، ڕاستییەکان بۆخۆیان دەردەکەون، سوپاس بۆ یەزدان تاوەکو ئێستا لەو 1450 کەسە یەک تەڵاق ڕووینەداوەو تەنانەت یەک تۆرانی بچووکیش نەبووە".

دوا پەیامی ئەو پیاوە ڕووبەڕووی گەنجان دەبێتەوە. ئەو داوا دەکات لەگەنجانی کوردستان وڵاتەکەی خۆیان جێنەهێڵن و خۆشیان بوێت "ئەم خاکە دایکی ڕاستەقینەی ئێمەیەو هەرلەم خاکەدا لەدایکبووین و هەر ئەم خاکەش بەکەڵکی ئێمەدێت".

# تاتو، لە فلیمەکانی هۆلیوودەوە بۆ سەر جەستەی گەنجانی سلێمانی

**ڕووداو –سلێمانی**

لەسەنتەری تاتو لەبازاڕی ڕاپەڕینی سلێمانی، چەند لاوێک دەبینی سەریان بەئەلبومی جۆراوجۆری تاتودا شۆڕ کردووەتەوەو دەیانەوێت نەخشێک یان وێنەیەک یان نووسینێک بەپێی ئارەزووی خۆیان بدۆزنەوە و لەسەر جەستەیانی بنەخشێنن.

مەریوان قۆڵی ڕاستی هەڵدەکات وێنەی دووپشکەیەک لەسەر قۆڵی دەردەکەوێت، کە دوو ساڵ لەمەوبەر بەبڕی 95 هەزار دینار کێشاویەتی. مەریوان، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە تیرو توانجی خەڵک، لەسەر ئەو تاتویەی لەقۆڵییەتی دەڵێت "ئەگەر بتەوێت بۆ خۆت بژیت، نابێت گوێ بۆ توانجی خەڵک بگریت".

تاتو بەو نەخش و وێنەو نووسینانە دەوترێت کە لەسەر جەستەی مرۆڤ دەنەخشێنرێت و سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونەکانی میسرو بۆ مەبەستی جوانکاری و ناسینەوەو تایبەتمەندی مرۆڤەکان بەکاریان هێناوە، ئێستاش زۆربەی وەرزشوانان و ئەستێرەکانی سینەما ئەو تاتوانە لەسەر جەستەیان دەنەخشێنن.

لەکوردەواریشدا ئەو جۆرە نەخش و وێنانە جاران پێیدەگوترا خاڵ، هەندێک جاریش دەبووە پاشگری ناوی ئەو کەسەی، کە لەسەر جەستەی بەکاری دەهێنا، وەک حەمە دوو خاڵ، عەلی سێ خاڵ و.....

نەجاح ئەلماس، بەڕێوەبەری سەنتەری تاتو، کە دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە، دوای ئەوەی خولێکی بواری تاتو لەهۆڵەندا دەبینێ لەساڵی 2005 دوکانی تاتو دادەنێ، ئەو تاتوسازە لەبارەی کارەکەیەوە دەڵێت "لەهەموو شارەکانی کوردستان گەنجان ڕوو دەکەنە ئێرە تا تاتو لەسەر جەستەیان دروست بکەین، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەنجان زیاتر تامەزرۆی دەبن، ساڵی ڕابردوو 750 تا 800 گەنج تاتویان لەسەر جەستەیان دروستکردووە".



نەجاح سەبارەت بەچۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکەی گوتی "دوای ئەوەی گەنجەکە تاتویەک هەڵدەبژێرێ، وێنەکەی بەکۆمپیوتەر بۆ دەکێشینەوە، ئەو شوێنی جەستەی بەنیازە تاتوکەی لەسەر بنەخشێنێ، بە دیتۆڵ و یان سپرتۆ و کلێنسی تەڕ پاکی دەکەینەوە، دواتر بە دەرزییەک وێنەکە لەسەر جەستەی دیاری دەکەینڤ، بەڵام سەرەتا شوێنی تاتوکە بەنج دەکەین، بۆ ئەوەی ئێشی نەبێت، هەر چەندە ئێشیشی زۆر نییە".

وەنەبێت تەنیا کوڕان ئەو کارە ئەنجامبدەن، بەڵکو ماوەیەکە کچانیش ڕوویان لەدروستکردنی تاتو کردووە لەسەر جەستەیان، وەک نەجاح گوتی "ماوەیەکە کچانیش دێن و دەیانەوێت تاتو لەسەر جەستەیان دروست بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی پێیان خۆش نییە لەناو کوڕاندا ئەو کراوە بکەن، ڕۆژێکی تایبەتیان بۆ دادەنێین".

سلێمانی تاکە شارە زیاتر لەشارەکانی دیکەی کوردستان بەدوای مۆدێل و دیاردە ڕۆژئاواییەکاندایە و بەرەو ڕووی کلتورو فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتییانەی خۆی دەبێتەوە، تاتوش کە بەتازەترین دیاردەی نێوگەنجانی ئەو شارە ئەژماردەکرێت، بەردەوام لەزیادبووندایە وەک خاوەنی سەنتەری تاتو گوتی "ڕۆژانە 15–20 گەنج تەنیا لەلای من تاتو لەسەر جەستەیان دەنەخشێنن.

سەبارەت بەجۆر نرخی تاتوکانیش نەجاح گوتی "ئێستا تاتوی نەخش برەوی زیاترە تا وێنەی ڕووتی ئافرەتان و گیانەوەرەکان و ناونوسین، نرخەکانیش لەتاتویەکەوە بۆ تاتویەکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام زۆرینەیان نەخش هەڵدەبژێرن، نەخشی واش هەیە بە 500 هەزار دینار دروستی دەکەین کەهەموو پشتی دەگرێتەوە".

ریشوان کەمال، کە گەنجێکی سلێمانییە 11 پێش ئێستا لەتورکیا تاتویەک لەسەر قۆڵی ڕاستی دروست دەکات، دوو مانگ لەمەوبەریش لەسەنتەری تاتوی سلێمانی قۆڵی چەپیشی بەتاتو نەخشاندبوو، بەڵام ریشوان بەو دوو تاتویە قەناعەتی نەهاتووەو دووبارە هاتۆتەوە لای نەجاح.

ریشوان گوتی "ئێستاش هاتووم دیسان تاتویەکی تر لەسەر پشتم دروست بکەم، بەڕاستی ئەمە وەک نەخۆشییەکی دەروونی وایەو کەیەک جار کردت، ئیتر حەز دەکەیت بەردەوام هەموو لاشەت بەتاتو داپۆشیت".

ریشوان، پێیوایە سەتەلایت کاریگەری زۆری هەیە بەسەر گەنجانەوە بۆ ڕووکردنە تاتو "ئێستا لەزۆربەی فلیمەکاندا، ئەکتەرەکان دەبینی کەتاتو لەسەر جەستیانە، ئەو شتانەش هەروا دەبێتە مۆدێل و گەنجی ئێمەش حەزردەکات لاسایی هەموو دونیا بکاتەوە".

ریشوان کە بەردەوامی سەردانی سەنتەری تاتوی سلێمانی دەکات، لەبارەی تیرو توانجی خەڵکەوە دەڵێت "چی دە لێن بابیڵێن، من بۆ خۆم حەزم لێیەتی و زیانیشی بۆ کەس نییە".

تاتویەکی جاڵجاڵۆکە بەسەر قۆڵیەوەیەتی و لەبەری قۆڵیشی، بەنوسینێکی ئاڵۆز ناوی خۆی بەتاتو نوسیوە ئەحمەد محەممەد، 19 ساڵ، کە تا ئێستا 6 تاتوی لەسەر جەستەی نەخشاندووە، پێیوایە وەک گەنجێک مافی خۆیەتی بەحەز و ویستی خۆی بژی و ئەو کارەشی زۆر بەلاوە ئاساییە بەلایەوە "ڕۆژێک لەشەقامی مەولەوی پیرەمێردێک توانجی لێدام و هەر خۆشم تێنەگەیاند".

بەهۆی ئەوەی مەرجی تەندروستییان نەبو، ماوەیەک لەمەوبەر وەزارەتی تەندروستی مۆڵەتی تەندروستی لەنەجاح وەرگرتۆتەوە، بەڵام نەجاح ڕەتیکردەوە پابەندنەبووبێ بەڕێنماییە تەندروستییەکان و دەڵێت "ئەوان دەڵێن گوایە ئێمە دەرزییەکان ناگۆڕین و بۆکەسێکی تر بەکاری دەهێنینەوە، بەڵام وانییە، با وەزارەت بێن و ئێمە ئامادەین بەپێی ڕێنماییەکانی ئەوان کاربکەین".

نەجاح بە سەرسوڕمانەوە لەو کارەی وەزارەتی تەندروستی دەڕوانێت و دەڵێت "لەهەموو دونیاو وڵاتە پێشکەوتووەکان تاتو دەکرێت، ئەو گەنجانەی کە دێنە لای من بۆ تاتو، کاتێک پێیان دەڵێم قەدەخە کراوە، دەڵێن جا چییە دەچینە تورکیاو سوریا لەوێ دەیکەین".

جێگری سەرۆکی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بێئاگایی خۆی دەربڕی لەو کارە دەبڕی و ڕەتیشی کردەوە کە مۆڵەتیان لەنەجاح وەرگرتبێتەوەو گوتی "ئەوە پەیوەندی بەوەزارەت خۆیەوە هەیەو هەر ئەوانیش مۆڵەت وەردەگرنەوە"

هەر چەندە ڕۆژ بەڕۆژ گەنجان پەرە بەو دیاردەیە دەدەن، لەهەمانکاتدا مامۆستایانی ئاینی ئەو کارە بەحەرام دەزانن، مامۆستایەکی ئاینیش کەنەیویست ناوی خۆی ببات، تاتوی بەحەرام ناوبرد و گوتی "ئیسلام ڕێگە بەتاتو و خاڵ نادات و حەرامەو نابێت لەسەر جەستە هیچ جۆرە شتێکی لەو بابەتە دروست بکرێت، ئەوەش دیسان نەخۆشییەکی دیکەی ڕۆژئاوایەو بەرۆکمانی گرتووە".

ئەو مامۆستا ئاینییە ڕێنمایی گەنجان دەکات بۆ ئەوەی تاتوکانی سەر جەستەیان ڕەش بکەنەوە و دەڵێت "پێغەمبەر درودی خوای لێبێت فەرمانی کردووە کە لەدوای هەژدەساڵییەوە نابێت هیچ نەخش و خاڵێک بەسەر جەستەی مرۆڤی مسوڵمانەوە بێت و پێویستە پاکی بکاتەوە، خۆ ئەگەر زیانی هەبوو لابردنەکەی ئەوا زانایان بوونەتە دوو بەشەوە، بەشێکیان پێیانوایە لانەبرێت و بەشێکیشیان دەڵێن دەبێت هەر لاببرێت".

## دوور لەچاوی کامێراکان و بەبێ پێشکەشکردنی خواردنەوەی کهولیک

# کچەکەی بوش بە بووک چوو



جێنا بوش و هێنری هاگەری هاوسەری

**ڕووداو – CNN**

ئێوارەی شەممە 2008/5/9 جێنای کچەکەی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوش ئاهەنگی هاوسەرگیری لەگەڵ هینری هاگەر لە کێڵگەکەی سەرۆکی ئەمەریکا لەکراوفۆرد سازکرد.

ئەو ئاهەنگە تایبەتیە لە ڕێوشوێنێکی توندی ئاساییشدا بەڕێوەچوو،تەنانەت فرۆکەیەکی سەربازی بەبەردەوامی بەسەر شوێنی ئاهەنگەکەدا دەسووڕایەوە، ژمارەی میوانان تەنها دووسەد کەس بوون کەبریتیبوون لە دۆست وخزمە هەرە نزیکەکانی بووک وزاوا . لەئاهەنگەکەدا هیچ جۆرە خواردنەوەیەکی ئەلکهۆلیک پێشکەشنەکرا.

هینری هاگەری هاوسەری جێنا تەمەنی سی ساڵەوچوار ساڵ لە جێنا گەورەترەو کوڕی جێگری پێشووی پارێزگاری ڤێرجینیایە.

لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ لاری کینگ–ی گەورە بێژەری تەلەڤزیۆنی CNN، جێنا 26 ساڵ لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی بۆچی ئاهەنگەکەی لە کۆشکی سپی نەکردووە،کچەکەی سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە ئەو قەت لە کۆشکی سپی نەژیاوە،بۆیە ئەوێ بەماڵەی خۆی نازانێت ودەیەوێت ئاهەنگەکەی لە شوێنێکی تایبەتی بێت، دایکی جێناش لۆرا بوش لەبارەی ئەم بڕیارەی کچەکەی گوتی ئەو لەکێڵگەکەی کراوفۆردی خۆمان پتر هەست بە ئاسوودەیی دەکات بۆیە ئەوێی بۆ ئاهەنگەکە هەڵبژاردووە.

لە ئاهەنگەکەدا کە دوور لەچاوی کامێراکان بەڕێوەچوو، تەنانەت شوێنی ئاهەنگگێڕانیش پەرژین کرابوو، بۆئەوەی ڕۆژنامەوانان ووێنەگرانی پاپاراتزی بەهیچ شێوەیەک نەتوانن دزە بکەن بۆ ناو ئاهەنگەکەوە.

دووڕۆژ بەرلە ئاهەنگەکە جۆرج بوش بەگاڵتەوە باسی ئاهەنگی بووکێنیەکەی کچەکەی دەکردو گوتی " دەبێ ئەو شەوە زۆر وریابم وزۆر دیپلۆماسیانە هەڵسوکەوت بکەم" پاشان سەرۆک بوش لەبەردەم ڕۆژنامەوانان گاڵتەئامێزانە مەشقی لەسەر ئەوە کرد کەچۆن قۆڵ لەقۆڵی کچەکەی دەگرێت ودەیداتە دەستی زاواکەی.بوش لەسەرەتای وتارە ڕادیۆییەکەی هەفتەی ڕابردووی ئاماژەی بە ئاهەنگی بووکێنی کچەکەی کردو بە " بۆنەیەکی زۆر خۆشی بنەماڵەکەمان"باسیکرد.

دایکی بووکیش وێڕای نیشاندانی خۆشحاڵی خۆی بەم بۆنەیەوە، ئاماژەی بەوەشدا ئەگەر کچەکەی منداڵی بوو ناوەکانی " جۆرج، جۆرجینا،جۆرجیا،جۆرجیت" پێشنیاز دەکات.

سەرۆکی ئەمەریکا تەنها دووکچی جمکی هەیە، جێنا و باربارا.

# هەمەجۆر



## ئۆباما شاسواری خەونەکانمە

ڕووداو - ئاژانسەکان

◆ ئەکتەری شۆخ وشەنگی ئەمەریکایی سکارلێت جۆهانسۆن لە دیدارێکدا لە گەڵ گۆڤاری (پیپل) سەرسامی خۆی بەرامبەر پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا باراک ئۆباما نیشاندا. سکارلێتی تەمەن 24، کە ئێستا خەریکی شووکردنە بە ئەکتەری کەنەدایی رایان رینۆلدز، بەپێی راپرسییەکی گۆڤاری FHM بەسەرنجڕاکێشترین وسێکسیترین ژنی دنیا دەرچوو، لەبارەی ئۆباما سکارلێت بەڕاشکاوی گوتی "ئۆباما شاسواری خەونەکانمە".



## بەهمەن قوبادی
# 42 خەڵاتی نێودەوڵەتی بەدەستدەهێنێت

ڕووداو – بەحرەین

بەهمەن قوبادی، درهێنەری بەنێوبانگی کورد لەفیستیڤاڵی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لەبەحرێن دوو خەڵاتی نێودەوڵەتی بەدەستهێنا.

دوای ئەوەی فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن)ی بەهمەن قوبادی لەفیستیڤاڵی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لەبەحرێن نمایشکرا، دوو خەڵاتی دیکە پێدراو تائێستا توانیویەتی 42 خەڵاتی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێت.

لەوفیستیڤاڵەداکە 6 ڕۆژی خایاند، فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن) توانی خەڵاتی باشترین دەرهێنەرو خەڵاتی گەورەی بینەران بەدەستبهێنێت.





# جلوبەرگی کوردی زیندوو دەبێتەوە

ڕووداو – هەولێر

بۆ جاری دووەم گرووپی نمایشکارانی کورد لەشاری هەولێر، شێوازی نوێی جلوبەرگی کوردیان نمایشکرد.

گرووپی نمایشکارانی کورد لەشاری هەولێر، لەهۆڵی پێشەوا چەندین جلوبەرگی کوردی ئافرەتانیان نمایشکرد کە لە 16 جۆر پێکهاتبوو.

جلوبەرگەکان لەلایەن 16 کچە کوردی نمایشکار پێشاندران و نەخشەسازی جلوبەرگەکان لەلایەن بەلێن مام هەژارەوە ئامادەکرابوون، دوورینی جلوبەرگەکانیش لەلایەن جیهان جەعفەر کرابوون. ئەو پێشانگایە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر بەهاوکاری گرووپی نمایشکرانی کورد ڕێکخرابوو.

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# کورد و کەر

پێچەوانەی بۆچوونی باو، زۆربەی کورد بێبەزەیی، دڵڕەق و تا رادەیەکیش سادیین، واتا خۆشیی لە ئازاری خەڵک یان هەر گیانەوەرێکی دیکە دەبینن. بە بلووتووس کلیپێکم بۆ هاتووە تێیدا دوو گەنج، زەرقاوی ئاسا، جاشولکەی کەرێکیان بە سواری ماتۆڕێکەوە فڕاندووە، جاشولکەی کلۆڵ کەساس و واقوڕماو نازانێ بۆ کوێی دەبەن، دایکەکەشی ئارام لێبڕاو، هەناسەسوار و جەرگ ڕفێندراو بە غاردان شێتانە دوای ماتۆڕەکە کەوتووە کە جاشولکە ڕفێندراوەکەی پێیە و لە حەشمەتاندا پێی زەوی ناگرێ و چاوی لە سەر کۆرپە ڕفێندراوەکەیەتی. سەفا و کەیف وخۆشیی ئەم گەنجانە ئەوەیە دوای دایکەی شێت و هاربوو کەوتوون و وێنەی دەگرن و لە قووڵایی دڵەوە بەم دیمەنە دەخەنن. دڵسووتانی دایکێک، با کەریش بێت، دەبێتە مایەی پێکەنین؟ چیرۆکی ئەو کەرە بە ناهەق کوژراوەشم لە یادە کە لە ناوچەی لای گەلی عەلی بەگ کۆمەڵە گەنجێک هەر لۆ فشەی لە پردێکەوە فڕێی دەدەنە خوارەوە و کاتێ کەر هەپروون بە هەپروون دەبێت، ئەمان بە قاقای پێکەنینەوە وێنەی دەگرن. کەری جوامێری وا هەیە لەو سنوورانەی کوردستان، خێزانێکی بیست نەفەری دەژێنێت، ئەو کارەی ئەو کەرە دەیکات دڵنیام، بە لایەک لە گەنجی زماندرێژ و بۆڵەبۆڵکار و تەمبەڵ و کارنەکەری کوردستان ناکرێت.

دەمارگیریی ناوێ، بە هێمنی بیری لێبکەنەوە، ئەگەر زۆربەی کورد هێندەی کەر، ئارام، لەسەرخۆ، بێمزەڕەت، زەحمەتکێش، گوێڕایەڵ، دڵسۆز و بە هەموو شتێک رازی بوونایە، نە شەڕی ناوخۆ دەبوو، نە کۆمەڵگە هێندە دڕندە دەبوو ژن ناچاری خۆ سووتاندن بکات، نە چاوچنۆکیی چەند کەسێک، هەزارانی برسی دەکرد و لە هەمووشی گرینگتر وڵات هێندە ئاوەدان دەبوو لە بری ئەوەی ئێمە خەونی بەدوبەی بوونمان هەبا، شێخ محەممەد بن راشد ئال مەکتووم خەونی دەبینی دوبەی بکاتە هەولێر.

شەرمی بۆچییە، ماکەر، زۆر جار ئاگری ناوگەڵی پیاوی کوردی دامرکاندووەتەوە. کەر، کە بە نانەڕەقە دەژی، زۆر جاران گۆشت دەرخواردی خاوەنەکەی دەدات، ئەگەر بڕیارە ئەو کەسەی بژێوی خێزان دابین دەکات، گەورەی ماڵ بێت، ئەوە ژمارەی ئەو ماڵە کوردانەی لە سەر ماندووبوونی کەرێکی دڵێر دەژین کەم نین. کەچی سەرەڕای ئەم هەموو دڵسۆزییەی کەر، کورد جارێک وەک جنێو بە کاریدەهێنێت، تاوێکیش بۆ پێکەنین و سووکایەتیپێکردن و تەنانەت لە پرد فڕێدان و کۆرپە ڕفاندنیش.

من تەنێ باسی کەرم کرد، خۆ چیرۆکی حاجی لەقلەقەکەی دوای تەمەنێکی درێژ لە هەولێر تۆرا و بە دڵشکاوی بێگەڕانەوە ڕۆیشت، جارێ ماوە. دەیان پشیلە و سەگ کە ڕۆژانە لە سەر شەقامەکانی کوردستان پان دەکرێنەوە خەریکە دەبێتە دیمەنێکی ئاسایی.

شوێنم نەما، بەم زووانە بێبەزەیی کورد بە دڵنەرمیی بەنگەلادیشییەکانی کوردستان، بە نموونەی زیندووەوە بەراورد دەکەم.

## لە سلێمانی
# فیستیڤاڵێک بۆ فیلمی کوردی ساز دەدرێت

ڕووداو – سلێمانی

بڕیارە لە 2008/8/20، فیستیڤاڵێک بۆ فیلمی سینەمایی کوردی لەسلێمانی ساز بدرێت و فیلمە سەرکەوتووەکان خەڵاتی ئاسکی زێڕینیان پێببەخشرێت.

بەڕێوەبەرایەتی هونەریی سینەمای سلێمانیی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری لەڕۆژانی 20 تا 8/24 (فیستیڤاڵی سلێمانی فیلمی کوردی) ساز دەکات، کە خەڵاتی ئاسکی زێڕین بۆ فیلمە سەرکەوتووەکان و، 10 خەڵاتی دیکەش بۆ باشترین فیلم و سیناریۆ و دەرهێنەر و ئەکتەری کوڕو کچ تەرخانکراوە.

# 75 قامچی سزا بۆ شۆفێران

ڕووداو – ئاژانسەکان

فەرماندەی هێزی هاتووچۆی ئێران ڕایگەیاند ئەو شۆفێرانەی بەئۆتۆمبێلەکانیان کاری مەترسیدار ئەنجامدەدەن و خەڵک دەتۆقێنن، سزای 75 قامچی یان ساڵێک زیندانیان بۆ دیاریکراوە.

سەرتیپ محەممەد ڕۆیاییان بەپێی مادەی 618ی یاسای سزادانی ئیسلامی ڕایگەیاند کە ئەو شۆفێرانەی لەشەقامەکان ناوشارەکان بەئۆتۆمبێلەکانیان خەڵک دەتۆقێنن "سزایەکمان بۆ داناون کە لەمەو بەدوا کاری پێدەکەین، سزاکەش لێدانی 75 قامچی یان یەک ساڵ زیندانیکردنە".

ئەو مادەیە لەو ماوەیە بەپێی پێشنیازی فەرماندەیی هێزەکانی هاتووچۆی ئێران پێشکەشی پەرلەمانی ئێران کراو پەسەند کرا و ئێستاش کاری پێدەکرێ.

# سەلمان ڕوشدی پیاوەکەی دۆزییەوە

ڕووداو – ئاژانسەکان

سەلمان ڕوشدی، نووسەری کتێبی ئایەتە شەیتانییەکان بڕیاریداوە بەشداری فیلمێکی کۆمێدی بکات.

نووسەری بەنێوبانگی بەریتانی خاوەنی کتێبی (ئایەتە شەیتانییەکان) سەلمان ڕوشدی لەو ماوەیە خەریکی پرۆڤە کردنە بۆ بەشداری کردن لە فیلمێکی کۆمێدی بەنێوی (پیاوەکەی دۆزییەوە). ڕوشدی لەو فیلمەدا ڕۆڵی پزیشک دەگێڕێت.

هەندێک باس لەوە دەکەن، بەهۆی ئەوەی فیلمەکە بەشێکی باسی ئایینی ئیسلام دەکات، سەلمان بەشداری فیلمەکە دەکات، چیرۆکی فیلمەکە باس لەمامۆستایەکی 39 ساڵە دەکات کە بەهۆی ئەوەی ڕووی لەئایینی ئیسلام کردووە، هاوسەرەکەی بەجێی دێڵێ و دایکیشی دەمرێ، هەروەها بڕیارە زۆربەی دیمەنەکانی فیلمەکە کۆمێدی بێ.





# جوانترین و سەرنجراکێشترین ژنی دونیا

ڕووداو – ئاژانسەکان

گۆڤاری ئەمریکی (People) کیت هادسۆنی بە جوانترین و سەرنجراکێشترین ژنی جیهان دەستنیشانکرد.

لەدوایین ژمارەی گۆڤاری ئەمریکی People دا، دەنگ بۆ جوانترین و سەرەنجراکێشترین ژنانی جیهان درا، کە کیت هادسۆنی تەمەن 29 ساڵ و ئەکتەری سینەمای هۆلیوود کە کچی گلدی هۆن Goldie Hawn ئەکتەری ژنی براوەی ئۆسکارە، لەنێو 100 ئەکتەرو کەسایەتی ژن بەجوانترین و سەرنجراکێشترین ژنی جیهان هەڵبژێردرا. هادسۆن بۆ گۆڤارەکە دەڵێ "لەبیرم نییە کەی بۆ دوایین جار مکیاجم کردووە، زۆربە کەمی مکیاج دەکەم".

# بەختی ڕووداو

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

لەم هەفتەیە ئاگاداری خۆت بە لەوانەیە تووشی کێشەیەکی نوێ بیت، چونکە هێشتا کێشە کۆنەکانی خۆت چارەسەر نەکردووە، کەواتە خۆت لەهیچ شتێک هەڵمەقورتێنە.

### گا
Apr 20-May 20

لەچەند ڕۆژی داهاتوودا سەفەرێکت بۆ دێتە پێش، پێویستە بەباشی بیری لێبکەیتەوە، ڕاوێژ لەگەڵ چەند کەسێک بکە کە ئایا ئەو سەفەرە چەند سوودی بۆ تۆ هەیە،

### جمک
May 21-Jun 21

هەواڵێکی خۆشت پێدەگات و دەبێتە هۆی ئەوەی لەداهاتوویەکی نزیکدا باری داراییت باش بێت، کەواتە باشترین کەڵکی لێوەرگرە، ئەگینا وەکو ڕابردوو تووشی کێشەی بێ پارەیی دەبیت.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

ڕۆژی چوارشەممە ڕۆژێکی خۆش دەبێ بۆتۆ، لەشوێنێکی دوورەوە کەسێک دەبێتە میوانت کە ساڵانێکی زۆرە نەتبینیوەو، هیوات دەخواست ڕۆژێک بیبینیت.بۆیە باشترین پێشوازی لێبکە.

### شێر
Jul 23-Aug 22

ئەو شتەی لەدڵتدایە بیڵێ، ئەگینا تووشی کێشە دەبیت، کەسێک هەیە گوێت لێبگرێ، تەماشای دەوروبەرت بکەو بڕیار بدە کە کێ باشترین کەسە بۆ دەردەدڵ کردن لەگەڵیدا.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

باری سۆزداریت بەرەو باشی دەڕوات، ڕۆژی هەینی لەلایەن کەسێکی خۆشەویستتەوە نامەیەکت پێدەگات و داوای یارمەتیت لێ دەکات، بەبێ دوو دڵی یارمەتی بدە تا کێشەکەی چارەسەر بێت.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

ماوەیەکە هەست بەبێ بڕوایی دەکەیت، قەت وا بیر مەکەوە، مرۆڤ دەبێ بڕوای بەخۆی بێت، تۆش وەکو هەر مرۆڤێکی دیکە توانای بیرکردنەوەت هەیەو پێویستە گەشبین بیت و بڕوات بەخۆ بێت.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

کەسانێک هەن هەوڵدەدەن کێشەت بۆ دروست بکەن، پێویستە پەیوەندییەکانت بۆ ماوەیەک بوەستێنی و زۆر لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەڵسوکەوت نەکەی کە دەزانی پێشتر کێشەیان بۆ دروست کردووی.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

بڕیارێکت داوە کە تەنیا خۆشەویستەکەت دەتوانێ لێت تێبگات، بۆیە نابێ چاوەڕوانیت لەکەسانی دیکە هەبێت یارمەتیت بدەن، بە ڕاوێژ دەتوانی بڕیاری چاک بدەی و سوودی لێ ببینی.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

ئەو هەڵسوکەوتانەی تۆ دەیکەیت کەسانێکی زۆری ئازار داوە، بۆ ئەوەی دڵی کەس لەخۆت نەڕەنجێنی، پێویستە دەست لەو کردارو ڕەفتارانەت هەڵبگری و گەشبین بی لەبارەی کەسانی دەوروبەرت.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

هەندێ کەس بۆ ڕاوێژکردن پێویستیان بەتۆیە، کە لەو چەند ڕۆژە دێنە لات، دڵیان مەشکێنەو یارمەتیان بدە، چونکە ڕۆژێک دادێت تۆش پێویستیت بە ڕاوێژی ئەوان دەبێت.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

پەیوەندی تۆو هاوسەرکەت پەیوەندییەکی باشە و خزمەکانت لەتۆ و هاوسەرەکەت ڕازین و شانازی بەئێوە دەکەن، بەڵام کەسانێک هەن دەیانەوێ کێشەت بۆ دروست بکەن، بۆیە ئاگاداری خۆتان بن.




پەیامی ڕووداو

# ڕۆژنامەوانانی کوردستان بێگوناه نین

هەفتەی ڕابردوو کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەوانان CPJ کە بنکەکەی لە شاری نیویۆرکە ڕاپۆرتێکی لەمەڕ ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان بڵاوکردەوە، لەو ڕاپۆرتەدا وێڕای ئاماژەدان بە کەیسی چەند ڕۆژنامەوانێک کە ڕووبەڕووی لێدان و سووکایەتی بوونەتەوە لە کوردستان، باسی ئەوەشکراوە ڕۆژنامەگەری سەربەخۆی کوردستان لە کەموکورتی بەدەر نییەو کەم شارەزایی و لاوازیی پیشەییبوونیان پێوە دیارە.

دیارە نکوڵی لەوە ناکرێت هەندێکجار لێرەو لەوێ ڕۆژنامەوانانی کوردستان ڕووبەڕووی زەبروزەنگ دەبنەوەو دەستگیریش دەکرێن، بەڵام هەندێک نموونەی ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر ڕۆژنامەوانان کراوەو لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەیان پێدراوە ورد نین و زانیاری هەڵەیان تێدایە و ڕۆژنامەوانی خاوەن کەیس لەسەر کارێک کە دوور و نزیک پەیوەندی بە ڕۆژنامەوانییەوە نییە تووشی کێشە و گرفت بوونە، هەربۆیەش ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی خۆیان لە هوتێلی شیراتۆن لە هەولێر ڕووبەڕووی ڕەخنە بوونەوە و ئەوانیش بەڵێنی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ڕاستی کەیسەکانیان دا.

شاندی CPJ هەفتەی ڕابردوو بەسەرۆکایەتی جۆول کەمپانا سەریان لە نووسینگەی سەرەکی (ڕووداو) دا و لە گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەدا باس لە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری ئێستای کوردستان کراو ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەمەریکاییە کە نووسەری ڕاپۆرتەکەیە، بە دڵخۆشییەوە باسی لە بەرفراوانبوونی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان کردو بەقسەی خۆی بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتیش وڵاتە عەرەبییەکان و بەتایبەتیتریش میسر کە چەند ساڵێک لێی ژیاوە ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان بەرەوپێشەوە دەچێ.

ڕۆژنامەوانانی کوردستان لەپاڵ ڕەخنە توندەکانیان لە دەسەڵاتی کوردستان، دەبێ ئەو بوێریەشیان تێدابێت دان بە هەڵەو کەموکورتی و ناپیشەییبوونی خۆشیاندا بنێن کە زۆر جاران گرفت و سەرئێشەیەکی زۆریان بۆ دروستدەکات، زانیاری نەدانی دەسەڵاتی کوردستان بە ڕۆژنامەکان، هەرگیز پاساوی ئەوە ناداتە دەست ڕۆژنامەوانان کە زانیاری هەڵە بڵاوبکەنەوە و پشت بەسەرچاوەی خەیاڵی ببەستن.

**نوورەدین وەیسی**

## کۆنگرەی یەکگرتوو

# ئیسلام وەک گرفتێکی سیاسی



ڕامیار مەحموود- کەنەدا
Karwanmramyar55@gmail.com

ئیسلام وەک کاتیگۆرییەک لە میدیای خۆرئاوادا بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە لە پاڵ هەواڵی خراپدا دەردەکەوێت بە تایبەتی لە دوای دروستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ یازدەی سێپتمبەر و تا داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق،کاتیگۆری ئیسلام لکاوە بە چیرۆکە جیاجیاکانی توندوتیژی و ڕفاندن و بارمتەکردن و جەنگ و ململانێ و ناوچەی شەیتان و دژ بە شارستانییەت و لیبرالیزم و تۆمەتبارکردنی ئیسلام وەک کۆسپی بەردەم دیموکراتیزەکردن. ئەم جۆرە سەیرکردنە نەک هەر گیرو گرفتاوییە بەڵکوهەڵەشە، چونکە ئەزموونی مێژووی زیاتر لەسەدەیەک پێمان دەڵێت دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوە لە ناو دینەوە نایەن و بە دیاریکراوی لە ناو جیهانی ئیسلامەوە نەهاتوون.

کۆمۆنیز م،فاشیزم و نازیزم بەرهەمێک نین لە بەرهەمەکانی ئیسلام ودکتاتۆرەکانی ئەمەریکای لاتین شێخ و مەلای مزگەوتەکان نین، زیاد لە هەلومەرجێکی سیاسی و ئابووری و کەلتوری و دینی و دام و دەزگایی لە پشت شکستخواردنی کۆمەڵگای کراوەدایە. بەشێکی زۆر لەو باسانەی کە قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە ئایا ئیسلام و دیموکراسی بە یەک دەگەن پڕە لە تەنگ و چەڵەمەی تیۆری وەک ئەوەی دیموکراسییەت خاسیەتێک بێت لە خاسیەتەکانی ئاینی مەسیحی و بەشێک لە ناسیونالستە کوردەکان و ڕۆشنبیرانیش بۆ ئەو ئەجەندە گرفتاوییە کار دەکەن کە ئیسلام لە پشت نەهامەتی ئێمەوەیە.

ناسیونالستەکان لە هەوڵی ئەوەدان هاتنی ئیسلام بە لەدەستدانی سڕینەوەی کولتوری کورد بشوبهێنن، بێ ئەوەی ئەو میراتییە کلتووری و دینی و سیاسییە دەوڵەمەندەمان پێ پیشان بدەن کە ئەوان ئیسلامی پێ تۆمەتباردەکەن، ئەوان لەسەرەتاوە دەکەونە ئەو هەڵەیەوە کە کورد هەروەک نەتەوە لە دایک بووەو هەموو مەرجەکانی نەتەوە دورستبوونی دەوڵەتی لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە،بەڵام بە درێژایی ڕۆژگار بیانووی غەدریان هەیە کە کورد دەوڵەت-نەتەوەی نییە،هەڵەکەش لەوێدایە ئەوان جیاوازی لە نێوان چەمکی کۆمەڵگەو نەتەوەدا ناکەن.

مەرج نییە هەموو کۆمەڵگەیەک نەتەوە بێت،نەتەوە چەمکێکی هاوچەرخی خۆشوناسکردنە و بەرهەمی کۆمەڵگەی هاوچەرخە، بە نەتەوە بوون بەرهەمی ناسیونالیزمە، بەرهەمی لەشکرێکە لە خوێندەواری سیاسی و ڕۆشنبیری و گۆڕانی ئابوری و سیاسی، من لێرەدا لەسەر ئەم باسە ئاڵۆزە قسە ناکەم،بەڵکو ئەوەی من دەیخواز م ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە بەشێکی زۆر لە ناوەندی ئیعلامی لە کوردستاندا بازاڕی ئەو کاڵایە ساخ دەکەنەوە کە توندڕەوی ئیسلامی گرفتی یەکەمە و ئیسلام جگە لە توندڕەوی هیچ بەهەرمێکی تری نییە ئەو فشارە زۆرەش کە ئەمڕۆ لەسەر ئیسلام هەیە گرێدراوە بەوەی کە جیهانی ئیسلام ناوچەیەکی ئارام نییە بۆ باڵادەستی ئەمەریکی و ئەورووپی.

من هیچ گرفتم نییە لە هێشتنەوە و نەهیشتنەوەی ئیسلام بە ناوی ( یەکگرتوو) وە و بە دۆخێکی سروشتی دەزانم گرووپێکی سیاسی دەستکاری ریشەی ئایدۆلۆجی و سیاسی خۆی بکات، ئەمە بوارێکی دەوڵەمەندە بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام من خۆم چارەسەرکردنی کێشەی توندڕەوی سیاسی لە هەر ئایدیۆلۆجیاکەوە هاتبێت دەبەستمەوە بە ڕیفۆرمکردنی ژینگەی سیاسی و دەزگای کولتورییەوە.

پرسیارێکی سیاسی کۆن زیندوو دەبێتەوەلەسەر پرسی نوێی پارتە ئیسلامییەکان لە ئەمڕۆدا کە ئایا پارت و گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان چۆن وەڵامی بەشداریکردن لە دیموکراسی دەدەنەوە، ڕەشبینەکان لەو بڕوایەدان ئەم گرووپانە سندوقەکانی دەنگدان بە کار دەهێنن بۆ وەرچەخاندنی دیموکراسی بۆ شوێنێکی تری ناکۆک بە دیموکراسی، ئەم دیدە هەر لەسەرەتاوە چانسی سیاسی لەم بزووتنەوانە دەسەنێتەوە بە ڕێگای جیاواز. بۆچوونەکەی تریش بڕوای وایە فروانکردنی بەشداریکردنی سیاسی و دوورکەوتنەوە لە قۆرخکردنی سیاسی و بەشداركردنیان، توندڕەوی دەگوازێتەوە بۆ میانڕەوی، باشترین بەڵگەش ئەورووپایە لە سەدەی بیستەمدا،کە پارتە ڕادیکاڵ وکۆمۆنیستەکانی ناوخۆی میانڕەوکرد لە ڕێی بەشداریکردنی سیاسییەوە .

گومانی تێدا نییە ئەم نموونەیە بۆ واقعێک تەواو دروستە کە دیموکراسیەتێکی بەهێزی هەبێت نەک لاواز،بە بڕوای من سروشتی ئایدیۆلۆجی و ڕادیکالانەی هێزێک گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە سیاقێکی سیاسی کراوە دەتوانێت کۆمەڵگە لە مەترسی توندڕەوی سیاسی بپارێزێت بە هۆی سێ بزوێنەوەرەوە .

داینەمیکی یەکەم ئەوەیە کاتێک هێزێک دەچێتە ناو گەمەی هەڵبژاردنەوە دەبێت بە دوای سەرنجڕاکێشانی زۆرینەدا بگەڕێت و بڕوا بە هەمەڕەنگی دەنگدەران بکات، داینەمیکی دووەم ئەوەیە کە گرووپی توندڕەو ڕادیکاڵ دوای بەشداریکردنی لە هەڵبژاردن ناچار دەبێت بە شوێن کایەی ترەوەبێت لە دەرەوەی سروشتە ئایدیۆلۆجیەکەی کە دامەزراندنی ڕێساو بەڕێوەبردنە،داینەمیکی سێیەمیش ئەم گرووپانە لە دونیای ئایدیۆلۆجیەوە دەگوازێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ڕۆژانەییەکانی خەڵک .بۆیە پرسیاری سەرەکی بەرلەوەی ئیسلام بێت،قۆرخکردنی سیاسییە.

## نوێنەرایەتیی ئەمریکا لە بەغدا

# یەک باڵیۆزخانە و زیاتر لە باڵیۆزێک

ریک کوێتێ*

دواجار لە کۆتایی مانگی پێنجدا گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە جیهاندا لە بەغدا دەکرێتەوە. لەو نوێنەرایەتییەدا کە ئێستا ئەمریکا لە بەغدا هەیەتی و لە یەکێک لە کۆنە کۆشکەکانی سەددامدایە، کارمەندان ئاسایشێکی زۆر کەمیان هەیە. ئەوان ئەگەر بیانەوێت لە بارەگاکەیان بێنە دەرەوە، ناچارن لەسەر قاتە ڕەسمییەکانیان گوللە بەند لە بەر بکەن. تەنانەت لە گرین زۆنیشدا، کە گوایە زۆر بە توندی ڕێوشوێنی ئەمنیی تێدا گیراوەتە بەر، ئاسایشێکی تەواو نییە. چەند هەفتەیەک پێش ئێستا چوار ئەمریکی لەوێدا کوژران.

باڵیۆزخانەی تازەی ئەمریکا لە بەغدا، لە 27باڵەخانە پێکدێت و جێگای زۆرتر لە هەزار کەسی بۆ کارکردن و نیوەشی بۆ تێدا ژیان دەبێتەوە. پرۆژەکە کە بە هۆی کێشەکانی ئەندازیاری و لۆژستیکی و ئەمنییەوە تووشی دواکەوتن هاتووە، دەبوایە لە سێپتێمبەری 2007 دا تەواو کرابووایە. دیمۆکراتەکان لە کۆنگرێسدا وایانکرد کە پرۆژەکە دوا بکەوێت. هەروەتر زۆریش ناڕازی بوون لە کارەکانی کۆمپانیای بلاک وۆتەر کە ئەرکی پاراستنی کارمەندانی باڵیۆزخانەکەیان لە ئەستۆیە. ئەمە جگە لەوەی کە دەریشکەوتبوو کە چەکدارەکانی ئەو کۆمپانیایە لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا حەڤدە عیراقیی بێگوناهیان کوشتووە.

هەرچەندە ئەو دۆسیێیەش هێشتا لێیدەکۆڵدرێتەوە، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زۆر لە مێژە کۆنتراکتی کارکردنی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا نوێکردووەتەوە! هۆی ئەمەش ئەو داکۆکییە بوو کە باڵیۆز ریان کرۆکەر لێیکردن و گوتی: ئەگەر ئەوانە نەبوونایە، ئێمە لە مێژبوو کارەکانی باڵیۆزخانەمان وەستاندبوو.

کرۆکەر لە شایەتیدانەکانیدا لەبەردەم سێناتدا، قسەی زۆر دەڕوات.چونکە ئەو دوو جاری دیکەش لە عێراقدا ئەرکی قورسی لەسەر شان بوون و لەو هێرشەشدا کە لە ساڵی 1983 دا لە بەیروت کرایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە مردنێکی حەتمی ڕزگاری بوو. ئەمە جگە لەوەی کە هەر ئەویش باڵیۆزخانەی تازەی ئەمریکیی لە ئەفغانستان کردەوە و پێشتریش لە لوبنان و کوێت و سوریا و پاکستاندا باڵیۆزیی کردووە.

گومانی تێدا نییە کە کرۆکەر دیپلۆماتێکی بلیمەتە. بەردەوام 30% لە تەواوی ئەو پۆستانەی کە لە باڵیۆزخانە ئەمریکییەکانی سەرتاسەری دنیادا هەن، دەدرێن بەو کەسانەی کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا هاوکاریی داراییان پێشکەشی سەرۆک بوش کردووە، بەڵام ئەوەی کە یەکێک لەو هاوکارانەی چەند ملیۆنێکی داوە و ناوی ڕیان کرۆکەرە و خەڵکی ئاتلانتاشە، بە سەرۆکی وڵاتەکەی بڵێت: جەنابی سەرۆک بمنێرە بۆ بەغدا! شتێکی سەرسووڕهێنەرە.

یەکەمین کورتە نامە کە کرۆکەر لە بەغداوە بۆ بەرپرسەکەی خۆی ( کۆندۆلیزا ڕایس ) ناردی، سەبارەت بە ناشارەزایی و بێکەڵکیی کارمەندانی باڵیۆزخانەکەی بوو. لەو کاتەوە کرۆکەر خەریکی کۆکردنەوەی کۆنە باڵیۆزەکانە کە لە شوێنی دیکەی دنیادا خزمەتیان کردووە. بۆ نموونە کۆنە باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەسینای کردووەتە بەرپرسی هۆبەی ئابوریی باڵیۆزخانەکەی خۆی، هەروەتر کۆنە باڵیۆزی تیرانای هێناوە و وەک بەرپرسی هۆبەی کاروباری سیاسی کاری پێدەکات و کۆنە باڵیۆزی بەنگلادیشیش جێگریەتی.

هەرچەندە عیراقییەکان زۆر بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عیراقدا ڕازی نەبوون، بەڵام زۆر ڕێزی کرۆکەر دەگرن. چونکە ئەو بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە پێشتر باڵیۆز بوون، فەرمانی سەربازی دەرناکات و چاوەڕوانی ئەوە نییە کە گوێڕایەڵیی لێ بکرێت. بەڵکو ئەو دەیەوێت بە شێوازی دیپلۆماسییانە، ڕێز و ڕای لایەنە سیاسییە جیاجیاکان وەدەستبێنێت.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە ڕەنگە فەرمانی بە زۆری ڕەوانە کردنی دیپلۆماتکارەکانی بۆ بەغدا دەربکات. بڕیار وایە لە مانگی مایدا داوا لە هەموو دیپلۆماتکارانی ئەمریکی لە جیهاندا بکرێت کە ئەو سێسەت پۆستە بەتاڵەی لە باڵیۆزخانە تازەکەدا بەتاڵدەبن، پڕ بکەنەوە، بەڵام هێشتاش ڕوون نییە کە چەند کەس وەڵامی ئەو داوایە دەدەنەوە و ئارەزوومەندانە ( سەختترین پۆستی دیپلۆماسیی ئەمریکی) وەردەگرن. ئەگەر ئەوە ڕوونەدات ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە کە وەزارەتی دەرەوە کارمەندەکانی بە زۆری بۆ بەغدا دەنێرێت.

لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا، بۆ یەکەمین جار لە جڤینێکی سەندیکای پاراستنی بەرژەوەندیی دیپلۆماتکاران مەسەلەی بە زۆری ناردن گەنگەشەی لەسەر کرا، هەندێک کەس کە دژی بیرۆکەکە بوون پێیانوابوو کە دەوڵەت بەر لە ناردنیان بۆ عێراق، مەشقێکی ڕێکوپێک بە کارمەندەکانی ناکا و کە دەشگەڕێنەوە زۆر کەم بایەخ بە لایەنی تەندروستی و دەروونییان دەدات. بەڵام هەندێکی دیکە کە پشتیوانیی بیرۆکەکەیان دەکرد، دەیانگوت: ئەو ناوبانگە باشەی کە وەزارەتی دەرەوە هەیەتی، لە سەرووی هەموو بڕ و بیانوویەکەوەیە!

*** نووسەری گۆشەیەکی بە ناوبانگی هەفتانەیە لە گۆڤاری (ئێلسەڤیری) هۆڵەندی دا.**

ڕووداو لە هۆڵەندییەوە وەریگێڕاوە

# کوردستان مولکێ باژێرێ سلێمانیێ نییە بتنێ



محەمەد عەبدوڵڵا- دهۆک

ل ڕۆژا 28/ 4/ 2008 د هەفتینامەیا (ڕووداو) هژمارە 4 دا، وەزیرێ پەروەردەیا کوردستانێ پشتەڤانیا خۆ بۆ لایەنێ دکتاتۆریەتێ و سەپاندنێ ڕاگەهاند، مەبەستا من پشتەڤانیا وان 53 کەسان کر ئەوێن کو بەیاننامەیەک بەلاڤکری و داخوازکری شێوەزارێ (سۆرانی) ببیتە زمانێ ستاندارد ل کوردستانێ. ب ڕاستی ئەڤان بانگەوازیێن تاک لایەنی و بێی وەرگرتنا دید و بۆچوونێن یێن بەرامبەر (دەڤەرا کرمانجیا ژۆری)، وژدان و دەروونێ هەمی ڕۆشنبیر و نڤیسەر و زمانزانێن دەڤەرا کرمانجیا ژۆری هژاند، چونکی دەمێ کو بابەتەکێ چارنڤیساز مینا زمانێ ستاندارد کو پەیوەندی ب هەمی کوردستانێ ڤە هەی دهێتە ئازراندن پێدڤیە بۆچوونێن بسپۆر و زمانزانێن کوردستانێ بهێنە وەرگرتن و زانایێن شارەزا د ڤی بواری دا بهێنە گازیکرن و کونفرانس و جڤین بۆ ماوەیەکێ درێژ بهێنە ئەنجامدان دا کو بەرهەم و بڕیارێن دوماهیێ د بەرژەوەندیا مێژوو و بزاڤا نەتەوایا کوردستانێ دا بن، لێ سەد مخابن ئەو کەسێن دبێژنە خۆ زانا و ڕەوشەنبیر بەیاننامە و بانگەوازیێن چارەنڤیسی ڕادگەهینن و کوردستانێ ب مولکێ باژێرێ سلێمانیێ بتنێ دزانن و دەڤەرێن دی یێن کوردستانێ هەمی کرێدار و سەپاندێن وانن.

وەزیرێ هێژا: ئەم باش د زانین دەمێ کو تشتەک د بەرژەوەندیا دەڤەر پەرێسیا هەوەیا بەرتەنگ دا بیت، ئێکسەر هوین ناڤێ پیرۆزێ بارزانیێ نەمر، سەرۆکێ کوردستانێ، شۆرەشێن ئیلون و گولانێ دئینە مەیدانێ، لێ ئەم پشتراستین کو سەرۆکێ کوردستانێ و سەرۆکێ حکومەتا کوردستانێ و پەرلەمانێ کوردستانێ بەرژەوەندیا کوردستانێ نادەنە ب بەرژەوەندیا باژێرەکێ بتنێ، ئەڤە ئێک. یا دووێ ژی، هیڤیدارین ئێدی بەسە د ڤان کاودانێن نازک دا بارێ سەرۆکێ کوردستانێ گران کەن و ڤان جۆرە داخوازیان ژێ بکەن.

وەزیرێ هێژا،شاشیەکا گەلەک مەزنە کو جەنابێ تە ژبۆ بەرژەوەندیێن ناوچەگەرییێن بەرتەنگ کۆمەکا نڤیسەران ل دۆر خۆ کۆم بکەت و ل پشت پەردەیان ب دزی ڤە کۆمبوونان ل گەل بکەت و دژی دەڤەرێن دی یێن کوردستانێ بەیاننامەیان دەربێخن، ژبەرکو ژبیرنەکە تو وەزیرێ پەروەردەیا حکومەتا هەرێما کوردستانێی نەک وەزیرێ باژێرەکێی، چارەنڤیسێ هەمی قوتابی و پەروەردەیا کوردستانێ د دەستێ تە دایە و گونەها وان دکەڤیتە د ستۆیێ تە دا، نابیت تو لایەنگیریا خۆ بۆ دەڤەرەکێ یان باژێرەکی ڕاگەهینی، پێدڤی بوو تو ل گەل لایەنێن بەرپرس و پەیوەندیدار د حکومەت و پەروەردێ دا ڕوونی و پسپۆر و شارەزایێن د ڤی بواری دا ژ دەرڤە و ل ناڤ کوردستانێ کۆم بکەی و دید و بۆچوونێن وان وەرگری و ئەنجامێن دوماهیێ بۆ مللەتی ڕابگەهینی.

هیچ ڕۆژەکێ ئەم مافی نادەینە خۆ کو شێوەزارێ کرمانجیا ژۆری ل سەر شێوەزارێ کرمانجیا خوارێ بهێتە سەپاندن و مافێ قوتابیێن هەوە بهێتە خوارن، چونکی ئەم د پشت ڕاستین ئەڤە کارەکێ شاشە و مە باوەری پێ نینە، ئەڤ چەندە بڕیارا خەلکێ وێ دەڤەرێ یە هەرچەندە پشت ڕاستین ژی کو هیچ ڕۆژەکێ جەنابێ هەوە ژی ڤێ چەندێ قەبوول ناکەت.

وەزیرێ هێژا،تشتێ ئەم دخوازین ئەوە کو ب هەردوو شێوەزارا بهێتە خواندن یانکو وەکو جۆت شێوەزارێن ستاندارد ل کوردستانێ بهێنە بکارئینان مینا وەلاتێ (نەرویج)ێ، دەمێ ئێکێ نەرویجی زارۆیێ خۆ ڕەوانەی قوتابخانێ دکەت پرسیار ژێ دهێتەکرن کا ب چ شێوەزار دێ خوینیت، چونکی دوو شێوزارێن ستاندارد ل وەلاتێ نەرویجێ هەنە و خەلکێ وان یێ ئازادە کیژان شێوەزار ب هلبژێریت، ئەڤە نە بتنێ دید و بۆچوونێن خەلکێ دەڤەرا کرمانجیا ژۆری نە، بەلکو دید و بۆچوونێن گەلەک شارەزا و بسپۆرێن زمانەوانی یێن دلسۆز و کوردپەروەرن مینا (د. ئەمیر حەسەن پۆر، د. ڕێبوار فەتاح و حەسەن قازی) کو ئەڤە هەرسێ ژی ب شێوەزارێ کرمانجیا خوارێ دپەیڤن و زانا و شارەزانە د بوارێ زانسێ زمانی دا، لێ ژبەرکو بۆچوونێن وان د دووربینن و هزرا وان یا نەتەوەیی ژی یا پان و بەرفرەهە لەورا ژی نڤیسین وبۆچوونێن وان د سەرپێ نینن و ب ڕەنگەکێ زانستی و واقعبینانە هزردکەن.

ل دوماهیێ داخوازێ ژ هەمی زمانزان، بسپۆر، نڤیسەر، ڕەوشەنبیر و سیاسەتمەدارێن کوردپەروەر و دلسۆز ل دەڤەرا کرمانجیا خوارێ دکەین کو مافێ یێ بەرامبەر بپارێزن و پالپشتێن بنەمایێن دیموکراسیێ بن و ژ زمانێ سەپاندنێ دوورکەڤن و ئەڤێ بڕیارێ بۆ مە و زارۆیێن مە بهێلن، کو هەر ل قووناخا ئێکێ سەرەتایی تا قووناخا دوماهیێ ژ زانکۆیێ ب شێوەزارێ دایکا خۆ بخوینن و بنڤیسن و پەروەردە ببن، ئەڤە ژی مافێ مە یێ ڕەوایە، ئەگەر هەوە باوەری ب مافێ مرۆڤی و دیموکراسیێ و بیر و بۆچوونێن جودا جودا هەبیت.



## سەدام زراوی لە ئێیدز چووبوو

**رووداو- رۆیتەرز**

بەپێی یادداشتەکانی سەدام، کە بڕیارە کۆتایی ئەمساڵ بڵاوبکرێتەوە، سەدام حوسێن زۆر لەوە ترساوە لەکاتی زیندانیبوونی لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە تووشی نەخۆشی ئێیدز ببێت.

سەدام لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوە دەکات ئەو کاتەی لە بەندیخانە جلەکانی شوشتووەو بەتەنافەوە هەڵیواسیون، پاسەوانە ئەمریکاییەکانی ویستوویانە هەمان تەناف بەکاربێنن، بەڵام ئەو داوای لێکردوون ئەوە نەکەن نەوەکو سەربازەکان نەخۆشی ئێیدزیان هەبێت و بەوهۆیەوە ئەویش تووش ببێت.

سەدام لەو یاداشتانەدا دەڵێ " بە سەربازەکانم گوت ئێوە گەنجن و بەتەمەن بچووکن رەنگە تووشی هەندێ لەو نەخۆشیانە بووبن کە گەنج تووشی دەبن، هەموو خەمی منیش ئەوەیە لەم شوێنە تووشی هیچ نەخۆشییەکی وەک ئێیدز نەبم، بەڵام هەندێ لە سەربازەکان هیچ گوێیان بە قسەی من نەدا".



## زەکەریا نەخۆشە

**تایبەت بە رووداو**

بڕیاربووگۆرانیبێژ زەکەریا عەبدوڵلا لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا ئاهەنگێکی تایبەتی بۆ قوتابیانی هەولێر سازبکات، بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە زەکەریا بە رووداوی راگەیاند کەبەهۆی نەخۆشییەوە ئاهەنگەکەی دواخرا.

لاپەڕەی هونەر



## 15%ی داهاتی پرۆژەکانی بۆ کاری خێرخوازییە

**رووداو – هەولێر**

عەبدوڵلا حەمەد گەردی، بەڕێوەبەری گشتی گرووپی سێنک بڕیاریداوە 15%ی داهاتی ئەو پرۆژانەی ئەنجامیدەدات لەکاری خێرخوازیدا خەرجی بکات، ئەگەر حکومەتیش زەوی بداتێ بڕیاریداوە نەخۆشخانەیەک لەسەر ئەرکی خۆی دروستبکات

گەردی کە سەرمایەی کۆمپانیاکەی 5 ملیۆن دۆلارە، دەڵێت "خۆشی لەوە دەبینم ئەو پارەیە لەکاری خێرخوازی بەکاربهێنم".

لاپەڕەی ئابووری


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز :** کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن :** نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر :** ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا :** هێمن عەبدوڵلا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی :** شەقامی کانیسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر-بەرامبەر نیوستی

Tel: 00964 066 2558279 rudaw@rudaw.net www.rudaw.net


### لە کوردستان ژن قڕانە

# لە هەفتەیەکدا 7 ژن لەکوردستان دەکوژرێن



**پەیامنێرانی رووداو**

لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا چەندین ژن بەشێوازی جیا جیا رووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە.

دوێنێ تەرمی کچێکی 20 ساڵان بەنێوی (ر.ر.ح) لەسەر رێگای قوشتەپە دۆزرایەوە، کە دانیشتووی گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێرە، بەپێی وتەی مامی، کچەکە ئێوارە لەماڵ دەرچووەو بەیانی تەرمەکەی دۆزراوەتەوە.

رۆژی 2008/5/3 کچێکی 15 ساڵ بەنێوی (ە.م)، دوای خۆ سووتاندنی گەیەنرایە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی هەولێر هەروەها رۆژی 2008/5/5 لەگەڕەکی سورچی لە هەولێر کچێک بەناوی (ن.خ)، تەمەن 16 ساڵ، 2 گوللەی لەخۆی داوەو دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە. هەمان رۆژ لە شارۆچکەی حاجی ئۆمەران کچە قوتابییەکی 14 ساڵان لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە ناوی (ب.ا) لە ماڵەوە خۆی خنکاندووە، دایکی کچەکە دەڵێ کچەکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە.

رۆژی 6/6 لە سەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە گوندی دێڵزیان ئافرەتێک بە ناوی (د) خۆی سووتاند و لەبەر سەختی برینەکەی گیانی لەدەست دا. 5/7یش کچێکی 32 ساڵ بەنێوی (خ.ت) لەناحیەی کەسنەزان بەگوللە خۆی کوشتووە. هەروەها لەگەڕەکی کورانی شاری هەولێریش کچێک دوو گوللەی لەسکی خۆی داوە، بەڵام نەمردووەو رەوانەی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی کراوە.

لەدەڤەری رانیەش جگە لەخۆکوشتنی کچە رۆژنامەنووسێک، 3 ئافرەتی دیکە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، رۆژی 2008/5/9 ژنێکی 17 ساڵ بەنێوی (گ.ع) لەلایەن مێرد و کەسوکارییەوە لەسەر مۆبایل هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت، ئەویش بەخواردنی حەب هەوڵی خۆ کوشتنی داوە، دواتر لەلایەن پۆلیسەوە رزگار دەکرێ و دەگەیێنرێتە نەخۆشخانە.

هەر هەمان رۆژ کچێکی 15 ساڵ بەناوی (س.ح) لەرقی براکەی خۆی سووتاند و گەیێنرایە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی لەسلێمانی، ژنێکی تەمەن 28 ساڵیش لەشارۆچکەی چوارقوڕنە لەرقی مێردەکەی بڕێک ژەهری خوارد.

هەروەها لەسەنگەسەریش ژنێکی 68 ساڵ بەنێوی (ئا.م) ماوەی 6 رۆژە لەماڵ دەرچووەو نەگەڕاوەتەوە.

لە شارۆچکەی سیدەکانیش کچێک بەناوی پاکستان خۆی کوشت.

## دزەکەی شەقڵاوە سەلامەتە

**رووداو–شەقڵاوە**

دزێک پێش ئەوەی پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکات مووسێک دەخوات و لە نەخۆشخانەی شەقڵاوە نەتوانراوە چارەسەری بۆ بکرێت بۆیە بەپەلە گەیێنرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر و چارەسەری پێویستی بۆ کرا.

لەو بارەیەوە دکتۆر حەیدەر سورچی، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو کەسە لە شەقڵاوە لەسەر دزی بەند کرابوو، بەپێنج پۆلیس هێنایانە ئێرە، ئەو دزە پێش تەواوبوونی لێکۆڵینەوە مووسێکی خواردبوو و لەئەنجامدا پارچەیەک لەزمانی بڕدرابوو، چارەسەری پزیشکی بۆ زمانی کراو تیشکیشی بۆ گیرا دەرکەوت مووسەکە لەناو سکیدا نەمابوو".

ناوبراو گوتیشی "دزەکە ناوی (ک) بوو، دوای ئەوەی چارەسەری پزیشکی پێویستی بۆ کرا، لەلایەن پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەوە رەوانەی شەقڵاوە کرایەوە".

بەگوێرەی زانیارییەکان (ک) ئەندامی باندێکی گەورەی دزییە کە ماوەیەک لەمەوبەر لەلایەن پۆلیسەوە بە پێی مادەی 446 دەستگیر کراون و ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ.

### لە رانیە

## KKR بێ پارە ئیش دەکەن

**رووداو –رانیە**

بەمەبەستی داکۆکیکردن لەمافی کرێنشینانی دەڤەری رانیە، کۆمەڵەیەک بەناوی "کۆمەڵەی کرێنشینانی رانیە" لە بەیاننامەیەکدا دروستبوونی خۆیان راگەیاند و داوای بینینی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەن

کۆمەڵەکە لەبەشێکی بەیاننامەکەدا هۆکاری دامەزراندنی کۆمەڵەیان خستووەتە روو "لەئەنجامی ئەو دۆخە ناخۆش و شپرزەیەی کە ژیانی کرێنشینانی ئەو دەڤەرەی تێدایە، ئێمە وەکو گرووپێکی خۆبەخش دامەزراندنی خۆمان راگەیاند".

هەروەها کۆمەڵەکە داوا لەئەنجومەنی وەزیران و وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون دەکات کێشەی کرێنشینانی رانیە چارەسەر بکات، هەروەها لە بەیاننامەکە داوای بینینی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەن "ئێمە وا هەست دەکەین سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەنگ داواکەمانەوە دێتو چاوێک بەکێشەو گرفتی کرێنشینەکانی ئەو دەڤەرەدا دەخشێنێتەوە".

بەپێی ناوەڕۆکی بەیاننامەی گروپی ناوبراو، 50%ی دانیشتووانی دەڤەری رانیە لەخانووی کرێدان و زۆربەی ئەوانەشی کرێنشینن داهاتی رۆژانەیان نزمە.

## لە بەحرکە تایکواندۆ حەرامە



**لەنجە عەبدوڵلا**

**رووداو –هەولێر**

بەهۆی وتاری رۆژی هەینی مەلایەک، لەبەحرکە بەدەیان کچ کە پێشتر یاری تایکواندۆیان دەکرد لەلایەن کەسوکاریانەوە لەو یارییە دوور دەخرێنەوە.

نیشتمان مامۆستای قوتابخانەی بەحرکەی سەرەتاییە و لەلای تیپی زەیتوونی هێزەکانی کۆریا فێری یاری تایکواندۆ بووەو ئێستا مەشقی ئەو یارییە بەقوتابیان دەڵێتەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "سەرەتا 60 قوتابیم هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی مەلایەک لە وتاری نوێژی هەینی ئەو یارییەی حەرامکرد 49 قوتابی وازیان لەیاریکردن هێنا".

ناوبراو، تەمەنی 19 ساڵە و دوو پشتێنی رەشی هەیە لەیاری تایکواندۆ ئەوەشی راگەیاند "زۆر لەکچانی بەحرکە ئارەزوویانە بەشداری لەو یارییە بکەن، بەڵام خێزانەکانیان رێگریان لێدەکەن و ناهێڵن بەشداری بکەن".

## مام سلێمان قوتابخانەکانی شارەزوور کۆنترۆڵ دەکات

**نەوزاد مەحمود**

**رووداو –شارەزوور**

مامۆستایانی قوتابخانەکانی سەرەتایی دەڤەری پێنجوین دوای ئەوەی ناتوانن کۆنترۆڵی پۆلەکان بکەن پەنا دەبەنە بەر مام سلێمان، لەگەڵ ناوهێنانی مام سلێمان سەرجەم قوتابییەکان بێدەنگ دەبن.

بەبێ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە ئاگای لێبێت، رۆژانە مام سلێمان دەچێتە قوتابخانەکان و منالان ناچار دەکات بێدەنگ بن و گوێ لە مامۆستاکانیان بگرن، لەکاتێکدا هیچ قوتابییەک ئەو پیاوەی نەبینیوە و تەنیا وجودێکی رۆحی هەیە.

مامۆستایەکی سەرەتایی لە دەڤەری شارەزوور نەیویست ناوی بهێنرێ بە (رووداو)ی راگەیاند "لەکاتی وانە وتنەوەدا، هەرچەند هەوڵی بێدەنگکردنی قوتابیان دەدەین بێسوودە، بەڵام کە دەڵێین مام سلێمان دەڵێت بێدەنگ بن، قوتابییەکان یەکسەر بێدەنگ دەبن".

ئەو مامۆستایە نموونەیەکی هێنایەوە و گوتی "زۆرم هەوڵ لەگەڵ قوتابییەک دا گۆرانی بڵێت، بەڵام نەیگووت، هەر کە گوتم مام سلێمان دەڵێت گۆرانی بڵێ، خێرا گۆرانی وت".

کاریگەری مام سلێمان، لەناو منالاندا دابەش بووە بەسەر (ترس و خۆشەویستی)دا، ئەو پیرە پیاوە هیچ وجودێکی نییەو تەنها ناوێکە، وەک نەریتێک، هەر لەکۆنەوە تائێستا لەگەڵ رۆحی منالانی ناوچەکەدایە.

### لە خەفەتدا کچێکی خۆی کوشتووە

## پێشمەرگەیەک دوو ساڵە بێ سەروشوێنە



**رووداو –سلێمانی**

قادرسالح عەبدوڵلا، ماوەی 27 ساڵ پێشمەرگە بووەو بەپلەی عەمید خانەنشینکراوە و ماوەی دوو ساڵە بێسەروشوێنکراوە، کەسوکارەکەشی دەزگا ئەمنییەکانی یەکێتی بە بەرپرسیاری رفاندنەکە دەزانن.

بەکر سالح برای قادر لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "ساڵی 2006 لەرێگەی پاترۆڵێکی جام تاریکەوە کە هی دەزگایەکی ئەمنییە براکەم رفێنراو تائێستا چارەنووسی نادیارە، لەو کارەش دەزگا ئەمنییەکانی یەکێتی بەبەرپرسیار دەزانین، چونکە دەچینە لای هەر بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێن براکەتان دەزگای دژە تیرۆر رفاندویەتی".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، بنەماڵەی قادر خودی عەتا سەراوی، عەمید لەفەرماندەیی گشتی یەکێتی بەئەنجامدەری کارەکە دەزانن کە لەسەر داوای دەزگای"بنەبڕکردنی تیرۆر" ئەنجامی دابێت، بەڵام عەتا بێ ئاگایی خۆی لەو رووداوە نیشانداو گوتی "رفێنراوەکە یەکێکە لەهاوڕێ و خزمە نزیکەکانی خۆم".

عەمید ئەکرەم ئەحۆل، بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەزوور لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "زۆر هەوڵمانداوە زانیاریمان لەسەر چارەنووسی کاک قادر دەستبکەوێت، بەڵام تائێستا هیچ شتێکمان دەستنەکەوتووە".

قادر سالح، ماوەیەک لە بەریتانیا بووەو لە 2005 گەڕاوەتەوە کوردستان، خاوەنی 8 منداڵە، ساڵی رابردوو کچێکی 15 ساڵانی بەهۆی بێ چارەنووسی باوکییەوەو نەبوونی سەرپەرشتیاری خێزانەکەی، خۆی کوشت.

## کە دکتۆر نەبێت کاتب دکتۆر نییە

**رووداو – هەولێر**

محەممەد عەبدوڵلا عەلی بەڕێوەبەری کارگێڕی بنکەی تەندروستی هاوکاری ئەم روونکردنەوەیەی بۆ ناردووین:

بەڕێزان لە رۆژنامەی رووداو، سڵاو و رێز، دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە رۆژنامەکەتان بە ناونیشانی (کە دکتۆر نەبێت کاتب دکتۆرە) بۆیە ئێمە وەک ئیدارەی بنکەی تەندروستی هاوکاری ئەم هەواڵە بە راست نازانین چونکە ئێمە نەک یاریدەدەری پزیشک، بەڵکو دکتۆری پسپۆرمان هەیە. لە لایەکی تر هەر یەک لە ژووری دکتۆر و پلیت بڕ و دەرمانخانە جیاوازە، هەروەها لە بنکەکەمان هیچ فەرمانبەرێکمان نییە دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بێت.

## مەهاباد قەرەداخی لەبەردەم لێپرسینەوەی شەرعیدا

**رووداو–هەولێر**

رۆژی 2008/5/9 لەنامەیەکی کراوەیاندا کە ئاراستەی هەر یەک لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف و داد و داواکاری گشتییان کردووە 474 مامۆستای زانکۆ و مامۆستای ئاینی و فەرمانبەر داوا دەکەن چیتر رێگە بەنووسەران و رۆژنامەنووسان نەدرێ، بێڕێزی بەرامبەر قورئان و پێغەمبەر بکەن هەروەک لەبەشێکی نامەکەدا هاتووە "مۆڵەتی لەچاپدان وبڵاوکردنەوەی ئەوبابەت و نووسینانە قەدەخە بکرێ و لێپرسینەوەی شەرعی و یاسایی لەگەڵ هەر کەس و دەزگا و لایەنێک بکرێ کە هێڵە سوورەکانی بیرو باوەڕ و ئاینی زۆرینەی میللەت ببەزێنێت و تۆڵەی یاسایی لێوەربگرێ".

هەروەها لەبەشێکی نامەکەدا داوا دەکەن "لێژنەیەکی پسپۆڕ لەمامۆستایانی ئاینی و نووسەر و رۆشنبیرە ساغ و راستە دڵسۆزەکانی میللەت و یاسا ناسەکان پێکبهێنرێ بۆ بەسەرداچوونەوە و دیاریکردنی ئەو بابەت و نووسینانەی کە مۆڵەتی چاپیان پێدەدرێ".

هەر لەو بارەیەوە مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە نابینە لایەنێک لەمەسەلەکە، بەڵام داواکەی ئەو کەسانە بەداوایەکی رەوا دەزانین".

هەروەها گوتیشی "رەنگە یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی ئەو نامەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەپێی بڕیاری وەزارەتی ئەوقاف هیچ مەلایەک بۆی نییە مینبەری مزگەوت بەکاربهێنێ بۆ وەڵامدانەوەی نووسەر و رۆژنامەنووسان".

لەکۆتایی نامەکەشدا بابەتی چەند نووسەرێک و رۆژنامەنووس بەنموونە هێنراوەتەوە، لەوانەش بابەتێکی مەهاباد قەرەداخی کە لە ژمارە 456ی گۆڤاری گوڵان بڵاوبووەتەوە، کتێبی (ظهور الكورد فی التأريخ)ی د.جەمال رەشید، کتێبی خوێننامەی زەردەشتی، پەرتووکەکەی مەریوان هەڵەبجەیی، کتێبی جەهالەتی ئیسلام و دونیای هاوچەرخ و رۆژنامەی هەواڵ.